# قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم

کۆچیرۆک

# قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم

دیدار مەسیفی

٢٠١٥

**ناوی کتێب:** قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم.

**نووسەر:** دیدار مەسیفی.

**بابەت:** چیرۆک.

**پیتچنین و هەڵەبڕی:** نووسەر.

**دیزاینی بەرگ و پڕۆدەکتی چوارگۆشەکان:** سەردار سنجاوی.

**دیزاینی ناوەوە:** دڵشاد خۆشناو.

**چاپ:** یەکەم.

**چاپخانە:** ئازادی

**نرخ:** ٥٠٠٠ دینار.

**تیراژ:** ١٠٠٠ دانە.

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٦٣٥)ی ساڵی (٢٠١٤)ی پێدراوە.**

**هەموو مافێکی بۆ نووسەر پارێزراوە ©**

پێشکەشە بە

**هەر چوار ئەلفەکەی دیدەم**

# نیگاری هەتران



[کاوێسی مەلا حوتان] لە ساڵی (١٩٦٧) لە دایک بووبوو، کەچی هێندە بەم ژمارەیەی ساڵی لە دایکبوونی خۆشحاڵ نەبوو؛ ئەو هەردەم شەش و حەفتێکی گەورەی لە پێش چاوان بوو و هەموو جارێکیش لە ئەنجامی کۆکردنەوەی ئەم دوو ژمارەیە دەسڵەمییەوە. بەڵێ، ساڵانێک پێشتر بەرلەوەی لە گۆڤارێکدا وێنە تراژیدیەکەی (چێ گیڤارا) ببینێت، کە بە کوژراوی لەسەر تەختەیەکی ساردوسڕ درێژکراوە، [کاوێس] نەیدەزانی کە هەر لەم ساڵەیشدا، لە گوندێکی لاچەپەکی نێو شاخاندا بە ناوی (لا ئاگێرا) لە وڵاتی (بۆڵیڤیا) ئەم پیاوە شۆڕشگێڕە تیرۆر کراوە. دیارە [کاوێس] هەردەم مەوالیدی باوکی ئازیزی کە ساڵی (١٩٢٨) بوو، پتر لە هی خۆی بە لاوە جوان بوو، بۆیە لە سەروەختی تەماشاکردنی وێنە تراژیدیەکە و خوێندنەوەی وتاری نێو گۆڤارەکە دەربارەی ژیان و کرداری (چێ گیڤارا)، لە ناخەوە هەستی بە شادمانییەکی گەورە کرد کە زانی (١٩٢٨) ساڵی لە دایکبوونی (چێ گیڤارا) یشە.

ئیدی وەک گەمەکانی پێشووی، [کاوێس] کۆی هەردوو ژمارەی دوو و هەشتی ئەم ساڵە جوانەیشی کۆدەکردنەوە و دڵخۆش دەبوو کە ئەنجامەکەی دەبینی، ژمارە دەیە. ئەریٚ، هەمان ژمارەی سەر کارتەکانی ساڵانی خوێندنی لە قۆناغی بنەڕەتیی. دواتریش لە هەرەتی جەوانییدا، لەو کاتانەی بە تەواویی مەیلی خۆی دابووە یاری تۆپی پیٚ، [کاوێس] ژمارە دە-ی لە شاشەی تەلەفزیۆندا بە سەر پشتی فانیلە شینەکەی (مارادۆنا) دەبینییەوە کە گۆڵە جوانەکانی دەکردن. ئای، چەندە سەرسام بوو بەم ڕێکەوتە و هەبوونی ئەم دوو پیاوە ئەرژەنتینییە چاو و برۆ ڕەشە لە یادەوەرییدا، دوو پیاو کە هەریەکەیان لە دەور و زەمان و مەیدانێکدا، بەرەو ترۆپکی سەرکەوتن ئەسپی خۆیان تاوداوە و سەرکەوتون.

لە ڕۆژێکی باراناوی مانگی سێی ساڵی ١٩٨٣، [کاوێس] تازە ماڵی [موحەمەد قادر] ی هاوڕێی بەجێهێشتبوو، پاش ئەوەی بە کتێبە سوورەکانی نێو باولەکەی ئاشنا ببوو کە لە شوێنێکی زۆر نهێنی دایشاردبوون. ئەو لە گەڕانەوەی بەرەو ماڵ، کە بەڕێوە دەڕۆیشت وێنا تراژیدییەکەی (چیٚ گێڤارا) ی لە پێش چاوان بوو، ئاخاوتنە نهێنییەکانی هاوڕێیەکەیشی لەبەر دڵ و سەر زوبانییدا یەک لە دوای یەک دەگوتنەوە.. [کاوێس] هەر لە دەستپێکدا گوتنەکانی سارد و سامناک دەهاتنە گویٚ، بە تایبەت کە ناوی نهێنی [زەردەشت] ی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو.

[کاوێس] لە نێو قووڵایی گوێچکەکانییدا سەدای دەنگی هەردوو تیپی

(س ) و (ش) لە ژمارە سێزدە و سێ و هەردوو ناوەکەی خۆیشیدا، لە دەنگ و جوولەی مارێکی سرک دەچوو کە هاکا خەریکە پێوەی بدات. بەڵێ، مارێکی خوێنسارد و ترسناکی لە ژێر پێیەکانیدا دەبینی کە هەندێکجار وەک سێبەری گورگگەلێکی سەر بەفر دیاربوو، یان وەک تارمایی دڕندەیێ کە لەنێو پێستی مرۆڤدا بێت و لە دەزگایەکی سیخوڕیی کار بکات. ئەو ڕۆژگارانە لە ناوی [تەحسین] دەترسا و نەخش و بەندێکی شەیتانانەی بە دوای ناوی ئەم پیاوە کوردە خائینە دەبینی. بۆیە لەنێو ئەو خەیاڵانەیدا تەماشای ژێر پێیەکانی و ئەملاوئەولای دەکرد، دەتگوت هەمیشە لە شتێک دەگەڕێ کە هەمیشە مایەی ترس و ئازارە بۆی.

[کاوێس] هەتا ئەو ڕۆژەی ئەم نیگارە پەرپوت و کۆن و ڕەشوسپییە لە ژێر خۆڵ و بەردی نووکی شۆڤەڵێکدا، کە دیواری خانووییێکی ئەوبەری ماڵیانی تێکدەدا، نەدۆزیەوە، هەرگیز پێشبینی ئەوەی نەکردبوو کە دواتر ژیانی وی لەچاو هی [موحەممەد قادر] ی هاوڕێی ئاڕاستەیەکی دیکە وەردەگرێت. [کاوێس] خۆیشی نەیدەزانی بۆچی لە سەروەختی تەواوبوونی کاری شۆڤەڵەکە پێیەکانی بەرەو نێو باخچەی ئەم ماڵەی دەبەن کە هی پیرەژنێکی بسک سۆری و کەزی شۆڕی دیان بوو؟ ژنەی ماڵ وێران، کوڕەکەی دەمێک بوو پەیوەندی بە (قەشە یوسف)ی نێو شیوعییەکان کردبوو، بۆیە هەتا شۆڤەڵەکە بە تەواویی لە خاپوورکردن و وێرانکرنی ماڵەکە نەبۆوە، سەربازەکانی کارەکەیان ئەنجام دەدا لەوێ نەکشانەوە.

[کاوێس] دەستی دەبات بۆ پارچە پەڕۆییەکی گەچراو و ڕزیو کە لە نێویدا نیگارێك هەبوو، بەڵام پێش ئەوەی بە وردی سەرنجی کەسە نادیارەکە بدات، سەرەتا نووسینەکانی پشتی نیگارەکە دەبینێت کە بە ئاستەم دەخوێندرایەوە و نوسرابوو [سلێوا یەعقووب حەننا]. ئەوەی بۆ [کاوێس] جێگەی گومان و سەرسوڕمانێکی زۆر بوو، کەسە نەناسراوەکە ناوی [سلێوا] یە، کە سەد ساڵی ڕێک، لە هەمان ڕۆژ و مانگی لە دایکبوونی خۆی لە ڕێکەوتی (١٨٦٧/٣/٤) لە شاری شەقلاوە لە دایک بووە. ئیدی [کاوێس] وەک ئەوەی شتێکی ئەنتیکی بە نرخ و بێوێنەی دۆزیبێتەوە، یەکسەر نیگارەکە دەخاتە نێو گیرفانێکی، دواتریش زوو خۆی دەگەیەنێتە کن [سورما]، نەوەک ئەو دۆزینەوەیە گرنگەی کەمێک بە ژیانی وی پێوەست بێت. بەدەم ڕۆیشتنەوە نیگارەکە لە گیرفانی دەردەهێنێت و تاوێک لێی ڕادەمێنێت، دواتر لەپڕ دەچێتە نێو چاوانی کەسەکەی ناوی [سلێوا] یە و تێیدا ون دەبێت. ئیتر خۆی لە زەمەنێکی دیکە دەبینێتەوە کە پۆشاکێکی سووری مەتڕانانەی لەبەرە و بە قۆڵبەستراوی بۆ کوشتن بەرەو ژێر دار بەڕوویەکی گەورەی دەبەن.

یەک – دوو ساڵێکە، ناوی [سورما یەعقووب حەننا] هێندە نزیک و ئاشنایە بە گوێچکە بچووکەکانی [کاوێس]، بۆیە هەموو بەیانیان لەگەڵ بە ئاگاهاتنی لەخەودا، هەست دەکات سەدای ئەم ناوە وەک زەنگی کلێسا لەوێدا ئامادەیە و دەزرینگێتەوە. کەچی هەرگیز لەم خەیاڵەدا نەبوو کە ڕۆژگارێک بە هەر تێڕامانێکی کورت بۆ ڕووخساری سەر نیگارەکە، لەبەرانبەر [سورما]دا خۆی وەک کەسێکی نەناس و بیانیی ببینێت، لەخۆڕا

هەست بە شەرمەزارییش دەکات. ئەو بەهۆی سەیرکردنی نیگارەکەوە، خەیاڵەکانی بەرەو دونیایەکی دەبەن کە پڕە لە دیمەنی شەڕێکی نگریس و خوێناوی بەناوی (سەیفۆ). بەڵێ، شەڕێک لەچاو ئەوەی لە شەقڵاوە و دەوروبەری دەگوزەرا، چیرۆکەکانی گەلێک تاڵ و دژوار و خوێناوین.

ئەو ڕۆژەی [کاوێس] نیگارەکە پێشانی [سورما] دەدات، دەبینێت ئەویش لە ئاستیدا هەڵوێستەیەک دەکات و نازانێت چ بڵێت. دواتر بۆ تاوێکی درێژ لە سیما و ناوی کەسەکە ڕادەمێنێت و بە خۆی دەڵێت کە چۆن کەسێکی وەها لە سەردەمێکی پێشیندا هەبووە و ناوەکەی کتومت لە هی ئەو چووە. هەڵبەت بۆ ئەو هەرگیز جێگەی باوەڕکردن نەبوو و نەدەچووە عەقلییەوە کە کەسەکەی لە نیگارەکەدا سەروڕووی جەوانی دیار و نادیار بوو، برایەکی بێت و لە زەمەنێکی دیکە ژیا بێت. ئیدی خۆی و [کاوێس] سەرباری ئەوینە یاساغ و پڕ لە ترسەکەیان، وەها دیاربوو هێندە پێوەست بە نیگارەکە دەبن، کە هەر یەکێکیان بێ هەبوونی چتاقە هۆکارێک لەوی دی دوور دەکەوێتەوە و بە شێوەیەکی تراژیدی و جوایەزیش ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە.

[کاوێس] زۆربەی جاران کە لە نیگارەکە ڕادەمێنێت، خۆی لێ دەبێتە کەسی سەر نیگارەکە و حەز دەکات سەرتاپای چیرۆکی ژیان و مەرگی بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە. هەست دەکات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە نێو نیگارەکەدا دەتوێتەوە و ترسەکانی لە هەڵگرتنی ناوە تازەکەی کە [زەردەشت]ە دەڕەونەوە و لەگەڵ سەدای دەنگی تیپی (ش) ئاشت دەبێتەوە. خۆی وەها دێتە پێشچاو

کە موغێکی زەردەشتییە و لە شاخی سەرکەشی سەفیندا زۆرانبازی لەگەڵ شێرێکدا دەکات و دەتوانێت بیبەزێنێت. لە نیگارەکەدا ورد دەبێتەوە وەک چۆن کەسەکە لێوەکانی بجوولێن و پێی بڵێت: (نا کاوێس گیان ئەوە تۆ نیت زۆرانبازی لەگەڵ شێر دەکەیت، بەڵکە باپیرە گەورەی منە کە ڕەبەنێکی دیندار بوو و ڕۆژێک لەسەر چیای سەفیندا شێرێکیشی کوشتووە.. دەی تۆ بە جوانی تەماشام بکە و بمناسە و بزانە کە من کێم، چۆن وەک تۆ شەقڵاوە و تیپی (ش) م خۆش دەوێن!)

[کاوێس] لێرە بە گومان دەبێت و کەمێک بە دڵتەنگییەوە تەماشای ڕووخساری کەسی سەر نیگارەکە دەکات کە هێشتا نازانێت کێیە؟ دیارە خەریکە پێ ببێژێت: (سڵێوای ئازیز لەوانەیە تۆ ڕاستی بڵێیت، بەڵام کێ دەتوانێت مێژووی (میرعیزەددین شێری کوڕی میر سەیدی شا عەلی بەگ) لەبیر بکات کە چۆن سەردەمی منداڵیی خۆی لە شەقڵاوە بەسەر بردووە و دواتریش کە گەورە بووە بۆ ڕاو و شکاران لە هەولێرەوە هاتۆتە سەر هەردوو شاخی (پیرمام)و(سەفین). ئەرێ، ئەو میرەی کە خۆی ناوی شێر بووە، ئایا دەبێت چەند شێری لەو دوو شوێنە گەوزاندبن و کوشتبن، دواتریش کەوڵکەکانیانی لەژێر پێی مێوانێکی وەک سوڵتان سولەیمانی قانوونی ڕاخستبن کە بە دۆڕاوی لە تەورێز دەگەڕێتەوە شەقڵاوە؟ سڵێوای ئازیز! خۆزگە ئەو میرە ئازایەی ئێمەیش وەک (میرسەیفەدین)ی برا گەورەکەی بە قەزاوقەدەر لە ئەسپ دەکەوتە خوارەوە و دەمرد لەبری ئەوەی نائومێدمان بکات و بکەوێتە داوی سوڵتانێکی بێوەفا و دۆڕاو کە بە فێڵ و خیانەت

نەبووایە هەرگیز نەیدەتوانی بیکوژێت و شانازی بە فێڵە سیاسیەکانی خۆی بکات لەبەرانبەر کورددا!)

لێرە ناوی شەقڵاوە و تیپی (ش) وەک دەنگی زەنگوڵ لەنێو قووڵایی گوێچکەکانی [کاوێس] دەزرینگێنەوە و دەزرینگێنەوە!

ئایا دەبێت شەقڵاوە و تیپی (ش) چ پەیوەندییەکان بەیەکەوە هەبێت!؟ لەو کاتەی [کاوێس] وەها ئەبڵەق و شاگەشکە بوو، هەست دەکات کەسی سەر نیگارەکە بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لە بەرانبەری وەستاوە و دەیدوێنێت؟ بەڵام ئایا [کاوێس] چۆن لێی بپرسێت و پێی بێژێت کە چ نهێنییەکی شاراوە لە پشت پەیوەندی نێوان ناوەکان و ڕووداوەکان هەیە.. ئایا ئەگەر ئەم شارە جوانەی هەردووکیانی تێدا لە دایک بوون ناوێکی دیکەی هەبووایە، (شەفیق ئەفەندی) و (شاکیر فەتاح) لە دوو سەردەمی جیادا دەبوون بە یەکەم مودیری ناحیە و یەکەم قایممەقام بۆ مێژووی شەقڵاوە.

تاکسییەکە لەسەر پردەکەی (رووسارك)ەوە بەرەوە (میراوە) سەردەکەوت، [کاوێس] لە نێویدا دووبارە دەگەڕایەوە سەر ئەم هزرکردنانەی پێشتری و وەک ئەوەی لە پەنجەرەکەی ماڵی [سورما] بگەڕێت کە نزیکەی سەعاتێک بوو بەجێیهێشتبوو، یەکسەر لە پەنجەرەی پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکەدا ئاوڕی لە شەقڵاوە دایەوە. لەو شوێنە ئاستەمەدا هەمیشە شەقڵاوەی وەک سێگۆشەیەکی جوان یان زێی مرۆڤی مێ دەهاتە پێشچاو. ئیدی ئاخێکی قووڵی هەڵدەکێشا و هەستی دەکرد لە ناخەوە بریندارە کە چۆن شارە جوانەکەی بووە بە مەیدانی

شەڕ و ململانێی برا بەشەڕچووەکان. [کاوێس] بە نیگای لاچاوێکی پیاوە قەڵەوەکەی تەنیشت خۆی دەبینی و لەم ڕۆژگارەدا لە خۆیشی بە گومان بوو. پیاوەکەی لە پێش چاوان دەبوو بە (سەید تەهای نەهری) و وەهای مەزەندە دەکرد کە ئەم پیاوە سوور و سپیی و بە ویقارە، ئەو لەگەڵ خۆی دەباتە شاری بەغدا هەتا لەگەڵ ئینگلیزان ڕێکی بخات.. ئیدی لە شوێنێکدا قەرار ناگرێت و ناحەجمێیت، تاوێک تەماشای شەقڵاوە دەکات و حەز دەکات وەک (سمایل خانی شکاک) جەربەزە و ئازا بێت و یەکسەر لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزێت و بەسواری ئەسپە کەحێل و خۆشڕەوەکەی بەرەو شەقڵاوە بگەڕێتەوە و داوای لێبوردن لە [سورما] بکات.

شەقڵاوە زوو لە [کاوێس] بزر دەبێت و لە جیاتی هەردوو شاخی (کڵاو قاسم) و (کەپکی حەمەد ئاغا) بە زەقی لە پێش چاوانی دەردەکەون، هەردووکیان لەژێر زەبری گوللە تۆپ و ئارپیچی و تفەنگاندا بێزار بێزار دیارن. دەڵێی جارێکی دیکە خۆر هەڵنایەت... تاکسیەکە لە پێش مزگەوتێکی سەر جادە لە (باتاس) دەوەستێت و شۆفێرەکە بۆ فریاکەوتنی نوێژی مەغریب بلەز دەچێتە ژوورەوە. لەم چاوەڕوانییە کوشندەیەدا [کاوێس] دەکەوێتە نێو زیندەخەونێک و بەردە کۆنەکانی دامێنی چیای (بەنی حەریر) ی لێ دەبن بە پیاوی ئەسپسوار. ئیدی یەکسەر پانۆرامای لەشکری هەردوو کوڕە نەیارەکەی عاشقی شەقڵاوە، شاقوڵی بەگی میری سۆران، کە (میر بوداغ بەگ) و (میر سلێمان بەگ)ن دەبینێت، چۆن بۆ یەکدی کوشتن لەم شوێنەدا بە هەموو هێزیانەوە خڕبووینەوە و دەجەنگن.

[سورما] دوای دیتنی نیگارەکە، هەردەم شێوەی نیگەرانییەک بە ڕووخساریەوە دیار بوو و چەند جار دەیەویست بچێتە کلێسا و دڵی خۆی بۆ [قەشە یوحەننا شێر] بکاتەوە دان بە هەموو شتێکدا بنێ. لە لایەک پێی بڵێت کە کوڕە تاقانەکەی [مەلا حوتان] ی خۆشدەوێت، لە لایەکی دیکەیش باس لەو نیگارە بکات کە سەروسیمای کوڕە دیانێکی نەناسراوی بە ئاستەم لەسەر دیارە و حوزنێکی گەورەی تێدا دەخوێندرێتەوە کە نازانێت هۆکارەکەی چییە؟

حەفت ڕۆژ بەسەر نەورۆزی ساڵی (١٩٨٦) تێپەڕی بوو، کەچی هێشتا [سورما] لە زەینیدا لەنێوان ئەم چوون و نەچوونەی بۆ کلێسادا دۆش دامابوو. لێ، کات نەگەیشتە شەوێ کە [سورما] لەگەڵ هەواڵی کوژرانی ئەو قەشەیە جوانە لەبەردەم ماڵەکەیدا لە گەڕەکی زێوەر، وەک دار هەنارێکی بەر ڕەشەبا بە توندی ڕاچڵەکا و دەرد و کەسەرێکی گەورەیش لەنێو دڵ و دەروونی بەجێما. هەروەها وەهای لەو کرد کە هەست بکات چیرۆکی ئەوینی و وێنەکە بۆ هەتاهەتایێ نەک تەنها هەر لە کیس قەشە چوو، بەڵکە دواتر لەنێو دڵ و گیرفانی [کاوێس] یشدا فەنا دەبێت و نامێنێت.

[کاوێس] بۆ یەکەمجار کە [سورما]ی بینیی، هەستی کرد هەتا لە دونیا مابێت، لەو کیژە بترازێت دڵی بۆ یەکێکی تر وەها نەخاتە سەر پشت. ئەو لە نێو کتێبەکانی دەمێک بوو کەوتبوونە بەر دڵی، هەردەم خۆی وەک کارەکتەری ڕۆمانێک دەبینی کە سەروکاری لەگەڵ ئەوینێکی ئەبەدیی و پاقژ دایە و بەس. لێ، هەرگیز ئەوەی نەدەزانی کە ڕۆژگارێک ئەوین و

سووتانی بۆ کچە کلدانییەک وەک (شێخی سەنعان)، بە جۆرێک شەیدا و دێوانەی دەکات. ئیدی بەر لەوەی پێشتر بە هۆی بیروباوەڕە مارکسییەکەی واز لە پێڕەوکردنی ئاینەکەی بهێنێت، بۆ گەیشتن بە [ سورما ]یش بێباکانە ئامادە دەبێت بە تەواویی لە ئاینی باووباپیرانی کە ئیسلامە وەربگەڕێت!

[کاوێس] ئەو بەیانییە فێنک و شێدارانەی هەرەتی منداڵیی خۆی چاک لەبیرە کە هاوینان بەر لە هەڵاتنی خۆر دەبووایە دەستی باوکی بگرێت و بەرەوە مزگەوت بچێت. ئەو کاتانەی زۆر بە بێزاریی پێیە گچکەکانی هەڵتوک هەڵتوک بەدوای خۆی ڕادەکێشان، لێ چاوەکانی هێشتا هەر لەسەر جێگە و باڵینگانی خەودا بەجێمابوون. باوکی [کاوێس] دەبووایە زوو بگات و (ئەڵاهوئەکبەرەکەی) بخوێنێت، دواتریش پێکەوە لەگەڵ کوڕەکەی بچنە نێو ڕەزی دامێنی چیای سەفین و هەتا دەمەو نیوەڕۆ وێکڕا کاری ڕەزداری بکەن.. بۆ سەروەختی بانگی عەسریش [مەلا حوتان]، [کاوێس]ی کوڕی لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵی فەریک و هەراش لە ژوورێکی ئاووس بە تیشکی خۆرەتاو و جریوەجریوی چۆلەکەکانی سەر دارچنارە کلۆر و بڵندەکان و دەنگی خوڕەی ئاوی کانییەکەی مزگەفتی گەورە دادەنا و هەموویانی فێری (جزووی عەممە) و دەرسەکانی نەحو و سەرفی عەرەبیی دەکردن.

[کاوێس] لە یەک لەو ڕۆژانەی گەڕانەوەی لە ڕەزەکەی باوکی لە ئاوە سارد و سازگارەکەی (ناوەنجی) تێنوویەتی خۆی دەشکێنێت. بەر لە سەعاتێک لە خۆرئاوابوونیش لە خوار کانیاوەکەی(بێترمە) خۆی دەبینێتەوە

و نیگای چاوەکانی دەکەونە سەر ڕووی سپیی و پەمەیی کیژێک کە بە دەستە قامک درێژەکانی دەمێک لە ئاوەکەی دەخواردەوە و دەمێکیش بەردە ورد و زەرد و سوورەکانی لە نێو ئاوەکە هەڵدەگرتنەوە. بۆ [کاوێس] هەتا دوارۆژی ژیانی و کوژرانی لە دەڤەری هەکارییدا، ئەم دیمەنە و دیتنی [سورما] لە سەر ئاوی (بێترمە)، جوانترین و کاریگەرترین ڕووداو بوو کە لە یادەوەرییدا بە قووڵی نەخشابن. بەڵێ، تەنیا ڕووخساری جوانی [سورما]یش بوو کە لەم سەروەختەی ڕۆحدانیدا تیژ تیژ بە پێش چاویدا ڕەت بوو.

[مەلا حوتان] گەلێک جار هۆشداری دابوو بە کوڕە هەراشەکەی کە لەو جادە لێژ و جوانەی نێو داران نەپەڕێتەوە کە سەرێکی لە نزیکی ئاوی (بیترمە) وە وەک ماریکی ڕەش بە نێو داراندا ڕووەو خوار دەچوو؛ نەوەک حەزی بچێتە ئەو ئارەق و شەرابانەی کە لە ناو باخی ماڵە دیانەکان دروست دەکران، یانیش بکەوێتە داوی کیژە دیانێک و ڕیسەکەی لێ بکاتەوە خوری. لێ، مەلا هەرگیز نەیدەزانی کە دواتر کوڕە تاقانەکەی مارکیسیستێکی هێندە چەپڕەو و هیشکی لێ دەردەچێت، کە وەهای لێ دەکات سەد خۆزگە بە ڕیشە پانەکەی (شێخی سەنعان) بخوازێت لەچاو هی پیاوێکی بیانیی و دووری وەک (چێ گێڤارا). مەلا لەبەرئەوەی ڕۆژگارە درێژەکانی لەنێو مزگەوت و ڕەز و باغەکەیدا بەسەر دەبرد، هەرگیز بە ڕێکەوتیش گوێی لەم قسانەی پیاوانی نێو چایخانەکەی (حەسۆی چایچی) و ژنانی (سەقاو)و بەر دەرگای گەڕەکەکانی (تەمتەم) و (کریکۆر) و (سیمۆن) نەدەبوو کە چیرۆکی دڵداری نێوان [کاوێس] و [سورما] یان بە چەندین شێوە دەگێڕایەوە.

لەو ڕۆژەی [کاوێس] [سورما] دەبینێت، بە دەستی خۆی نەبوو هەنگاو بە هەنگاو وە دوای دەکەوێت. ئەو هەر کە هەستی دەکرد خشپە خشپی پێیە ترساوەکانی دەبیستڕێن، خۆی لە پەنای دار چنارێک یان دار گوێزێکی گەورە دادەشارد. ماڵی [سورما] لە لێژاییەک بوو و جۆگەلە ئاوە ساردەکەی کانی بێترمە بە بەردەم دەرگا دارینەکە و تانۆکە درێژەکەیاندا ڕەت دەبوو.

ماڵەکە لەنێو باخچەیەکی گەورەی پڕ دارهەنار و هەنجیر و ترێی سەرپەرچ بوو، هەتا [کاوێس] لە ڕۆژگارەکانی داهاتوویدا دەرگای ماڵەکە چەند جارێک نەخاتە سەر پشت، نەیدەزانی گوڵ و گوڵزاری چ بەهەشتێک لەوێدا چاوەڕوانییەتی. [کاوێس] ئەو ڕۆژە شەقڵاوەی وەها جوان و نۆستالژی هاتە بەرچاو کە دیمەنەکەی هەتا درەنگانێ و ساڵانی دواتر، شێوەی بەهەشتێکی هەبوو و لە زەینی دەرنەدەچوو.

بۆیە بەرلەوەی پێیەکانی بخاتە سەر ڕێگەیەکی قاچاغ و بەرەو دەڤەری هەکاری بڕوات، لە ژێر دار بەڕوویەکدا تاوێک دادەنیشێت و قەڵەم کاغەزێک دەگرێتە دەست هەتا نامەیەک بۆ [مەلا حوتان] ی باوکی بنووسێت و پێی بێژێت کە هەتا ئێستا لە شەقڵاوەی جوانتر نەبینیوە. ئایا [کاوێس] چۆن بزانێت کە خاوەنی نیگارەکەیش لە ساڵی (١٩١١)دا پاش ئەوەی بە ژمارەی ساڵەکانی تەمەنی (حەزرەتی مەسیح) بە گوند و ئاواییەکانی دەڤەری باژێڕی سێرت گەڕابوو، نامەی بۆ [قەشە پترۆس]ی برا گەورەی نووسیوە و گوتویەتی لە شەقڵاوە جوانتری نەبینیوە.

[کاوێسی مەلا حوتان] کە سەری هەڵگرت و ڕۆیشت تەمەنی بیست و هەشت ساڵان بوو، لێ وەک شەقڵاوە لە نێو بەزمی شەڕێکی گەرمی برایاندا هەناسەی لێ بڕابوو. هەستی دەکرد کەسێکی دووکەرتە و بە بیروباوەڕێکی سۆر سۆرەوە وەک چیای (سۆرک) لەنێوان شەڕە تەقەی هەردوو لایەنی سەر ئەم خاک و خۆڵە، بێزار بێزارە و دەناڵێنێت. [کاوێس] دەبینێت لە سەرێک ئەویندارە غەیرە دینەکەی تێی ڕادەمێنێت و ڕۆندکە گەرمەکانی هۆن هۆن بە هەردوو دەستە سپییەکانی دەسڕێتەوە، لە سەرەکەی دیکەیش لەنێو ڕەز و باغێکی وشکبوودا مەلای باوکی دۆش داماو دانیشتووە و هەست دەکات چیتر کوڕە تاقانەکەی نابینێتەوە..

ئەو بەو هاوینە بە جادە فێنکەکەدا و بەژێر سێبەری دار ئەسپینداری تانۆکی باخچەکانی دیانان غلۆر دەبێتەوە، پاش ئەوەی ماچێکی تەڕی لەسەر ڕوومەتە پەمەییەکانی [سورما] بەجێهێشتووە و تێر تێر دەستی باوکی ئازیزی ماچ کردووە، هەوڵ دەدات زوو بگاتە گەراجی نێو بازاڕ و سواری تاکسییەک بێت هەتا بەرەو دەڤەری شارۆچکەی (دیانا) و سەرووتری ببات.

[کاوێس] لەنێو تاکسییەکەدا ناوی شارۆچکەی (دیانا)ی پڕ بەدڵ خۆش دەوێت، چونکە لەوەتەی [سورما]ی ناسیبوو، وشەی (دیان) جۆرە سۆز و ئارامی و مانایەکی سەیر و سیحراویی دەخستە نێو دڵ و دەروونی.

ئەرێ، [کاوێس] دواجار کە نەگەیشتە ژێر کەپری ئەویندارە جوانەکەی، بەناچاریی لەنێو گەرمەی ململانێ و شەڕە بێ ئەنجام و بێهوودەکەی برایاندا،

سەری خۆی هەڵگرت و بە یەکجارەکی شەقڵاوەی بەجێهێشت. دواتریش هەتا لە چیاکانیش ئاوابوو، هەر نەفرەتی بۆ ئەو کەسانە هەنارد کە تەونی ئەوینی نێوان ئەو و [سورما] یان وێران و تێکەڵ بە نانوئاوی سیاسەت کرد.

لە سەروەختی سواربوونی بۆ نێو تاکسییەکە، [کاوێس] تەماشایەکی پەلە هەورە شەرمنەکانی سەر چیای هەورێی دەکرد و لە ناخیەوە هەستی کرد کە ئاسمانی لە زەوی خۆشتر دەوێت. ئەو بەر لە دۆزینەوەی نیگارەکەی [سلێوا]، دەمێک بوو ئەم بیرۆکەیەی وەها لە زەیندا گۆڕابوو کە ئەوەی لەژێر خاکدا حەشاردراوە گەلێک پەنهان و ئاڵۆزترە لەوەی لە ئاسمانەوە دیارە. هەڵبەت لە دیدی ئەو هەر ئەوەیش بوو کە جوایەزی نێوان خودا و مرۆڤ پێشان دەدا. خودا شتەکانی خۆی بە ڕوونی لە شاشەی ئاسمان هەتا بڵێیت سیحراویی و ڕەنگاوڕەنگ دەردەخات و هەتا سەریش وەها بە جوانیی دەیانهێڵێتەوە.. سەیر بکە هەورەکان هەردەم دێن و دەڕۆن، ئەستێرەکان لە ئەزەلەوە بە هەزاران ڕەنگ خۆیان دەنوێنن و بە بەردەوام لەوێدا دەبریسکێنەوە، مانگ هەر مانگە و خۆریش هەر یەکە و نابێت بە دوو. کەچی هەرچی مرۆڤە وەهایە و وەک پشیلە، هەردەم شتان دەشارێتەوە و دەشارێتەوە.. ئەو لە پێش خۆی دەیگوت خودایە لەم شەڕە ناوخۆیەی نێوان برایانیشدا، ئایا دەبێت چەندین مرۆڤی بێتاوان لەسەر هیچ و لەخۆڕا خوێنیان ڕژا بێت و بە بێ چارەنووس لە دەرەوەی مەیدانەکانی شەڕ و زیندانەکان بەجێ مابن؟

[کاوێس] لە ڕۆژگارەکانی گۆڕین و زیندانیکرانیدا هێندە دڵگران و

پەرێشان بوو، بۆیە لە پەنجەرە بچووکەکەدا هەمیشە دەیڕوانیە چیای سەفین. شەوانە بەسەرهاتی فلیمێکی دەبینی پڕ بوو لە وێنە و ڕووداو و بەسەرهاتی تراژیدی کە وەهایان لەو کردبوو بە شەڕە بچووکەکەی نێو شەقڵاوە و دەوروبەری بڵێت – مشتێک لە خەروار. سەرەتا لە خوار ئەشکەوتی (پیر وسو رەحمان) دۆڵێکی ڕەش و تاریکی دەهاتە پێش چاو کە لە چوار لاوە بە چیای بڵند دەور دراوە. بە سەدان ئەسپسوار لە بەرزاییەکان وەستاون و چەند هەزار کەسێکی پێکهاتوو لە منداڵ و ژن و پیاو وەک مێگەل بەرەو ئەم دۆڵە قووڵە کە ناوی (واوەیلا) یە تاودەدەن. ئەسپسوارەکان دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە بە ئاغای گوندەکەکانی دەوروبەر بڵێن کە چی خراپە بەم خەڵکەی بکەن. خۆیشیان لە دوورە وەک گەمەیەکی نامرۆڤانە ئەو خەڵکە یەخسیرە دەدەنە بەر تیربارانی تفەنگاکانیان و دەیانکوژن. ئاغا هەیە هێندە خوێنسارد و چاوقایمە، پاش ئەوەی خۆی و پیاوەکانی هەتا ماندوو دەبن کوشتوبڕ دەکەن، کیژە جوان و هەرزەکارەکان جوایەز دەکەنەوە و لە ئەسپەکان و پێش خۆیانیان سوار دەکەن. کیژەکان دڵیان پڕ لە برین و سۆیە و جلوبەرگیان لەبەردا دادڕاوە.. هەیە لا ڕان و سمتی بە تەواویی بەدەرەوەیە، هەیە هەردوو مەمکە قیتەکانی توورە تووڕەن و بە بێزاریی دەڕوانە گوێی ئەسپەکان و ئەسپسوارە دڕەکانی لەدیار بەزمی ئەم تراژیدیایە زۆر بە خوێن ساردی وەستاون. دواتر لە شوێنێکی دیکە دەبینێت کۆمەڵە سەربازێک و باشچاوەشێک (دێرە) کۆنەکەی سەر گردەکە گەمارۆ دەدەن کە چوار ڕاهیبەی تێدان. یەکەم جار هەموو کتێبەکان بە ژنەکان دەگوازنەوە نێو گۆڕەپانی (دێر)ەکە کە بەشی

خوارەوەی گۆڕستانی دیانەکانە، وەک گردێکی گەورە لە کتێب ئاگری دەدەن.. ئینجا سەربازەکان بە سەرەنێزەی تفەنگاکانیان هەر چوار ژن بەرەو نێو ئاگرەکە قاودەدەن و لەگەڵ کتێبەکان دەیانسووتێنن. دیمەنەکان لە پێش چاوی [کاوێس] بە درێژایی پازدە ڕۆژ مانەوەی لە زینداندا، هەموو شەوان وەها بەردەوام دەبن و هەموو جارێکیش لە کۆتاییدا تارمایی پیاویکی چل و هەشت ساڵان دەردەکەوت کە ئەگەر سەر و ڕیشی هەڵبزرکاوی نەبووایە، ڕووخساری کتومت لە کەسی سەر نیگارەکە دەچوو. پیاوەکە هەموو شەوان وەک کارەکتەرێکی سەرەکی نێو ئەم فلیمە کە ڕۆڵەکەی تەواو دەبێت ڕۆبێکی سووری مەتراناں لەبەر دەکات و داوا و تکا لە بکوژانی دەکات کە بە گوللە بیکوژن.

لە پێش ژوورەکەی زینداندا چەکدارێک وەستاوە ناوی [نورڕوڵڵا] یە و بە [کاوێس] دەڵێت: «وەڵاهی دەبێت کیر و گونت لە بنەوە بەم چەقۆیە ببڕم و بیخەمە بەر دەمی کسۆکان. ئێمە شەڕ و کوردایەتی دەکەین و ئەتۆی ئەفەندیش تازە خەریکی دڵداریت لەگەڵ کیژە دیانان!»

[کاوێس] بەهۆی مردنی [موحەمەد قادر] لەژێر ئەشکەنجەدا، پاش ئەوەی زۆر ئازایانە ئامادە نەببوو پاکانە دژ بەو پڕبکاتەوە، لە لایەک بەیەکجارەکی لەم هاوڕێیە کوردپەروەر و ئازیزەی دابڕا، لە لایەکی دیکەش هەستی دەکرد هێشتا ترسێکی هەمیشەیی بە دوایەوەیە. بەڵام هەرگیز پێشبینی ئەوەی نەکردبوو کە ڕۆژگارێک بکەوێتە نێو چوار دیواری

ژووری بچووکی زیندانێک کە دوو کەسی هاوشاری خۆی بە ناوەکانی [موحەمەد] و [نورڕوڵڵا] ئێشکگری لە پێش دەرگاکەی بکەن و شەوانیش بە قسە و لێدان ئازاری بدەن. بۆیە لەنێو ژوورەکەدا چاوەکانی پڕ بووبوون لە فرمێسک و هێندەی دەیهێنا و دەیبرد نەیدەتوانی ئەم دوو جۆرە کوردایەتییە وەک یەک تەماشا بکات. هەتا شەوێک [کاوێس] خەونێکی زۆر سەیر دەبینێت کە کتومت لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەچوو. لەم خەونەدا خۆی دەبینێت سەر و ڕێشێکی ماشوبرنجی چڕ و پڕی هەیە و لە بری [کاوێس مەلا حوتان] ناوی [ئەددای شێر]ە و لەماڵی کەسێکدا بە ناوی (نورڕوڵڵا) حەپس و زیندانییە.

لە سەروەختی ئەو خەونبینینەدا، [مەلا حوتان] لە خەو ڕابووە و هزر دەکات چۆن پەنا بەرێتە بەر ماڵی (میرانی عوسمان بەگ) بەڵکە هەوڵێک بۆ کوڕەکەی بدات و لەو تەنگژەیە ڕزگاری بکات.

پیاوەکانی (عوسمان بەگی تەرزی) کە هاوڕێ و دۆستێکی نزیکی مەترانی گەورەی باژێڕی سێرت (ئەددای شێر) بوو، بە هەناسەبڕکێوە لە ماڵی (نورڕوڵڵا) نزیک دەبنە و زوو تفەنگ دەخەنە سەر سەری هەتا ئەم پیاوە خائینە مەترانیان بە زیندووی ڕادەست بکات. لێرە [کاوێس] لە نێو خەونەکەیدا هەناسەیەکی پڕ لە ئارامی هەڵدەکێشێت و هەست دەکات خۆیشی سبەی ئازاد دەبێت. هەرچەندە ئەو خۆی لەسەر شتێکی هیچ و بێ بنەما گیرابوو، کە هەرگیز جێگەی باسکردن نەبوو و [مەلا حوتان] یش

نەیدەزانی چۆن شەرحی جۆرە بوختان و تاوانێکی وەها کرێت بکات کە بە پیلان دژ بە کوڕەکەی داڕێژرابوو.

ئایا یەکسەر وەک خەڵکی بڵێت [کاوێس] ی کوڕیان بینیووە و چووە دزی لە ماڵە دیانێکی بەستەزمان بکات کە تاقە کچێکی جحێڵ و کوڕێکی دە ساڵانی هەیە؟ [مەلا حوتان] کە دەچێتە سۆراغکرنی کوڕەکەی دوای ئەوەی لە بەیانییەوە دیار نەمابوو، چەکدارەکانیش هەر هەمان شتیان بە گوێی [مەلا] دا دابوو، بێ ئەوەی کەسێک هەبێت گرینگی بە ئەوینی مەموزینانەی [کاوێس] بدات لەگەڵ [سورما] کە لەوانە بوو بۆ هەتایێ تۆی تەبایی لەنێو هەناوی ئەم خاک و خۆڵە جوانەدا بچاندبایە و کچ و کوڕانی دوای ئەوان بەهۆی عەشقەوە نەکوژرابان!

بەڵێ، [کاوێس] ئەو ڕۆژە پایزییەی مانگی ئەیلولی (١٩٩١) هەرگیز لەبیر ناچێتەوە کە [سورما]ی ئازیزی لەنێو ئاپۆڕەی ژنە شین گێڕ و ڕەشپۆشەکاندا دەبینی کە چۆن ڕووی وەک مانگی بە ئەستێرەی فرمێسکان گەشابووەوە و خەمی ئەم کۆستە گەورەیەی پێوە دیار بوو. [کاوێس]یش لەگەڵ ناشتنی تەرمی بیست و سێ کەسی بێتاوان کە تەرمی [موحەمەد قادر] ی هاوڕێیشی تێدابوو، دونیایەک خەمباری لە سەر ڕووی نیشتبوو، لێ کەمێک شادمان بوو کە دەیبینی بۆ یەکەم جار لە مێژووی شەقڵاوەدا کەسانی ئیسلام و دیان وێکڕا لە گۆڕستانێک دەنێژرێن.. ئەو بە سەرسامییەوە لەو دیمەنە ڕادەما و لە خۆی دەپرسی کە ئایا دەبێت لەنێو ژوورە تاریکەکانی

زینداندا ئەم کەسانە: (ئەحمەد ئەفەندی) و (دکتۆر یوسفی ددانساز) و (مام عەبدوڵڵا) و (مام حەمید) و (سابیر کوردستانی) و (جیهاد تۆما) و (حەسەن زەخۆک) و (مستێی زەخۆک) و (حەمید) و (مەجید) و (هیوا) و (سەفین) و (نەریمان) و (عەبدولقادر) و (عەبدولخالیق) و (وسو) و (شێروان) و (مستەفا بەربەر) و (گەیلان) و (موحەمەد) و (مەلا فەلاح) و (نەوزاد)، چۆن ڕاز و نیاز و دەردە دڵیان بۆ یەک و دوو باس کردووە، هەتا وەها بەم شێوەیە بووین بە قەوارەی یەک ڕۆحی مەزن و گەورە کە لە بەهەشت نەبێت لە چتاقە زیندانێکدا جێگەی نەبێتەوە؟

[کاوێس] یەک لە ژووانەکانی خۆی لەگەڵ [سورما]ی دا وەک ترۆپکی ڕووداوێکی هەرە خۆش و چێژبەخش دەهاتە بەر چاو و هەستی دەکرد تا هەتایێ لە زەینیدا وەک خۆی دەمێنێتەوە. بۆیە لە سەروەختی ڕۆحدانیشیدا کە گوللەیەکی بە تەختی نێوچەوانی و سەر دڵیەوە کەوتبوو، هەر هەمان دیمەنی [سورما]ی بینییەوە کە بە دوو کەزییە زەرد و ئەستوورەکانی لە بەرانبەری وەستاوە و کەپووە جوان و قنجەکەیەشی لەسەر کەپووەکەی وی داناوە. لەو ژووانەدا ئەوان زوو لێوەکانیان بەر یەکدی کەوت و ئیتر ماچ تاکە بزوێنەری گشت جوولە و بڕیارەکانی هەردووکیان بوو.. [کاوێس] دەتگوت بەو شەرابە مەستە کە ڕۆژێک لەگەڵ [موحەمەد قادر] دا لە دوکانە گچکەکەی [مام سولاقا] کڕیبوویان و بە دزی [مەلا حوتان] و [مام قادر] بە نۆرە بوتڵە شەرابەکەیان دەگرتە دەست و لەگەڵ دەنکە دەنکی هێشوە پەسیرە تف و ترشەکان نۆشیان دەکرد. هەردووکیان تەمەن بیست و

چەند ساڵێک بوون و بە سەر و پرچ و ڕیش و سمێڵی شپرزە و شێواویانەوە، خۆیانیان وەک (چێ گێڤارا- کاسترۆ) دەهاتە بەر چاو.

لێوەکانی [سورما] لە زاری [کاوێس] لەم شەرابە مەستکەرتر بوون کە تەڕ تەڕ وەک هەنجیری (شۆشی)ی گەییو لەوێدا شل و خاو بووبوونەوە و نەشئە و سیحرێکی ناوازە و تایبەتیان پێدەبەخشی. [کاوێس] لە دونیادا نەمابوو و خۆی لە ئاست ئەم ڕووداوەی ماچ و ڕاموسان و یەکترگوشینەدا بۆ نەدەگیرا. دەستەکانی بەرەو کردنەوەی یەک لە دوای یەکی دوگمەکانی کراسەکەی سپییەکەی [سورما] دەبرد، چاوەکانیشی بەر دەزووە بریقەدارەکانی ستیانە ڕەشەکەی سەر سنگی سپیی [ سورما ] دەکەوتن و لە دوو لا دەبریسکانەوە، دەتگوت لەوێدا ئادەمێکە و لە بەردەمی قاپی بەهەشتێکی یاساغ وەستاوە. [سورما] دەترسێت، لێ [کاوێس] بێباکە و ستیانەکە دەکاتەوە، ئیدی شێت و سەراسیمایە کە بۆ یەکەم جاری تەمەنی و لە ڕاستییدا دوو مەمکی قووت و سپی و جوان جوانی کچ دەبینێت. [کاوێس] خەریکە زاری بەرەو ئەم مەیدانە ببات کە [سورما] دەستێکی خستبووە سەری. ئەو گەلێک تامەزرۆیە و لێوەکانی لە دەستە جوانەکەی [سورما] ناسڵەمێنەوە و ناگەڕێنەوە و یەکسەر بە وردە ماچان وەلایان دەنێ. ئینجا لێوەکانی [کاوێس] لە گوڵهەناری یەک لە مەمکان گیر دەبن و تا هێزی تێدایە گۆی ئەم مەمکە سپیی و جوانەی [سورما] دەمژێت و دەمژێت.. لێرە بەدواوە دەکەوێتە بارێکی سەیر و سیحراویی و شوێن و کات لە فەرهەنگی ئەو چتاقە مانایەکیان نامێنێت، هەتا لە ژێرەوە شەڕوالەکەی تەڕ دەبێت و یەکسەر دەگەڕێتەوە ژیانە ڕاستەقینەکەی کە پڕە

لە ترس، [سورما] دەبینێت چۆن بەهەشتا و بەرەو ماڵەوەی هەڵدێت.

[ کاوێس ] لە نێو شەڕە تەقەی برا بەشەڕ چووەکان بیر لەم ڕۆژە خۆش و بەسەرچووە دەکاتەوە، بە ترسەوە لە جادە لێژ و جوانەکەی کن ماڵی سورما دەپەڕێتەوە. ئەو هەناسەی بێزاریی لەو بارە ناجۆرەی ژیانی هەڵدەمژێ، دوای ئەوەی چەند مانگێک بوو بە هۆی شەڕ و زیندانیی بوونیەوە [سورما] ی نەبینیبوو. ئەو نیوەڕۆیە [کاوێس] بڕیارێکی سەیری دابوو و دەیەویست بەر لە پەژیوان بوونەوە بە [سورما] یشی ببێژێت کە یان وێکڕا دەڕۆن، یان ئەوەتا خۆی بە تەنیا سەر هەڵدەگرێت و وڵاتی پڕ لە گێژاو و شەڕ بۆ دواجار بەجێدەهێڵێت.

[سورما] وەک ئەو ڕۆژەی وێنەکەی پێشان درابوو لە بەرانبەر بڕیارێکی وەها قورس خۆی بێدەسەڵات دەبینییەوە و نەیدەزانی چی پێ بڵێت. بەر لە هەموو شتێک ڕوومەتە پەمەییەکانی لە ڕەنگی خۆیان پتر خوێن هەڵدەگرن و گەرم دەبن، بە تایبەت کە بە ترسەوە لە لایەک گوێیەکانی بۆ ئاخاوتنەکانی [کاوێس] هەڵخستبوو و لە لایەکی دیکەیشەوە دەنگی تەقوتۆقی شەڕ دەمێک بوو هەراسانی کردبوو. ئەو بێزار بێزار دیاربوو و خۆی وەک هەر دیانێکی شەقڵاوە نامۆ دەبینی لە بەرانبەر شەڕێکی ناوەخۆ کە لە ماڵوێرانی و خەڵک بە کوشتدان هیچیتر بە دوای خۆیدا ناهێنێت.

[سورما] چەند مانگێک بوو بۆ چوونەدەرێکی کورتیش دەرگا دارینەکەی ماڵیانی نەخستبووە سەر پشت، بۆیە  لە کونجی ماڵەوە و لەژێر دارهەنار و دارهەنجیرەکانی باخچەکەیەدا لە خۆی دڵتەنگ و خەمگینتر نەدەبینییەوە

و لە خەیاڵیدا شەڕ فلیمێک بوو کە هەزار و یەک دیمەنی ناشیاو و پڕ لە دڕندەیی تێدا دەبینییەوە.

چەند ڕۆژێک بوو چوارده تەرم لە دووریی چەند کیلۆمەترێکی نزیک بە ماڵیان لە نێوان مەتەریزی هەردوو بەرەی شەڕدا کەوتبوون و کەس نەدەوێرا تخونیان بکەوێت. شەڕ هێندە گەرم بوو دەتگوت ڕق و قینەی سەدەکانی پێشووە و لە نێوانی خەڵکی سەر ئەم خاک و خۆڵەدا ڕژاوە و بەتاڵ نابێتەوە.. [ سورما ] زۆر بە نابەدڵی ڕۆندکەکانی سەر ڕوومەتی دەسڕینەوە و خۆی وەک ئەو کیژە ئەرمەنی و کلدانی و ئاسوورییانەی ساڵی (١٩١٥) دەهاتە پێشچاو کە چارەنووسیان کەوتووە بەر نەفرەت و زوڵم و زۆری دەسەڵاتی تورک و هەندێک لە عەشیرەتە کوردەکان. [سورما] هێندە پەرێشان و ڕەنجاو بوو، بۆیە لەم ئێوارەیەدا هەرگیز [کاوێس]ی وەک دڵدارەکەی ڕۆژانی پێشوو نەدەبینی کە چەندین کاتژمێری درێژ لە نێو داران و سەر کانیاوەکەی (شێخ سەید) لە چاوەڕوانیدا لەوێ دەبوو و ساڵانیش بەسەر چووبان بێزار نەدەبوو. دەتگوت ئەو بە هۆی دیتنی نیگارەکە لە نەبوونەوە شتێک لە نێو دڵیدا شین بووە و نایەوێت هەتا بە [کاوێس]یشی بڵێت.

[سورما] بەیەکجارەکی لەم دۆخە بێزار بوو و خۆیشی نەیدەزانی چ ناوێک لەم پێشهاتە سەیرانەی ژیانی بنێت. لەو کاتە لە نزیک پەنجەرەکەیدا دەنگەدەنگ دەبیستێت و دواتریش دیمەنی یارە بەدبەختەکەی لێ دیار دەبێت کە دوو چەکدار وەک تاوانبارێک بەرەو شوێنێکی نادیار ڕەپێشی خۆیانی

دەدەن. [سورما] وەک کیژێکی بێدەسەڵات و دڵدار بە [کاوێس]، چۆن ناتوانێت پێش بەم گوللانە بگرێت کە شەوانە بەسەر باخچە و ماڵەکەیاندا تیژ تیژ دێن و دەچن، وەهایش لە ئاست ئەم ڕووداوە تەنها بێدەنگی دەنوێنێت و تفی خۆی دەخواتەوە.

ئەو ڕۆژەی [کاوێس] ئازاد بوو و یەکسەر وەک جارانی پێشوو، بەڵام بە ناخێکی پڕ لە بێزاریی و ئازایەتییەوە دەرگا دارینەکەی باخچە و ماڵی [سورما]ی بۆ دواجار خستە سەرپشت. سەرەتا بەردێکی لە دەنکە نۆکێک گچکەتری هەڵگرتەوە وەک نیشانەیەک بۆ هاتنەوەی، بەردەکەی بە شێنەیی هاوێشتە شووشەی پەنجەرەی ئەو ژوورەی [سورما] و برا بچووکەی تێدا دەنووستن. ئەو کردارە پتر لە پێنج – شەش ساڵ بوو وەک زەنگۆڵەی دڵداری نێوانیان بوونی هەبوو و لە باری شەڕ و شڵەژانی سیاسیی نێو کوردانیشدا، جوانییەکی گەورەی دابوو بە ژیانی ئەم دوو دڵدارە تاقانایە و نێو باخچەکانی شەقلاوە.

[سورما] دوای ڕۆیشتنی [کاوێس] هەست دەکات لایەکی ڕۆحی وێران بووە، بۆیە بۆ ئێوارە بلەز ڕوو دەکاتە کلێسا کەچی لە دڵشکاوییەکی دیکە زیاتر، شتیک لەگەڵ خۆی ناهێنێتەوە ژوورەکەی. هەتا شەوێکیان لە خەونیدا خۆی لە نێو ڕۆح و جەستەی کیژە کوردێکی شکاک دەبینێتەوە کە (خەیول) ناوێک لەگەڵ چواردە کەس لە پیاوانی (ئاغا پترۆس)، لە چۆڵاییەکدا گرتوویانە و بە هەموویان دەستدرێژی دەکەنە سەری. لەنێو

مۆتەکەی ئەم خەونە تاڵەدا [کاوێس]ی دێتە پێشچاو کە ناوی خۆی بۆ [سمکۆ] گۆڕیوە و لە لایەک دەرپێ خوێناوییەکەی وی لە ملی برنۆکەی گرێداوە، لە لایەکی دیکەیش سۆز و پەیمان دەدات هەرچی زووە تۆڵەی بکاتەوە.. لە خەونەکەدا وشەی تۆڵە لە زاری [سمکۆ] سەدایەکی گەورە گەورەی هەیە و لە نێو گوێچکەکانی [سورما]یش دا بە بێ تامی دەزرینگێنەوە و وەهای لێ دەکەن لە سەر جێگەی خەودا چەند جارێک ئەمدیو و ئەودیو بکات. بەڵام زۆر ناخەیەنێت کە لەپڕ دیمەنی خەونەکە بە شێوەیەکی دیکە دەگۆڕدرێت و [سورما] زۆر ئازار دەکێشێت کە خۆی لە نێو هەمان شەڕە خوێناوییەکەی جاران دەبینێتەوە. ئەمجارە لە خەونەکەیدا [کاوێس] بە برینداری یەخسیرکراوە و وا لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی بەدبەختی دیکە خەریکە بخرێنە بەر دەستڕێژ. لە خەونەکەیدا گوللەیەک زوو نێوچەوانی [کاوێس] دەپێکێت و یەکسەر لەوێدا وەک بەرخێکی قوربانی لە نێو خوێنی خۆیدا دەیگەوزێنێت. ئیدی پێش چاوانی [سورما] سوور سوور دەچنەوە و هەست دەکات ئیتر هەموو شتەکان ڕەنگی ئەم خوێنەیان گرتووە کە لە دامێنی وی و نێوچەوانی [کاوێس] وەک کانیاوێک دەڕژێن و دەڕژێن. لێرە [سورما] لەپڕ ڕادەچڵەکێت و چاوەکانی بەترسەوە بۆ دونیای دەرەوە دەکاتەوە و دەبینێت وا باوکیەتی فانۆسێکی بە دەستە و بە نیگەرانییەوە لەسەر ڕووی وی ڕاگرتووە و دەڵێت: «هەستە کیژم، دەڵێن کاوێسی کوڕی مەلا حوتان لەودیو سنوور کەوتۆتە کەمینی جەندرمان و کوژراوە!»

ئەم قسانە وەک دەستڕێژی هەمان ئەو گوللانەی کە [کاوێس]یان لە دوورەوە لە دوو لاوە پێکابوو، بە خێرایی بەر گوێی [سورما] دەکەون و لەنێو جێگەی گەرمیدا و وەک شتێکی هەرگیز چاوەڕواننەکراو بۆ باوکی لە پەلوپۆی دەخەن و یەکسەر دڵی دەوەستێنن.

ڕۆژانی دواتر لە شەقڵاوە نەغمەی دوو جۆرە گریان لە ماڵی [یەعقووب حەننا] و ماڵی [مەلا حوتان] بەرزدەبوونەوە و دەچوونە کەشکەڵانی ئاسمان، دەتگوت وێکڕا لەلایەک چیرۆکی ئەم ئەوینە دەگێڕنەوە و وەک پەڵە هەورەکانی [کاوێس] لەنێو تاکسییەکەدا خۆشیویستن، دەیگەیێنن بە ئاسمان، لە لایەکی دیکەیش بەسەرهات و چیرۆکی مەتڕانی گەورە [ئەددای شێر] ئاشکرا دەکەن کە نیگاری هەڕەتی منداڵیی لەنێو گیرفانێکی [کاوێس]دا، ئەویش گوللەیەکی بەر کەوتبوو و لەنێو خوێندا تەڕ تەڕببوو.

ئەریَ شتەکان وەها ڕوودەدەن، بەرلەوەی یەک لە دوای یەک بپێچرێنەوە و بچنە نێو هەگبەی مێژوویەک کە پڕە لە ناسنامەی هەزاران کەس لە قوربانیانی بیَ ناونیشان.

هەولێر- ٢٠١٤

# قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم

( نٓ وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ )



ئەوەی من بزانم لە نێو کوردان کەس لە باوکم زووتر پێی نەناوەتە سەر خاکی ئەمریکا. ئەوەیش شتێک بوو هەردەم خۆشی وناخۆشی وێکڕا دەهێنا نێو زەینم و، هێندێک جار منی دەگەیاندە لووتکە وهێندێک جارانیش لە قووڵایی شەرمەزاریدا بەجێی دەهێشتم. من بۆ خۆم لە تەمەنمدا نە باوکمم بینیبوو، نە بەم مێژووەیش ئاشنا بووم کە تێیدا ئەو پیاوە نامۆیە بۆ ئەم خاکە دووره سەفەری کردبوو. لێ، لە زاری دایکمەوە ئەوەندەم شت سەبارەت بەم سەفەرەی بیستبوو، وەهام لێ هاتبوو وێنای باوکم لە تارمایی ئەو کەسەیش ببینمەوە کە ڕێک بەر لە سی ساڵ لە هەواڵێکی گوماناوییدا ئاڵای ئەمریکا لە سەر مانگ دەچەقەنێت. من ئەگەر لە هەمان ڕۆژدا لە دایک بووبم ودواتریش لە ئەمریکا چیرۆکی ڕاستەقینەی مەرگی ناڕوون ونائاسایی باوکمم بە هۆی خەونێک بە چاوی خۆم ببینم...ئیتر چ پێویست دەکات جارێکی دیکە باوکم بە (نیل ئارمسترۆنگ) یان بە پیاوێکیتر

بچووێنم. یانیش هەر لە سەرەتاوە ئاخاوتنیکی نادروستی وەهام بە زاردا بێت و بڵێم: « ئەوەی من بزانم کەس لە نێو کوردان لە باوکم زووتر پێی نەناوەتە سەر خاکی ئەمریکا!»

(نیلْ ئارمسترۆنگ)...(نیلْ ئارمسترۆنگ)...ها ها ها ها....ها، پێدەکەنم و لە ئاست ئەم ڕێکەوتە ڕادەمێنم وبە خۆم دەڵێم: « ئای دلۆ.. ئای..ئای کە سەیرە! لەم سەروەختەی تۆ بۆ یەکەم جار و یەکەم چرکە ساتەکانی تەمەنت سەرت دەکەوێتە نێوان هەردوو ڕانە سپیی وخوێناوییەکانی دایکت، لە دووری دوورەوە پیاوێکی ئەمریکایی کە بە زمانی شیرینی کوردیی ناوی دەبێتە (پاڵەوانی بازووئاسنین) ئاڵای ئەمریکا لە سەر مانگ دەچەقێنێت!؟ »

لە بیرمە پێنج، یان شەش ساڵێک بوو کەتبوومە بەر خوێندن وتازە وانە سەرەتاییەکانم دەخوێند، ڕۆژێکیان دایکم لە خەفەتی دووریی باوکم ناوی ئەمریکای هێنا و گوتی « دەڵێیت ئەم ناوە کوردییە و لە (ئەم ڕێگا) وە هاتووە- دەستێکی بە سەرمدا هێنا- کوڕم دە بخوێننەوە ولەم ڕێگایە هەواڵێکی باوکتم بۆ پەیدا بکە!» من لە ئاست ئەم قسەیەی دایکم خۆمم لە ژێر باری فەرمانێکی سەخت دەبینی ولە ژێر لێوانمەوە دەمگوت: « ئەمرکە دایە ... ئەمرکە.. ئەمریکا!» لە ژێر کاریگەریی ئەم ئاخاوتنە پێشینەی نێوان دایکم و مندا، قەڵەمێکم دەگرتە دەست ودەمنووسی کە ئایا (ئەم ڕێگا)بووە وبووە بە ئەمریکا یان (ئەمرکە)یە وبووە بە ئەمریکا!؟ گەلێک جارانیش بە هۆیەوە

لە کۆڵان دەبوومە گەمەی دەستی منداڵان کە بە هەتیو بانگیان دەکردم.. من تورە دەبووم وگریان لە قورگم بەجێدەما وپێیانم دەگوت: «گێلینە، بابم لە ئەمریکایە..ئەمریکا!» ساڵانێک دواتر کە جەوانێکی فەریک وکەمزان بووم، هەتا درەنگانی شەو لە نێو گێژاوان دەمامەوە وبە هیچ ئەنجامێک نەدەگەیشتم.. دەمپرسی ئایا ڕاستە باوکم لە ئەمریکایە؟ یان کەسێکی ونبووە وەک هەزاران کەسی دیکەی ئەم وەلاتە و گڵکۆیەک نییە پێی بناسرێتەوە..! بە خۆمم دەگوت هەر کامەیان بێت تازە کێشەیەک نییە، چونکە ئەستەم بوو کەسێکی وەک من تاقانە وهەژار دەستی بە ڕاستییەکانڕا بگات، یان ڕۆژگارێک پێییەکانی بگەنە سەر خاکە دوورەکەی ئەمریکا وجادە بە جادە وەدوای سۆراغی باوکێکی ونبوو بکەوێت.

باوکم هەردەم کەسێکی ونبوو بوو... بە قسەی دایکم ئەو بەر لە ڕۆیشتنیشی هەردەم بێ هەواڵ وباس لە ژووره تاریکەکانی زیندانان بوو. دوا جار لە زیندانی (قەسری نیهایە) گەڕابووەوە و تەنها چەند مانگێک بە خۆشیی لە تەک دایکم مایەوە، ئینجا ڕووی کردە شاخ وبە یەکجارەکی لە پێش چاوان بزر بوو. من نەمدەتوانی شوێن پێی ئەم پیاوە هەڵبگرم کە ناوی باوکمە وهەرگیز لە وێنەیەکیشدا پێشتر خۆی پێشانم نەداوە. بۆیە بەر لەوەی ژمارە گەورەکانی ساڵان سەر لە نوێ سفر ببنەوە، لەو کاتەی سەری خۆمم لە خاکە پڕ لە گێژاوەکەم هەڵگرت وبڕیاری ڕۆیشتنم دا، چتاقە بیرۆکەیەکم لە زەیندا نەبوو سەبارەت بە سیما و ڕوخساری ئەو.. لەوەیش بەدبەختر دایکیشم نەمابووهەتا تێلیفۆنێکی بۆ بکەم پێی بڵێم: «هۆو دایە

گیان، وا من لە بەرانبەر قاپییە بەرز وئاسنین وتۆکمەکەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئەنقەرا وەستاوم وبڕیارە نیو سەعاتێکی دیکە بچمە ژوورەوە!»

چەند ساڵێک دواتر کە لە نێوەندی تەندروستیی (ڤێندەرهیلت) لە سەر قەرەوێڵەیەکی ئۆتۆماتیک بە جەستەی هەپڕوون بە هەپڕوونمەوە ڕاکشابووم و لە کۆمادا بووم. تارمایی باوکمم لە ژوورێکی تاریک و ئەنگوستەچاوی زیندانێکدا بە ڕوونی دەبینی، یەک بوتڵ بەنزینی بە زۆر پێ فڕکراوە وهەندێکیشی لەم ئاوە نەعلەتییە بە پانتۆڵ وکراسە پیس وشڕەکەی دا کراوە. لە دەرەوەیش چەکدارێکی بڕنەو لە شان ئێشگرێکی شڵەژاوە وخەریکە دوا قووم لە جگەرەکەی نێو پەنجەکانی دەدات، بەرلەوەی بەرەو پەنجەرە بچووکەی بان سەری و نێو ئەو ژوورەی بهاوێژێت کە سێ ساڵان باوکمی تێدا بەند و یەخسیر بوو. لەو کاتەی بینەری ئەم ساتەوەختە تاڵ و تراژیدییە بووم، ئازارێک هەتا نێو بنەبانی دڵم دەچوو و گشت ئەندامەکانی لەشمی وەک بروسکە دەچووزاندەوە ولە ناخەوە ڕاپەتەکاندم. ئیتر دیمەنی باوکم یەکسەر وەک ئەو قەتماغەیە رەشەی لێ هات کە بەر لە هەموو برینەکان بە پشتی سەرمەوە بوو و، خەریک بوو بە تەواویی وشک دەبوو. چەکدارەکە لەگەڵ فڕێدانی جگەرەکە ودەنگی ترسناکی رمبژن و فوارەی ئاگرینی ئەو ژوورەی چەند ساڵێک بوو ئەویش بە هۆیەوە بەسترابووەوە ولە بەردەمی ئێشکگر بوو، هەتا پێیەکانی برەو دەکەن ڕادەکات. سەرەتا گەرەکییەتی بەرەوە دامێنی چیایی (دۆکۆ) سەربکەوێت، بەڵام هەست دەکات ئەو تاوانەی کردوویەتی ئەوەندە نەنگ ونگریس و پیسە، بۆیە پێیەکانی لە یەکدی دەئاڵێن و لەگەڵ

هەڵکشان بە بەژنی چیادا هەڵناکەن. هەتا لە پڕ بیرۆکەیەکی شەرمەزار و شکاو تەواوی زەینی شێواوی داگیر دەکات و پێی وایە باشترین کار بۆ ئەو گەڕانەوەیە بۆ باوەشی نەحس. ئەو خێرا خێرا دوورکەوتبووە وباوکمی لە نێو گڕی ئاگرێکدا بەجێهێشتبوو کە دوای نزیکەی سی وپێنج ساڵان منیشی لە ئەمریکاوە بە تاو دەسووتاند.

لە کۆمادا خەریک بوو لە مەرگێکی مسۆگەر قیت دەبوومەوە، لەو کاتەی پنتیکی رەشم لە نێو ژووره سووتاوەکەدا بە ئاستەم لێ دیاربوو وهەستم دەکرد دوا ئاسەواری جەستەی باوکمە. تێر تێر لەم شوێنە ڕادەمام هەتا ئەو ئاستەی دونیا لە پێش چاوانم هێور دەبووەوە وهێواش هێواش رەنگی پنتە رەشەکەیش کاڵتر دەبوو. سەرەتا پنتەکە خۆی بە رەشێکی تەڵخ دەنواند.. دواتر دەگۆڕا بۆ قاوەیی.. ئینجا گەش گەش دەبوو و لە نێوان هەردوو رەنگی مارۆنی و ئەرخەوانییدا هەڵپەی دەکرد! دیمەنی پرووشەی سەر دوا سانتیم لە جگەرەی پیاوە چەکدارەکە سوورسوور جارێکی دیکە دەکەوتەوە نێو زەینم و خەریک بوو منیشی دەسووتاند. لێرە پتر ڕادەچڵەکیم و دوای شەش رۆژ مانەوە لە کۆمادا وەهۆش خۆم دەهاتمەوە و لەگەڵ بە ئاگا هاتنیشمدا دوا دیمەنی نێو ئەو ژوورە تاک نەفەرییەی زیندانی (خەیات)م دەبینی کە تێیدا باوکم لە ماوەی شەش سەعاتدا بە تەواویی سووتا بوو وهێندەی قونکەجگەرەیەکی لێ هاتبوو. دواتریش باوکم لە بەر چاوی دڵم دەبوو بە خاڵخاڵۆکەیەکی شەنگ و سوورسوور لەگەڵ کردنەوە ولێکدانی باڵەکانیدا بۆ دوور دەفڕی ومنی پتر دەهێنایەوە نێو ئاگایی.

چاوەکانمم هەڵدەبڕی و دکتۆرەکەی بان سەرم بە ڕوومدا پێدەکەنی و زۆر سەرسام بوو بەم گەڕانەوەیە ناوازەیە. من بەرلەوەی بزانم ئەو ناوی (پرۆفیسۆر فرەنسیس)ە، لە قووڵایی نێو نیگای چاوە شینەکانی نقووم دەبووم وخەوم لێ کەوت. چاوە شینەکانی (پ.فرەنسیس) لە پڕ دەبوون بە دەریای کاریبی ومنیان غەرق دەکرد. ئیدی من خۆم نییم بەڵکە باوکمم ولە نێو بەلەمێکی درێژ کە پێدەڵێن گاڵی، لەگەڵ سەد ونەوەد وهەشت کۆیلەی دیکەی تورک وعەرەب وعەجەم، بە گوریس بەستراوەمەتەوە ولە سەر پشت درێژکراوم و بەرەو قەدەرێکی نادیار دەبردرێم. خەونێکی پچڕ پچڕە وگەلێک لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەچێت، لەو کاتەی مرۆ دەکەوێتە نێو تەنگژە وشەڕێکی گەورە کە بە دەیان پاپۆڕ وکەشتی وبەلەم تێیدا بەشدارن.

چیرۆکەکانی دایکم کە لە ماوەی درێژی ونبوونی باوکمدا بە گوێمدا چرپابوون، هەم لە وادەی کۆمادا هەمیش لە سەروەختی خەونبینینە بەردەوامەکانی سەر جێگا، خۆیان بە شێوەیەکی دیکە، یان با بڵێم نزیکتر لە ڕاستی دەنواند ودووبارە دەکردەوە. دایکم گەلێک جار باسی شەو و رۆژە درێژەکانی باوکمی کردبوو لە زیندانەکاندا وهەزار و یەک داستانی قارەمانی بە باڵای شووەکەیدا پۆشیبوو. کەچی هەزار و یەک ئەفسووس ئەو ئێستاکە لە ژیاندا نەماوە هەتا بە چاوی خۆی ببینێت کە کوڕەکەی دوای سێ دەیە لە هەراسانی و پەشۆکان بەدوای دۆزینەوەی سۆراغی باوک گەیشتۆتە ئەمریکا، بەڵام چ ئەمریکایەک کە لە سەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەیەکدا کەوتبم و تاڵ تاڵ ڕاستییەکانم وەک فلیم پێشان بدرێت و نەتوانم شتێک بکەم.

کۆی بەسەرهات وچیرۆکە درێژەکانی باوکم لە زیندانان کە زادەی خۆڕاگری ونەبەردی بێوینە بوون، لە کن من لە شێوەی سووتماکێکی ڕەشی هێندەی قونکەجگەرەیەک کۆ بووەوە، کەچی دواتر خۆشبەختانە لە فۆرمی زیندووی خاڵخاڵۆکەیەکی باڵ نەخشین لە پەنجەرەی ژووره سووتاوەکە بۆ دواجار خۆی پیشان دام و بۆ دوور فڕی... دیمەنی جوانی خاڵخاڵۆکەکە دەتگوت رۆحی نەمری باوکمە، دەفڕی ودەفڕی و زەمەنەکانی دەبڕی.

دایکم دەیگێڕایەوە پاش نیوەڕۆیەکی پاییز من لە قوتابخانە دەبم، ژنێکی کامڵ و قەڵەو لە دەرگا دەدات و نامەیەکی دەخاتە نێو دەستی کە قەڵەمێکی پارکەر و کاغەزێکی نووسراوی تێدایە وئەو لە پڕ وەک گوڵێکی سیس بوو دەگەشێنێتەوە. دایکم بە ماچومورچ ژنە لە باوەش دەگرێت، نائاگایە لەوەی کوڕە تاقانەکەی دوای سێ دەیە ڕووی هەمان ژن لە وادەی کۆمادا لە پاڵ تارماییەکدا دەبینێت کە کتومت لە بکوژی هاوسەرەکەی دەچێت. پیاوەکە بە دەنگێکی نووساوەوە بە ژنەکەی دەڵێت: «چاکت کرد گوڵم، ئیترهەوڵدەدەم ڕابردوو بە یەکجاری لە بیر خۆم ببەمەوە!» ژنە هیچ کام لە وردەکارییەکانی پشت هەناردنی ئەم نامەیەی نەدەزانی کە دوای دوو ساڵ لە گەڕانەوەی شووەکەی لە شاخ بۆ ماڵی ئێمە دەنێردرێت. تاوانێکی کرێت وناشیرین بوو بەرلەوەی گشت پەرتەی لێ بکەن وبارەکە بە تەواویی لە بار ببەن، کاغەزێک بە دەستخەت وئیمزای باوکم بە زۆردارەکی پڕ دەکرێتەوە کە تێیدا وەها بۆ دایکم بنووسێت:

«گیانەکەم پاکیزە، سڵاو وخۆشەویستی... بڕیارە بە یارمەتی پیاوێکی دەوڵەمەندی عەجەم کە لە تەورێز توجارەتی مافوور دەکات، من بە پاپۆڕ لە بەندەرعەباسەوە بەرەوە ئەمریکا سەفەر بکەم. بۆیە لە چاوەڕوانیمدا زۆر مەمێنەرەوە، چونکە دونیا پڕە لە قەزا و قەدەر. تێر دلۆم بۆ ماچ بکە و ئاگاتان لە خۆتان بێت. ئیمزا و ناوی باوکم و بەروار»

دایکم هۆن هۆن فرمێسک لە چاوەکانییەوە دەهاتنە خوار ونامە وقەڵەمە پارکەرەکەی ماچ دەکرد. دواتر بۆ ماوەیەکی درێژ ئەم دوو شتەی لە نێو باولەکەی حەشار و کلۆمدا و کردنی بە سەرچاوەی دەیان بەسەرهات وچیرۆک کە لەلایەک سەبووری دڵی خۆی پێ دەدایەوە ولە لایەکی دیکەیش منی پێ گۆش وگەورە کرد وئەرکێکی سەیری پێ سپاردم. فەرمانێکی قورس وناخۆش بوو، لێ کە گەورە بووم هەرگیز وەک ئەم کەسانە نەبووم سێبەری باوکی لە سۆزی دایک پێ باشتر بێت. چونکە بە چاوی خۆم لە ڕاستیدا دەمبینی تارمایی باوک هەردەم لەگەڵ دەسەڵات و شارستانییەکاندا دێت ودەڕوات، کەچی دایک حەقیقەتە و وەک خاک ونیشتمان وەهایە. دوای ئەوەی بە درێژایی ساڵەکانی خوێندن لە رشتەی مێژوودا شەڕ وشۆڕی نێوان باوک وبراکانم دەخوێندەوە و بابەتەکانم تاووتو دەکردن، دەمبینی پاشا وپیاوە زاڵمەکان هەتا کوڕیان زۆرتر دەبوو زاڵمتر دەبوون.ئیدی چیدی بڵێم کە بەم ئەنجامانە گەیشتبووم!

دایکم دەیزانی من هەرگیز بە جێی ناهێڵم ومژووڵ بوونم لە گەڕان بە دوای

هەواڵی باوکێکی ونبوودا، پێ شتێکی هیچە، ماوەیەک وازی لێ هێنام. کەچی لە بڕی ئەوە ڕۆژێک هات و نامە وقەڵەمێکی پارکەری دا دەستم وگوتی: « ئەم کاغەز وقەڵەمە تاکە یادەوەریی بەجێماوی باوکتن ودەمێکە هەڵمگرتوون. ئێستا کاتی ئەوەیە بە تۆیان بسپێرم. بەڵام دەبێت بەڵێنم پێ بدەیت کە دوای مردنم بچیتە ئەمریکا و لە باوکت بگەڕێت ولای بمێنییەوە!» من لە ئاست ئەم قسەیەی دایکم بە ئاشکرا دەنگم هەڵدەبڕی ودەمگوت: « ئەمرکە دایە... ئەمرکە.. ئەمریکا بمرێت وتۆ نەمریت!» نامەکەم چەند جار وچەند جار دەخوێندەوە ودەچوومە نێو بنج وبنەوانی یەک بە یەکی وشە و ڕستەکان. تاوێک شادمانی دایدەگرتم وتاوێکی دیکە بێزار دەبووم ولە نێو نامەکەدا لە ناوی دایکم وناوی خۆم بترازێت چتاقە وشەیەکی دیکەی نامەکەم نەدەناسییەوە.. تەنانەت لە ئیمزا وناوی باوکیشم بە گومان بووم.

من کە گەیشتمە ئەمریکا تەمەنم بیست ونۆ ساڵان بوو وبڕوانامەیەکی بێکەڵکی نیشتمانم لە گیرفاندا بوو و لێی نووسرابوو فڵان کوڕی فڵان ماستەری لە (ڕشتەی مێژوو) لە فڵانە زانکۆ بە پلەی زۆر باشە وەدەست هێناوە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمرەکەی دایکمم بە تەواویی بەجێ هێنابوو وچووبوومە سەر ئەم ڕێگایە کە هەردەم ئاواتی دایکم بوو باوکمی لێ بدۆزمەوە. بەڵام، تازە درەنگ بوو ئەو مەتەڵانەی کە لە هەرەتی مێرمنداڵیی وجەوانیدا سەبارەت بە ناوی ئەمریکا لەسەر ڕووپەلی دەفتەرەکانم دەمنووسین، بە شێوەیەکی دیکە هەڵبینم. هەنووکە منیش وەک گەلێک لە خەڵکی دیکە دەزانم کە ناوی ئەمریکا لە ناوی کەشتیوانی ئیتالیایی (ئەمریگۆ

ڤێسپوچی) یەوە هاتووە، لیّ، هێشتا ئەوەندی زمانم لە دیوارەکانی نێو زار ومەلاشووم گیردەکەم ناتوانم وەک ئەمریکاییەکان بە ئەمریکا بڵێم ئەمێرکا. نامۆم وهەستدەکەم بە گوتنی ناوی ئەمریکایش بە ئەمێرکا ئەستەمە سەرە داوێکم وەدەست بکەوێت و باوکی ونبوومی پێ بدۆزمەوە.

خەمگین لەسەر شۆستەی جادەیەک وستابووم وهەڵمی جگەرە نێو سییەکانی پڕ کردبووم. ئەم هەڵمە بۆن دژوون ونامۆیە هی زاری کیژیکی سەماکار بوو کە بەرەو ڕووم دەهات وەک ئەوەی پێشتر منی ناسیبێت. دووکەڵی نێو زار وکەپووی ئەم گەنجانەیش بە هەوادا بڵاوبووەوە کە لە هاتوچووندا بوون بیّ ئەوەی وەک ژن وپیاوە پیر وسەرسپییەکان پارە بخەنە نێو قاپی کچەکە. پارەی گیرفانی گەنجەکان لەوانەیە تەنها بەشی لەتێک پیزا، کۆکایەک، و چەند شتێکی هەرزانی دیکەی کردبایە. دووکەڵی جگەران پتر گێژیان دەکردم و بە لایاندا دەهێنام و دەتگوت خەونە دەیبینم.. چەند رۆژێک بوو نەخەوتبووم وتەنیایی خەریک بوو شێتی دەکردم. ئای ئەمریکا... ئەمریکا. چەند گچکەیت کە ناتوانیت هەستی تەنیاییم بڕەوێنێتەوە، یانیش کەسێک لەم پیادەڕۆیانەی کە بە تەنیشتمدا ڕەت دەبوون سەرە داوێکی بدابایە دەستم و لە کۆتاییدا پیاوێک دەربکەوتبایە و بیگوتبایە: «هێی، من باوکتم».. دۆزینەوەی خۆم و ئەو مێژووەی بە دۆزینەوەی باوک پەیوەستە لە مێژووی نیشتمانێک دەکات کە لەوانەیە بە فیکەی کەسێکی ناپاکی وەک ئەم چەکدارەی لە باری کۆمادا بینیم و باوکمی دەسووتاند، نەمێنێت ولە پڕ ببێت بە هیچ. بیرکردنەوە لە هیچ ونیشتمان وخۆم، لەوەتەی

هاتوومەتە ئەم شارە هەردەم باری قورسی تەنیاییم وەبیر دەهێننەوە. بە تایبەت کە پێشووتر لەو ڕۆژگارە گەرمانەی هاوین لە ژێر پەڕەکانی پانکەکەی بان سەرمدا لە سەر پشت ڕادەکشام و لە پڕ هەستی قووڵی بێ باوک بوون تەواوی دەمارەکانمی داگیردەکرد. فێنک دەبوومەوە ونەدەبوومەوە، ئەمجارە لەژێر بێجامەدا هەرامەکەمم یەکسەر لێ قیت دەبووەوە لە هاوین گەرمتر دەیکوڵاندم و بە یەک دوو تف دەیکردم بە هیچ. بۆیە کە بە جادەکانی شارێکی جەنجاڵی ئەمریکا دەسووڕامەوە، جۆرە خەمێکی وەها وەک خۆم لە دەرەوە هەردەم پیاسەی دەکرد.

سەرم گێژ دەخوات و پتر خۆم لە نێو بیرۆکەی ئەم هیچبوونە دەبینمەوە. هەرسێ پەڕەکانی پانکەکەی پێشینم وەبیردێنەوە کە هاوینان لە بان سەرم بوون وناویانم نابوو- هیچ ونیشتمان وخۆم. ئەوان لە خوولانەوەیاندا تێکەڵ دەبوون ولە پێش چاوانم وەک بۆشایی وهیچێکی گەورەیان لێ دەهات. ئێستا دوای تێپەڕبوونی ساڵانێکی درێژ، هیچ وهەموو لە زەیمدا لە هەموو کاتێک پتر لە دوو وشەی پارادۆکسی دەچن و منیان گەیاندۆتە ئاستێک کە فەلەسەفەیەکی تایبەت بە خۆمم هەبێت وهەردەم بڵێم کە هیچ بوویت هەموویت و کە هەموو بوویت هیچیت... یان لەوەیش واوەتر بڵێم کە هیچت ویست هەموویت هەیە و کە هەموویت ویست هیچت نییە..!

ئەو رۆژەی گەیشتمە بەردەم گالەری هونەر و لەسەر پلیکانە پان وبەردینە بۆرەکان کەمێک حەسامەوە. پیاوێکی پیر لەوێ دەبێت و دەمدوێنێت.. ئەو

سەروسیمایەکی زۆربایانەی هەبوو و زۆرم حەز دەکرد باوکم بووایە. بەڵام زوو خۆی بە کەسێک بە ناوی ئەلیاس موسڵی دەناسێنێت و دەڵێت ئێرە شاری (قرتاجنە)ی کۆڵۆمبیایە نەوەک (ناشڤیڵ). دیمەنی ئەم پیاوە و شارەکە هێندە زیندوو هاتە بەرچاوم، هەستم کرد کارئەکتەرێکی نێو رۆمانێکی نەنووسراوی گارسیا مارکیزم و گەرەکمە هەتا دەمرم لەم شارە نەڕۆم.

سەیر بوو من چۆن هیچ هەستم بەم هەموو برین و هەپڕوون بە هەپڕوون بوونەی جەستەم نەکردبوو.. چۆن بێ ئاگابووم لەوەی کە لە نێو ئەمبیولانسێکدا درێژکراوم کە دیوارەکانی ناوەوەی کتومت کەشوهەوای نیگارێکی (کاسپەر فریدریک)ی هەبوو لە ژێر ناوی (تەمومژ). دیمەنی هەمان ئەم نیگارەی کە لە چەند مانگێکی پێشین لە ژیان لە خاکی غوربەتدا لە ناشوێنێکدا یان گەلەرییەی کۆلانێکی لاچەپدا بینیبووم وخامۆشی رەنگەکانی بە قووڵی چوو بووە نێو مۆخی ئێسقانەکانم.. لە بیرمە تاوێکی درێژ لە بەرانبەر ئەم نیگارەدا وەستام وخۆمم لە کەشتییەکەی نێوی تەنیا و کزتر بینی. کەشتییەکە و ئەم پیاوە کەڵەگەتەی لە نێو ئەمبولانەسەکەدا لە پاڵ سەرم دانیشتبوو و ناوە ناوە تەماشای جەستەی هەپڕوون بە هەپڕوونم و شوێنی تووتە تووتی ئامیرەکانی چاودێری دەکرد، بێ ئەوەی بە خۆم بزانم رۆحی منیان نزیکەی سێ سەدە وسێ دەیە گەڕاندبووەوە دوا. وەهام دەزانی من خۆم قەشە ئەلیاس موسڵییم و لە نێو کەشتییەکی گەورەدا بە زەریای ئەتڵەسییدا گوزەر دەکەم. ئیتر نەمدەزانی چۆن لە نێو ئەمبولانسەکەدا چووبوومە جەستەی پیاوێک کە یەکەمین کەسی خاکی کوردانە پێی نابێتە سەر خاکی

ئەمریکا. ئامووده و ئامێرکا وەها لە زەینمدا، ناوی دوو شوێنی پارادۆکسین وسەد جار لە سەر لێوانم دەبوون بە وشەی ئامین..ئامین. لێرە من پیاوێکی ئاینی کەلدانی خەڵکی ئاموودەم کە گەورەترین خولیای گەشت و گەڕیانە بە دونیا. دیارە لە هەرەتی منداڵیشدا وەها بووم وهەرگیز حەزم بەوە نەبوو لە شوێنێکدا دابنیشم ودەست بدەمە یارییەکی بێ مانا.

لە نێو جەستەی ئەم پیاوە بیرم لە سەربوردەی باوکم دەکردەوە کە یەک لەسەر سێی تەمەنی لە نێو زینداناندا بەسەر برد ودواتریش لە پڕ لە من و دایکم - گوایە بەرەو ئەمریکا - ون بوو و، بە نامەیەکیش سەرگوزشتەی ژیانی خۆی بۆمان نەگێڕایەوە. چاکترە بڵێم خۆ قەشە ئەلیاسیش شتێکی وەهای لە یاداشتنامەکەیدا بە ناوی (زێڕ و ڕەشەبا) نە گوتووە، لە پەسنی ئاین و پاشا و زێڕ لە لایەک و، نەفرەتکردنی خەڵکی ڕەسەن و سوورپێست لە لایەکی دیکە، بۆیە من پێم خۆش بوو زوو لە نێو جەستەی ئەم کەسە بێمە دەرەوە کە پیاوێکی ئاینییە و خۆی بە قەشە ئەلیاس موسڵی ناساندووە و لە نێو ئەمبولانسەکەدا لە بان سەرم دانیشتبوو. هەروەها هەمان سەروسیمای ئەو کەسەیشی هەیە کە چەند مانگیک پێشتر لە سەر پلیکانەکانی گەلەری هونەر بە دیداری گەیشتم و وەک قەشە ئەلیاس قوناغ بە قۆناغ باسی گەشتێکی خۆی لە قوبرسەوە هەتا شاری (قرتاجنە) ی کۆلۆمبیا زۆر بە بێ چێژی دەگێڕایەوە وەک ئەوەی هەرگیز ئەم گەشتەی نەکردبێت.

پتر لە چل دەقیقە تێپەڕی بوو تا ئەمبولانسەکە گەیشتە بەردەم نێوەندی

تەندروستیی (ڤێندەرهیلْت) وبە خێرایی جەستەی هەپڕوون بە هەپڕوونم لە سەر قەرەوێلەیەکی بڕەو درێژدەکەن و بەرەوە قاوشێکی تاریکی دەبەن. لە کتوپڕیکدا ئامادە دەکریم و لە ژووری نەشتەگەری دەخرێمە ژێر چەندین ئامێر وگڵۆپی ڕووناک و چاوبەزێن. ئیتر نیوە مردوو لە نائاگاییدا نقوم دەبم ودەچمە نێو جەستە وچیرۆکی کەسێکی دیکە کە سەرەتا وەها دەزانم من خۆم باوکمم. لێ دواتر پیاوێک وەک من لە تەنیشتمدا بە گوریس بەستراوەتەوە لە سەر پشت ڕاکشێنراوە، پێم دەڵێت کە ئێمە هاوخوێن و برای یەکترین و خەڵکی خارپوتین. کەمێک سەرهەڵدەبڕم وبۆ سەلماندنی قسەی ئەم پیاوە دەوروبەرم دەپشکنم. ئۆوف.. چی دەبینم، کۆمەڵگەلێک لە پیاوانی سەروڕیش هاتوو و چڵکن وەک من وبرا هاوخوێنەکەم لە نێو بەلەمێکی درێژدا لە سەر پشت درێژکراون وبە گوریس لە یەکتری بەستراونەتەوە. بەلەمەکە بەیداغی شانشینی ئیسپانیای بەسەرەوەیە و ئێمە وەک کۆمەڵێک کۆیلەی ڕۆژهەڵاتی بەرەوە دورگەیەک دەبات لە ئەمریکای لاتین. لە سەروەختی ئەم گەشتە پڕ لە مەترسییەی لە خۆڕا تێی کەوتبووم، زۆر ئاگاداری قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم نیم کە لەوەتەی نیشتمانم بەجێ هێشتووە شوێنی بەردەوامی لەم کراس و تێشێرتانەی هەمن، گیرفانەکانی سەر دڵم بوو.

لەبەرانبەر گالەری هونەر زۆر بە گێژی لە جادەیەک دەپەڕیمەوە، بێ ئەوەی هۆشم لەسەر ئاماژەکانی پەڕینەوە بێت لە نێو گڵۆپی ترافیک لایتەکە. دەڕۆیشتم و بێ ئاگابووم لەم ئۆتۆمبێلانەی جادەکەیان دەبڕی،

هەتا لە پڕ گورزێکی گەورەم پێ دەکەوێت و دەکەومە ئەوبەری شۆستەکەوە. ئیتر نازانم چ جۆرە ئۆتۆمبێلێک بوو لە پڕێکدا هەپڕوون بە هەپڕوونی کردم و قەڵەمە پارکەرەکەی نێو گیرفانمیشی بۆ دوور فڕێ دا.

لەو کاتەی لە کۆما شەش ڕۆژییەکە ژیار ببوومەوە، پرۆفیسۆرێکی نەشتەرگەر بەناوی فرەنسیس کە لە مردنێکی مسۆگەر ڕزگاری کردبووم - وەک تارمایییەک دوو چاوی شینی بەسەرەوە بوون- لە بان سەرم وەستا بوو. (پ.فرەنسیس) خەریک بوو بمدوێنێت و نەمدوێنێت، من یەکسەر لە نێو شینایی چاوانی نقوم بووم وخەونێکی ڕاستەقینەم دەبینی سەبارەت بە ناهەق سووتاندنی باوکم لە کونجی ژوورێکی زینداندا. خەونەکەم چەرخوفەلەکێکی سەرسوڕهێنەر بوو ولە نێوان سێ زەمەندا هەڵپەهەڵپی بوو. بیست دەقیقە دەگەڕامەوە دوا و پاشان بیست سەعات دەگەڕامەوە دوا.. بیست ساڵ دەگەڕامەوە دوا و پاشان دووسەد ساڵ و واوەتریش دەگەڕامەوە دوا. سەرەتا خەریک بوو قەڵەمە پارکەرەکەمم دەبینی لە یەکێک لە کونەکانی مەنهۆڵێکی ڕۆخ جادەکە گیر بووە و پیرە پیاوێکی سەروڕیش سپیی و چڵکن ئەوەندەی هەوڵدەدات ناتوانێت بە دەستە لەرزۆکەکانی قەڵەمەکە لە کونەکەوە دەربکێشێت. دواتر دەمبینی کیژە سەماکەرەکەی سەر شۆستەکە بەرەوە ئەو شوێنەی قەڵەمەکەمی لێ بوو دەچێت. وەهام لە دڵ خۆش بوو کیژەکە لە بری پیاوە پیرە بێهۆشەکەی گیرۆدەی دەستی کۆکایین، قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم هەڵبگرێتەوە و بیپارێزێت.

من بە هۆی چیرۆکەکانی دایکم سەبارەت بە ژیانی باوکم، لە خۆڕا لە خەیاڵمدا چیرۆکێکم بۆ قەڵەمەکە چێ کردبوو و ناوم نابوو قەڵەمی کەسە ونبووەکان. وەهام مەزەندە دەکرد کە لە ناوەڕاستی شەستەکان لە زیندانی (قەسری نیهایە) کەسێک کە کەس ناوەکەی نازانێت، بەر لە سێدارەدرانی ئەم قەڵەمەی بە دیاری بە باوکم بەخشیبێت. بۆیە کە هاتمە ئەمریکا هەمیشە دڵتەنگ بووم و لەگەڵ ئەم گومان و چیرۆکە تراژیدیانە دەژیام. هەروەها وەک کەسانی هەتیویش لە بەرانبەر خەڵک و دونیا، خۆمم بە نامۆ دەزانی. دەتگوت لێم روونە رۆژگارێک خۆیشم ون دەبم و لەم قەڵەمە ئازیزە دادەبڕێم کە مۆرک و جێ پەنجەی باوکمی بۆ هەتایە لەسەرە. قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم وەک گشت قەڵەمە هاوشێوەکانی کە بە دەگمەن لە شوێنە جیاجیاکانی ژیانم بەر چاوم کەوتن، شێوەی لە ئادەمیزادێکی سەردەمی مۆدێرنە دەچوو کە سەر و ملێکی درێژکۆڵەی هەبێت و چاکێت بۆینباخێکی زیویین و پانتۆڵێکی رەنگ جەرگی لەبەردا بێت. من بە بۆینباخەکە گەلێک دڵخۆش بووم چونکە لە لایەک جوانییەکی تەکنۆکراتیانەی بە گیرفانەکانی سەر دڵم دەبەخشی و لە لایەکی دیکەشەوە قەڵەمەکەی لە نێو گیرفانەکانمدا وەک ئەلفێک هەمیشە قیت قیت ڕادەگرت.

کیژە سەماکەرەکە چاوێکی لە سەر شوێنی ڕووداوەکە دەبێت و بە چاوەکەی دیکەشی لە پیرە پیاوەکە دەڕوانێت هەتا ئەو ئاستەی لە هەڵگرتنەوەی قەڵەمەکە بێ ئومێد دەبێت ودەڕوات. قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم لە نێو دەستە لەرزۆکەکانی پیاوەکە دەکەوێت و غلۆردەبێتەوە نێو

گەرووی مەنهۆڵەکە و بۆ ئەبەد لە نێو بۆرییە ئاڵۆزەکانی ئاوەڕۆی شاری ناشڤیڵ بزر بێت. کیژە تەماشای گۆمۆڵکە خوێنەکانی سەر جادەکە دەکات و ڕۆندک تەژی نێو چاوە سەوزەکانی دەبن.. ئەو خۆزگە دەخوازێت کە هەرگیز نەبووبایە بە بینەری ئەم فلیمە تراژیدیەی کە تێیدا من قوربانی و کارەکتەری سەرەکی بووم. من قوربانیم..قوربانی..! بۆیە سیمای دایکم زوو دەنیشێتە سەر رووی کیژەکەی دەیەوێت بەرەو ڕووم بێت. ئەو دایکمە، قەڵەمێکی بە دەستە گوایە لە ژێرزێرابی شارێکی دوور هەڵیگرتۆتەوە و داواکارە لە من کە بایۆگرافی باوکم بەم قەڵەمە بنووسمەوە. تەماشای قەڵەمەکە دەکەم، سەرەتا نایناسمەوە کە ئایا هەمان قەڵەمە پارکەرە زیوییین و ڕەنگ هەنارییەکەی باوکمە یان شتێکی دیکە؟ قەڵەمەکە هێندە قەوزە وقوڕ ولیتەی سەوز وزەردی لێ ئاڵاوە، لە پێش چاوانم کتومت لە گوللە دۆشکەیەکی نەتەقیوو دەچێت. گوللەی دۆشکەکە لە دەستی دایکم وەردەگرم و یەکسەر دەبم بە باوکم و لە نێو پەنجەرە بچووکەکەی زینداندا چاو بۆ ئەم فڕۆکەیە جەنگییە دەگێڕێم کە خەریکە دیسان ودیسان نیشتمانەکەم بۆمباران دەکات. لە پەنجەرەکەدا فڕۆکە جەنگییەکەم وەک موویەکی سپی بە نێو چەوانی ئاسمانەوە لێ دیارە ودەمەوێت گوللەکەی دەستمی تێ بهاوێژم و بیخەمە خوارەوە. لە نێو شینایی ئاسمان وەک گوللەیەکی تیژڕەو بزر دەبم و دەگەڕێمەوە نێو چاوانی ئەو پرۆفیسۆرە بە نێوودەنگەی نێوەندی تەندروستیی (ڤێندەرهیڵت) کە ناوی فرەنسیسە.

دوو کیژی جمک بە ناوەکانی ئەرپانا وئەرچانا کە تەمەنیان بیست ودوو

ساڵانە وتازە بە دوو ئەمبولانسی جودا هێنراونەتە (ڤێندەرهیلْت). ئەرپانا وەک من ویستبووی ماستەر لە مێژوودا وەدەست بهێنێت، لیّ، ئەو بە پێچەوانەی خوشکەکەی دەستبەجیّ لە کاتی رووداوی تامپۆنکردنی لۆرییەک لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکەیاندا دەمرێت. ئەرچاناش وەک من بەحاڵ زیندووە و ژیانی لە ترکزەدایە. ئەم دوو خوشکە خوێن شیرین و جمکە لە ژین و مردنیشدا ماوەیەکی کورت لە نێوانیاندا هەیە. ئەرپانا تەنیّ دە دەقیقە لە ئەرچانا زووتر لە دایک ببوو و لە سەروەختی ڕووداوەکەیشدا تەنها دە دەقیقە لە نێو خوێن و ژیاندا مایەوە و بۆ دواجار بە لا چاوێک ماڵئاوایی لە خوشکەکەی کرد.

ئێستا من وئەرچانا خۆشبەختانە لە کۆمادا گەڕاوینەتەوە وتروسکایی وئومێد لە نێو دڵی هەردووکمان هەڵپە دەکات ودەیەوێت بە هەر جۆرێک بێت ئێمە بگەڕێنێتەوە نێو ژیان.. بگەڕێنێتەوە ئەمریکا، ئەم نیشتمانەی دوورەی، خودایە! هەرگیز ئەمرێکی تووڕە بەسەر کەسدا نەکات.

لە ئەرپانا وئەرچانا دادەبڕێم ودووبارە دەکەومەوە نێو چاوە شینەکانی فرەنسیسی نەشتەرگەر. من ئەمریکام لە نێو ئەم چاوانەدا خۆشدەوێت.. ئیتر دەریاییێکە و بیّ بن وسەرم لە هاتوباتی ئەم هەموو کەشتییانە دەرناچێت کە لەسەر ئاوەکاندا وا شەڕ دەکەن و یانیش هەردەم لە شەڕدان بۆ ئەوەی خاک و سەروەتی ئەم خاکە فەریک و پانوپۆڕە بۆ خۆیان لەتوپەت بکەن و ببەن. من کوردێکی بەلەنگازم و خاوەن نیشتمانێکی دزراوم. لێتانی ناشارمەوە کە شەڕەکان هیچیان لە بەرژەوەندی مندا نین و نابن. من یەخسیر و بەلەنگاز

و کۆیلەی دەستی قەدەرم و هەردەم لە مەرگێکەوە بۆ مەرگێکی دیکە بەر شەقوشاپ دەدرێم. لەم گەشتە نامۆیە چەندین کەسی هاووڵاتی دەبینم، وێکڕا ئازار و شەرمەرازی، هەروەها کەمێکیش فەرەحنایی دەکەوێتە نێو دڵ ودەروونی شەکەت وماندووم. لە نێو بەلەمە گالییەکەدا مرۆی رەشتاڵەی دیکەش هەن کە ئیسپانییەکان بە عەرەب وتورک ومۆر گازییان دەکەن و ئەوانیش لەگەڵ ئێمە یەخسیرکراون. قوپتانە ئیسپانیاییەکە و سەربازەکانی هەردەم بە پیاوەکەی تەنیشتم وهاوخوێنەکانی دیکەشم دەڵێن تورک و چتاقە شتێک دەربارەی کوردان نازانن.

جارێکیان کە هێشتا وەها خراپم بەسەر نەهاتبوو و لە ئەنقەرا لە قاوەخانەیەک دانیشتبووم و خەریک بوو کیژێکی خوێن گەرم وهزر چەپم تازە بە تازە بە ناوی (توبا تاتکون) دەناسی، یەکسەر بیرۆکەیەکی سەیرم بۆ هات ودام بە ڕوویدا و گوتم، «توبای جوان، ئێوە خەڵکی تورک لەبەرچی هێندە تیپی (تێ) تان خۆش دەوێت و ڕقتان لە تیپی (دال) ە؟» ئەو پێکەنی و یەکسەر هەڵوێستەیەکی لە بەرانبەر ناوی خۆی و ناوی من کرد، بەم پێیەی هی ئەو سێ تیپی (تێ)ی تێدابوو و ناوی منیش - دڵدار دەهام - سێ تیپی (دال). من لەوانەیە لە قووڵایی نەستمەوە بەم ڕێکەوتە سەیرەم زانیبێت کە لە نێوان ناوی هەردووکماندا هەبوو، کەچی هەتا درەنگیش نەمدەزانی تاتکون لە زمانی تورکییدا بە مانای دڵدار دێت. بۆیە هەنووکە دەڵێم لە بڕی تا ئەمریکا گەڕان بە دوای باوکێکی ونبوودا، دەبوایە پردی ئەم ئەوینەم نەرووخاندبایە کە لە نێوان من و توبادا خەریک بوو خۆنەویستانە چێ دەبوو.

ئەو رۆژەی قاوەخانەکەم هەرگیز بیر ناچێتەوە کە بە درێژایی پتر لە دوو سەعات لەسەر ئەم بابەتە وەستاین کە من سەبارەت بە دوو تیپەکەی ناومان وروژاندبووم. من بە توبام دەگوت کە بەدەر لە گۆڕینی تیپی (دال) بۆ (تیێ) لە ناوی محەمەد و ئەحمەد و سەتان ناوی دیکە، گوناهێکی گەورەیشە کە تورک هەر لە ناوی خۆی ناو بۆ میللەتێکی مەزنی وەک کورد دادەتاشێت وپێی دەڵێت (کورت). لە سەروەختی ئەم ئاخاوتنەمدا توبا بە سەرسوڕمانێکی زۆرەوە هەڵستایە سەرپێ وهەستمکرد بەژنی لە جاران درێژترە. دواتر لە پڕ هات دەستێکی کردە ملم و گوتی: « دە تۆیش هەستە و با بچین شتێک بخۆین!» ئێوارەیەکی پاییزیی فێنک و خۆش بوو و، بە جادەی دانش تونالیگیل بەرەوە مالتەپە چووین و هەردووکمان لە تەک یەک لە دوو کەسی بەژن درێژ و دوو عاشقی دڵگەرم دەچووین. ڕۆژگارێکی کورت و لە پڕ ونبوو بوو وەک ونبوونی باوکم و هەرەتەبوونی من بە خاکی ئەمریکا.

چارم نەبوو لە نێو چاوەکانی (پ. فرەنسیس) دا بووم و لە گەڕانەوەی سەرسوڕهێنەر و هێواشم لە کۆمادا ئەو پیاوەم کتومت لێ دەبوو بە (فرەنسیس درەیک)، ئەو کەشتییوانە شاهانەیە مووسوورەی کە پێشتر چەند جار پۆرترێتەکەیم لە کتێبی مێژوویدا بینیبوو. بەڵێ ئەوە (سێر فرەنسیس درەیک) ە خەریکە من ومرۆ رەشتاڵەکان لە چنگی ئیسپانییەکان ڕزگار دەکات و لە ناخەوە هەست دەکات کە ئەم بازرگانییە تەنێ بۆ خۆی و ئامۆزایەکی ڕەوایە. سەرەتا ئێمە بە دەست و پێ بەستراوی لە شارۆچکەیەک بە ناوی ڕۆوەنۆک دەهێنەخوار ومن دونیایەک دڵم بەم ناوە و شوێنە خۆشە. زرنگییەکی بێ

وێنە تەواوی زەینم داگیر دەکات و ناوی شارۆچکەکە لە گشت کۆیلەکانی دیکە باشتر دەڵێم. (سێر فرەنسیس درەیک) کەیفی بەم زرەنگییەم دێت و بە ئاماژە پێم دەڵێت کە ئازادمان دەکات. بە ئەزموونکردنی ئەم پێشهاتە شادمان دەبم و ناوی ڕۆوەنۆک هێندەی دەنکە نۆکێک تروسکایی لە زەینمدا چێ دەکات و وەهایشم لێ دەکات خەیاڵم بۆ ئەوە بڕوات کە ناوی ئەم کۆڵۆنییە تازەیەی دەستی ئینگلیز لە سەر خاکی ئەمریکا وەک ڕووناکییەک بۆ خۆم وهاوەڵانم ببینم. ناوی شارۆچکە جوانەکە لە دواوەڕا و پێچەوانە دەخوێنمەوە.. ناوەکە وەک مەتەڵێکی سەیر و ناوازە یەکسەر لە پێش چاوم و چاوی دڵم دەبێتە وشەی کۆنەوار.

ئیتر خۆم وهاوخوێنەکەم لە خارپوتین وئازا وئازاد وێکڕا لە مەتەریزێکداین و شەڕ بۆ خانی خۆمان (خان ئەبدال خان) دەکەین. شەڕ گەرمە و لە زەمەنێکی دیکەدا کە پتر لە سێ سەد ساڵە کۆنە، من خۆم بە باشی دەناسمەوە و دەست لە هەموو شوێنێکی جەستەم دەدەم... بریندار نیم، لێ لە ناخەوە بەوە بریندارم کە هاوخوێنەکەم خەریکە خیانەت دەکات و تفەنگەی بە ڕەوە ڕووی خان ڕادەگرێت. لێرە من کتومت لە (خان ئەبدال خان) دەچم و هاوخوێنەکەیشم یەکسەر وەک ئەم چەکدارەی لێ دێت کە لە زیندانەکەدا باوکمی سووتاند.

دووبارە هەمووومان یەخسیرین و لە شەڕێکداین کە هی ئێمە نییە و هیچیشی لێ نازانین. دەڵێن ئێرە ئاوەکانی یۆنانە و ئیسپانیاییەکان

مەراقییانە چەند دوورگەیەک داگیربکەن.. من و هاوخوێنەکەم دەبینەوە برای پشتی و بە کەشوهەوای ئەم شەڕە یەکجار قەڵسین. ئێستاکە دوو ئاشی گەورەتر لەوەی میرە کوردەکان سازیان کردبوو، هێسک و پروسکی خۆم وهاوخوێنەکەم دەهاڕێت. شەڕ گەرمە وئیسپانییەکان زوو پاپۆڕەکەی ئێمەی تێدایە دەسووتێنن.. دەڵێن پاشاکەیان سوێندی بە ئینجیل خواردووە تۆڵەی شەڕێکی دۆڕاوی باوکی لە سوڵتانی تورک بکاتەوە. میرێکی کورد لە تەک کوڕەکانی شا تەهماسپی فارس وەستاوە وئەوەندەی بیردەکاتەوە ناتوانێت وەک ئەوان بە ئەنجامی شەڕەکە شادمان بێت. ئەو پەرۆشی گەڕانەوەیە بۆ بەدلیس.. من ئەو میرەم و پێم خۆشە گەشتێک بۆ ئەم شوێنە جوانە بکەم.

بەڵێ، من ئەو میرەم و گەرەکمە لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشانەیەکی غوربەتدا بە جەستەی شکاو و هەپڕوون بە هەپڕوونم، چیرۆکەکانی دایکم کە لە ماوەی پتر چارەکە سەدەیەکدا بە هۆی ونبوونی باوکم بە گوێچکەکانمدا چرپابوو، بکەم بە کتێبێک و هەر وەهایش ناوی بنێم ( پاکیزەی ئەتوار ). دەمەوێت دەستەکانم بجوولێنم، کەچی وەک سەروەختەکانی کۆیلەیی دەستەکانم سڕن وهی خۆم نین. بۆیە لەگەڵ هاوخوێنەکەم کە بە شادمانییەوە بەرەو کۆنەواری خارپوت دەگەڕێینەوە، خەریکە ئەمجارە پێکەوە وە دوای سۆراغی میرە بەدلیسیەکە بکەوین و پێی بێژین کە ئەگەر ئەرک نەبێت بەسەرهاتەکانی خیانەت و وادەی یەخسیریی و شەڕی نێو دەریاکان و زەمەنی کۆیلەیی ئێمەیش بخاتە نێو نامە بەشەرەفەکەی.

لەو کاتەی لە نێو ئەم هزرانەمدا نقوم ببووم، (پ. فرەنسیس) هاتە ژوورەوە وخەریک بوو دەستەکانی بجوولێنێت... دەستەکانم بجوولێنێت... دەست و لاقەکانم ناجوولێن ومن بەتەواویی لە پەلوپۆ کەوتووم. ئەوە دوا ئەنجامی نەشتەرگەرییە سەرکەوتووەکەی پرۆفیسۆرە ئەمریکاییەکەیە و تێیدا من بە سەرسوڕمانێکی گەورە ڕزگارم بووە. زیندووم و، لێ تەنها سەر و ملم دەجوولێن. کیژە هیندستانەکەی ناوی ئەرچانایە کەمێک لە من چاکترە و وا لە نێوەندی تەندروستیی (ڤێندەرهیلْت) دەیبەنە دەرەوە. ئەو کیژە ئەسمەر وخوێن شیرینە چەپکێک گوڵی ڕەنگاوڕەنگیشی لە سەر ڕانە لاوازەکانیدا هەیە و کەچی ناتوانێت لە باوەشیان بگرێت. منیش ناتوانم چتاقە شتێک لە باوەش بگرم و پەنجەکانیشم ناجوولێن هەتا جارێکی دیکە لە خەمی قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم دا بم، کە بە قەڵەمی کەسە ونبووەکان ناوزەدم کردبوو. لێرە دەگریم ودەگریم و (پ. فرەنسیس) بە پەنجە سوور و سپییەکانی ڕۆندکەکانم دەسڕێتەوە و بزەیەکی گەورە دەخاتە سەر لێوانی. من تەنیام و هەستدەکەم هەموو شتێک تەواو بووە، ئیتر نە قەلەم و نە جەستە ونە باوک و نە ئەمریکایش بە زەبەلاحی خۆیەوە، بوونیان هەیە و نرخێک دەدەنە بوونی من... کە دەڵێم تەواو، گەرەکمە هێندەی نوختەکەی ژێر تیپی (بێ) لە ناوی بابەگەورەم (عەبدوڵلا) کە پیاوێکی میهرەبانی شارباژێڕی بوو، گچکە وە یچ و سفر ببمەوە.. هەتا لەگەڵ فووی و، ڕەتبوونی پێیە جوانەکانی هەر منداڵێکیش هەڵپە بکەم و هەڵبستمەوە وسنوور ببڕم. بەڵێ، یەکسەر لە تیپی

(بێ)وە ببم بە تیپی (نوون)، بەڵێ، لە (عبدالله - عەبدوڵڵا) ببم بە (عندالله- عیندەڵڵا)....! من وەهام.. نوختەیەک.. بنیادەمێک کە تەنها سەری دەجوولێت و لە خەوندا ڕاستی گومانەکانی بۆ ئاشکرا دەبن. بۆیە نووسینەوەی ڕابردوو بە هۆی قەڵەمێک کە هەرگیز لە توانابیدا نەبووە چیرۆکی ونبوونی باوکم وەک خۆی بگێڕێتەوە، گومانە.... گومان.. گومانێکی گەورە..! چ جای بەسەرهات و دابڕان و ونبوون و خەم و ناخۆشی گشت ئەم مرۆڤانەی بە زۆر دووچاری کۆچ و دەربەدەری و زیندان و هەزار و یەک شتی ناجۆری دیکە دەبننەوە کە هەتا سەر لە تاریکاییدا دەمێنێتەوە وقەڵەمێک نییە وەک خۆی بیانگێڕێتەوە. ئێستا لە سەروەختی پەککەوتەییم لە نەخۆشخانەیەکی دوور دووری سەر خاکی ئەمریکا، لە گشت چیرۆکەکانی دایکم و نامەکەی باوکم وبوونی قەڵەمێکی پارکەر لە ژیانمدا بە گومانم. تەناتەت لە دیمەنی پیرە پیاوە دانیشتووەکەیش بە دیار کونی مەنهۆڵەکەوە بە گومانم... بۆیە هەستدەکەم هەتا دەمرم چاوم لە کرانەوە و داخرانی دەرگا دەبێت، بەڵکە ڕۆژێک ئەو کیژە سەماکەرەی لە پاش ڕووداوەکە سیمای دایکم نیشتە سەر ڕووی و تێر تێر بۆم گریا، وە ژوور دەکەوێت. ئای.. ئای کە خۆشە کیژە چاو جوانەکە قەڵەمە پارکەرەکەی باوکمی بە دیاری لەگەڵ خۆیدا هێنابێت. ڕۆژگارە درێژەکان بە تەنیایی بە ڕێ دەکەم و لە چاوەڕوانی خەون و ئاواتێکی وەها جوان دەمێنم. بۆ بەدیهێنانی ئەم خەونە دوو چاوە زیتەکانم و گوێچکە و گشت خانەکانی زەینم دەخەمە گڕ و بە دڵ پێم خۆشە لە جیاتی

نیڵ ئارمسترۆنگ .. قەشە ئەلیاس.. سێر فرەنسیس درەیک.. دوو کۆیلە خارپوتیەکە.. خان ئەبدال.. میری بەدلیس و هەتا باوکیشم، تەنها باڵای کیژە سەماکەرەکە ببینم و بەس. ئەو ڕۆژە دەبینم و نابینم، شەوان تارمایی کیژە هەردەم بە دەوری قەرەوێڵەکەمدا دەخولێتەوە و جوانترین سەمای تەمەنی بۆ من دەکات. زارم پڕ ئاو و چاوم پڕ ئاو و لە دامێنیشمدا لە مێژوو وشکترم.. لێرە سەری قەڵەمە پارکەرەکەی باوکم لە نێوان هەردوو مەمکە جوانەکانی کیژە دیارە و وەک بنیادەمێک دەڕوانێتە ڕووم.. کیژە پتر لێم دێتە پێش.. دێتە پێش. منیش گەرەکمە سەرم بجوولێنم و بە لێوەکانم قەڵەمەکە لەم شوێنە دەریبهێنم و دەرنەهێنم...بەڵکە، هەر هیچ نەبێت لە بڕی ئەم هەموو مێژووە درێژە و ئاڵۆزە، دوو وشەی جوان جوانی پێ دەنووسم...!

هەولێر ٢٠١٣

# سپاردەی دەستی تۆم، مەحوی!



لە نێو ژوورە وێکڕا حەمام و تەوالێتە تاریکەکەی ئەپارتمانەکەمدا دەرگەم لە سەر خۆم کلۆم داوە و بە دەستی ئەنقەست گڵۆپەکەی بان سەرم هەڵنەکردووە. ئێوارەیەکی درەنگم لێ داهاتووە و هاوسەرەکەیشم هێشتاکێ لە کار نەگەڕاوەتەوە. من پتر لە ماوەی پێویست لەم شوێنە خۆمم مژووڵ و گیر کردووە و گوێچکەکانیشم بە تەواویی بەتاڵ کردوون لە پرتە و بۆڵەیەکی ناوەختی سەر لە سپێدە.

زۆر جوایەز لە دانیشتنە پێکەنیناوییەکەی سلاڤۆ ژیژەک لە سەر تەوالێت، من لە پاڵ تەوالێتە فەخفورییە سپیی و ئیسپانیاییەکە بە دوو قاچی درێژکراوە و پشتێکی کەمێک چەماوە دانیشتووم، یانیش با بڵێم ڕاکشاوم. لە خۆمەوە وەها هەستدەکەم گەلێک لە تیپی (ڕێ) دەچم! لە تاریکییدا هەر چوار تیپەکانی دیکەی ناومم لێ پەیدا دەبن و وەک دیوار چوار دەورم لێ دەگرن. دواتر یەک لە دوای یەک شێوەی شتگەلی نێو ژووی

حەمام و تەوالێتەکە وەردەگرن. تیپی یەکەمی ناوم کتومت وەک تەوالێتەکە دەردەکەوێت و وەها شێوەکردنی قووڵتر دەمباتە نێو خەیاڵان. نیگای چاوانم دەبەن بۆ سەر شوێنی بازنە گچەکەکەی مەنهۆڵی حەمامەکە و وەها دەزانم تیپێکی (ە) ی گەورەیە و لەوێدا کەوتووە.

گەمەیەکی خۆش و چێژ بەخشە و هەروا لەگەڵ خۆی دەمبات. لە بانیۆکە و دوو شێرە گەرم و ساردەکەی سەری تیپێکی گەورەی (تیێ) دەبینم، ئینجا دووشەکە ئامادەیە بمشوات و خۆی ببێت بە (ئەلف) ەکە و دوا تیپی ناوم. من بەر لەوەی وەک ئەم ئێوارەیە بەم شێوەیە لە تیپەکانی (عەین) و (ە) و (تیێ)ی ناوم ڕابمێنم، زۆر جاران بەم (ئەلف) ە شادمان دەبووم، وەک ئەوەی هەست بکەم ڕۆژگارێک دەمگەیێنێتە شوێنێک کە شایستەی مرۆی سەرڕاست و سەربڵندە، بەتایبەت لە کاتی گوتنی ناومدا کە دەبوایە هەناسەیەکی قووڵ بۆ نێو ناختدا هەڵبمژیت هەتا بتوانیت ئەو (ئەلف) ە وەک خۆی بڵێیت. هەردەم لە تێڕامانی ناوم خۆشییەک دەخزایە دەروونمەوە و هەستمدەکرد ناوم هەردەم بۆنی بەخشندەیی و مەزنی هەناسەی کەسێکی مرۆدۆستی لێ دێت، بە تایبەت لەم زەمەنەی کە منی تێدا دەژیم، گەلێک نووسەر و هونەرمەند هەن هەڵگری هەمان ناون.

لە نێو ئەم خەیاڵانەدام و ڕۆندک لە چاوانم دەکەون، دەنگی هەناسەیەک لە تەکم دێت و ئەوەندە دەکۆشم ناوێرم ئاوڕێك بدەمەوە. دەنگەکە تا دەهات زیندووتر دەهاتە نێو گوێچکەکانم و منیش لە پاڵ تەوالێتەکە تیپێکی (ڕێ)

ی کەوتوو و پەژمووده و زەردهەڵگەڕاوبووم.

عەتا . . . عەتا . . . عەتا،. . . عەتار!

عەتا . . . عەتا . . . عەتا،. . . عەتار!

عەتا . . . عەتا . . . عەتا،. . . عەتار!

دەنگەکە چەند جار وەها بانگی دەکردم و، دەهاتە نێو گوێچکەکانم . . دەهاتە نێو ناخم و لەم تاریکاییەدا بە تەواویی داگیری دەکردم.

لە ترسدا چاوانم بە توندی دەگوشین و ڕۆندکە قەتیسماوەکانمم بە گوڕ دەردەپەڕاندن. لە نکاوڕا پێش چاوانم وەک دونیایەکی سپیی و شاشەیەکی چکۆڵەی سینەمای لێ دەهات و پڕ دەبوو لە وێنە و دروشم. ڕووی پیرەپیاوێکی گەوزێنراوی نێو خوێن دەردەکەوت و پێمی دەگوت تۆ عەتاری نیشاپوریت و لەم دونیایەدا نەماویت. من دەترسام و دەگریام و پێیم دەگوت کە من عەتا محەمەد عوسمانم، نەوەک عەتار نیشاپوری.

ئەو تووڕە دەبوو و دەیگوت قسە مەکە . . قسە مەکە و زۆریش بە پەلە و مکوڕ بوو کە ناوی خۆی بە منەوە بلکێنێت، بەرلەوەی سەربازێکی مەغۆلی سەرگەورە و سەرشێت بە پرچە درێژەکە، ئەو زاتە لە دوای خۆی ڕابکێشێت و لە پێش چاوانم لەتوپەتی بکات.

بۆ ساتێک کە بیرم لەم بارە سەیرە دەکردەوە، باوەڕێکم بۆ دروست دەبوو کە ئەم پێشهاتەی تێی کەوتووم هەرگیز سادە و لە خۆڕا نییە. چۆن پاش

ئەوەی بە شەکەتی لە کار گەڕابوومەوە، زوو هاتم دەرگەی حەمام و تەوالێتەکەم کردەوە و لە سەر ئاودەستەکە دانیشتم. دواتر هەر کە تەواو بووم و دەنگی ڕامالینی پاشماوەی هەردوو کونمم لە نێو قورگی ئاودەستەکەدا کپ بوو، دەرپێ و کاوبۆکەم وێکرا هەلکێشانەوە. ئیتر نازانم بۆ وەک جارانی پێشوو هەردووکیانم لە ژێر پێیەکانم فڕێ نەدان و نەچوومە نێو بانیۆ و ژێر دووشەکە، بۆ ئەوەی خۆم بشۆم.

خۆمم نەشووشت و عەتار بە بەرگێکی سپیی هاتەوە و گوتی، ئێستاکە فلیمی پیاوێکت بۆ لێ دەدەم کە وەک تۆ قەلەندەرێکی کوردە و ناوی مە حوییە.

بەر لەوەی فلیمەکە دەست پێ بکات، هەستمکرد شتێک مووی دەستێکم دەخورێنێت. ترسام و لەم بارە پەشۆکاوە ڕاچلەکییم و بە دەستی چەپم شەقێکی بەهێزم ئاڕاستەی شوێنەکە کرد. دەنگێکی وەک تەقەی دەمانچە لە نێو گوێچکەکانم زرنگایەوە و خوران و جوولەی زیندەوەرێک لە نێو ئازاری دەستی ڕاستمدا ون بوون و نەما.

دوای ئەوەی بۆ شەوێ هاوسەرەکەم لە سەر کار گەڕابووەوە و زوو (ناین وەن وەن) ی لێ دابوو، ژمارەیەک پۆلیس هاتبوون بۆ ئەوەی دەرگەی حەمام و تەوالێتەکە پشکێنن و بارەکە بپشکنن. دواتر من لە ئاگاییدا و بە حەب و دەرمانێکی زۆر، باری دەروونییم وەک ڕۆژگارەکانی سالی یەکەمی هاوسەرگیریی لێ هاتبوو لەگەل نیشان پور.

بەیانییەک چووم بە یادی تەواوکردنی ئەو فلیمەی دەربارەی مەحوی چەند رۆژێک بوو زۆر بە زیندوویی لە سەر دیوارە سپییەکەی ژووری حەمام و تەوالێتەکە نیشانم درابوو، لە هەمان شوێن دانیشتمەوە و بە ئارامییەکی بێ وێنە سەیری دەوروبەرم دەکرد. دیتم دەیان خاڵخاڵۆکەی زەرد و سوور دانەیەکی پەڕ و باڵ شکاویان هەڵگرتووە لە سەر لێواری بانیۆکە بە مارشێکی گەلێک هێمن بەرەوە پەنجەرەکە گوزەر دەکەن و دەڕۆن.

بە دیتنی ئەم دیمەنە ئەو رۆژەم هاتەوە یاد کە بە دە دەست تەرمی یوسف ئازادی هاوڕێمان هەڵگرتبوو کە لە سەر وتارێک کوژرابوو کە تێیدا باسی سەگی گێرمان شیپەردیشی کردبوو. یوسف سەرەتا کەسێکی مارکسی بوو و ساڵانێکی درێژ لە نێو رێکخراوێکی چەپ کاری کردبوو. لێ، تاکە شت من دەربارەی ئەو هاوڕێیە جوانەمەرگە لە بیرم مابوو ئەوە بوو کە زۆر حەزی لە گەمەکردن بوو بە وشە. بە هۆیەوە بیرۆکەیەکی سەیری بۆ دروست ببوو کە هەر مرۆییەک زادەی دوو دونیایە، یەکێکیان بینراوە و ئەویدیکە نەبینراو. بەم پێیە رۆژێک لە سەر کاغەزێکی سپی ناوی خۆیشی تێکەڵوپێکەڵ دەکات و دەڵێت، دەکرێت لە ئێستاوە من ناوم سوفی زادە بێت.

یوسف ناوی (مارکس)ی بە (کراسم) دەخوێندەوە و، وشەی (کفر) ی دەکرد بە (فکر) و بە سەعات دەربارەی دەدوا. ئەو دەیزانی من مەحوییم زۆر خۆشدەویست، بۆیە رۆژێک لە گەرمەی شەڕی براکوژییدا لە گەڕەکی چوارباخ هاتە سەردانم و، دیوانی مەحوی وەک دیاری و یادگارێکی پڕ نرخ

پێشکەش کردم. ئەو لەسەر بەرگی دیوانەکە ناوی مەحوی وەک هی خۆی لێ کردبوو و لە جیاتی نووسیبووی (وەحیم)! پێی دەگوتم « عەتا گیان! ئایا دەزانیت لەو کاتەی مەحوی ناوی خۆی لە مەشوییەوە بۆ مەحوی گۆڕیوە، نیازی هەبووە وەها بلێت!»

یوسف هەموو جار لە گەڕەکی تەیراوە بە پێ دەهاتە ماڵمان . . . ئەو پێشتر مانای ناوی ئەو گەڕەکەی بۆم هەڵدەوەشاندەوە، ئیتر لەو ڕۆژەوە یوسف لە پێش چاوانم هەم مرۆیەکی تەیرۆ و هەم کەسێکی تاهیریش بوو! من هەتا نەهاتبوومە دەروەوە و پێشهاتی بەم شێوەیە ناڕوون و سەیرەی وەک بوون بە عەتار، یان بە بینەر بۆ فلیمی مەحوییيم نەبینیبوون. هەرگیز وەک ئەمڕۆ بیرم لە ئاخاوتنەکانی یوسف نەکردبۆوە، بە تایبەت کە دوایی کەمێکی دیکە لە چوونەوە دەرەوەی خاڵخاڵۆکەکان دەچم دیوانەکەی مەحوی دەکەمەوە و یەکسەر ئەم دوو دێرە شیعرە دەخوێنمەوە.

فەلەک هەر گا کەسێکی هەڵبڕی، وەقتی هیلاکەتییە

کە سەر بۆ گەیینە پەت بێ، پێ لە سەر ئەسکەمل و کورسی چ بکا؟

ئەم دوو دێرە کە ڕێگەی چتاقە هەڵاتن و لادانێک ناخاتە بەردەمی مرۆ، دیارە هەمان دوو دێرە شیعری مەحویین کە یوسف ئەو وتارەی لە ڕووپەلی ڕۆژنامەیەکەدا پێ بە کۆتا هێنابوو و ببووە هۆکاری کوژرانی. لە ئاست ئەم ڕێکەوتە سەیرە شپرزە دەبم و دەستەکانم دەلەرزن و دیوانی مەحوی لە پڕ لە دەستم دەکەوێتە خوار و بەر لێواری مێزە دار گوێزە قولینچک تیژەکە

دەکەوێت و بریندار دەبێت. کە هەڵیدەگرمەوە یەکسەر چاوانم بۆ نووسینەکەی یوسف دەگێڕم کە بەر لە بیست ساڵ لە سەر بەرگی دیوانەکەی نووسیبوو، دەبینم وشەکە لە ناوەڕاستییدا بریندار بووە. هەردوو تیپی (حێ) و (یێ) سڕاونەتەوە و تیپەکانی (واو) و (ه) و . .(میم) وەک وەلاّمێکی دوو ددان کەوتوو لە سەر بەرگی دیوانی مەحوی تاق و تەنیا و قەلەندەر بەجێماون. من کە هەڵوەستەیەک دەکەم و دەیخوێنمەوە و لە وشەی (وهم) ی عەرەبیی بترازێت، ناشێم چ شتێکی دیکەی لێ هەڵبکرێنم.

ماچی دەمی لە کەڵکەڵەما مابوو، چ خۆشی وت:

قرم، ئەی ئەسیری واهیمە، خۆش ناکرێ لە هیچ

نیشانی هاوسەرم لەگەڵ دەنگی کەوتنی دیوانەکە زوو گەیشتە ژوورەکەم، چونکە لە پێرێیەوە کە پۆلیسەکان منیان ساردوسڕ لە نێو ژووری حەمام و تەوالێتەکە دەرهێنابوو، ئەو هەتا بڵێیت نیگەرانە. ئەو رۆژە نیشان بە لێوە پڕەکانی گشت فرمێسکەکانمی سڕیبوونەوە کە لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەو بەشەی فلیمی سەرگوزشتەی مەحوی تەڕ و هیشک لەسەر هەردوو روومەتەکانم بەجێ مابوون.

من بەرلەوەی دیوانەکە لە نزیک مێزەکە هەڵبگرمەوە، لەوانەیە بۆ ساتێک وەهام پێشبینیی کردبێت کە تیپی (میم) ببینم لە نووسراوەکەی یوسف فڕی بێت و تەنها وشەی (وحي) بەجێمابێت. لێ، زوو کورتم هێنابوو کە دیتم وشەی (حي) سڕابۆوە و لە جیاتی وشەی (وهم) وەک سەرابێکی

گەورە لەسەر بەرگی دیوانەکە بەجێمابوو.

نیشان کوردیی ڕۆژهەڵاتە و ڕشتەی یاسای لە دانیشتگەی کرماشان خوێندووە. بۆیە هەموو شتیکی دەدایە بەر حوکمی تەرازوو و، دەتگوت چاو و کەپۆ و لێوە جوانەکانیشی هەر بۆ ئەم مەبەستە نەخشاون. ئەو بە لەلای دایکییەوە بە چوار پشت دەگەیشتەوە سەر مەولەوی تاوەگۆزی، بەڵام هەرگیز بۆی گرینگ نەبوو کە من دوای سەودابوونم بە دونیای مەحوی، هەرجار ئەوەم دەدرکاند کە شیعرەکانی مەحوی لە هی گەورە باپیرەی ئەو گەلێک قووڵترن. نیشان حەزی لە ئەدەب نەبوو و هەرگیزیش گوێی لێ ڕانەدەگرتم و باوەڕیشی بەم ئاخاوتنەم نەدەکرد، بە تایبەت لەو کاتانەی من بە شادمانییەکی زۆرەوە بەڵگەی ئەوەم دەهێنایەوە کە لە یەکچوونی زێدی مەولەوی بەلخی و مەحوی بالخی هەرگیز شتێکی وەها سادە و ڕێکەوت نییە.

نیشان زمانی عەرەبیی نەدەزانی چۆن منیش لە فارسییدا لە چاو ئەو تەیرێکی نابەلەد بووم، نەوەک لەو ڕۆژەوەی ئەوەی من لەسەر بەرگی دیوانی مەحوی خوێندمەوە بەهێزترین بەڵگە بوو کە وشەی (حي) و وشەی ( وهم) هەرگیز لە یەک تەرازوودا وێکڕا جێگەیان نابێتەوە. هەستم دەکرد نیشان ئیگۆیەکەی زۆر لە هی من بەهێزترە، بۆیە هەردەم پێم دەڵێت عەتا گیان! ناکرێت تۆ زیندوو بیت و لە ئەوپەڕی شارستانیی ڕۆژئاوا لەم وەهمە گەورەیەدا بژییت.

من وەڵامم پێ بوو و دەکرا باسی کلۆدیۆس جەیمس ریچی بۆ بکەم!

هەروەها لە پێڕێیەوە هەوڵدەدەم فلیمەکەی مەحوی لە نووکەوە بۆ نیشان بگێڕمەوە و، ژیان بوار نادات. من لە بەیانییەوە بۆ ئێوارە لە کارم و ئەویش لە ئێوارەیەوە هەتا شەو. هەردووکمان تەنها لە دوو (میم) ەکەی مەولەوی و مەحوی بە یەکتریی دەگەین یان بە یەکتریی ناگەین . . هەتا ئەو بڵێت من ماندووم و منیش بڵێم من ماندووم. بەم (م . . م . . م . . ) ە رۆژگارەکان بەسەر دەبەین و زۆربەی جاران دانوومان بە یەکەوە ناکوڵێت.

ناچار وا دووبارە هاتوومەتەوە هەمان شوێن لە پاڵ تەوالێتە فەخفورییە سپیی و ئیسپانیاییەکە بە دوو قاچی درێژکراوە و پشتێکی کەمێک چەماوە دانیشتووم و، یانیش با بڵێم ڕاکشاوم. بێ ئاگام لەوەی کە ماوەی پتر لە دوو مانگە من و نیشان پێکەوە هیچمان نەکردووە و، تەنها بۆ جارێکیش چ لە تەنیشت تەباخە کارەباییەکە، مێزە بازنییەکەی ناندێن، یانیش سەر سۆفا چەرمە ڕەشەکە لەشمان لە هی یەکتریی نەخشاوە. ماوەیەکە ئیگۆکانمانیشمان لەگەڵ یەکتریی هەڵناکەن. ئەوەی من لاوازە و زوو زوو دەخزێتە نێو تاریکایی و هی نیشانیش هەردەم زاڵ و زل و روو لە منە!

ژووری حەمام و تەوالێتەکە دووبارە تاریکە و لە نێو دووکەڵدا سەرووی دەرگەیەکی توکمە و دارینم لێ دیارە کە لێی نووسراوە خانەقای مەحوی. فرۆکەکانی ئینگلیز بۆ جاری چوارەمە ئەم شوێنە بۆردمان دەکەن و، چەند پرۆشک لە ساتمە داغبووەکان بەر گۆڕی مەحوی دەکەون و تەنها لە زەینی مندا و لە نێو قووڵایی گۆڕەکەدا ئێسکێکی بچووکی پەنجە

گەورەی دەستە راستی دەشکێنن و وردی دەکەن. پیاوێکی کەڵەگەت و چوارشانە کە دەورپشت بە مەلا خالید گازی دەکەن، پیاوێکی دیکە، کە تا تەواوبوونی فلیمەکە ڕوخساری بۆ من ناڕوونە، ئاراستەی ژوورێک دەکات کە پەنجەرەکەی بەسەر باغی پشتەوەدا کراوەیە.

پیرە پیاوێک لە بنەبانی خانەقا دانیشتووە و لە ژێر ئەو بارە ناجۆرەی بۆمبباران نابزووێت و لە پێش خۆی قسان دەکات. من بە حاڵ هێندێک لە ئاخاوتنەکانی دەبیستم و نابیستم. ئەو دەڵێت رۆژگارێک باوانی ئەو پیاوە شکۆمەندەی کە لە تێڕامان لە پەنجەرەکەوە بیری بەردە قارەمان دەکات، لەگەڵ باو و باوانی مەلا خالید دژ و ناکۆک بووین.

تروسکایەکی زۆر ڕۆشن لە تەماشاکردنەوەی فلیمەکە دامدەپچڕێنێت و سەری خوێناوی یوسف دەردەکەوێت و دەڵێت دیمەنەکان درۆزنن و هەرگیز وەک خۆیان دەرناکەون. لە ناخی مرۆیەکان ڕابمێنێ بەر لەوەی بە هۆی رووداو و کاغەزە مێژووییەکان شت بخوێنیتەوە. ئیگۆیەکەت بکوژە و لێ بگەڕێ شتەکان وەک خۆیان لە نادیارەوە بێنە نێو ناخت و راستییەکانت پێ بڵێن.

بە دیتنی ئەم دیمەنە دەتاسێم و دەگریم. فرمێسکەکانم ڕووی خوێناوی یوسف دەشۆنەوە و بزە لە سەر لێوەکانی ئەو و هی خۆیشم دروست دەکەن. بەڵام بەر لەوەی ڕوخساری بە یەکجاری لە پێشم چاوانم ون بێت، یوسف بە دەنگێکی پڕ لە جۆش ئەم دوو دێرە شیعرەی مەحوی دەخوێنێتەوە و دواتر پێم دەڵێت کە لە تەماشکردنی فلیمەکە دانەبڕێم.

فەلەک هەر گا کەسێکی هەڵبڕی، وەقتی هیلاکەتییە
کە سەر بۆ گەیینە پەت بێ، پێ لە سەر ئەسکەمل و کورسی چ بکا؟
یوسف یەکسەر ون دەبێت!

مەحوی لە تەک موفتی زەهاوی دانیشتووە و باس و خواستی ڕۆژگار دەکات و، سەری بۆ ئەم هیلاکەتییە دەخورێت. بۆیە هەر کە ئیجازەی مەلایەتی لە موفتی وەردەگریت لە ناخەوە بەڵێن بە خۆی دەدات کە مرۆیەکی حەق بێژ و ڕاست بێت. لێ، هێشتا زووە بۆ مەحویی بڵێت:

لە سەر تۆ بوومە پەندیی عالەمێ وتم و، وتی: مەحوی
بەسی بێ موشریکی بەس، یا لە دنیا لادە یا لە من لادە

من هێشتا بە دوو قاچی درێژکراوە و پشتێکی کەمێک چەماوە دانیشتووم، یانیش با بڵێم ڕاکشاوم. دووبارە لە خۆمەوە وەها هەستدەکەم گەلێک لە تیپی (ڕێ) دەچم، یانیش با بڵێم لە (هیچ) دەچم!

(ڕێ) و(هیچ) پێکەوە زەینم دەکۆڵن و لەرزە لەرزێک دەخەنە سەر لێوانم. بارێکم بۆ پێشدێت وەک ئەوەی پێشتر لەگەڵ ناوی خۆم و ناوی عەتاردا هەمبوو. چەند جارێک ڕێ و هیچ. . . ڕێوهیچ. . .ڕێهیچ لە سەر زوبانم دووبارە و دووبارە دەبێتەوە. لە پڕێکدا دەنگێکی نامۆ بە گوێچکەی راستمدا دەچرپێنێت و دەڵێت تۆ ریچییت. . ریچ!

نزیکەی دوو سەد ساڵ دەگەڕێمەوە دوا و هەستدەکەم لە ڕۆژێکی مانگی ئایاری ساڵی هەزار و هەشت سەد و بیست دام و لە نێو حەمامێکی شاردا

خۆم دەشۆم. حەمامەکە رووناکە و دیوارەکانی بەرەنگێکی بریقەدار سواغ دراون و ناوەوەی پڕە لە حەوز و فوارەی زۆر گەرم و زۆر سارد. من لەوەتەی گەڕاوم نە لە ئوتێل، نە لە مەلەوانگە، نە لە چتاقە حەمامی شارێکی کۆندا هاوشێوەی ئەم حەمامەم نەبینیووە. دەڵێن حەمام لەسەر داخوازی مەحموود پاشا دروستکراوە و دوو وەستای کارامەی لە کرمانشانەوە هێناوە بۆ ئەوەی جوانترین حەمامی دونیا لەم شارە دروست بکەن.

لە حەوزە ئاوە زۆر گەرم و زۆر ساردەکاندا ڕادەمێنم و جودا لە بیرکردنەوە دەربارەی حەمام و پاشا، بیر لە دوو پیاوی دیکەی ئەم شار و نەتەوە و خاکە جوانە دەکەمەوە. مارف و خالید، کە هەریەکێکیان زادەی دونیایەکە لە هزر و هەژموون و بوونیان پێکەوە لە یەک زەمەندا، من ریچ بم یان هیچ بم، ئەوا هەتا ئێستاکەش کە ساڵی دوو هەزار و چواردەیە، درێژبۆتەوە.

من ریچ بم یان هیچ بم، هەستدەکەم تەنێ ساڵێک و پێنج مانگ تەمەنم ماوە! ئەوەتانێ، تارمایی پیاوێکی ئەوڕوپایی بیر تیژە هەیە وەهام پێدەڵێت. مستەر یۆنگ هەردەم ئەنگوستیلەیەکی لە پەنجدایە کە وێنەی مارێکی لە سەرە و حەز دەکات ناوی خۆی بگۆڕێت بۆ کۆمۆنمان.

لە پڕ دەگەڕێمەوە سەردەمی منداڵییم و باوەڕ دەهێنم کە لەو کاتەی لە شاری بریستول دوور لە رۆژهەڵات دەژیام و لاپەڕە نووسراوەکانم هەڵدانەوە و بە تیپ و ڕێنووسێکی زۆر سەیر و نامۆ ئاشنابووم، زانییم رووداوگەلێکی ناسادە و ناڕاگوزەر چاوەڕێمن.

ئەو پیاوانەی وا تارماییان لەسەر کاشییە سپییەکانی دیواری ئەم ژوورەی حەمام و تەوالێتە دەبینم، گشتیان لە ڕۆژگارێکدا هەستیان بەوە کردووە کە دەنگێک لە نادیار و ناشوێنە بانگی کردوون کە کۆچ بکەن. ڕوخساری کەسێکی گەلێک نامۆ و پەژمووردە دەبینم بە جادەکانی شاری ئەستەنبولدا پیاسە دەکات، لێ هەتا بڵێیت بەم کۆچە و ناوی خۆی شادمانە.

کەیفی جوانڕۆیی!

لە حەمامە شێوە کرمانشانییەکەی کە وێنای دەکەم و هەستدەکەم من ریچم و تەنها ساڵ و نیوێکی دیکە تەمەنم کردووە. دوو پیاو دەبینم کە لەبەر دەرگی خانەقا شەرە قسە و ململانێییانە دوای ئەوەی هەم مەولانا و هەم خۆیشم ساڵانێکە لە شاردا ون بووین و سەری خۆمان بۆ دوا گەشتی دیکە هەڵگرتووە. ئیتر وەک کەیفی جوانڕۆیی و چەندانی دیکە رۆیشتووین و لە بەرگ و شارێکی دیکەدا درێژەمان بەم ژیانە کورتە داوە کە بوومانە.

ئەحمەد ئەربیلی لە بەرانبەر عوسمان بالخی و فەرمانی پاشا مل دەدات، بەرەو قەرەداغ سلێمانی بەجێدەهێڵت. لێرە دەکەومە گێژاوێک و سەرە داوی فلیمی مەحوییم لی تێکەڵوپێکەڵ دەبێت. بیر لەم دوو موردیدەی مەولانا دەکەمەوە کە چۆن چتاقیان پێشبینیی ئەوەیان نەکردبوو کە لەم خاکەی جوانەی ئەوانی تێدا گۆش بووە دواتر کوڕ و نەوەکانیش بە هەمان دەردی ململانێ و کۆچ گیرۆدە دەبن.

لێرەوە مەحویی دەبینم، کە دەستی یوسفی کۆنە هاوڕێمی گرتووە و

دەیهەوێت لە هیلاکەتی ڕزگاری بکات. فلیمەکە وەک خەونێکی سەیر و ناجۆرە لە پێش چاوانم. مەحوی لەم وەزیفەیەدا سەرکەوتوو نییە و ناتوانێت یوسف ڕزگار بکات. ئیتر یوسف لە سەر دەستی مەحوییدا وەک مۆم دەتوێتەوە و لە پڕ دەبێتە خاڵخاڵۆکەیەکی سوور. مەحوی لە دوای خۆی بۆ دووری دوور بەلکێش دەکات و، دەیبات و دەیبات. . . لە سلێمانی و قەرەداغ و هەولێر و شامیش دوورتر!

فلیمێکی ناوازە و سەیرە کە لەسەر دیواری ژووری حەمام و تەوالێتەکەمدا دەیبینم کە تێیدا مەحوی کارئەکتەری سەرەکییە و خاڵخاڵۆکەیەکی سووری لە سەر دەستە. سوڵتان لە ئاست مەحوییدا لە سەر پێ وەستاوە و بە شەوقەوە لە ڕەنگی باڵەکانی خاڵخاڵۆکە دەڕوانێت. بۆ چەند ساتێک لە خۆیەوە هەست دەکات تاوانبارە لە بەرانبەر خوێنی ڕژاوی کەسێک بە ناوی یوسف کە لە زەمەنیکی دیکە بە ناحەق دەکوژرێت.

سوڵتان هەڵستابووە سەر پێ و ڕێز و حورمەتی زۆری بۆ ئەم مەلا کوردە هەبوو. لێ، لە تێڕامانی لە دیمەنی خاڵخاڵۆکە جوانەکەی سەر دەستی، ترس و نیگەرانییەکی زۆر لە سەر ڕووی نیشتبوو و ئەوەندەی دەیکرد ئیگۆیەکەی نەیدەهێشت سەبارەت بە خۆی و دوارۆژی کوڕەکەی عەبدولعەزیز پرسیارێک لە مەحوی بکات.

من بێ ئەوەی ئاگاداریی خۆم بم، لەگەڵ تەماشاکردنی فلیمەکەدا خەونم بە دایکیشمەوە دەبینیی و پڕ بە دڵ غەریبیی بۆنییم دەکرد. ڕووتبووم

و، وەک یوسف لە نێو بیرێکی قووڵدا کەوتبووم. دواتر دەزانم کە کۆمەڵە کیژێک لە نێویان گورجی و چەرکسی و کوردیشیان تێدابوو لە نێو حەمامی حەرەمێکدا بە لەشولاری جوانییانەوە بە دیارمەوە وەستاون و بە جامە ئاوی گەرم گەرم دەمشۆن.

لەو کاتەدا کیژە جوان و شۆخەکان گەرەکیان بوو ڕوحم بهێننەبەر، یانیش ڕوحم بهێنەدەر، ڕادەچڵکێم و دەبینم نیشان پوری هاوسەرم بە چاوی پڕ لە گریانەوە دەستەکانی لە قژی ئاڵاندەوە و هاوار دەکات عەتا گیان . . . عەتا . . عەتار. لێرەدا زمانی لەرەیەک دەکات و بە دەستە تەڕەکانی بە دەموچاومدا دەهێنێت و دەیەوێت بمبوژێنێتەوە!

من لە قووڵایی ناخمەوە بە خۆم دەڵێم ئیتر ڕۆیشووم و چیتر بەرگەی لەنگیی ئەو دونیایە ناگرم.

یانیش بە نیشان دەڵێم، مەگری گیانە من سپاردەی دەستی مەحوییم. . . کەسی دیکە نا:

**چ بکەم نە ئەو کەسەم کە کەسم بێ لەلا بە کەس**

**خۆشم نەگەیمە ئەو کەسە ئەو من بکا بە کەس**

بورنەبی- ٢٠١٢

# من لە سەر و پێی تەرمێکدا

بۆ یادەوەری ئامۆزاکان



هەردوو پێیە زەردەکان تاکە ئەندامی بەدەنی بوون کە بەدەرەوە بوون. ئەو لە نێو دارمەیتەکەدا بە هەمان پێخەفی کەسک و سوور داپۆشرابوو کە شەوێک پێشتر پێی خەوتبوو. پێیەکانی لە پێش چاوانم ئەوەندە مەزن دیاربوون، من لە خۆمەوە خەیاڵێکی سەیرم بۆ دەهات و دەمگوت « دیارە مرۆ لە کاتی مردن پێیەکانی لە جاران گەورەتر دەبن.»

حەزم دەکرد سەریم لێ دیار بوایە و بمزانیبایە کە ئەو شوێنەش وەک پێیەکانە یان بە پێچەوانەوەی لێهاتووە و بچووکتر بۆتەوە.

نەمدەمزانی بۆ چاوانی مێردمنداڵی من، ئەو دیمەنە لە هی پێیەکان گەلێک سارد و سڕ و جەرگبڕتر دیاردەبێت، دوای ئەوەی رووداوی دەستڕێژەکەیان بە سەد جۆر دەگێڕایەوە. لە نێو جەنجاڵی و حەوشەی مزگەوتەکەدا لەلایەک گوێم لە گریە و منگە منگ و هات و هاواری

پیاوەکان بوو، لە لایەکی دیکەوە دەنگی ناخۆشی پرەمێزێکی نەوت خەریک بوو پەردەی گوێیەکانم بتەقێنێت و بە یەکجارەکی فڕێم بداتە نێو دونیایەکی کەڕ و کڕ و کشومات. من پەنا دیوارێکی چاکم گرتبوو و هەستم دەکرد لە تەواوی ئامۆزا و کوڕانی خاڵ و خزم و کەس و هاوسێیان بوێر و بە جەرگترم کە نەیانوێرابوو بستێک پێ بنێنە نێو حەوشەی مزگەوتەکەوە.

ئەو رۆژە شەرواڵێکی قاوەیی و بلوزێکی کەسک و سوورم لەبەر بوو، بە هەمان ڕەنگ و نەخشی پێخەفەکەی تەرمەکەی پێ داپۆشرابوو. ڕووشم بەسەر بلوزەکەوە رەنگی زەردی پێیەکانی لە خۆیدا بوو، کاتێک دەستێکی گەورە قۆڵێکی بلوزەکەمی گرت و منی لە نێو جەنجاڵی و حەوشەی مزگەوتەکە فڕێدایە دەرەوە.

ئێستا بیست ساڵێک بەسەر ئەو پەلکێشکردنەم بۆ دەرەوەی مزگەوتەکە تێپەڕیووە و من سێ باری ئەو کات تەمەنم هەیە، هەروەها دەتوانم بە خەیاڵ و چاوی نووسەرێک ورد و درشتی سێ دیمەنی دڵتەزێن بگێڕمەوە کە لە سەروەختی بڕینی هەر دەیەیەکی تەمەنم بینیبوومن. سێیەمینیان دوو حەفتەیەک دەبێت ڕووی داوە، بەوەش هەموو ئەوانەی لەو ماوەیە لە دەوروپشتم بوون دەزانن کە من تەنها سی و سێ ساڵ و دوو حەفتە ژیام. ئەستەمە بتوانم خۆم بدزمەوە و گوزارش لەوە نەکەم، بەڵام دەستەکانم تەواو شەکەتن و دەنگی هەناسەدانیش بێزار و هەراسانی کردووم.

دوای ئەو هەموو برینەی بەدەنم، مەحاڵ بوو بتوانم جارێکی تر بیر لە ژیان بکەمەوە، بۆیە بڕیارم دا لەو ماوەیە خۆم بە نووسینی نامەیەک خەریک

بکەم و لە دوای خۆمی بەجێبهێڵم. لەگەڵ گرتن و نووسینی کاغەزەکە دەستەکانم بە جۆرێکی سەیر دەلەرزین، ناچار تاوێک چاوەکانم هەڵبڕی، بەڵام بێ ئەوەی بخوازم ئەوان بە دوای بینینی پێیەکانمدا گەڕان. کە لە ژێر چەرچەفە مەیلەو شین و خاوێنەکەی نەخۆشخانەکەدا دیمەنی سارد و سڕیان منی بردەوە بەردەم هەمان دیمەنی نێو مزگەوتەکە.

چاوەکانم زوو گەڕانەوە سەر کاغەزەکەی نێو دەستم و بۆ جۆرە وشەگەلێک چاوەڕوان بوون تا نامەکەمی پێ بە کۆتا بهێنم.

لەو کاتەوەی ئۆتۆمبێڵەکە بەسەر لەشمدا تێپەڕیبوو و ببووم بە جەستەیەکی هەپڕون بە هەپڕون، یەقینێک کەوتبووە نێو دڵمەوە کە ئیتر بیرکردنەوە لە ژیان کارێکی یەکجار ئەستەمە.

دووبارە سەیری پێیەکانم دەکرد، بەڵام نەدەکرا بۆ ماوەیەکی درێژتر لەو شوێنە بیانهێڵمەوە، چونکە دەبوو زوو نامەکە بنووسم و بیخەمە ژێر بالیفەکەوە. بەڵکو دواتر یەکێکی نێو ئەو تیمە پزیشکییەی چەند رۆژێک بوو بە دیارمەوە بوون، دەستێک دەخاتە ژێر بالیفەکە و نامەکە دەدۆزێتەوە، ئینجا لە ڕێگەی ئەوەوە نامەکەم دەگات بە دەستی پۆلیس، خەمخۆرێکی پەنابەران لە شارەکە، یان بە نێو هەناوی ئامێرێکی فاکس دا رەت دەبێت، یانیش دەچێتە ژێر گلۆپی سکانەرێک و دواتر دەبێت بە ئەتاچمێنت بۆ ئیمەیڵێکی خەمناک. لە ئەنجامدا ئەو نامەیە دەگاتە ژێر بینایی ئازیزێکم و لە ناخەوە دەیتاسێنێت.

من لە نووسینی نامەکەدا هەرگیز مەبەستم نەبوو ڕۆژگارێک ئازیزێکم، یان هەر تاکەکەسێک کە پێشتر منی ناسیبێت بهێنمە نێو بەزمی گریان، بەڵام مەبەست لە نووسینی ڕەواندنەوەی جۆرە گومانێک بوو کە لەوانەیە بە کوژرانی من لە کۆڵانی شارێکی دووردا لە نێو دڵی هەموویاندا سەرهەڵبدات.

ئێستا ئەو مێردمنداڵانەی کە ئامۆزا و کوڕە خاڵ و خزم و هاوسێمان بوون، هەموویان گەورەبووین و کوژرانی کەسێک لە کۆڵانی شاریکی دووردا بە هەواڵێکی سەیر و نامۆ نازانن. بۆیە ئەگەر بە خەیاڵیشیاندا بێت کە ئەوە ڕاستییە و لە دواڕۆژی ئەواندا قەوماوە، هەرگیز ناگەنە ئەو بارە و نازانن کەوا من لەو ڕۆژەوە کوژراوم کە دەستێکی گەورە بەر لە شۆردنی تەرمەکە منی پەلکێشی دەرەوەی مزگەوتەکە کرد.

دەزانی دەردێکی گرانە کە لە هەرەتی منداڵیدا حەزت بچێتە هەڵدانەوەی شاراوەکان، لە یاری و گەمە و شەڕەشەق و گوێنەدانی ئەوان بە دونیا، خۆت بدزیتەوە و بەشداری نەکەیت. ئەو دەردە بوو منی گەیاندە پەنا دیواریک کە دەنگی پرەمێزەکەی دووبارە، بەڵام کز کز دەهێنایەوە نێو گوێچکەکانم. ئەوێ شوێنێکی چۆڵ بوو و من خێرا خێرا دەستەکانم دەخستە نێو دەرزەکانی دیوارەکە و دەمگواستنەوە و بە دیوارەکە هەڵدەگەڕام. گەیشتمە سەر بانە تۆتیاکە و وام زانی گەورەترین سەرکەوتنم بەسەر ئەو دەستە گەورەیەدا بە دەست هێناوە کە منی پەلکێشی دەرەوەی مزگەوتەکە کرد. بێ ئەوەی بیرم لەوە کردبێتەوە کە لەوانەیە ئەو دەستە هی ئازیزێکم بووبێت کە ویستی من

لە بینینی دیمەنێک بپارێزێت کە مرۆ لە ناخەوە دەتاسێنێت.

من بە ئازایەتیەکی بێ وێنە سەرکەوتبووم و دەمەویست چەندەی زووترە دەرزێک، یان کونێک لە تۆتیاکە بدۆزمەوە کە خوارەوەی تێدا ببینم. تۆتیاکانی بانەکە لە زۆر شوێن ژەنگیان هەڵێنابوو و منیان بۆ لای خۆیان کێش دەکرد. تا لە ناوەراستی بانەکە درزێکی وەهام لێ پەیدابوو کە خوارەوەی بە روونی لێوە دیار بوو. من ویستم و نەمویست چاوەکانم بە دەرزەکەوە بنووسێنم کە گرم کەوتمە خوارەوە و لە سەر تەرمێکی ڕووت و ساردوسڕدا جێگیربووم. بەرلەوەی لە هۆش خۆم بچم و ترسناکی دونیا لە ڕوومدا کۆببێتەوە، ڕووی مردووی خۆمم بینی کە کونێکی گەورە لە تەختی نێوچەوانییەوە هەبوو دەتگوت گولیلکێکی سووری بەهارە و لە پێدەشتێکی بەفراویدا ڕوواوە.

کەمێک مابوو ڕوحم بچێتە نێو شەبەق و قووڵایی کونەکەوە کە لە هۆش خۆم چووم و بە هەمان دەستە گەورەکەی پێشوو بۆ دەرەوەی مزگەوتەکە بردرام. بە بەردەم چاوی مێرمنداڵەکان من تەرمێکی دیکەی ساردوسڕ بووم، کەچی بێ ئەوەی ئەوان بزانن من لە بێ هۆشیدا لە گەشت و خەونێکی دیکەدا بووم. کەسێکم تەمەن بیست ساڵان و لە نێو بزووتنەوەیەکی نهێنی کار دەکەم. شەوان بە دزی باوک و دایکم، برا بچووکەکەم لە خەو ڕادەچڵەکێنم و لەگەڵ خۆم دەیبەمە دەرەوەی حەوشەکە. پاشان لایتێکی بچووکی دەدەمە دەست و کۆڵان بە کۆڵان لەگەڵ خۆم دەیبەم. پێی دەڵێم کە ئەگەر هەر خشپەیەکی گوێ لێبوو، تەنها یەکجار لایتەکەی بەرەو ڕووم

داگیرسێنێت و یەکسەر بیکوژێنێتەوە. ئەو لە پەنای دیوارەکە کتومت لە خۆم دەچوو کە لە نێو مزگەوتەکەدا بۆ بینیی تەرمەکە وەستابووم.

لەو خەونەمدا کۆڵانەکانم دەگۆڕین بە گوێرەی ئەو نووسراوانەی لە ئاستێکی سەرووتر بۆم ڕەوانەکرابوون تا دیوارەکانی پێ بنووسم. ئەو شەوە دەبووایە هەشت دیوار بنووسم، بۆیە برا بچووکەکەم تا زیاتر دوور دەکەوتینەوە زیاتر دەشڵەژا و هەندێک جار لە خۆڕا لایتەکەی نێو دەستی دادەگیرساند.

تەنها دوو نوسراوم بە دەستەوە مابوو کە بانگیم کرد و پێمگوت کە چیتر لە خۆیەوە لایتەکە هەڵنەکات تا لە دەنگ و خشپەیەک دڵنیا نەبێت.

بە قوتووە بۆیەکە خەریک بووم وشەکانی نووسینی حەفتەمینم لە دیواری کۆڵانێکی چۆلوهۆڵدا دەنووسی کە برا بچووکەکەم لە پڕ لایتەکەی هەڵکرد و تاوێک بە هەڵبوویی هێشتییەوە. بە پەلە دەمەویست خۆم بگەیێنمە لای ئەو کاتێک شتێکی گەرم تەختی نێوچەوانمی بڕی و دەما و دەم منی خست. ئیتر خوێن بە سەر ڕوومدا فرچکی کرد و لە گشت لاوە جۆگەلەی بەست. لێرە بە دواوە نە ئاگام لە خۆم ما، نە لە برا بچووکەکەم و نە لە دونیا. ئاکام و ئەنجامێکی تاڵ و ناخۆش بوو کە خەونەکەمی پێ بە کۆتا دەهات، دەتگوت ئەوەی لە بێ هۆشیمدا دەمبینی، لە لایەک بۆ ئەوە بوو بمهێنێتەوە نێو ئاگایی و سۆزی بێ سنووری دایک کە بە پەرداخێکی شیر و قاپێکی پڕ لە هەنگوین لە پاڵ سەرم دانیشتبوو. لە لایەکی دیکەشەوە دەق و وردەکاری کوشتنەکەم پێ بڵێت کە بۆ هەمووان ببوو بە مەتەڵێکی

سەیر. لە ڕاستیدا من کەسێکی تەنیا و تاقانە بووم، هەروەها لەو کۆڵانەی لە ڕاستی و خەوندا لێی کوژرابووم نە نووسینێک بە سەر دیوارەکەوە بوو و نە قوتوویەکی بۆیەش لە شوێنەکەدا کەوتبوو.

دوای شووشتن و ناشتن و تەواوبوونی شیوەن بۆ تەرمەکە، کات بۆ من ڕەخسا دەربارەی کەوتنی نێو مزگەوتەکە و خەونەکە بدوێم کە لە بێهۆشیدا بینیبووم. هەندێکیان بە تەوسەوە گوێیان ڕادەگرت و دەیانگوت « خەونی منداڵ ئەگەر هەمووشی ڕاست نەبێت ئەوا نیوەی هەر ڕاستە! :»

ئەوان بە پەرۆشییەکی زۆرەوە دەستیان لەسەر شانم دادەنا لە هەوڵی بێ پەروا بوون بۆ ئەوەی من بتوانم سەر و سیمای ئەو دوو چەکدارەیان بۆ وێنا بکەم کە گوللەیان بەرەو ڕووم تەقاندبوو.

بەڵام زۆربەی خزم و کەسان بێ هیوا مابوونەوە و دەیانگوت «واز لەو منداڵە بهێنن، ئەوەی بینیوویەتی دەرئەنجامی ڕەفتارێکی بڵحی خۆی بوو کە لە مزگەوتەکەدا کردی.»

دە ساڵ تێپەڕین و ئەوان ڕۆژگارە تاڵەکەیان لە یاد چوو، کەچی خەونەکە لە قووڵایی زەینمدا بە زیندوویی مایەوە و دواتر لە سەردەم و شوێنیکی دیکەدا، زۆر نزیکتر لە ڕاستی خۆی دووبارە کردەوە و منی تا سەر ئێسقان پەشۆکاند و ورد و خاش کرد.

شەو بوو لە ماڵی هاوڕێیەکم دەگەڕامەوە دوای ئەوەی پێکەوە تێر

گوێمان بۆ گرتنی شەپۆڵەکانی ڕادیۆیەکی یاساغ هەڵخستبوو. بەرلەوەی بە چەند کۆڵانێک لە ماڵ نزیک ببمەوە، لە شوێنێک خشپەی پێ و دەنگە دەنگێکی زۆرم گوێ لێبوو. دیسان لە پەنای دیوارێکدا لەنگەرم گرت و بە لاچاوێکم لە ناوەوەی کۆڵانەکەم ڕوانی. دیتم تارمایی سێ کەس لە پەنای دیوارێکدا هەن و تا وردتر دەبوومەوە شێوەیان جوان و ڕوونتر دەردەکەوت. دووانیان چەکدار بوون و ئەوەی سێیەمیان قۆڵ بەست کردبوو و بە دیوارەکەیان نووساندبوو. تاوێک لەو دیمەنە پڕ لە ترس و نهێنییەم ڕوانی کاتێک یەکێک لە چەکدارەکان بۆ دواوە کشایەوە و زۆر بە خێرایی تفەنگەکەی بە ڕووی کەسی سێیەم تەقاند. ڕووی دوو چەکدارەکە بۆ من زۆر ئاشنا بوون و منیان گەڕاندەوە دە ساڵ پێشتر. کاتێک دوو کەسی هاوشێوەی ئەوانم لە نێو مزگەوتەکە بینیبوو هۆڕ هۆڕ لەگەڵ خەڵکەکە دا بەسەر تەرمەکە دەگریان.

گۆمێک خوێن لە پاڵ سەری کەسە کوژراوەکەی پەنا دیوارەکە ڕژابوو. کەمێک وەستام، بەڵام هەرگیز نەموێرا لە ڕووی ڕابمێنم، دوایی کەسی بکوژ زۆر بێباکانە و بە قاقای پێکەنین بە تەنیشتمدا ڕەت بوو. بکوژێک کە لە دوارۆژێکی دیکەدا دووبارە ڕووی کرێتی خۆیم نیشان دەداتەوە و بە جۆرێکی دیکە دەمکوژێت.

بەرلەوەی تەرمەکەی نێو خوێن و شوێنی تاوان بەجێ بهێڵم بە خێرایی لە دیوارەکەم ڕوانی و توانیم لە کۆی ڕستەیەکی تەواو نەکراودا تەنها یەک

وشە بخوێنمەوە کە ئەویش – بژی . . . . – بوو. ئەو ( بژی ) یەی سەر دیوارەکە تەزوویەکی ساردوسڕ و پڕلە ئازاری ڕەوانەی ناخم کرد و خستمیە نێو گومان و دوودڵییەکی گەورەوە. هەستم کرد ئەو ( بژی ) یەی سەر دیوارەکە کە بە بۆیەکی شین و هێشتاکە تەڕ نووسرابوو، زۆر ناجۆر و پێچەوانە دەینواند. لەلایەک ڕووی بکوژەکەی زۆر زیندووتر نیشانم دەدا، کەچی لە لایەکی دیکەوە قوربانی وەک بەرخێکی سەربڕاو لە کۆڵانە تاریکەکەدا خستبوو.

کاتێک لە نەخۆشخانەکە لەسەر جێگای مردن ئەو وشانەم دەنووسی چاوەکانم ڕۆندکی دونیایان تێژابوو، بە تایبەت کە دەمزانی من لە غوربەتیشدا هەر قوربانیەکەی پێشووی دەستی هەمان بکوژم. چەند ساعاتێک بەر لە ڕووداوەکە من لە ڕێستورانتێکی یۆنانی لەگەڵ کیژێکی بیانی دانیشتبووم کە تازە خەریک بوو ببێت بە دۆستم. ئەو دوو چاوە قاوەییەکانی لە هی من زۆر گەورەتربوون، بەڵام هەرگیز وەک من نەیدەتوانی شتەکانی دەوروپشت بە نیگایەکی خێرا هەڵبگرێتەوە. بۆیە ئەو کوڕە گەنجەی چارەکە سەعاتێک بوو مەنیۆکەی هێنابوو، لە هات و چوون و دواکەوتنی دۆستەکەم لە هەڵبژاردنی خواردنێک بێزاری دونیا لەسەر ڕووی نیشتبوو. من چەند جارێکی دیکەش هەستم بەوە کردبوو کە ئەو کیژە جوانەی منی لە غوربەتدا لە تەنیاییەکی کوشندە دەرهێنا، لە هەڵگرتنەوەی شتەکان کەمێک خاو و هێواشە. بۆ من ئەوە هەرگیز گرفتێکی گەورە نەبوو. ئەو لە نێو گشت

کوڕە گەنجەکانی نێو هۆڵ و باخچە و شوێنەکانی دیکەی خوێندن منی هەڵبژاردبوو، هەروەها بە چێژ و دونیایەکیشی ئاشنا کردبووم کە لە ڕاستی و ژیاندا چ جار بۆم نەڕەخسا بیانبینم.

بەرلەوەی لە یەکتر جیابینەوە داوای کرد کەمێک بچینە دیار شەپۆلەکانی زەریا، وەک ئەوەی زانیبێتی کە پێشتر من بە ناوی خوازراوی ( شەپۆڵ ) کۆڵانەکانم نووسیبوو. لەوەی ئەو قسانەی بە کوردییەکی پاراو کرد، ترسێک چووە نێو دڵمەوە و بە گومانەوە سەیری نێو چاوە قاوەییەکانیم کرد. بەڵام لەبەرئەوەی من لە سەروەختی ئەوەدا بووم کە تۆی ئەوینێک لە دڵم دا بچێنم، ئاخاوتنەکەم بە ڕێکەوتێکی ڕۆمانسی زانی لەوەی پیلانێکی شووم و نهێنی بێت بۆ ئازاردان و کوشتنم.

کیژە تازە دۆستەکەم هێز و توانایەکی سەیری هەبوو لە بینینی شتە نادیار و شاراوەکاندا. ئەو دەیەویست من بە تەنیا نەچمە کۆڵانە باریکەکەی پشت ئەو ڕێستورانتەی کە تێیدا دڵ و دەروونی خۆمان بۆ یەکتر واڵا کرد. دەیەویست لەو مەترسییە رزگار بکات کە لە سەردەمێکی دیکەوە دووبارە هاتبووە ڕێم.

من دەبووایە لەگەڵ ئەودا بە پیادە چووبامایە شوێنەکەی کە داوای کرد، بەڵام لێم ڕوون بوو ئەو شارەی چەند ساڵێک بوو لێی دەژیام لە ڕووبارێکی شێلو بترازێت چ ئاوێکی دیکەی لێ نەبوو.

ئێستاکە لە سەرە مەرگدا و کاتی نووسینی ئەو نامەیە، بیرهاتنەوەی ئەو ئێوارەیە لە یادەوەرییەکی بابردە زیاتر هیچ شتێکی دیکە نییە.

ئەو پیادە ڕۆیشت و منیش بەرەو ئەو شوێنە چووم کە لە نیوەڕۆوە ئۆتۆمبێلە نیسانە سپییەکەم لێی ڕاگرتبوو.

هەر کە پێمنایە کۆڵانە تاریکەکەی پشت ڕێستورانتەکە و میاوە میاوی پشیلە تێر و پڕەکان لە گشت لاوە هاتە نێو گوێچکەکانم، خەمناکی و نیگەرانییەکی قووڵ دایگرتم. وای لێکردم هەستم بکەم کەوا من هەر بە تەنها مێرمنداڵە خەونبینەکە نیم، بەڵکو تەرمەکەی نێو مزگەوتەکە و کەسە دەستدرێژلێکراو و لە خوێن گەوزیوەکەی نێو کۆڵانە تاریکەکەشم.

دەڕۆیشتم و لە دوورەوە شەوقی لایتەکانی ئۆتۆمبێلێکم بەدی کرد کە هێواش هێواش بەرەو ڕووم دەهات، وەک ئەوەی پێشتر بۆ دیدەنی من وەستابێت. ئۆتۆمبێلەکە دەهاتە پێش و چەند جار شەوقی لایتەکانی بڵند و نەوی دەکردەوە وەک ئەوەی بە چاوێک هۆشداریم پێ بدات کە ڕێگەی بەردەمی چۆڵ بکەم و بە چاوێکی دیکەشەوە پێم بڵێت لەو کۆڵانە باریکەدا ئیتر دەربازبوونم بۆ نییە. ئۆتۆمبێلەکە نزیکتر دەبووەوە شەوقی لایتەکانی نزمتر دەخستە نێو چاوەکانم. هەتا گەیشتە ئاستێک و سەری گەورەی شوفێرەکەم دیت کە خەریک بوو گڵۆپە بچووکەکەی بان سەری دادەگیرساند. لێرەوە شوفێرەکە ئۆتۆمبێلەکەی وەک گایەکی بڵح بە دەنگێکی گڕ بەرەو ڕووی من هاژووا. لە بەرانبەردا من بە ڕوویەکی پەشۆکاو، ببووم بە جەستەیەکی

سارد و نیشانەیەکی گەورەی سەرسوڕمان! هیچم لەو زۆرنبازانە نە دەچوو کە پۆشتە و پەرداخ لە ناوەڕاستی گۆڕەپان لە چاوەڕوانی گایەکی چاو پڕ لە خوێندا دەوەستن.

لموزی لای چەپەی ئۆتۆمبێلەکەم بەرکەوت و منی پشتاوپشت خستە ژێر پێیەکانی. لەگەڵ هاوار و ناڵەی کەوتنم پشیلەکان بە میاوەمیاوێکی زۆرەوە ڕاپەڕین و گەلێک لێل و شێلو تارمایی یەکێکیانم دیت کە لە پاڵ من لە ژێر تایەکەدا فلیقایەوە و خوێنی تێکەڵ بە خوێنم بوو.

لە سەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکەدا هۆش هاتنەوەم زەمەنێکی زۆر درێژتری بەسەردا چوو بوو، لەوەی تەمەنی دەساڵی کاتێک دایکم بە پەرداخێکی شیر و قاپێکی پڕ لە هەنگوین لە پاڵ سەرم دانیشتبوو. تەنیا بووم و کاریگەری برین و ئێسک شکان و هەپرون بە هەپرون جەستەم منی زیاتر لە پەنجا سەعات لە کۆمادا هێشتبووەوە. هەروەها هەزار و یەک لێکدانەوە و خەونی سەیریشی لە زەینم دا چاندبوو، وای لێکردبووم نەتوانم ڕاستی لە خەیاڵ جوایەز بکەمەوە، مردن لە ژین.

لە نامەکەدا دەمنووسی کە دەبووایە بەر لە کوژرانم لە دیوارێکدا بمنووسیبایە - بژی ئەوەی بە نووسین و چەپڵەلێدانی من سەرکەوت کەچی دواتر بوو بە بکوژم.

لە کۆڵانە تاریکەکەی پشت ڕێستورانتەکە کاتێک ڕووی شوفێرەکەم

لە نێو ئۆتۆمبێلە تازە و ڕەشەکەی بینی و نەبینی، تووشی بارێکی دەروونی گرژ و تاڵ و ئاڵۆز بووم. ڕەنجام لە بێدەسەڵاتی خۆم کە هەتا سەر بەرگی قوربانی دەپۆشم، لە بەرانبەریشدا هەزار و یەک نەفرەتم لە چارەی بکوژکەم کرد کە بەرلەوەی بە وشەیەک بمدوێنێت گوللە بە ڕوومدا دەتەقێنێت و بە ئۆتۆمبێلەکەی لەگەڵ پشیلەیەکدا پانم دەکاتەوە.

لەسەر قەرەوێڵەکەی نەخۆشخانەدا و لە دوارۆژ و پێشهاتێکی هەرگیز نەهاتوودا، من کەسێکی هیچ و نەبووبووم. تارمایی و ڕوحی ئەو تەرمە بووم کە لە ژێر پێخەفێکی کەسک و سووردا تەنیا پێیە زەرد و مردووەکانی دیاربوون. تەرمێک کە لە هەموو ئەوانەی بە خەمناکی وەستابوون و لە دانیشتندا دەگریان، پەرۆشتر بوو ڕووی بکوژەکەی بناسێتەوە. بۆیە جارێک دەبوو بە ڕوحێکی پەرێشان و کلۆڵ و لە خەونی مێرمنداڵێک لە ئاشکراکردنی ڕاستی دەگەڕا، جارێکی دیکە لە دونیای ئەوانە ڕایدەکرد کە لە پەنای دیوارێکدا لەسەر ڕەفتارێکی شۆڕشگێڕانە دەیکوژن و دواتر لە هەڵگرتن و شۆردن و ناشتنیدا لە خەڵکەکە خەمناکتر ڕۆندکی تیمساح دەبارێنن. بۆیە لەسەر قەرەوێڵەکەی مردندا و لە شارێکی دووری غوربەت من هەمان ئەو تەرمە بووم کە لە نێو مزگەوتەکەدا بینیبووم. وەک ئەوەی گەشتە تاڵ و شیرینەکانم بە نێو دونیای ڕاستی و وەهمدا تەنها بۆ ئەوە بووە کە ڕاستییەکم بۆ بسەلمێنێت کە بڵێم بکوژ هەتا سەر بکوژە و قوربانیش هەتا سەر قوربانی.

لەگەڵ دامرکانەوەی دەنگی ناخۆشی پرەمێزەکە و خشپە خشپی ئەو

دەستانەی چەند جارێک هەڵمدەگرن و دواتر جلەکانم لەبەر دادەکەن دەمشۆن، من دەمێک بوو توانایی ناسینەوەی ڕووی بکوژەکەم لە دەست دابوو؛ دەمێک بوو لە خەونێکی مێرمنداڵیم هاتبوومە دەر و دەستی برا بچووکەکەم بەردابوو؛ دەمێک بوو لەو خەباتە پەژیوان ببوومەوە کە بۆ سەرخستنی بابایەک بوو کە بە شەو لە کۆڵانێکدا دەمکوژێت و بە ڕۆژیش لە مزگەوتێکدا بە سەر تەرمەکەمدا دەگریت.

بۆیە دوای ئەو ئاکامە شوومە من هەرگیز نەگەیشتبوومە ئەو شوێنە دوورەی خاکی غوربەت و هەرگیز لە ڕێستورانتێکی یۆنانی لەگەل کیژێکی جوان دانەنیشتبووم. نەوەک هەرگیز نەمدەهێشت لەو دوارۆژە نەهاتووەدا دەستم بەسەر قەڵەمێکدا وشک بێت کە بەهۆیەوە دەمتوانی ڕووی بکوژەکەم ئاشکرا بکەم کە ئەمجارە ئۆتۆمبێلێکی ڕەش و تازەی پێبوو و بە قاقا بە کوشتنم پێدەکەنی...!

ئەدمنتۆن- ٢٠١٠

# شیشی کەباب

*تا کجا یابد کباب پور خویش*
*تا نماید انتقام و زور خویش*

مەولانا ج. رومی



شیشی کەباب...! هەندێک هەن هەر کە ئەوە دەبینن، لیک دەڕژێتە نێو دەمیان و پڕ بە کونە کەپۆیان هەوا و دوکەڵە کەی هەڵدەمژن، هەورەها کاس دەبن و بە خەیاڵ بۆ ئەو شوێنانە دەفڕن کە لێیانەوە هاتوون. کەچی بینینی ئەم دوو وشەیە بەسەر دەرگەی ڕێستورانت و دوکانی ئەو پەنابەرانەی کە لە ژوورەوە سەعاتی درێژ کەباب لێدەدەن، بۆ من لە مانایەکی تاڵ زیاتر هیچ شتێکی دیکە نییە. چونکە ئەگەر هەزار و یەک کەرەت بۆ خواردنی کەباب داوەت بکرێم، هێشتا ئەو ساتە تاڵانەم لە بیر ناچێتەوە کە ئەفسەرەکە گلۆپەکەی داگیرساند و خۆی و شیشی کەبابەکەی نێو دەستی لێم وە ژوور کەوت.

من بە خۆشی خۆم لە ژوورەکە دانەنیشتبووم.. پێشتر یەک مست، دوو مست، سێ مست و چوار مست لە ڕووم درابوو و بە سکی برسی سەعاتی درێژ لە ژوورە تاریکەکەدا هێڵدرابووەمەوە.

ژوورەکە بە شێوە لاکێشەیی و دەرگە ئاسنینەکەی وا پێدەچوو پێشتر تەوالێتی بینایەکی کۆن بوو بێت.

ئەفسەرەکە کە هاتە ژوورەوە شیشی کەبابەکەی دەستی هەڵمی لێ هەڵدەستا. لە بەرانبەردا من چەندە تەنێکی ساویلکە و نەزان بووم کاتێک میهرەبانیم لە ڕووی خوێندەوە و وام زانی کەسێکە هاوشێوەی شاگردە خەپە و ڕووخۆشەکەی ڕێستورانتی تاجریان. ئەو شوێنەی ساڵانێکی دوور لە کاتی خوێندن لەگەڵ هاورێکانم بۆی دەچووین.

بەڵام دەبووایە زوو بزانم لەو دونیایە ساویلکەیی وەک تەمەن و هەزار و یەک شتی دیکە هەتا سەر بۆ کەس ماڵ نییە بەر لەوەی بە لووت شکانێک لێیەوە نەهێیتە دەرەوە.

ئەفسەرەکە بەرگێکی جوان و پاقژی لەبەر بوو و بە پێکەنینێکی پڕ لە دەسیسە و فێڵ کەبابەکەی لە شیشەکە دەکردەوە و لە پێش چاوە برسییەکانی من هێواش هێواش دەیخوارد. ئەو هەتا کەبابەکەی تەواو نەکرد ورتەیەک لە دەمییەوە دەرنەهات. سەیرم پێهات کە دواتر چۆن گازی کەسێکی کرد هەتا شیشە کەبابێکی دیکەی بۆ بهێنێنن و لەو شوێنە ناجۆرە بیخوات.

ئەفسەرەکە سێ کەبابی لە بەردەمم خوارد.. من مەزەندەم دەکرد کە ئەو لە شوێنیکی دیکە ڕاهێنانی پێ کرابێت بۆیە جیا لەوانەی ڕۆژێک پێشتر بە مست کەوتبوونە سەرم، ئەو شێوازێکی سایکۆلۆژی هەیە و بە کەباب خواردن لە پێشم ئازارم دەدات.

کیژە ئاشوورییەکەی دواتر دەبێتە نزیکترین دۆست و هاوڕێم هەردەم قۆڵمی توند دەگرت کە بە بەردەم ڕێستورانت و دوکانەکاندا ڕەت دەبووین و بە کوردییەکی شکاوەوە دەیگوت « تەنیا جارێک لە بەر خاتر ئەمن کەباب بخۆ !»

ئەو پێ داگرتنە بەردەوامەی کیژە وەهای لە من کردبوو کە زەق و قووڵتر شیشی کەبابەکانی ئەفسەرەکەم بێتەوە یاد و هەرگیز نەچمە ژێر باری داواکەی. هەتا کار گەیشتبووە ئەوەی بە کەسێکی نەخۆشم تێبگات و دەردەکەشم ناو بنێت فۆبیای کەباب.

من لە شارە ئینگلیزییەکەدا سەرباری ئەوەی کارێکی باش و ژیانێکی ئاساییم هەبوو، لێ هەر کات کیژە ئاشووریەکە دەیەویست بە کەباب داوەتم بکات، ئەو یادەورییە تاڵە لە ناخمدا دووبارە سەری هەڵدەدایەوە و دەیخستمە نێو دونیایەک لە نیگەرانیی. هەتا ئەو ئاستەی خۆیشم باوەڕ بهێنم کە نەخۆشم و پێویستە بچمە بە دەرگەی دەروونناسەکانی شار، بەڵکە بە هۆی منەوە چارەی گرێ و گرفتێکی دەروونیی تازەیش دەدۆزنەوە.

من بە حوکمی ئەوەی چوار یان پێنجساڵێک بوو لە شارەکە دەژیام، کەسانی دیکەشم دەناسین. بەڵام چتاقیان وەک کیژە ئاشوورییەکە بابەتی خواردنی کەبابەکەی بەلاوە گرنگ نەبوو، یان کەس نەبوو وەک ئەو هەست بەوە بکات کە من لە ئاست وشەی کەبابدا گرێییەکی دەروونی سەیر و ئاڵۆزم هەیە.

دوای ئازادبوونم و ئاوارە بوونم بە نێو دوند و هەرد و شاخ و داخ و ڕوبار و ئاوەکانی سەفەر، شەوان شیشی کەبابی گەورە گەورە دەهاتنە خەونم و وەک ترسناکترین کابوس دەردەکەوتن. لە سەر جێگا جیاوازەکاندا بە ئاگا دەهاتم و تا دووبارە خەوم لێ دەکەوتەوە، لە سەر پشت تەماشای ئاسمان یان بانی ژوورەکەم دەکرد. لە شتێک دەگەڕام کە یارمەتیم بدات و دیمەنی شیشی کەباب بە یەکجاری لە زەینم بسڕێتەوە. بۆ من ئەو خواردنە ڕۆژهەڵاتییە ببووە نیشانەی دژواری و ئازارێک کە لە تەمەنمدا شتێک نەبوو بەو ئەندازەیە ترسناک و تۆقێنەر خۆی نیشانم دابێت.

بەر لە گەیشتنم بەو شوێنە لە جادەی تەقسیمات سەری بڕاوی هەندێک لەو گیانلەبەرانەم بینیبوون کە ناوییان لە کتێبە پیرۆزەکانیشدا هاتووە، کاتێک بە چاوی زەق و مردوویانەوە لە نێو فڕنەکاندا دەبرژان. هەروەها لەو شوێنەی لێی هاتبوومە دونیا زۆر جاران بە ڕێکەوت سفرە و خوانی ئەو پیاوانەم دەبینی کە خانووی گەورە گەورەیان هەبوو، لە ژوورەوە بەرخی برژاو و تەواو سەر پەل نەدراو دانرابوو هەبوون کە نێو سکییان پڕ کرابوو لە بریانی و دەسکێک کەرەوزیش خرابووە نێو شەویلاگ و ددانەکانیان. بەرخەکان چاوەکانییان زەق و تۆقیوو و سارد و دەرپەڕیو بوون، بەڵام دیمەنی دەمی بێ لێویان سیمایەکی زۆر پێکەنیناوی هەبوو کە نەتدەزانی لەو بەزمی خواردن و خواردنەوەیەدا بەرخەکان سەرفراز و شادترن یان ئەو پیاوانەی کە بە سک و سمێڵی گەورە و نێوچەوانی گرژەوە لە دەوریان ئاڵابوون و دەیانخواەدن.

لێ هێشتا دیمەنی ئەو هەموو هەڵواسین و لە شیش دانی ئەم گیانلەبەر و باڵندە و مەلانەی پێشوو وەک ناوی شیشی کەباب تەزووی ترس و نیگەرانی نە دەخستە نێو ناخم. وەک ئەوەی شیشی کەباب لە زەینمدا بوو نموونەیەکی بچووک بێت بۆ قەسابخانەیەکی گەلێک گەورە کە کوژرانی بەرخەکانیشی تێیدا ئەنجام درابێت.

من زۆر شت لە زاری کچە چینییە بوداییەکە فێربووم سەبارەت بە زەقکردنەوەی کوشتن و لە شیشەدانی مەل و قەل و گیانلەبەران. ئەو کەسێکی ڕووەگیایی بوو و بە درێژایی تەمەنی زاری لە گۆشت و هێلکەی هیچ بوونەوەرێک نە دابوو. بۆیە کە لە تەک ئەو بە جادە و شەقامەکاندا پیاسەم دەکرد هەستم بە جۆرە شادمانییەکی دیکە دەکرد، لەوەی لەگەڵ کیژە ئاشورییەکەدا دەرۆیشتم. ئەو دووانە هاوکارم بوون لەو کۆمپانیایەی کەوتبووە دەرەوەی شار و کاتێکی زۆری ژیانی ئێمەی لە بەرانبەر پارەیەکی کەمدا دەبرد. هەموو بەیانییەک هەرسێکمان لەگەڵ چەندانی دیکە کە هی چەند شوین و وڵاتی جیابوون لە چاوەڕوانی باسێکی سوور و سپی دەوەستاین کە کورسییەکانی ناوەوەی ڕەنگێکی مردوویان هەبوو.

مەسەلەی کەبابەکەی لێ دەربچێت، من هەستم بە نزیکییەکی زیاتر دەکرد لە کیژە ئاشورییەکە چونکە شتی زیاتر هەبوو لە یەکترمان نزیک بکاتەوە. کیژە ئاشوورییەکە ماکێکی گەورەی لە سەر ڕوومەتی چەپەی هەبوو کە بە ڕەنگە تەلخ و بۆرەکەی کەمێکی لە جوانی ئەو شێواندبوو.

لێ من لە پیاسە و گەڕانەکانمدا چاوەکانم بە جۆرێک جڵەو دەکردن کە هەرگیز بە هەڵەیش نەچنە سەر ئەو ماکە، نەوەک لەو دوورییەی سەر خاکی دوورگەکە ببم بە هۆکارێک بۆ ئازاردانی دڵ و دەروونی. ئەویش لە ئاست من وەها بوو هەرگیز ڕۆژێک لە بوونی دوو ماکەکانی سەر ڕووم چاوێکی پڕ لە پرسیار و گومانی هەڵنەبڕی. هەرچەندە ئەوانەی من لە بەر شێوە ئەندازەیی و لاکێشەییەکانیان هەزار و یەک پرسیاریان دەخستە نێو چاوی ئەوانەی بۆ یەکەم جار لە ڕووی منیان دەڕوانی. ئەوەی سەر ڕوومەتی ڕاستەم کەمێک لەوەی دیکە کورتر بوو ئەوەیش لە کاتێکدا بوو کە من لە ترسی ئازارێکیتر ویستبووم بەرگری نیشان بدەم و ئەو ڕوومەتەم نەدەمە دەست شیشی کەبابە داغکراوەکە، دوای ئەوەی ئەفسەرەکە بە ئاگری جگەرە داگیرسێنەکەی دەستی کە شێوەی دەمانچەیەکی تۆپڵی هەبوو خەریک بوو شیشەکەی لەوەی پێشوو داغتر دەکرد.

من کیژە ئاشوورییەکەم تا ڕادەیەکی زۆر خۆشدەویست، بەڵام هەر جارێک کە دەیگوت « با بچین کەباب بخۆین . . . با بچین کەباب بخۆین. « ئەو هەستە فەریکەی نێو دڵمم بۆ ماوەیەک لێ وێڵ دەبوو و دووبارە دەکەوتمەوە نێو گومان و دوودڵی و سەد باری دەروونی دیکەوە.

هەر لە بەر ئەو هۆیەش بوو بۆ نزیکەی دوو هەفتە خۆمم لە هەموو شتێک دۆزییەوە و نەمویست ئەوەی دەمناسێت و نامناسێت بیدوێنم یان بمدوێنێت. دەترسام نەوەک کەسێکی دیکە بە فێڵێکی دیکەوە تووشی گۆبەندێکم

بکات کە لەوەی پێشتر گەلێک درژوار و ترسناکتر بێت. ئەو ماوەیە زۆر جار بە تەنیا بە جادە و کۆڵانەکانی شارە ئینگلیزەکەدا پیاسەم دەکرد دوای ئەوەی هەریەک لە ماکەکانی سەرووم بە پۆدرەیەکی نزیک بە پێستم سواغ دابوون. بەوەش هەستم دەکرد تا ڕادەیەک توانیبووم نیشانەی پرسیار لە ڕوخساری ئەوانە بڕەوێنمەوە کە بەرەو ڕووم دەهاتن... کەچی نەدەکرا هەتا سەر ماکەکان بەو شێوەیە سواغ بدەم و واز لە چارەسەرییەکی یەکجارەکی و توکمە بهێنم بۆ ئەو کێشەیەی کە هۆی زمان لێدانی کەسێکی ناحەز و دەستی ئەفسەرێکی زاڵم کەوتبووە سەر ڕووم.

چەند ڕۆژێک بیرم لەوە دەکردەوە کە ملی ڕێگە بۆ دوکانی پیاوە ڕەشەکە بگرمەبەر و پێی بڵێم شوێنی ماکەکانم بە نیگارێکی ئەوەندە جوان و فەنتازی بکوتێت کە هەرگیز نەسڕێتەوە. بەڵام لەوەیش زوو دوودڵی دەیگرتم چونکە دەیانگێڕایەوە کە تەرمی کەسێکی بێکەس بۆ ماوەیەک لە مزگەوتێکی پەنابەراندا لە شارە ئینگلیزییەکە کەوتبوو و کەس ئامادە نەبوو بیشوات، هەر لەبەر ئەوەی شوێنێکی لەشی بە شێوەیەکی ڕەنگاورەنگ کو ترابوو.

تاوێک لە نێو بڕیاردان و بڕیارنەداندا مامەوە و هەرجارێک بە لایەکدا دەکەوتم. دواتر ئەو شتە بە کراوەیی لە زەینمدا مایەوە و نیوەی سەعاتەکانی شەو خەوی لە چاوانم بڕی. کە لە خەو ڕابووم و نانی بەیانیم بە چاوی ماندووەوە خوارد، لە جیاتی ئەوەی بەرەوە دوکانی پیاوە ڕەشەکە بچم پێیەکانم

منیان بەرەو باخچەیەک ئاراستە کرد کە لە ناوەوەی و لە ژێر دار چنارێکی گەورە و پیردا نیگارکێشێکی پیر دانیشتبوو.

کە هاتمە دەرەوە شادمان بووم لەوەی ناچمە کار و کاتێکی زۆرم هەیە بۆ بیرکردنەوە. هەرچەندە من پێشتر لە فرسەتی دیکەدا چەندین ڕێگای دیکەم گرتبووە بەر بۆ داپۆشین و زاڵ بوو بە سەر ماکەکان.

- جارێکییان لەگەڵ دکتۆرەکەم قسەم کردبوو تا عەمەلیاتێکی جوانکارییم بۆ بکات، بەڵام بێ ئەنجام مایەوە چونکە ئەستەم بوو مەسرەفەکەیم بۆ بکرێت.

- چەندین بار ماکیاژی ژنانەم بە کارهێنابوو، بەڵام هەرگیز وەک ڕۆژی دانانی پۆدرەکە نەمتوانی جارێکی دیکە ماکەکان لە نێو ڕەنگی پێستمدا بشارمەوە.

- هەوڵم دابوو تا دەکرێت ڕیشم درێژ بکەم، لێ دیسان ماکەکان لە بەر ڕێژەی زۆری سووتانیان لوس ببوون و نەموویان لێ دەڕوا نە وەک دوو دورگەی غەریب لە نێو مووە ڕەشەکانی ڕیشیشم بزر دەبوون.

- ڕۆژی وەها هەبوو بێزاری دەیگرتم و هەردووکیانم بە پلاستەر دادەپۆشی و نە گوێم دەدا بە وەسوەسەی ناخم نە بەو چاوانەی کە لە شوێنی پلاستەرەکانیان دەڕوانی.

هەر کە ئەو جۆرە پلانانەم دادەڕشت، بیرم لەوەش دەکردەوە کە سەرم هەڵبگرم و بۆ شارێکی تازە بچم کە تێیدا هەموو کەسەکان نەناس و نا

ئاشنا بن. بۆیە ئەو ڕۆژەی بەرەو دەرگەی باخچەکە ڕۆیشتم لە گچکە دوکانێکی سەر ڕێگا نەخشەیەکی گەورەی ولاتی سەر دورگەکەم کڕی کە بە گەورەیی خۆیەوە نەیتوانی ماکەکانی ڕووی من داپۆشێت.

لە باخچەکەدا لەسەر کورسییەک دانیشتم و نەخشەکەم بە فراوانی کردەوە. لەو باخچە دوورەی سەر خاکی غوربەت بێ ئەوەی بە خۆم بزانم بە دوای شارێکدا دەگەڕام کە ئاوێک لە ناوەندا شەقی کردبێت، وەک ئەوەی حەز بکەم بگەڕێمەوە ئەو شوێنەی کە لە سەرەتاوە لێی هاتبووم. ئەو شارانەی کە لە سەر خاکی نەخشەکەدا بریتی بوون لە بازنەیەکی خڕ و لە ناوەڕاستدا شەق کرابوون. یەک سەعاتی تەواو لە سەر کورسییەکە دانیشتم و بۆ هەڵاتن لە گرفتی ماکەکان یەخەی شارانم گرتبوو.

داوجار گوڕێکم دا بەر خۆم و بڕیارمدا بەرەو لای نیگارکێشە پیرەکە بچم، دوای ئەوەی چەند شارێکم لەسەر نەخشەکە دیار کردبوون. وەک ئەوەی لێم ڕوون بێت کە ئەو شوێنەی دەستی ئەفسەرێکی دڵڕەق دەیشێوێنێت، پەنجەی نیگارکێشێکی دڵنەرم جوانتری دەکاتەوە.

نیگارکێشەکە لەسەر کورسییەکی بچووک هەڵترونجا بوو و کۆمەڵێک کاغەز و فڵچە و بۆیەی لە ژێر پییێەکانی دانابوو. کە بەرەو رووی دەچووم لە دوورەو بزەیەکی ئامادەکراوم خستبووە سەر لێوەکانم. ئەو بێ ئەوەی بزەکەم هەڵبگرێتەوە یان لە ماکەکانی سەر ڕوومەتەکانم ورد بێتەوە، بەردەوام بوو لە وێنەکێشان. شادبووم بەوەی کە هێشتا لەو دونیایە کەسانێکی وەک کیژە

ئاشوورییەکە و ئەو نیگارکێشە هەن کە زەق و رەق ناڕوانە ڕووم؛ ناپرسن بۆچی ئەو ماکە کرێتانە لە سەر ڕوومەتەکانم بەو شێوەیە ئەندازەییە نەخشێنراون. وەستام و بزەکەی سەر لێوەکانم کەمێک گەورەتر کرد و بە هەڵۆیەکی یەکجار کورت سەری سپی نیگارکێشەکەم بۆ لای خۆم هەڵبڕی. ئەو بە پێکەنینێکی لە هی من گەورەتر و سەلاوێکی لە هی من درێژتر وەڵامی دایەوە. بەڵام کە من پەنجەی شایەتمانیم ڕەوانەی شوێنی سووتانی شیشی کەبابەکان کرد، ئەو لە پڕ وەک کەسێکی مۆمیاکراوی نێو مۆزەخانەی مەدام توسوا لە لەندەن خۆی و فڵچەکەی دەستی لە بەردەمم وشک بوو.

دوای تاوێک نیشانەیەکی گەورەی پرسیار لە سەر ڕووی دروست بوو وەک ئەوەی ئامادە بێت گشت پرسیارەکانی من بگرێتە خۆ.

من هەر کە لە نزیکەوە ڕووی نیگارکێشە پیرەکەم بینی ئارامی چەشنی باران ڕژایە نێو دڵ و دەروونم. بۆیە بێ ئەوەی زیاتر لە پرسیارە گەورەکەی سەر ڕووی ڕامێنم، دڵی خۆمم بۆ ئەو پیاوە پیرە کردەوە و چیرۆکی ژیانم لە ئەلفەوە بۆی گێڕایەوە. دوای بەجێهێشتنی نیگارکێشەکە چوومە لای سەرتاشخانەیەک کە ناوی ئاکرۆلان بوو و تێیدا ژنێکی قژزەردی چاوکەسک بەرەو ڕووم هات و منی ئاراستەی کورسییەک کرد کە پێشتر چەندین کەسی دیکە لە سەری بەر تیخ و مقەست درابوون. هەر کە دانیشتم بە ژنەکەم گوت کە قژە لوول و ڕەشەکەم بە سفر بتاشێت کە دوای ماکەکانی سەر ڕوومەتم دیارترین شت بوو منی پێ دەناسرایەوە.

ژنەکە بە هیچ شێوەیەک نەیپرسی کە بۆچی واز لەو قژە بۆڕ و ڕەشە دەهێنم کە سیمایەکی جوانی بە من بەخشیبوو. بەڵام کە لە دەنووکی باز و گوڵە سوورەکەی سەر ڕوومەتەکانمی دەڕوانی، وەهای پێشبینی دەکرد کە من دواتر چاویلکەیەکی ڕەش و تیشێرتێکی تەنگ بە لەش و پانتۆڵێکی کاوبۆی شین لەبەر دەکەم و خۆم بە جۆرێک دەگۆڕم کە بۆنی هیچ ڕابردوویەکم لێ نەیەت.

بەڵێ، من دەمەویست بە جۆرێک خۆم بگۆڕم کە ئیتر کەس نەمناسێتەوە؛ کەس نەزانێت چاوانی ڕەشم لە ژێر چاویلکە ڕەشەکەدا چ ڕەنگن؛ یان چی هەیە لە ژێر دەنووکی بازەکە و پەڕەی گوڵە سوورەکە.

سەرەتا دەمەویست بە نیگارکێشەکە بڵێم هەر ماکێکی سەر ڕوومەتم بە ڕەنگێک داپۆشێت، بەڵام لێم ڕوون بوو ڕۆژێکە و لە سەر لمی کەنار دەریادا خەو دەمباتەوە و تاوێک دەبۆرژێم.. ئینجا لە بەرچاوی پیادەڕۆیان و کەسە نیوە ڕووتەکانی دەوروپشتم کە وەک من لەسەر لمە گەرمەکە پاڵ دەکەون، تێشکدانەوەی خۆر لەسەر ترۆپکی کەپۆم بەجۆرێک شەوق دەداتەوە و ڕووم دەکاتە ئاڵایەک کە لە ڕووی نووستوی خۆمم خۆشتر دەوێت. بە خۆمم دەگوت دەبێت ئەفسەرەکە ڕووی منی بۆ ئەوە شێواندبێت تا لە هیچ ڕۆژێک و هیچ بۆنەیەکدا نەتوانم دەست بەم ئاڵایە بگرم بیشەکێنمەوە، ئاڵایەک کە لە دوورگەیەکی دوور و نێو جەنجاڵیەکی زۆر لە کەسانی نیوە خەوتوو و ڕووت، بێ خواستی ئەو پیاوە زاڵمە دووبارە ببوو بە ڕووم.

بیرۆکەی ڕەنگکردنی ماکەکانی سەر ڕووم دوای ئەو خەیاڵ کردنە خۆشەی سەر لمەکە زوو خۆی بەخشییە دەستی هەرەس و نەما. هەستم دەکرد لەوانە بوو دواتر ببووایە هۆی ئەوەی کە خۆم ئەوەی ژێر ڕەنگەکان هەیە بۆ ئەوانە بدرکێنم کە زیاد لە پێویست دەڕواننە ڕووم، بە تایبەت لە ڕۆژانی هەور و بارانی شارەکەدا لە کاتانەی ماوەی دریێژ دریێژ لە چاوەڕوانی باس لە ژێر چەتری سەر شۆستەکان دەمێنمەوە.

هەروەها دەمزانی کە دوو ڕەنگەکەی سەر ڕووی سپییم لە وەستان و ڕۆیشتنمدا هەرگیز وەک خەیاڵ کردنەکەی پێشوو دەرناکەون. بە تایبەت کە پاڵ نەکەوتبم و خۆر بەدەرەوە نەبێت هەتا تروسکاییەکەی لە سەر ترۆپکی کەپۆم بدرەوشێتەوە. هەڵبەت ئەو کاتانە من لە کەسێکی دیکە دەچم کە ئاڵایەکی دیکە هەبێت و خەڵکی شوێنێکی دیکە بێت.

بەرلەوەی بچمە سەرتاشخانەی ئاکرۆڵان لە یەکەم هەنگاوم بۆ دەرەوەی باخچەکە یەکەم کەس کە بەرەو ڕووم هات و بە وردبینیەکی زۆرەوە لە شتەکانی سەر رووم ڕاما، پیرەژنێکی گۆچان بە دەست بوو. کە بۆ چەند چرکەیەک لە بەرانبەرم وەستا و دەستی برد بۆ چاویلکەکەی تا دوو نیگارەکەی سەر رووم جوانتر بخاتە نیگای چاوە ورد و شینەکانی. من بەو سەرەتایە و ڕوانینەی ئەو هەستم کرد بە هەڵبژاردنی دەنووکی بازەکە و پەڕەی گوڵە سوورەکە هەڵەیەکی گەورەترم کردووە، لەوەی هەر لەگەڵ بیرۆکەی دوو رەنگەکان بمابایەوە. لێ، تازە کردبووم و ناچاربووم گوێ نەدەم

بە سەرنجی پیرەژنە چاوشینەکە و هەموو ئەوانەی دواتر لە سەر شۆستە و شەقام و ڕێگاکاندا بە جۆرێک لە ڕووی منیان ڕوانی و پرسیار و وەڵام لە یەک کاتدا لەسەر ڕوخساریان ڕوا.

ئەنجام.. دوای ئەوەی بە دوو نیگارەکانی سەر ڕووم گەیشتمەوە ماڵ یان ئەو شوێنەی لە جیاتی ماڵ شوێنی ژیانم بوو، چووم لە بەرانبەر ئاوێنەی سەر دەستشۆکە تاوێک وەستام و لە ڕووی خۆمم ڕوانی، زۆر زوو بینیم دوو دڵۆپ ڕۆندکی گەورە دەکەون. ڕۆندکی یەکەم لەسەر دەنووکی بازەکە لەنگەری گرت، ئەویدیکەش چووە سەر پەڕەی گوڵەکە. دانیشتم و دەنگی میزکردن نەغمەیەکی نەشاز و ناخۆشی خستە نێو زەینم وەک ئەوەی هێشتا قەید و بەند لە ژووره تاریکەکەی پێشوو دابم کە لە تەوالێت دەچوو.

ئەو دەنگە نەیتوانی ماوەیەکی درێژتر من دوا بخات لە جارێکی دیکە کردنەوەی ئەو نەخشەیەی لە دوکانە گچکەکەدا کڕیبووم یان لە گەڕان بە دوای شارێک کە من وەک کەسێکی فەریک و تازە بگرێتە خۆی. چاوەکانم خێرا بە سەر ناوەکاندا دەگەڕان کە زۆربەیان قورس و نامۆ بوون. زۆری نەخایاند چاوێکم کلکی ڕووبارێکی کورتی گرت و لەسەر پنتێک گیرسایەوە کە نوێنەرایەتی لە شارێک دەکرد. هەستم کرد ئەوە باشترین هەڵبژاردنە کە لە ژیانمدا هەم بوو بێت، ناوی شارەکە بە یەکەم پیتی ناوی دایکم دەستی پێدەکرد و دوا پیتیشی بە دوا پیتی ناوی باوکم کۆتایی دەهات. بە قووڵبوونەوە لەو پنتە ڕەشەی جوانی و جەنجاڵی شارێکی دەگەیاند،

چوومە بارێکی دەروونی سەیرەوە وەک ئەوەی من گشت جەنجاڵیەکانی گەردوونم بم و بڕژێمە نێو پنتە ڕەشەکەوە، چەشنی ئەو بارەی لە کتێبەکانی زانست و ئەستێرەلۆژی بە کۆتایی کۆتاییەکان ناوزەدکراوە.

لە پڕ من بووم بە کەسێکی دیکە و بە جادەکانی شارێکی دیکە پیاسەم دەکرد. لەوێندەر ناوم حوسامە و کوڕی پیاوێکی کوردپەروەرم کە ساڵانێکی دوور ئاوارە بووە و لەو شارە پەنابەرە. دوای ئەوەی خۆی بە کەسێکی فاشیل دەزانێت و خووی تەواوی دەدات بە کتێب خوێندنەوە، دایکم بەجێیدەهێڵێت و بۆ پێگەیاندنی من و براکەم دەچێتە شارێکی دیکە و قورسترین کار لە کۆمپانیایەکی جل و بەرگ دەکات.

براکەم ناوی سەلامە و ئێستاکە من و ئەو لەو شارەی ڕوبارەکە لە ناوەراستیدا لەتی دەکات دوو گەنجی تەمەن بیست و پێنج ساڵانین. یەکێکمان بیست دەقیقە یان نیو سەعاتێک لە ئەویدیکە زووتر سەری خۆی هێناوەتە نێو دونیا. بەڵام ئەوە نهێنییەک بوو نە بۆ دایکم و باوکم، نە بۆ ئێمەیش تا گەورەش بووین ساغ بووەوە. من و سەلام نزیکەی بیست ساڵە ڕۆژانە شەڕمان لەسەر ئەوە بوو کە کامەمان برا گەورەین. دواجار هەردووکمان لە ڕێستورانتێک بە ناوی کڵاوی ئاغا دانیشتبووین، پاش ئەوەی سەلامی برام گشت سەرقاڵییەکانی ئەو ڕۆژەی بەجیهێشتبوو و منی بۆ نانخواردن گازی ئەو شوێنە دڵگیرە کردبوو. ئەو لە تێلیفۆن زۆر بە تەوسەوە قسەی دەکرد و دەیگوت « برای بچووکم حوسام، من ئەو ڕۆژنامەیەش لەگەڵ خۆم

دەهێنمە ڕێستورانتەکە کە لێکۆڵینەوەکەی تێدایە و دەیسەلمێنێت کە منم برا گەورە.» لە ڕێستورانتی کڵاوی ئاغا، کە تازە لە ناوەراستی شارەکە کرابووەوە و لە پەنجەرە زۆرەکانیدا ڕوبارەکەت بە جوانی دەبینی، من و سەلام لە بەرانبەر یەکتری دانیشتبووین. سەرەتا باسمان لە ڕەگ و ڕیشەی ناوی ئەو ڕێستورانتە و خاوەنەکەی کرد کە بە پارەیەکی زۆر بەر لە چەند ساڵێک بوو هاتبووە شارەکە.

دوای کەمێک کوڕێکی گەنج هات کە کڵاوێکی ڕەنگاورەنگی کوردانەی لەسەر بوو و خواردنەکانی لە سەر مێزەکەی بەردەممان دانا. کەمتر لە دوو دەقیقە ڕەت بوو و هەریەکێکمان نەفەرێک کەباب و دوو قاپ سەڵات و پەرداخێکی ماستاوی لە پێش خۆی بینی. من ئەو کاتە چووبوومە نێو ڕۆژنامەکە و خەریکی خوێندنەوەی ئەو لێکۆڵینەوەیە بووم کە سەلامی برام لە تێلیفۆندا بە تەوسەوە باسی لێوە دەکرد. لێکۆڵینەوە درێژەکەی نێو ڕۆژنامەکە دەکرا لە ڕستەیەکی کورتی بەو شێوەیەی خوارەوە کۆبکرێتەوە:

[ لە نێوان دوو برای جمکدا، ئەوەی یەکەمیان کە ئەگەر بە دەقیقەیەکیش زووتر سەری هێنابێتە نێو دونیا، زیاتر حەز لە گۆشتی سوور دەکات.]

بەوە لە ئێستاوە من لەو شەڕە بیست ساڵییەی لەگەڵ براکەم دۆڕابووم، چونکە هەر کە سەرم لەسەر ڕۆژنامەکە هەڵبڕی بینیم قاپەکەی بەردەمی سەلام دوو دانە کەبابی برژاوی تێدایە، کەچی ئەوەی من کە پێشتر بە کەباب بینیبووم بریتییە لە نیو مریشکی سوورەوە کراو. ئیتر لەوە بە دواوە

ئەوەی بەرانبەرم دانیشتبوو برام نەبوو بەڵکو هەمان ئەفسەرە دڵڕەقە بوو کە بە شیشی کەبابەکە ڕوومەتەکانمی داغ کردن.

دوای ئەو داغ کردنە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ کەس نەهات دەرگەی ژوورەکە بکاتەوە. بە درێژایی ئەو چل و هەشت سەعاتە لە تاو ئازاری ڕووم نەمتوانی چرکەیەک بخەوم. نێو ژوورە تاریکەکەی لە تەوالێت دەچوو زۆر زۆر گەرم بوو و زوو هەو و کێمی خستە نێو برینەکانم. ئەوەیش بە ئەندازەیەک ئازاری سووتانەکەی قووڵ و زێدەتر دەکرد، بە تایبەت ئەو کاتەی لە برسیەتی پەنام بردە بەر ئەو تیکە نانە وشک و ڕەقانەی ڕۆژانی پێشوو و دەستم بە جووینیان کرد.

من نەمدەزانی ئەفسەرەکە ناوی سەلامە، تا ڕۆژێک دواتر دەرگە کرایەوە و یەکێک لە پاسەوانەکان ناوی بە گوێمدا چرپاند کە دەیەوێت بمبینێت. چاوەکانم سوور هەڵگەڕابوون و نەمدەتوانی ڕاست وچەپی خۆم ببینم. دواتر لە ژوورێکدا خۆم بینیەوە و پەرداخێک شەربەتی پورتەقال لە سەر مێزەکەی بەردەمم دانرابوو. کەسێک هاتە پاڵم و دەستێکی خستە سەر شانم. دواتر بە حاڵ بۆ گوێچکەیەکم قسەی دەکرد و دەیگوت «حوسام گیان، من سەلامی برا گەورەتم دەڵێیت نامناسیتەوە؟»

بۆ من نەغمەی دەنگەکە نامۆ نەبوو دەتگوت هی کەسێکە کە ساڵانێکی درێژ ئاشنایەتیم لەگەڵدا هەبووە. بەڵام کە سەیری شوێن و سەرچاوەی دەنگەکەم دەکرد، لە تارماییەکی لێڵ و شێلو زیاتر هیچ شتێکی دیکەی

پێ نەدەگوتم.

لێرەوە هەستم دەكرد ئەو شوێنەی لێی بووم، بریتییە لە ڕێستورانتێكی خۆش كە تێدا من كەسێكی نیوە كوێرم و لە لایەن برایەكمەوە داوەت كراوم. كە بە دەنگە پڕ لە سۆزەكەی سیحرێك لە ئاخاوتن دەخاتە نێو گوێیەكانم وەهام لێ دەكات ئەوەی برا نییە لێم ببێت بە برا و ئەوەی برایشە ببێت دژوارترین نەیار.

پێشتر كە منیان خستە نێو ئەو ژوورە تاریكەی لە تەوالێت دەچوو، ئەوەندەی هێنام و بردم نەمزانی هۆكاری دەستگیركردنم چییە. بۆچی فەرمان بە دوو چەكدارەكە درا تا قۆڵ بەستم بكەن و فڕێم بدەنە شوێنێك كە شایستەی دڕندەترین دڕندەش نییە.

سەلام ئەو كەسەی لە شارە تازەكەدا برام بوو، بە دیار خواردنی كەبابەوە لەوپەڕی دڵخۆشیدا بوو بە سەركەوتنەكەی، دەستی بە گێڕانەوەی نوكتەیەك كرد بێ ئەوەی بپرسێت كە ئایا من حەز بە بیستنی دەكەم یان نا.

لە شوێنێكی زۆر دووردا كەسێك دەسەڵاتی دونیای پێ درابوو، بەڵام شوێنەكەی تا ئەوپەڕی ئارام و بێ كێشە بوو. بۆیە ئەوەندەی بیری دەكردەوە نەیدەزانی دەسەڵاتەكەی بۆ چ شتێك بە كار بهێنێت. پاشان تەواوێك بیر و زەینی خۆی هیلاك كرد كە چ بكات بۆ ئەوەی كەمێك لەو دەسەڵاتەی خۆی نیشانی خەڵك بدات.

لە ئەنجامدا ڕۆژێک وەک هارونە ڕەشید جلی گەدا دەکاتە بەر و بە کۆڵان و شەقامەکانی شاردا دەگەڕێت. بەڵام بۆ ئەوە نا هەتا لە باری ژیان و گوزەرانی خەڵک بپرسێت، بەڵکو بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی شیاو بۆ سەپاندنی دەسەڵاتەکەی. ئێوارە گەیشتە نزیک پارکێکی ناوەراست شار و دیتی وا گەنجێک خەریکە شتێک لە سەر دیواری تەوالێتی پارکەکە دەنوسێت. بەو دیمەنە قەڵس دەبێت و ئاوڕ لە دوو چەکدارەکەی یاوەری دەداتەوە و دەڵێت لە ئەمرۆوە ئەو تاوالێتە دەبێت بکرێت بە زیندان و یەکەم کەس بۆ تاقی کردنەوە براکەی منی تێدا ئەشکەنجە و بەند بکرێت.

سەلام لەگەڵ تەواوکردنی نوکتەکەی بە قاقا لە نێو دڵییەوە پێدەکەنی و منی خستە نێو گومانێکی گەورەوە لەو سەرکەوتنەی کە بەهۆی ڕۆژنامەیەکی بیانی وە دەستی هێنابوو. بۆیە لێرە بە دواوە سەلام ئەو برا دڵسۆزەی جاران نەبوو، بەڵکو شتێک بوو لێل و وێڵ لە پێش هەردوو چاوە ڕەش و سوورهەڵگەڕاوەکانم دەجوولا.

بەوە من لە نێو پنتە ڕەشەکەی سەر نەخشەکە دێمە دەرەوە و نەفرەت لەم شارە دەکەم کە تێیدا برایەکی پشتیم گەورەترین خیانەتم لێ دەکات.

نەخشەکەم هەر بە دەستەوە بوو، لێ دوای ئەو شارەی کە تیپەکانی هی ناوی دایکم و باوکم بوون و تێیدا برایەکەم نوکتەیەکی شەیتانانەی گێڕایەوە، ئیتر حەوسەڵەم نەما بە دوای شارێکی دیکەدا بگەڕێم. خەمناک نەخشەکە لە سەر ڕانە ڕووتەکانم کۆ دەکەمەوە و بە دڵێکی ساردەوە هەڵدەستمەوە.

بەڵام هێشتا بۆ جاری دووەم لە ئاوێنەکەدا نیگارەکانی سەر ڕوومەتەکانم نەبینیبوو، شەقێکی بە هێز لە لا ڕوومەتێکم درا و منی یەکسەر هێنایەوە نێو ئان و سات.

گێژ بووم و بە هەر چوار دەورمدا ئاوڕم دایەوە.

ئیتر کە بینیم هێشتا هەر لەو ژوورەم کە تییدا پەرداخە شەربەتەکەم لە بەردەم دانرابوو، نەمزانی چی بکەم و چی بڵێم؟ ئایا گشت ئەوەی پێشوو بە زیندەخەونێکی شیرین و تاڵ بزانم کە لە ئەنجامی کوتانم و سووتانم و خەوزڕانمدا لە نەبوونەوە لە نێو زەینمدا چێ ببوو، یان ناوی بنێم قەدەرێکی ئاڵۆز و دوور کە لەوانەیە لە دوارۆژێکی دووردا بەم شێوەیە شێوە خۆیم پێشان بدات..!

ئەدمنتۆن- ٢٠٠٩

# بێ

[کەلبوون  فێری کردم کە وازبهێنم لە بوون بە بۆرخیس]

بۆرخیس



سەرەتا چیرۆکەکە بە تیپی ( باء )ی زمانی عەرەبی یان عیبری ناو دەنێت..! تیپێک کە لە بنەڕەتدا دوای (ئەلف) بێت.

ئەو لە ژێر کاریگەری چیرۆکێکی جوانی نووسەرێکی بە ناوودەنگدا، هەر لە ئێوارەوە سەری ماشوبرنجی بە سەر کاغەزێکی سپییدا گرتووە و لە جیاتی دانانی تیپی (باء) وەک تایتڵ، لە سەروو نووسیویەتی (بێ). چونکە ئەم تیپەی وەها بە شیوە کوردییەکەی لە لا جوانترە، بە تایبەت کە پێش (ئەلف) نەکەوتووە وەک تیپی (باء) لە زمانە سامییەکان.

بە ناونانی چیرۆکەکەی بە تیپی ( بێ ) ی زمانی کوردیی، سەرەتا کەمێک دوو دڵ بوو، بەڵام بۆرخیس لای ئەو هێندە مەزنە، بۆیە حەزیکرد بە ریتمی ئەلفوبێی ئەدەبەکەی وی شتێک بە کوردیی بنووسێت. هەرچەندە لەوانەیە چیرۆکی ( بێ ) کە خەریکە بینووسێت سەقەتترین لاسایی کردنەوە بێت بۆ چیرۆکی ( ئەلف )ی بۆرخیس.

لە سەرەتاوە ئەو نایەوێت دوای نووسینی یەکەم ڕستە، یەکسەر بچێتە نێو قووڵایی کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان ئەوانەی بەم دوو زمانە کۆنە قسە دەکەن. چونکە هەرگیز حەز بە نووسینی چیرۆکێک ناکات کە بۆنی سیاسەت و ململانێی لێ بێت، یان سەر ڕووپەلی کاغەزەکانی بکات بە مەیدانی خەڵک بەگژ یەکتردا بردن.

زۆر جار لە چیرۆکە کۆنەکانی وشەی خوێن دەبینرێت، لێ نازانێت چ ناوێک لەو جۆرە دڵۆپە خوێنانە بنێت کە لە نێوان هەندێک لە وشەکانییدا فرچک دەکەن و لە پڕ کیژێکی چاوگەش دەهێنە نێو بەزمی گریانێکی کپ و تەڕ. بە تایبەت لەو کاتانەی ئەم چیرۆکەی دەخوێننەوە کە بۆ کوژرانی کچێکی نووسیبوو کە بەر لە ساڵانێکی زۆر لە ژێر دار زەیتوونەکانی نزیک بە ماڵی باپیری بە بەرد کوژرا بوو.

یوسف پەنجەکانی بە نێو مووی سەری ماشوبرنجیدا دەگێڕێت و دەیەوێت چیرۆکێک بنوسێت ناوی ( بێ ) بێت. دوای ئەوەی چاویلکەکەی چەند جارێک بەسەر کەپۆ و گوێچکەکانیدا دەجوولێنێت، بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن بۆرخیس لە چیرۆکێکدا بەم شێوەیە پێشبینی لە کوێربوونی خۆی کردووە لەو کاتەی کارەکتەرێکی بە ناوی بۆرخیس شت لە نێو رووناکیەک دەبینێت کە شێوەی تیپی (ئەلف)ی هەیە. بۆرخیس لە ماڵی هاوڕێیەکی شاعیریدا لە تاریکایی ژێر زەمیندا لە سەر پشت ڕاکشاوە و لە پڕ ئەلفێکی سپیی و بللورین بە ڕوویدا دەرەکەوێت کە ئەفسووناوییە و شتگەلی سەیر

و ناوازەی لێوە دیارە. ئەو ئەلفەی بۆرخیس لە ژێر زەمینی ماڵی کارلۆس ئەرجەنتینۆ دانیری-دا دەیبینێت بریتییە لە تەلیسمێک کە گشت خاڵەکانی گەردوون دەگرێتە خۆی. کەچی بەرلەوەی بۆرخیسی کارەکتەر لە چیرۆکی (ئەلف) دا ئەو دیارییە سیحراوییەی ماڵی دانیری هاوڕێی ببینێت، هەست دەکات ئەوە تەڵە و پلانی کوشتنە کە ئەو شاعیرە سادەیە سەرشێتانە بۆ کوشتنی وی سازی داوە.

یوسف لەوە زیاتر نەیدەویست لە چیرۆکەکەی بۆرخیس قووڵ بێتەوە، نەوەک یەکسەر ئەو هاوڕێ بە ناو برا و پشتەی بێتەوە یاد کە لە رۆژگارێکی تاڵ و بەسەر چوودا تەواو پێچەوانەی نوواند و زمانی ژەهراوی لەو دا. لە لایەکی دیکەشەوە نەوەک ئەو چیرۆکەی بە هیوایە بینوسێت کتومت چاولێکەرییەکی ساویلکە دەربچێت بۆ چیرۆکی ( ئەلف ) ی بۆرخیس و دواتر وەک ئەو جارەی پێشوو بیخاتە ناو گێژاوێ لە تانە و پلار.

یوسف هێشتا ئەو رۆژانەی بیرنەچۆتەوە کە چیرۆکی [تەرمی ژێر زەیتوون] ی بڵاوکردەوە و سەرباری جوانیی و جوداییەکەی لە چیرۆکی نووسەرێکی بە ناوودەنگی سالآنی شەست بە ناوی [تەمی سەر زەیتوون]، زۆر کەس بێ ئەوەی ئەو دوو چیرۆکەیان خوێندبێتەوە بە دەیان نووسینیان دژ بە چیرۆکەکەی ئەو نووسی و بە دەقێکی سەقەتی لاساییکردنەوە ناویان برد. دەیانگوت ئەوە چ جۆرە نووسەرێکە خەیاڵی تا ئەو ئاستە بڕ ناکات کە ناوێکی تایبەت بە خۆی بۆ چیرۆکەکەی هەڵبژێرێت. لە ڕۆژگارەکانی

ئەو هەڵڵایەی دژ بە یوسف کرا، کەس نەبوو لە ناواخنی دوو چیرۆکەکە بکۆڵێتەوە و بزانێت جگە لە وشەی زەیتوون چیتر هەیە لە یەکتریان بچووێنێت.

چیرۆکەکەی یوسف بە کورتی باسی لە بەسەرهاتی کێژۆڵەیەکی جوان دەکرد کە لە شارۆچکەیەکی بن شاخێکی پڕ لە دار زەیتوون بە بەرد دەکوژرێت، چونکە کیژە بە ئاشکرا ئەوینی خۆی بۆ کوڕێکی دراوسێیان دەربڕیبوو، مەمکە جوانەکانی خۆی دابووە دەستی ئەو یارە لە جیاتی ئەوەی بۆ کاتێکی درەنگتر هەڵیانبگرێت، یان لە ئەنجامی ترسێک بوو نەوەک بە زۆردارەکی بکەونە چنگی ئەو ئاغایەی کە بە چاوێکی نزەوە بە ڕێکەوت بەر ماڵیان ڕەت بووبوو و تێر لە جوانیی و ڕوخساری ڕاما بوو. کیژە دەیزانی دواتر بێ ئەوەی ئەم پەیڤانە بە هەمان شێوە لە زاری بن سمێڵە قەیتانییەکانی ئاغا دەربچن، بە دوای باوکیدا دەنێرێت و هەر وەهایش دەڵێت: (حاجی کە هەنارەکانی کیژۆڵە جوانەکەت تەواو پێگەیین، ئاغاژنی من لەوانەیە مردبێت و منی تەنیا بەجێهێشتبێت؟) لێ، چیرۆکی نووسەرە بە ناوودەنگەکەی ساڵانی شەست، پاکانەیەکی درەنگ وەخت بوو بۆ قەدەری قەلەڕەشە بە ناو خائینەکەی نێو حیکایەتی حەزرەتی نووح. هی ئەو بۆ سەردەمێکی دوور و نادیارتر دەگەڕایەوە، هەروەها زۆر جوایەز لەوەی یوسف کە لە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەوە هەڵێجنرابوو. لەم چیرۆکەیدا قەلەڕەشەکە زۆر لە کۆترەکە چاوتیژ و بیرتیژ و ڕەوانتر لە خوارەوەی ڕوانی بوو و بۆ وشکاییەک گەڕابوو. ئەو بەر لە کۆترەکە شوێنی دار زەیتوونەکانی دۆزیبووەوە، کە

دواتر کۆترەکە چڵە زەیتوونەکەی لێ هەڵگرتەوە و سەرفرازانە گەڕایەوە لای حەزرەتی نووح.

قەلەڕەشەکە ماوەیەکی درێژ بەسەر ئەم تەمومژە خولابووەوە کە ئاسمانی دار زەیتوونەکانی داپۆشیبوو، وەک ئەوەی پێشتر زانیبیەتی کە لە ژێرەوەیدا وشکاییەک هەیە. ئەو دەخوولایەوە و تەمومژەکە ڕێگەی پێ نەدەدا خوارەوە بە تەواویی بخوێنێتەوە. بەڵام کە کاتی ئەوە دێت نووح ئەمجارە کۆترێک ڕابسپێرێت و بنێرێت بۆ پشکنینی وشکایی، قەلەڕەشەکە دەمێک بوو بە باڵەکانی شەکەتەکانی و لە نێو تەمومژدا ون بووبوو.

سەیرکە ئەو دوو چیرۆکە چییان لە یەکتری دەچێت، هەتا یوسف بەوە تاوانبار بکرێت کە چاولێکەرییەکی بێشەرمانەی نووسەری [تەمی سەر زەیتوون]ی کردۆتەوە. دەبێت چ گۆبەندێکی دیکەی بۆ بێتە پێش کاتیک چیرۆکی (باء) لە ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێکدا بڵاودەکاتەوە. چەند کەس لە ڕقی یوسف بچن دە جار و دوازدە جار چیرۆکی (ئەلف)ی بۆرخیس هەڵگێڕ و وەرگێڕ بکەن تا بزانن چیرۆکی (بێ)ی یوسف چ حەرفێکی لەوەی بۆرخیس دەچێت. ئەوان دیسان نووکی قەڵەمەکانیان دووبارە دەسوونەوە و دووبارە ڕووپەلی ڕۆژنامەکان بە ڕەخنەی زەق و ڕەق پڕدەکەنەوە.

یوسف لە باخچەکەدا دەیەوێت سێیەمین ڕستەی چیرۆکەکەی بنووسێت و هەوڵدەدات بیرکردنەوە لەم ڕۆژگارە تاڵانە زوو لە خەیاڵیدا بسڕێتەوە. چونکە هەست دەکات ئەو پێشتر بە نووسینی چیرۆکی [تەرمی ژێر زەیتوون] ئەگەر

هیچی شتێکی نەکردبێت وەهای  لە گەلێک لە خوێنەران کرد کە بچن دووبارە و دووبارە [تەمی سەر زەیتوون] بخوێننەوە و لە مانا شاراوەکانی بگەن. قومێک لە قاوەی سەر مێزەکە دەدات لە نێو هەمان فینجانە تایبەتیەکەی زولەیخا کە بەر لە مردنی ڕۆژانە بۆ ماوەی چوار ساڵ قاوە، چایە، یان هەرشتێکی دیکەی تێدا دەخواردەوە.

یوسف ئەو ڕۆژەی لە ئێستاکەی زیندووتر دەهاتە بەرچاو کە هەمووی ساڵێک بوو هاتبووە خاکی غوربەت و چەند مانگێکیش بوو لەگەڵ زولەیخادا دەژیا. لەو کاتەی پێکەوە دەچنە دوکانێکی دەستی دوو و زولەیخا ئەم فینجانە قاوەیە دەکڕێت، چونکە وێنەی میناتۆرێکی کۆنی لە سەر نەخشابوو کە تێیدا ڕووی ژنەکە کتومت لە هی دایکی دەچوو. زولەیخا سەرسام دەبێت و بە پارەیەکی کەم دەتوانێت ئەو فینجانە خەزەفە بکڕێت کە دەتگووت بە تایبەتی بۆ ئەو دروست کراوە.

یوسف دووبارە سەری بەرەو کاغەزەکەی ژێر دەستی شۆڕدەکاتەوە و هەردوو چاوەکانی دەکەونە سەر هەردوو وشەی عەرەبی و عیبری.. ماوەیەک دا دەمێنێت نزیکی و خزمایەتییەکی بێ وێنە لە نێوان ئەم دوو نەتەوەیە دەبینیێتەوە. ئەو نازانێت بۆچی بۆرخیس لە چیرۆکی (ئەلف) دا، لەو کاتەی لە زاری دانیری- دا وەسفی تایتلی چیرۆکەکەی بۆ خوێنەران دەکات بە ئاماژەی زمانی عەرەبیی نەکردووە.

لێرە زیاتر دەچێتە نێو بیرکردنەوە لە چیرۆکی (ئەلف) و بە هەمان

شێوە و زیندوویی بیاتریز لە زەینی بۆرخیسی کارەکتەردا، بوونی زولەیخا لە هیی خۆیدا دەبینێتەوە. دەڵێیت بەسەرهاتەکانی نێو چیرۆکەکە و ژیانی ڕاستەقینەی ئەو، دوو شتی دووبارە و کۆپیکراوی یەکترن. لە چیرۆکەکەی بۆرخیس- دا بیاتریز لە مانگی دووی سالی ١٩٢٩ دەمرێت کەچی زولەیخا لە مانگی سێی، ١٩٩٩ ڕێک دوایی حەفتا ساڵ و یەک مانگ، ئەو دوو ژمارەیەی تا بڵێیت لە فەرهەنگی بۆرخیس- دا جێگای ڕامان و سەرنجن.

زولەیخا وەک بیاتریز جوان بوو، بەڵام درێژی و ناسکییەکەی ئەو چەندە لە ژیاندا خزمەتکاری جوانییەکەی بوون، دە بەرانبەر لە مەرگدا زیانبەخش و ناجۆر. بە تایبەت لەو کاتەی کۆمەڵێک لە پیاوانی فریاکەوتن و پۆلیس کاتژمێری درێژ بە دیاریەوە وەستا بوون و نەیاندەتوانی جەستە خوێناوییەکەی لە ئۆتۆمبێلە ڤۆڵکس واگنە شێوە کیسەڵیەکە دەربهێنن.

پتر لە سەعاتێک بەسەر دانیشتنی لە باخچەکەدا تێپەڕیبوو و کەچی لە هەردوو کەلیمەی عەرەبی و عیبری بترازێت یوسف نەیتوانیبوو چتاقە شتێکی دیکە بنووسێت. لێرەدا هەستی دەکرد کە بۆرخیسیش لەوانەیە لە نوسینی (ئەلف)دا مودەتێک دامابێت، بۆیە تا یەکێکیانی نەکردووە بە قوربانی ئەویدیکە نەیتوانیووە هەر لە سەرەتاوە چیرۆکەکەی بهێنێتە سەر کاغەز.

بەڵام یوسف سوورە لەسەر ئەوەی چیرۆکی (بیّ) بەو شێوەیە بنووسێت کە خۆی دەیەوێت، وەک ئەوەی بزانێت کە نووسەرێکی دیکە لە ئانوزەمانێکی

دیکەدا تیپی سێیەمی ئەم دوو زمانە کۆنە دەکات بە تایتلی چیرۆکێکی و شتێکی دیکە دەڵێت کە لە (ئەلف) و (بێ) ەکەی ئەواندا نەگوتراوە.

یوسف بەر لەوەی چیرۆکی (ئەلف) بخوێنێتەوە، پێشتر هەردەم بیری بۆ نووسینی چیرۆکێک دەچوو کە ناوی (سین) بێت، چونکە ئەو تیپە سەرەتای وشەیەک بوو کە پڕ بە دونیا خۆشیدەویست. بۆیە دەیەویست پاڵەوانی چیرۆکەیشی ناو بنێت سوفی و بیکات بە ئەویندارێ لە ڕێگەی عەشق و جاویدان.

ساڵانێک بەر لەوەی زولەیخا تاق و تەنیا بەجێیبهێڵێت، ئەو لە باخچەی ماڵەکەیدا هەر لە هەمان شوێنی ئێستاکەی دادەنیشت و ناوی خۆی چەند جارێک لە سەر کاغەزێک دەنووسێتەوە و تیپەکانی تێکەڵوپێکەڵ بە یەکتریی دەکات. هەتا لە پڕ ناوی خۆی لێ دەبێت بە سوفی. ئیتر لەو ڕۆژەوە بە دواوەوە هەر جارەی لە ناوی خۆی ڕادەمێنێت، ئەو سوفی دەخوێنێتەوە لە برِی یوسف. وەک ئەوەی ئەو ناوە تازەیەی جیفرە و کۆدێکی شاراوە بێت و لە ئەزەلەوە لە ناخیدا چێنرابێت، تا ئەو ئاستەی لەگەڵ کۆچی تاقە ئەویندار و دوا ئەوینداری، ئیتر هەموو عەشق و سووتانی خۆی بە خودا بسپێرێت.

لە کاتی نووسینی چیرۆکی (بێ) دا بە تەواویی تەسلیمی ئەو پێشبینییەی بووبوو کە لە هەر سەردەم و زەمانێکدا کەسێک لە ژێر کاریگەری چیرۆکەکە بۆرخیس یەک لە تیپەکانی دوای (ئەلف) و (بێ) دەکات بە

تایتلی چیرۆکێکی و دیوێکی دیکەی دونیا دەخاتە ڕوو کە لە ئەلفە تەلیسماوییەکەپێشان نەدراوە. بەڵام یوسف بەرلەوەی لە سەرووی لاپەڕەکە بنووسێت- بێ، لە لاپەڕەیەکی دیکە ناوی زولەیخای بە چەند شێوەیەک نووسیبوون و دەیخوێندنەوە. هەرجارەی دەگەیشتە کۆتاییان، لەسەر ئەلفەکان دەوەستا و چیرۆکەکەی بۆرخیسی دووبارە و دووبارە دەهاتەوە خەیاڵ، هەستی دەکرد ڕۆژێک ئەویش لە ڕامانێکی قووڵی بۆ ئەلفەکەی ناوی زولەیخا، یادەوەییەکانی لە هەموو جارێک زیندووتر و ڕەوانتر پێشان دەدرێن.

بە بیرهاتنەوەی چیرۆکی (ئەلف)، ئەوجارە یوسف ناوی بیاتریز لە پاڵ ناوی زولەیخا دەنووسێت و دەیەوێت چەند جار لەسەر یەک بیخوێنێتەوە. بەڵام دەبینێت هەر لە سەرەتاوە چاوەکانی دەنیشنە سەر ئەو تیپەی کە ناوی زولەیخای پێ دەست پێدەکات و سەدای ز . . ز . . ز . . زە . . زێکی سەیر دەخەنە نێو گوێیەکانی. پێش چاوەکانی شلوێ و لێل دەبن و دەبینێت دوای ئەو تیپە ناوی بیاتریز لە لەپی دەست و ماڵەکەی ئەو چۆڵ و هۆڵترە، بۆیە چاوانی بە خێرایی و ناچاری هەڵپە هەڵپ دەکەن دەگەڕێنەوە دوا.. تاوێک لەسەر یەکەم تیپی ناوی بیاتریز دەکەون، تاوێکی دیکە دەچنە سەر ئەلفەکەی ناوی زولەیخا. بە سەرەتاتکێی چاوەکانی لە نێوان ئەلف و بێی ئەو دوو ناوەدا، دەبینێت لە نێوانیان یادەوەریی زیندووی دوو ژن هەن کە یەکێکیان ئەوەندەی دونیا گرنگە بۆ بۆرخیس ئەویدیکەشیان ئەوەندەی قیامەت بۆ ئەو.

لێرەدا یوسف بێ دوو دڵی چیرۆکەکەی خۆی ناو دەنێت (بێ)...

بۆرخیس لە چیرۆکی (ئەلف) دا دەڵێت (لە ئەلفدا دونیام بینی.. دونیا لە نێو ئەلف، ئەلف لە نێو دونیا. لە هەمان کاتیشدا لە نێو ئەو ئەلفەدا وێکڕا ڕووی خۆم و گووی خۆمم دیت.) یوسف نازانێت بۆ نووسینی چیرۆکەکەی چ بڵێت و چ بنووسێت، یان چۆن گوزارشت لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەو تیپەدا بکات. ئایا بەسەرهاتی خۆی لە نێو ئەو بەلەمەدا بگێڕێتەوە کە لە سەر ئاوە شینەکەدا زیاتر شێوەی لە تیپی (بێ) دەچوو، لەوەی تەختە و پردێکی شکاویێت بۆ پەڕینەوە. ناکرێت بڵێت منیش ڕۆژێک چوومە ژێرزەمینی ماڵی هاوڕێیەکی شاعیردا و لە پڕ (بێ) یەکی بریسکەدارم بینی کە شێوەی لە هەیڤێک دەچوو و دواتر وەک بێکەسی شاعیر لە دوورەوە دونیام بە وردی تێیدا خوێندەوە. زیاتر دەچێتە نێو خەیاڵان هەست دەکات (بێ) یەکەی ئەو نە بەلەمە، نە هەیڤە، و نە شتێکی دیکە، بەڵکو سێبەر و تەرمی (ئەلف) ەکەی بۆرخیسە لە گۆڕدا کەوتووە. یان دروست بریتییە لە گۆڕی زولەیخا لەو کاتانەی ئەو ڕۆژانی یەکشەممە لە دوورەوە لە نێو گشت گۆرەکانی دیکەدا دوو کێلە بەردەکانی دەناسێتەوە و دواتر وەک ئەلفێک دەچێت لە ژێر سەریدا دەوەستێت سورەتی فاتیحە دەخوێنێت.

یوسف دوای زولەیخا ئەو خووەی جارانی نەمابوو بۆ خوێندنەوە، بەڵام ئێوارەیەک پێیەکانی بەرەو لای کتێبفرۆشێکی سەر شۆستەی شەقامێکی چۆڵی دەبەن، تا لە نێو هەناوی کتێبێکدا چاوی بە چیرۆکی (ئەلف)

دەکەوێت و هەستدەکات شتێک لە ناخیەوە پێی دەڵێت کە کتێبەکە بکڕێت و زوو ئەم چیرۆکەکە بخوێنێتەوە.

بۆ ئەو ژیانی بیاتریز و زولەیخا هیچیان لە یەکتری نەدەچوو، بەڵام ئەوە بۆرخیسی کارەکتەر و یوسفن لە غیابیاندا لە قوڵایی ناخەوە بریندارن و خەریکە بە جۆرێکی دیکە دونیا دەبینن. یوسف نایەوێت بە سەرە قەڵەم باس لە زولەیخا بکات و بە ڕوانین لە وێنەکانی بە دیواری ماڵەکەیدا چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە. بۆیە لە چیرۆکی (بێ) دا بە هیچ شێوەیەک ناوی زولەیخا ناهێنێت.. لای ئەو زولەیخا نە دەبێتە شیعر، نە چیرۆک، نە ڕۆمان، هەروەها نە دەتوانێت ئەو بخاتە نێو دوو توێی کتێبێک و ناوی بنێت یادەوەرییە جوانەکانی یوسف.

دوای نووسینی چیرۆکی [تەرمی ژێر زەیتوون] بەڵێنی بە زولەیخا دابوو کە بۆ ماوەیەک  لە نووسین دەوەستێت و بیر لەوە دەکاتەوە ببێت بە باوک. ئاواتێک کە زولەیخا شەوانە خەونی پێوە دەبینی. زولەیخا لە ناخەوە یوسفی خۆشدەویست و نەیدەویست لەو جۆرە هاوسەرانە بێت کە نووسەر لە جیاتی پاڵپشت بە ناوێکی دیکە لە یادەوەرییەکەی ناوی دەهێنێت. ئەو لە ڕۆژگارەکانی زیندانەوە چوو بووە خەونی یوسف و بەڵێنی پێدابوو کە ڕۆژێک لە چاوەروانیدا دەبێت.

لە ڕۆژگارەکانی زیندان یوسف چوار ساڵ لە ژوورێکی تاریک و تەنیادا، بێ ئەوەی حوکم درابێت ئەشکەنجە دەدرا. زۆر جاران کە بیری لە

ناوی خۆی دەکردەوە چیرۆکی یوسفی دەهاتەوە یاد، کەچی هەرگیز بە خەیاڵیش باوەڕی نەدەکرد کە دواتر بۆ ئەویش لەوسەری وێستگە کەسێک لە چاوەڕوانی دەبێت ناوی زولەیخایە.

پاش ئەوەی ئازاد دەبێت و سەری بۆ خاکێکی دیکە هەڵدەگرێت، یوسف بەردەوام لاپەڕەی کتێب و حیکایەتەکان هەڵدەداتەوە و بە دوای ناوی خۆیدا دەگەڕیت. هەست دەکات زیندانی بوونی ئەو لە سەر هیچ و خەو بینینە بەردەوام و دووبارەکانی مانای شتێک دەگەیەنێنن کە تا ئەو کاتە بۆی شاراوە و نادیار بوو.

[. . . . **إِنِی رآیتُ أَحَدَ عَشَرَ کوکَباً**. . . . .] سەدای ئایەتی چوارەم لە سورەتی یوسف لە نێو گوێچکەکانیدا بوون دوای ئەوەی بەر لە چەند سەعاتێک لە مانەوەی لە ئوتێلەکەدا بە دەنگی قورئان خوێنیکی گوێ لێ ببوو کە پیتە عەرەبییەکانی وەک خۆی نە دەگووتەوە. دەنگەکە لەو مزگەوتەوە دەهات کە لە پەنجەرەی ژووری ئوتێلەکەدا دیار بوو. بەر لە قاوەڵتی ڕۆژنامەیەکی رۆژی پێشوو بە دەست دەستدەگرێت کە لە هەواڵێکی باسی شەڕێکی گەرم و خوێناوی دەکرد لە نێوان برا بە شەڕچووەکان، دڵتەنگ دەبێت و بڕیار دەدات بێ چەتر لە باران یەکەمین پیاسەی تەمەنی بە جادە و کۆڵانەکانی ئەو شارە بکات کە هەمووی دوازدە سەعاتێک بوو ڕووی تێ کردبوو.

دەیەویست بە چاوانی یوسفێک لە شتەکان ڕابمێنیت کە تازە لە بنی

بیرێکدا دەرهاتبێت و قەدەری خۆی بداتە دەست ئەو بیرکردنەوە و لێکدانەوانەی کە بە گوێگرتن بۆ ئایەتەکانی سورەتی ژمارە دوازدە لە نێو زەینی دروست بووبوون. بە هۆی باران یان هەر شتێکی دیکە بۆ ئەو ئەستەم بوو سەر بۆ ئاسمان هەڵبڕیت و شوێنی ئەو یازدە ئەستێرەیە دەستنیشان بکات کەپێشتر بەخت و چارەی کوڕەکانی یاقووبیان خوێندبووەوە. ئەو لە پیاسەکەیدا نەیدەتوانی هەیڤ و ڕۆژیش ببینێت و بپرسێت کە ئایا ئەم دووانە ڕووی دوو کوڕەکەی یوسفن بە ئاسمانەوە دیارن یان هێما و نیشانە بۆ بەردەوامی ژیان و دوارۆژێکی ڕوونتر بۆ ئەو؟

لێ، یوسف وەک کوڕە تاقانەکەی جامی شاعیر کەسێکی تاقانەیە، بۆیە لە ڕۆیشتن و سەرهەڵگرتنیدا هیچ ئومێدێکی بەو برایانە نەبوو کە لە سەرەتاوە نەبووبوون. لە پیاسە هێواشەکەی ئەو ڕۆژەیدا لە ژێر باران، ئاخی پەژیوانی هەڵدەمژی کە چۆن لە دەستی چوو کتێبەکە جوانەکەی جامی بە زمانە ئەسڵییەکەی بخوێنێتەوە، تا لە نێو تیپ و وشەکاندا ئەو چیرۆکەی ئەوین پێشبینی لە ژیانێک بکات کە وەک ئەوە بێت پێشتر ئامادە کراوبێت.

ئەو ڕۆژەی زولەیخا لە چاوەڕوانی یوسفدا دەبێت، بەفر وەک ئەم پارچە پەڕۆییە وردانە دەباری کە بەر لە ساڵانێکی دوور خاڵێکی لە شیعرێکدا وەسفی کردبوون. ئەو بە چەپکە گوڵێکەوە لە چاوەڕوانی کەسێکدا دەبێت کە پێشتر نە بینیبووی و نە ناسیبووی، کەچی بە تامەزرۆوە لە وێستگەکەدا دەوەستێت وەک ئەوەی دڵی پێ بڵێت کە یوسفەکان هەموویان جوانن.

بۆیە ئەو ڕۆژەی بۆ لە ئاو خواردنەوەیەک ساناتر ڕەت بوو کە تێیدا بریار دەدات بچێت لە چاوەروانی یوسف بوەستێت.

زولەیخا چەند ساڵێک بەر لە یوسف لەگەڵ باوکی هاتبووە خاکی غوربەت. دوای کۆستە گەورەکە ئەو هەردەم بە خەیاڵ دەگەڕایەوە ماڵ و گەڕەک و ئەو شار و خاکەی لێیەوە هاتبوو. بەردەوام لە کیژە دۆست و ناسییاوەکانی دەپرسی کە کێی دیکە وەک ئەوان خاک غەریب بووە. ئەوانیش ناوی کەسەکانیان پێ دەگوت و ئاخاوتنەکان هەروا ڕەت دەبوون، هەتا رۆژێکیان لە کچێکی کۆنە دۆست و دراوسێ دەبیستێت کەسێک بە ناوی یوسف هاتۆتە شارەکەیان.

ناوی یوسف هەر لە سەرەتاوە بۆ زولەیخا جێگەی قوڵبوونەوە و ڕامان بوو، شتێک بوو لە ناوەوە هانی دەدا کە چەند جار و چەند جار تێلیفۆن بۆ دۆستەکەی بکات و لەو یوسفە بپرسێت. هیچ بۆی گرنگ نەبوو کەسەکە چۆنە و چ کارەیە، ناوەکە بەس بوو تا بە واوێک بە ناوەکەی خۆیی بلکێنێت و لە خەیاڵیدا تەونێک لە حیکایەت بچنێت.

حەفتەیەک، دوو حەفتە، سییان، و چوارِ تێپەڕین و ئەو ناوە بێ دەنگوڕەنگە زۆر زیندوو لە خەیاڵی گوزەری دەکرد و دەیخستە ناو گێژاوێکی نەشئەبەخش.

زولەیخا ئەو کات بیست و چوار ساڵان بوو. دوو چاوە گەورە و هەنگوینییەکانی بەر لە هەموو شت جێگای نیگا و سەرنج بوون. ڕوویێکی

ڕوون و پاک و شادیشی هەبوو، بەڵام زۆر جاران لە شەوانی غوربەت ئەو ڕووە گرژ دەبوو و ڕەنجانی دونیای تێدا کۆدەبووەوە، بە تایبەت کە باوکی بەردەوام ستایشی کوڕێکی خزمی بۆ دەکرد کە ئەو لە وێنەشدا نەیبینیبوو. بۆیە خێراترین و سەیرترین بڕیاری زولەیخا ئەو ڕۆژە بوو کە داوا لە دۆستەکەی دەکات شتی زیاتری سەبارەت بە یوسف پێ بڵێت.

(کچێ، ئەوە چی دەڵێیت، شێت بوویت! چۆن دەتەوێت لە چاوەڕوانی کەسێکدا بوەستیت بێ ئەوەی پێشتر ناسیبێتت.)

(تۆ واز لەوە بهێنە، تەنها بەو یوسفە بڵێ کە کچێک بە ناوی زولەیخا لەو سەعات و بەروارە لە فلانە وێستگە بۆ دیدەنیت دەوستێت!)

یوسف لە باخچەکەدا لە کاغەزە سپییەکەی بەردەمی ڕادەما و ئەو ساتانەی دەهاتەوە یاد کە زەنگی تێلیفۆنەکەی لێ درا و کچێک بێ ئەوەی ناوی خۆی پێ بێژێت، پێی گوت کە زولەیخا لە ویستگەکەدا لە چاوەڕوانیدا دەبێت.

زیاتر لە شەش ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژە تێپەڕیبوو، کەچی یوسف ئەو یەکەمین دیدەنییەی لەگەڵ زولەیخا بە چەشنێک لە زەیندا نەخشابوو کە هەرگیز و هەتاسەر نەتوانێت وێڵ و فەرامۆشی بکات. دەستی بە نێو مووە سپی و ڕەشەکانی قژیدا دەگێڕا و ئەوەندەی دەیکرد نەیدەتوانی ئەو ساتە زیندووەی ژیان لەگەڵ زولەیخا لە خەیاڵی بسڕێتەوە و دەست بە نووسینی چیرۆکەکەی بکات.

ساڵ و نیوێکە زولەیخا کۆچی کردووە و ئەویش چەند سەعاتێکە لەلای باوکی گەڕاوەتەوە. ئەو پیاوە چاکەی بەدەست نەخۆشی شەکرەوە دەناڵێنێت، پاش ئەوەی کچێکی وەک شەکر و ژنێکی بە ناو شیرینی لە دەست دەچێت و لەو دونیایە تاق و تەنیا بەجێدەمێنێت.

هەرجارەی یوسف سەردانی دەکرد، ئەو پیاوە ئەلبومەکانی ڕیز دەکردن هەتا وێکڕا بە دڵ و دەروونی پڕ لە برینیان لە وێنەکانی زولەیخا ڕابمێنن کە هەریەکەیان جۆرە یادەوەرییەکی دەگێڕایەوە.

یوسف کە دەگەڕایەوە ماڵ چەند جار بەڵێن و پەیمانی بە خۆی دەدا کە ئیتر ئەوەندە لە مەرگ و لە دەستچوونی زولەیخا قووڵ نەبێتەوە، بەڵام هەرجارە یادەوری و شتێکی بە جێماوی ئەو پەژیوانی دەکردەوە و ڕۆندکی گەرمی پێ دەڕشت. جار وەها بوو دەنگێکی دەبیست کە لە هیچەوە دەهاتە ناو گوێیەکانی و دەیگوت: (یوسف . . . . یوسف . . . . یوسف، ئایا دەزانی ئەو چوارساڵە شیرین و کورتەی تەک زولەیخا پاداشتی ئەم چوار ساڵە و ڕۆژگارە درێژەکانی زیندانن کە بە دەسیسە و زمانی برا و هاوڕێیەکت ئەوەی تاڵ و دژوار بوو نۆشتت. بۆیە ئێستا چاکترە تەنها بیر لە خۆت بکەیتەوە و قوڵتر لە قەدەر و ناوەکەت ڕابمێنیت. ئیدی، ئەو دوو چوار ساڵە لە زەینتدا فڕێ بدە کە یەکێکیان بە فەوتانی سەردەمێکی شووم بە کۆتا هات، ئەویدیکە بە فەوتانی ئازیزترین کەست..!)

دەنگەکە دەیگوت: (برا، وردتر لە تیپی (ف) ێی ناوت ڕابمێنە کە هێما

و شوێنەواری ئەو دوو فەوتانەن لە ناختدا و یەکیان پڕکەرەوەی ئەویدیکەیە. مەهێلە چیتر ئەو تیپەی فەوتان بەدوای ناوەکەتەوە بێت و ژیانت لێ تفت و تاڵ بکات.. لە جیاتی ئەوە تیپەکە بیخەرە شوێنێک کە لە نێوان تیپی (ی) یەقین و (و) ی وەهمدا بێت.. ئەرێ، با لەوێ گوم بێت... لەوێ! بەڵێ، لەو شوێنەی لە نێو (یو) ناوت دایە، لە نێو ناخ و ئەندێشە و بیری (تۆ) ئایا دەزانیت لە جیاتی ئەو چیرۆکەی دەمێکە خەون بە نووسینیەوە دەبینی و بە نیازی ناوی بنێیت (س)، برۆ ئەو پیتە بکە بە سەرەتای ناوە حەقیقیەکەی خۆت و ئینجا بە پێچەوانەی خوێندنەوەی باو برۆ.. بەڵێ، بچۆ دووبارە ناوەکەت بخوێنەوە لە جیاتی خەریک بوون بە نووسینی چیرۆکەکە!)

یوسف نەیدەزانی ئەو دەنگە چییە کە ناوە ناوە بەو ئاخافتن و فەرمانە سەیرانە دەهاتەوە نێو گوێچکەکانی. دەستی بە نێو قژی ماشوبرنجیدا دەگێڕێت و سەرسامە بەوەی کە ئایا زولەیخا تەنها بۆ ئەوە هاتبووە ژیانی ئەو هەتا تفتی و تاڵییەکانی ڕابردووی بیرباتەوە، بۆ ئەوەی ببێت بە کەسێکی دیکە و بە جۆرێکی دیکە خۆی بخوێنێتەوە. ئای.. کە بیرکردنەوەیەکی خۆپەرستانەبوو، یان ئەویش وەک بۆرخیسی کارەکتەر لە چیرۆکی ( ئەلف )دا ئەوەندە بە بیرکردنەوە لە ئەویندارە کۆچکردووەکەی خەریک بووە و لە پڕ شتێک دەبینێت. شتگەلێکی وەها کە هەردەم بۆ کەسەکانی دیکە شاراوە و نادیارە، دونیایەکە پڕ لە ناوازەیی کە لە بن وبۆتکەوە کەسییەتی کەس دەگۆڕن.

ئێوارە بەفراوییەکە لەگەڵ زولەیخا لە قاوەخانەیەکی نزیک دانیشتن و

یەکتریان ناسی. بۆ یوسف ئەو هاتنە لە ناکاوەی زولەیخا نیشانەی شتێک بوو کە وەک خەون، سەیر و خێراگوزەر بوو. بۆیە ئاخاوتنەکانی وەک هی کەسێک دەکردن کە لە نێو خەون بینینێکی شاد و خۆش دابێت، بەوەیش زولەیخای خستبووە بارێکی دەروونی پڕ لە نەشئە و سیحر و جوانیی.

دواتر لە چوار ساڵی پێکەوە بوونیان ڕۆژ وەها بوو بە ئەندازەی ڕۆژی یەکەم دەکەوتنە نێو خەونی خۆش و تێکەڵ بە یەکتری دەبوون، یانیش جار وەها بوو لە گەرمەی ئاگاییدا نێوانیان نێوانی عارد و ئاسمان بوو. تاقە شت کە ببووە هۆکاری ئەوەی دووەم، داخوازی بێ بڕانەوەی زولەیخا بوو بۆ هەبوونی منداڵێک. بەڵام هەرگیز نە ئەو، نە یوسف پێشبینی ئەوەیان نەکردبوو کە هەمان دەنگەدەنگە دەبێتە هۆکاری دوا دابڕانی یەکجارەکی نێوانیان.

چوار ساڵی ڕەبەق بە سەر ژیانی هاوسەرییان تێپەڕیبوو ڕێک بە ئەندازەی ئەو ڕۆژگارە درێژانەی تەنیایی یوسف لە کونجی زینداندا.

زولەیخا بە یوسف دەڵێت: (چاکترە بچیتە لای دکتۆرێکی پسپۆر بۆ پشکنین، لەوانەیە خەتای تۆ بێت کە منداڵمان نابێت..!) ئەوە یەکەم جار بوو زولەیخا وەها ڕاستەوخۆ قسە سەبارەت بەم شتە بکات کە هۆکاری گشت ڕەنجان و جودایی نێوانیان بوو.

لەو کاتە یوسف شەوە درێژەکانی زیندانی دێتەوە یاد، کە بە ڕووتی بە پانکەکەی بان ژوورەکەدا هەڵواسرابوو و لە خوارەوەش بوتڵێکی پڕ لە ئاوی بە گونیدا شۆڕکرابووەوە... ئەو لە تاو ئازاری گیانی پڕ بە قورگی هاواری

دەکرد و سەدا و گرییەی پڕ بە زیندان، شەوەزەنگ و شارە خەوتووەکەدا دەنگی دەدایەوە.

یوسف لە ماوەی چوارساڵی ژیانی و خەوتن لەگەڵ زولەیخادا هەرگیز هەستی بە بێزاری و بێتوانایی نەکردبوو، لێ بە بیرهاتنەوەی ئەو ئەشکەنجە نامرۆییە هەردەم دەیخستە بارێکی دەروونی سەیرەوە و وەها دەزانی کە پیاوە دڕندە و بودەڵەکان بەسەر ویدا سەرکەوتوون.

بۆیە وەڵامێکی ڕاستەوخۆ و وشکتر بە گوێی زولەیخادا دەدات و دەڵێت (دیارە تۆ لە وێستگەکەدا بۆ ئەوە چاوەڕێی من بوویت تا ڕۆژێک دووبارە بریندارم بکەیتەوە؟) زولەیخا نەیزانی ئەو وەڵامە وشک و خێرایەی یوسف لە کوێ سەرچاوەی گرتووە بەر لەوەی هی خۆشی هەر بەو شێوەیە بخاتە سەر زوبان.

(باشە گیانەکەم، من چۆن هاتم، دەتوانم وەهایش بە خێرایی بگەڕێمەوە!)

(تۆ زۆر لە مێژ نییە ئۆتۆمبێل دەهاژۆیت، بۆیە باشترە بچیتەوە هەمان وێستگەی سەرەتا!)ئەو ئاخاوتنانەی نێوانیان دەتگوت ئاوێتەیەکن لە یەقین و وەهم، بۆیە چتاقیان لەو باوەڕەدا نەبوون کە ببێتە هۆی فەوتانی زولەیخا لە جادەیەکی جەنجاڵی شار کە تەنها چەند کیلۆمەترێک لە ماڵی باوکییەوە دوور بوو.

یوسف لە باخچەکەدا لە میناتۆری سەر فینجانە قاوەکە دەڕوانێت و

ئەوەندەی دەکات ناتوانێت نزیکییەک لە نێوان ڕووی ژنەکە و زولەیخا ببینێتەوە. سەیر بوو زولەیخا هەرگیز وێنەی دایکی پێشانی یوسف نەدابوو، تەنها هەواڵ سەبارەت بەو دایکە ئەوەبوو کە ژنێکی تا بڵێیت جوان بووە و لە ئاوی یۆناندا خنکاوە.

چل دەقیقەی دیکە بەسەر دانیشتنی لە باخچەکەدا تێپەڕدەبێت، کەچی یوسف ئەوەندەی دەیهێنێت و دەیبات نازانێت چی دوای ئەو ڕستەیە بنوسێت کە ئاماژە بە ئەلفی دوو زمانەکە دەکات کە نەتەوەکانی هەم برای یەکترن وهەم خوێنەخۆرە. دەڵێیت بۆرخیس لە چیرۆکەکەیدا بۆیە ئاماژەی بە یەکێکیان نەداوە تا خۆی لەم پارادۆکسە بدۆزێتەوە، یان ئەلفەکەی لە قۆپانەوە و چەمانەوە و شتگەلێکی لەو بابەتە قورتار بکات. ئەلفێک بێت ئەوەندە لە خۆبایی، هەرگیز قایل نەبێت پیتێکی بە دواوە بێت کە وەک (بێ) لە گۆڕەکەی بچێت.

کاتێکی درێژتر بە سەر دانیشتنی یوسف ڕەت دەبێت و چیرۆکی (بێ) لە دوو ڕستە بترازێت هیچیتری پێ نییە. لەو گێژاوەی هەلوەسە و بیرکردنەوەدا، یوسف دەزانێت کە ئەو هەرگیز نووسەرێکی گەورەی وەک بۆرخیس نییە. بەڵکو تەنها کارەکتەرێکە لە بابەتی بۆرخیس لە چیرۆکی (ئەلف) دا.

دوا ئەنجام، یوسف قەڵەمەکەی لە بۆشاییە فراوانەکەی دوایی دوو ڕستەکە گیردەکات و ئەوانەی خوارە دووبارە و دووبارە دەنووسێتەوە.

من بۆرخیسم! ئەوە چیرۆکەکەمە دەیەوێت من ببم بە ئەو، خۆیشی ببێت

بە (بیّ) یەکەی.

من بۆرخیس نییم! ئەوە چیرۆکەکەمە نایەوێت من ببم بە ئەو و خۆیشی ببێت بە (بیّ) یەکەی!

باء . . . باء . . . باء . . . باء . . . باء . . . باء . . . باء، ئەگەر من نەبم و تۆ نەبێت، ئای سەداکەت چەندە لە دەنگی بەرخۆڵەیەکی ساوا دەچیت کە زولەیخا بەر لە داواکەی بۆ منداڵ ئارەزووی بوو کە هەیبێت و لە باوەشی بگرێت!

ئەدمنتۆن- ٢٠٠٩

# خەرەند

بۆ کەسێک ناوی موحەمەد ئاشق بوو



لەو کاتەی هەواڵەکەی پێ گوتی، نەتزانی بکەویتە ژێر بارێکی گرانی خەم، یان بە لێوەکانت خەندەیەکی گاڵتەجار دروست بکەیت و هەرگیز نەتەوێت لە مەودوا چاوەڕوانی شتێکی دیکە بیت لە دونیا. بەڵێ، نەتزانی چی بکەیت و چی بڵێیت و چی وەڵامبدەیتەوە...؟

ئەم سەر لە بەیانییە زووەی خوشکی گەورەت بە شێنەیی لایەکی دەرگەکەی کردەوە و بە زمانێکی پڕ لە بەزەیی پێداهاتن شتێکی پێ گوتیت کە تۆی بە تەواویی بردەوە ژێر لێفەکەوە. هەواڵەکە بە جۆرێک گرۆمەڵەی کردیت و لە ژووژێکی بەستەزمانی چوواندی کە لە چوارلا بە گیانلەبەرێکی دڕەوە پەلاماردرابێت.. تۆ لە کەسێکی مەلوول دەچوویت کە تاکە ئاواتی گەرانەوە بێت بۆ قووڵایی تاریکاییەکانی نەبوون. لە ژێر لێفەکەدا تۆ نەتدەویست لەمەودوا بیر لە شەوێکی تەڕی پڕ لە ماچومورچ و ڕاموسان بکەیتەوە کە تێیدا سوارچاکی خەونەکانت بە سەدان شێوە وێنا

بکەیت. چونکە وشەکانی خوشکی گەورەت هێشتا لە ناو گوێچکەکانت دەزرینگانەوە و سەدا و گێژاوێکی سەیر و ناخۆشیان خستبووە نێو زەینت، لەو کاتەی بە پەلە و دەرگەکەی کردەبووە و گوتی (هۆ خوشکی شیرین و بێبەختەکەم، هەڵستە لە خەوی شیرین، پیرە زاواکەمان مرد!)

تۆ بە هەردوو دەستەکانت ڕووی خەواڵوو و پەشۆکاوی خۆت داپۆشیبوو و پێت خۆش بوو ژێر لێفەکە تاریکتریش دا بێت. بەو بەیانییە زووە نەتدەویست نە خوشکی گەورەت و نە کەسێکی دیکە ئەو ڕۆندکە قەتیسماوانەی نێو چاوانت و خەندە وشکبووەکەی سەر لێوەکانت- کە خۆشت نەتدەزانی چ مانایەک دەگەیەنێت- ببینێت!

تۆ لەگەڵ خوشکی گەورەت لە شارۆچکەیەکدا دەژیایت کە دە هێندەی ئێوە تەمەنی هەبوو، لێ لە دیوێکی دیکەوە کتومت لە تۆی قەیرە کیژ دەچوو کە لە دوورەوە بە سەر شاخێکی لاچەپەک و دوورە دەستدا دەبینرا.

ئۆوف.. قەیرە چ ناو و قەدەرێکی ناخۆش بوو کە هەردەم ناخی جوانتی ئازار دەدا و لەم شارۆچکە وشکەدا لەگەڵت دەژیا.

سەر لە سپێدەکەی هەواڵی زاوات بە گوێدا چرپا، بەروار پێنجی پێنجی نەوەت و پێنج بوو. هەروەها هەر پێنج یان شەش سەعاتێک دوای ئاوابوونی ڕۆژێکی دیکەی پێنچەشەممە بوو.. بڕیار وەها بوو دوای ڕابوون لە خەو تۆ بۆ لای شاراخانم ببردرێت هەتا لەسەر یەک تێل بترازێنێتەوە. بۆ نموونە: هەرچی مووە لە لەشت ڕابماڵێت و لووس و پووس بداتەوە دەست خوشکت..

قژت ببڕێت و تاڵە مووەسپییەکان ببژێرێت و سەر کۆنەیان بکات و زوو سەر دەرنەهێننەوە.. ئەبرۆ ئەستورەکانت بکات بە دوو کەوانەی باریک و لەو هەیڤەیان بچووێنیت کە شەوانی هاوین لە نێو گشت ئەستێرە رووناکەکان، تۆ عاشق بە ڕەنگی زەردی وی دەبوویت.. تفرێکی ئەستوور لە سپییاو بدات لە ڕووت و ئەو کرژی و لۆچ و خاڵانە داپۆشیت کە ئەفسووس و ڕۆژگار هێنابوویانن.. لێوە تەنکەکانت سووراو بکات و لە خۆیان گەورەتریان دەربخات.. کل لە چاوانت بڕژێنێت و مسکاڕەیش لە برژانەگەکانت بدات.

بەڵام ئێستا نە شاراخانم دەتوانێت چەند سەد دینارێک بخاتە باخەڵی و دیاری و خەندە و ستایشی پێ بڕێت، نە خوشکی گەورەیشت هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵدەمژێت و بەو جۆرە بەخت و نەسیب کرانەوەیەوەت دەڵێت ئامین.

بۆ تۆیش، هاتنی ئەو هەواڵە بە تەنها بەرنامەی ئەو ڕۆژەی خاپوور و وێران نەکرد، بەڵکە خەونێکیشی کردە خۆڵ کە لەوەتەی بناغەی مەمکەکانت دانابوو وەهای پێشان دابوویت کە ڕۆژێک سوارچاکی خەونەکانت بە سواری ئەسپێکەوە لە شاخەکانەوە دێتە خوار.

ساڵان چوو بوون، تۆ هەرگیز نەتدەزانی ڕۆژێک دەکەویتە ژێر فشاری نزیکترین کەسی خۆت و ئیتر جوایەزی تەمەن و شێوەی ئەو پیرە پیاوەت بەلاوە گرنگ نەبێت کە بەر لە چەند ڕۆژێک هاتبووە خوازبێنیت. دەتگوت لای ئەوان ئەوەی دەبینرێت و تۆ دواجار تۆ تەسلیمی بوویت، فشار نییە، بەڵکە بۆنی شەوێکە هەر کەس کە خۆی ناسی خەونی پێوە دەبینێت.

سەرباز، شووی خوشکت، بە سەد پلان و هەڕەشە ئەو ڕۆژەی بۆ ڕێکخستبوویت کە بەهۆیەوە هەم تۆ بە یەکجاری لە کۆڵ خۆی و ماڵومنداڵی دەکاتەوە، هەم خۆیشی لە پاسەوانی بەر دەرگەی ماڵی پیرە پیاوەکە ڕزگاری دەبێت و چەند پلەیەک دەچێتە پێش.. پیاوەکە لەگەڵ گەیشتنی بە تۆ سەر لە نوێ بۆ جاری پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، یان کێ دەزانێت چەندەیەم دەبێتەوە زاوا لەگەڵ پاکیزەیەکدا دەخەوێت... ناوی پیاوەکە نامۆ و نەناسراو نەبوو ، لەو کاتەی خوشکت بە گوێیەکانتیدا چرپاند، بەرلەوەی چەندین لاندکروزەر و پیکاپ و ئۆتۆمبێل بێنە بەر دەرگەی ماڵتان و کۆڵانەکە لە هەموو کاتێکی تەمەنی جەنجاڵتر پێشان بدەن.

ئەو ڕۆژە سەرباز بە پێکەنینەوە لە دەرگە هاتە ژوورەوە و کەلاشینکۆفەکەیشی بە دەست بوو. لە دوورەوە هاواری دەکرد (دەی کچێ، ئامادەبن وا مێوانەکان هاتن)

سەرباز پاش ئەوەی دوو ساڵ ئەندازەی نەوتی لە شارێکی گەرم و دوورەوە خوێندبوو، لە ڕۆژگارەکانی نەبوونی و بێکاریدا ناچار بووبوو بە پاسەوانی بەر دەرگەی ئەو لێپرسراوە ڕازی بێت کە ئەگەر نە مردبایە دەبووە ئاوەڵزاوای.

(ئاوەڵزاوا، چ باسە؟) بەر لە چەند حەفتەیەک ئەو بەم شێوەیە بانگی سەربازی کردبوو و بەڵێنی پێدابوو کە لە ڕێکخراوێکی بیانی بە دۆلار دایمەزرێنێت، بۆیە سەرباز دەیەویست لە نێو چاوە ڕەشەکانی تۆوە خەونە لە کیسچووەکانی بۆ ژیانێکی باشتر بۆ خۆی و هاوسەر و منداڵەکانی

بدۆزێتەوە. شەوێک تۆ خەریک بوویت بە یەکجارەکی لە خوشکی گەورەت برەنجێیت کە بە چرپەوە هات و لە پاڵت دانیشت، ئینجا دەستی خستە نێو قووڵایی قژتەوە و پێی گوتیت (خوشکێ، لە بیرتە ئەو ڕۆژە لە بازاڕ سەربازمان لەگەڵ پیاوە بە ویقارە سەر و سمێڵ ڕەشەکەدا دیت!)

تۆ بێ ئەوەی لە بیرهاتنەوەی ئەو ساتە بەسەر چوو و ڕاگوزەرە هیچ شتێکی تایبەت ببینیتەوە، یەکسەر بە تێکەڵەیەک لە ئا و نا وەڵامی خوشکتت دایەوە و دووبارە وەک خووی لە مێژ ساڵەت کڕ و مات و بێدەنگ بوویت.

تۆ لەو شارۆچکە بچووکەی کە تێیدا دەژیایت لە تێپەڕینی پەلە هەورێکی وەرزی پایز خێراتر بوویت بە سی وسێ ساڵان. ئیتر بێ ئومێد ببوویت لە تەقەی دەرگە و چرپەی دەستێک کە بیەوێت بۆ خوازبێنیت بێتە پێش. دەتزانی ئەوان یان لە شەڕە نەبڕاوەکاندا نەهاتۆنەتەوە یان وەک ڕەوە باڵندەی هێلانە وێران هێشتا بەرەو ئاسمانی وڵاتانی بیانی دەفڕن. زۆر جاران لە تەنیایدا بێزار دەبوویت و بیرت لەوە دەکردەوە کە بچیتە سەر ئەو کەپکە شاخەی سەرووی ماڵتان و خۆت بخەیتە نێو دۆڵە قووڵەکەوە. بەڵام، زوو ئەو خەیاڵە ڕەشەت دەبوو بە با و هەورێکی سپی لەگەڵ خۆی دەیبرد، بە تایبەتی لەو کاتانەی سەرت لە ژێر دەستەکانی خوشکت دەبینیەوە.

ئەوجارە چرپەی قسەکانی ئەو لە گوێچکەکانتدا گەورەتر و گەورەتر دەبوونەوە. ئیتر کەمێک مابوو هەست بەوە بکەیت کە لە ژێر دەستە میهرەبانەکانی ویشدا شوێنێکی ئارام نەماوە بۆ تۆ!

تۆ دەتبینی دوو دڵۆپ ڕۆندکی گەورە لە نێو چاوە گەورەکانی قەتیس ماون، هێواش هێواش ناچار دەبوویت گوێ بۆ ئاخاوتنەکانی شل بکەیت کە پیرە پیاوە کەنفتەکەی چەند ڕۆژێکی دیکە دەهاتە خوازبێنیت، زۆر گەنج و دڵفراوان و دەست واڵاتر پێشان بدات.

«خوشکێ، ئەو پیاوە بە ویقارە سەروسمێڵ ڕەشە، دەزانی کێیە؟ ئەو لە تەواوی ئەو ئەفەندی و فەرمانبەر و مامۆستا و پۆلیس و گەنجە بێکارانە بە دەسەڵاتترە کە هەردەم بە گیرفانی بەتاڵ بە جادەکاندا دەسووڕێنەوە!» خوشکی گەورەت لە چاوەکانی تۆ ڕادەما و بێ ئەوەی دڵۆپە ڕۆندکەکانی بکەون و ڕەنگی ئازارێک دەربخەن کە لە ناخەوە ئەویشی دەسووتاند. ئیتر ئاخاوتنی زیاتری دەخستە سەر لێوەکانی، دەتگوت لە سەری دەدرێت ئەگەر هەموو قسەکانی تەواو نەکات.

(خوشکێ، ئایا دەزانیت ئەو پیاوە دەوڵەمەندە لە نێو گشت کچانی ئێرە دەستی لە سەر تۆ داناوە و دڵی گەنجی جوانێکی وەک تۆی دەوێت! بۆیە هەر چەند دەقیقەیەک دوای بینینی ئێمە لە بازاڕ، داوای لە سەرباز کردبوو کە هیمەتێکی بۆ بکات. خەفەت مەخۆ لەوەی کە تەمەنی دوو ئەوەندەی تۆیە. ئەو دڵی لە هیی گەنجێک تازەترە.. سەرباز دەڵێت ئەو هەردەم لە نێو لاندکروزە ڕەشەکەیدا گۆرانیەکانی ئەو کیژە جوانە لێ دەدات کە نیوەی کوڕانی ئەو وڵاتەی سەودا و سەرگەردان کردووە.)

خوشکی گەورەت بە دوو دڵۆپ فرمێسکی قەتیسماو پتر و پتر دەربارەی

پیاوەکە دەئاخڤی. ئەو دەیەویست خۆی ڕاگرێت هەتا هەموو قسەکانی دەکات و دڵی هاوسەرەکەی خۆش دەکات. چونکە لەمێژ بوو دەیدەزانی کە سەرباز سەدوهەشتا پلە لەو گەنجە درێژ و باریکەی جاران جودایە کە لە شاییی دەستە خوشکێکی بە ڕیکەوت کەوتە دەستی و دڵی تەژی کرد لە ئەوین.

سەرباز پاش ساڵانێکی درێژی بێکاری کاتێک خۆی بەسەر لوولەی کەلاشینکۆفەکەوە بینیەوە و بوو بە پاسەوانی بەر دەرگەی پیاوێکی نەخوێندەواری دەسەڵاتدار. هێواش هێواش بیروباوەڕە جوانەکانی کاڵبوونەوە و بێئومێدی هەتا نێو مۆخی ئیسقانەکانیشی چوو.

بۆیە شەوێک پێش ئەوەی خوشکی گەورەت بە خۆی و دڵۆپە ڕۆندکەکانی بێت و لە پاڵت دابنیشێت، دەستێکی بخاتە قژتەوە و قسەکانت پێ بڵێت، سەرباز لە ژێر لێفەدا تێر تێر قۆڵ و باسکە نەرمەکانی وی گوشیبوو و پێی گوتبوو نەکات ئەو فرسەتە زێڕینە لە دەست بدات. گوتبوویشی ئەگەر تۆ لە کۆڵ خۆی نەکاتەوە، ئەو ناچار دەبێت وەک کەسانی کە ڕێی هاتونەهات هەڵدەبژێرن، سەری خۆی هەڵبگرێت و بڕوات.

لەو کاتەی گوێچکەکانت بۆ خوشکت شل کردبوو، دەتزانی لە پشتەوەی ئەو دوو دڵۆپە ڕۆندکەی نێو چاوە گەشەکانی چ شتیک هەیە، بۆیە زۆر بە نادڵی سەری ڕازی بوونت لەقاند و ویستت خۆت بکەیت بە قوربانی خۆی و منداڵەکانی.

حەفتەیەک پێش ئەو ڕۆژەی کە پیرە زاواکەی تێدا مرد، تۆ لەبەر دەرگەی ماڵی خوشکت وەستابوویت و بیرت لەو قەدەرە نادیارە دەکردەوە کە شەوان لە پاڵ کۆخە و هەناسەی دژوونی ئەو دێتە ڕێت. ئەو کاتانەی پیرە زاوا هەست و سۆز بەتاڵەکە خێرا خێرا کارەکەی خۆی لەسەر لەشی تۆ دەکات و دوایش شەکەت و هەناسە سارد ڕووی وەردەگێڕێت و پشتت تێ دەکات.

لەبەر دەرگە تۆ لە نێو ئەو بیرکردنەوانەدا زیاتر قووڵ دەبوویتەوە، ئەگەر سەرباز بە لاندکروزە ڕەشەکەی کابرای دەسەڵاتدار لە بەردەمتدا نەوەستابایە. هەر کە لە لاندکروزەکەوە پێی نایە سەر جادەکە، بە بزەیەک کە تەژی بوو لە فێڵ و تەڵەکە و پلان، ڕووی لە تۆ کرد و گوتی (خوشکێ، دەڵێیت پێشبینێت کردووە کە زاوای دڵفراوان ئەمڕۆکە دیاریت بۆ دەنێرێت، بۆیە وەها بە تەوسەوە لە پێش دەرگە وەستاویت!)

تۆ لە ژێر فەرمانی سەربازدا بەرەو پاشووی لاندکروزەرەکە چوویت، دەتگوت لە سەر ڕووی دونیا لە تۆ بێچارە و دل شکاوتر نییە کە بە پێی خۆت بەرە چارەنووسێک دەڕۆیشتی کە هەمووی بەر لە چەندە دەقیقەیەک بوو، خەریک بوو تا ئەو سەری دونیا لێی هەڵێیت.

هێشتا لە نیوەی ڕێگا بوویت بەرەو ژوورەوە کە خوشکەکەت دەرکەوت و وەک ئەوەی هەمان دوو دڵۆپە ڕوندکەکانی پێشووی لە نێو چاوانیدا بن. بە دەستێک منداڵە دوو ساڵییەکەی هەڵگرتبووو و دەستەکەی دیکەشی بۆ لای تۆ درێژ کرد و گوتی (خوشکێ، ڕێمبدە با منیش یارمەتیت بدەم.)

سەرباز بێ ئەوەی پێیەکانی بخاتە حەوشەوە بە تایە گەورەکانی لاندکروزەکە تۆزی لەبەر دەرگە بڵند کرد و یەکسەر ڕۆیشت.

تۆ لە ژوورەوە بە هەناسەی ساردەوە شتەکانت لە سەر گۆشەیەکی مافوورە سوورەکە دانا و چوویت لەسەر لبادێکی خوری لەسەر سک ڕاکشایت و پشتت لە دونیا و ئاسمان کرد و ویستت تێر تێر بگریت. خوشکی گەورەت هاتە لات و دەستێکی خستە نێو قژە ڕەش و بۆرەکەت، هاوکات لەگەڵ جوولەی پەنجەکانیدا چەند تاڵە مووی سپی لەژێرەوە دەرکەوتن.

دیار بوو یەکێک لە کیسە نایلۆنەکانی کردبووە و دوو جووتە پێڵاوی سپیی بە دەستەوە بوون، بەڵام ئەوەندەی دەیکرد نەیدەتوانی چۆن نزیکیان بکاتەوە و بیانکاتە پێیەکانت. خوشکت لەگەڵ گریانی منداڵە ساواکەی باوەشی بیری ئاڵۆز دەبوو و پێڵاوەکانی لە ژێر پێیەکانت بەجێدەهێشت. دواتر بە دەستەیەک لە قوماشی ڕەنگاورەنگ و گوڵگوڵین دەگەڕایەوە لات و دەیبینی هێشتا پێڵاوەکان لە شوێنی خۆیانن و تۆ ئاوڕێکت لێ نەداونەتەوە. قوماشەکانیشی هەروا بەجێدەهێشت و ئینجا بە کارتۆنیکی پڕ لە بۆن و ماکیاژ و شتی دیکە دەهاتەوە پاڵ سەرت.

تۆ لە سەر سک ڕاکشابوویت و مەمکە تەمەن بیست ساڵیەکانت بەهۆی زبری لبادەکەوە دەمێک بوو ئازارییان پێگەیشتبوو، کەچی هێشتا نەتدەویست ڕووت بۆ بان وەربگێڕیت. دەتگوت بەم نیوەڕۆیە پاییزییە نیمچە گەرمە حەزت دەچوو ژیانی گەڵاییێکی وەریو کە خەریک بێت بڕزێت و

تێکەڵ بە زەمین ببێتەوە، نەوەک ئەو جۆرە گەڵایەی بەر شەقی ڕەشەبا دەکەوێت و بۆ دوور دەفڕێنرێت!

بۆ ئێوارە هەستت کرد شەوێکی درێژت دەکەوێتە ڕێ، بەر لەوەی دووبارە ڕۆژ هەڵبێتەوە. هەر لە سەر ئەو جێگایەی پێش نیوەڕۆوە لەسەری ڕاکشا بوویت، نەتزانی چۆن کەوتیتە نێو خەو و بێ ئاگا مایتەوە لە ڕۆژگارە درێژەکانی بێ بەختی.. خەریک بوو خەونی شیرین شیرینت دەبینی و بێ ئەوەی بە خۆت بزانێت پێت خۆش هەروا بەردەوام بێت.

لە خەونتدا تۆ لەسەر لمی دەریاییەکی شین شین پێ خواس ڕاتدەکرد و گەنجێکی نیوە ڕووتیش کە شێوەی لە هیچ کەسێک نەدەچوو بە دواتەوە بوو.. ئەو لە تۆ خێراتر ڕایدەکرد، لێ هەرگیز نەدەگەیشت و نەدەگەیشت.. دەتگوت ئەو کوڕە گەنجە لە تۆ زووتر زانیبووی کە ئەو خۆشییەی تێیدایت خەونە و ڕاستیی نییە، بۆیە لە پڕ چیتر وە دوات نەکەوت!

ئەوە بوو تۆ لەگەڵ جیڕەی دەرگە ئاسنینەکەی ئەو ژوورەی لێی دەخەوتیت بەئاگا هاتیت و لە زاری خوشکی گەورەت گوێت لە هەواڵی مردنی پیرە زاواکە بوو.. ئەو کەسی کە یەکەم کەس و دوا کەس بوو هاتبێتە خوازبێنیت.. سەرەتا نەتزانی چیبکەیت، چی بڵێیت و چی وەڵامبدەیتەوە!

لە خەو ڕاببوویت و لە سەر خوانچەی نانی سپێدە هێشتا پاروەوە بە ماستەکەی نێو دەمت ئاوا نەکردبوو، کە تارمایی سەرباز لە حەوشەکەوە دەرکەوت و لە دوورەوە هاواری دەکرد (ئەرێ کچێ نەتزانی خوشکە پێ

ڕەشەکەت سەریناندەرەکەی خواردین، تۆ بڵێی لەمەودوا ژیانمان چۆن بگوزەرێت؟ )

لەگەڵ بیستنی ئەو وشانە ددانە سپییەکانت لە جوولە کەوتن و پێش چاوەکانت لە ماستی سەر خوانچەکە سپیتر لێ هاتن. بۆ چەند ساتێک کەوتیتە نێو خەیاڵێکی تاڵ و حەزت کرد لەسەر دونیا ڕەش ببیتەوە. بە ڕوانینیکی خێرا زانیت خوشکی گەورەت چەندە لە ناوەوە تێکشکاوە و پێیەکانی چەندە لەرزۆکن لەسەر ئەو پەتەی کە لە نێوان سۆزە بۆ تۆ و پەرۆشییە بۆ ماڵومنداڵ. دووبارە لەو فرمێسکە قەتیسماوانە دەگەڕایت کە پێشتر لە چاوە گەورەکانی ئەودا بینیبوونت و دونیایەک سۆزیان لی تکا بوو. دەی.. با ئەمجارە بکەون ئۆوف و ژانی هەموو ئەو ساڵانە بەتاڵ بن کە بە ئاخاڤتنە ڕەقەکانی سەرباز لەسەر دڵی شین بووبوون.

تۆ بێ ئاگا بوویت لەم هەموو پستەپستی ژێر لیفە و شتی دیکەی نێوانیان، نەتدەزانی هاوسەری خوشکت چەندە پڕ لە قین و داخدارە لێت یان چەندە بێزار بووە لە وجودت.

ئەو بەیانیە کە لە پڕ بە ڕووتدا تەقییەوە تۆ هیچ پێشبینیەکی بەو شێوەیەت لێ نەکردبوو، بۆیە زۆر بە بێدەنگی سەرت خستە سەر ئەژنۆ بەرزەکانت و تێر تێر لە ناخەوە گرییایت. هەتا لەپڕ بە دەنگی پرتەوبۆڵەی هەردووکیان و گرییەی خوشکەزاکانت ڕاپەڕیت.. بینیت سەرباز خەریکە بە قۆنداخەی کەلاشینکۆفەکەی هەڵبکوتێتە سەر خوشکەکەت. تۆ ئەوەندەی

لەو ساتە وەختە خێرایەدا بۆت کرا، یەکسەر خۆت خستە سەر پێڵاوەکانی سەرباز و پێت گوت « بە قوربانت بم! دەست بۆ ئەو خوشکە شیرینەم مەبە، من ئامادەم ئەو ماڵە بە یەکجاری جێبهێلم.»

سەرباز وەک ئەوەی ئاوێکی ساردی بەسەردا کرابێت لە شوێنی خۆی ڕەق بوو.. ئەو بە بینینی کەسێک کە دەیەوێت پێڵاوەکانی ماچ بکات، چووە ئەوپەڕی شەرمەزاری ورۆژگاریکی خۆی بیرهاتەوە، کە زەلیل و بێ دەسەڵات لە ژێر پۆستاڵی سەربازەکانی بازگەیەکدا کەوتبوو دوای ئەوەی وێنەی سترانبێژێکی یاساغییان لە گیرفان دەرهێنابوو..

سەرباز زۆر بە خێرایی بێ ئەوەی سەیری خوارەوە بکات و تۆ لەسەر پێیەکانی هەڵبگرێتەوە، ملی کەلاشینکۆفەکەی گرت و چووە دەرەوە.

تۆ چوویتە لای خوشکت و بینیت ڕۆندکە قەتیسماوەکان خەریکن هێواش هێواش دەکەون و ڕوومەتەکانی تەڕ دەکەن.. بە لێوە تەنکەکانت خۆت لە روومەتی خوشکەکەت نزیک کردەوە و بە ماچێک گریانەکەیت پێ ڕاگرت. دواتر لە ناخەوە بڕیاری خۆتدا و بە گەورەترین سوێند دەرگەی پەژیوان بوونەوەت بەسەردا داخست. تێر خوشکەکەت لە ئامێز گرت و ڕازەکەی خۆشت لە قووڵایی ناخت حەشاردا!

چوویتە کن خوشکەزایەکانت و بە شێنەیی ڕوومەتی هەردووکیانت ماچ کرد.. هەناسەی گەرمی کچۆڵەکە تنۆکە فرمێسکی گەورەی ڕژاندە نێو چاوانت و دیمەنی خەوتووی کوڕیژگەکەش ئێشێکی چەند دەقیقەیی

بە هەموو دەمارەکانتدا گێڕا و کەمێک مابوو دڵت لە ژوورەکەدا سارد بکاتەوە.. ئیتر لەوە زیاتر لە ژوورەکە نەمایتەوە و یەکسەر چوویتە دیوەکەی تر و دەرگەت بەسەر خۆتدا کڵۆمدا.

لە نزیک ئەو دیارییانە دانیشتیت کە بەر لە چەند ڕۆژێک سەرباز لای پیرە زاواکە هێنابوونی. بۆ تاوێک سەیری یەکە یەکەی شتەکانت کرد و زۆر بە خەمناکی بزەیەکت خستە سەر لێوە تەنکەکانت. بیرۆکە سەیرەکە خێرا بە مێشکتدا گوزەری کرد و پێی گوتیت ئەو جووتە پێڵاوە لە پێ بکەیت کە بۆ ڕۆژی بوکێنی هێنرابوون. یەکێکیانت کردە پێ و هەستت کرد وەک تەمەنی پیرە زاواکە بۆ تۆ فرە و ناجۆرە. ئەگەر وەهایش نەبووایە بیرۆکەی لە پێ کردنی پێڵاوەکە زوو لە مێشکتدا بوو بە بڵقێکی سەر ئاو و ون بوو.

بە لەشێکی گرانەوە هەڵستایت و چوویتە لای کۆنە باولێک کە لە دایکتەوە بەجێمابوو و پڕ بوو لە یادگارییەکانی ئەو. لە نێو ئەو شتانەی کە بۆی بەجیهێشتبوویت، نەتزانی دەست بدەیتە کامەیان و کیهانیان لەگەڵ خۆتدا بەریت- ئەو گوارە زیوانە لە گوێ بکەیت کە هی سەفەرێکی حەجی دایکت بوون، یان ملوانکە زێڕەکە بخەیتە گەردنت کە پێنج لیرەیەکی ڕەشادی هەڵگرتبوو.. کراسە جورجێتە هەنار ڕەنگەکە بپۆشیت کە هی ڕۆژی بوکێنی دایکت بوو، یان دەیان شتی دیکە بخەیتە بەر چاوت و لە نێوان هەڵبژاردن و هەڵنەبژاردنیان دابمێنیت و نەزانی چی بکەیت!

لە کۆتاییدا چتاقی ئەو شتانەت نەبرد، پاش ئەوەی یەک لە دوای یەک

هەڵگرتن و بۆنت کردن و لە شوێنەکانی خۆیان داتناتەوە. نەدەویست لەوە زیاتر کات بتبات و ئەو هێنان و بردنە ببێتە هۆکاری پێشهاتێک کە پلانەکەت پێ بگۆڕێت و بیباتە بەر قاپی هەرەس. دواجار دەستێکت بە خێرایی بە نێو قووڵای باولەکەدا گێڕا و دەستت لە شتێک گیر بوو کە لە نێو نایلۆنێکەوە پێچرابوو و وەک ملوانکە کرابووە ملی بە داوە پەتێکی سەوزەوە. تۆ ماوەییەک دامایت ئینجا بیرت کەوتەوە کە ئەو شتە چییە کە دوای ئەم هەموو چاوگێڕان و هەڵگێڕانەدا بە شتەکانی نێو باولەکەی دایکت هاتبووە نێو دەستت.. بیرت کەوتەوە کە ئەو ڕۆژەی دایکت لەسەرە مەرگدا بوو چۆن دەستی بردە ژێر بالیفەکەی و ئەو شتەی خستە نێو دەستت و پێی گوتیت (کچی شیرینم ئەوە خۆڵی سەر گۆڕی پیاوچاکێکە یەکویەکە بۆ سکپڕی. لای خۆت هەڵیبگرە دوای ساڵانێکی زۆر ڕۆژێک هەر پێویستیت پێی دەبێت!)

ئیتردایکت چاوانی بۆ دواجار لە جوولە کەوتن و تۆیش شتەکەی نێو دەستت خستە ناو لێشاویك لە گریان.

دوای بیرهاتنەوەی ئەو یادەوەرییە تاڵە، هەستت کرد کە ئەوە باشترین شتی نێو باولەکەیە کە بتەوێت لەگەڵ خۆتدا بیبەیت. بۆیە بە خێرایی پەتی ملوانکەکەت خستە گەردنت و نایلۆنە پێچراوەکەشت بە دەستێکت شۆڕکردەوە نێوان هەردوو مەمکە جوانەکانت کە لە دەستەکانی خۆت بترازێت مەگەر لە خەوندا دەستێکی دیکەیان بە تەکدا ڕەت بووبێت.. خۆت گۆڕی و جلێکی شیاوت لەبەر کرد و بە شێنەیی بێ ئەوەی خوشکی گەورەت ئاگادار بێت،

لە قاپی ماڵەکە  چوویتە دەرەوە. لە دەرەوە زۆر بە خێرایی و بێ ئەوەی سەیری ئەملا و ئەولای خۆت بکەیت بە هەورازی جادەکەوە هەڵگەڕایت. دەتەویست زوو بگەیت بەو کەپکە شاخەی کە وەک زمانی دێو بەرەو ئاسمانی خەرەندە قووڵەکە دەرچوو بوو. تۆ هەرینایی بووبوویت و پاش نزیکەی چل دەقیقە ئینجا گەیشتیتە سەر کەپکە شاخەکە. کە منداڵ بوویت هەرگیز لە خەونیشدا پێشبینی ئەوەت نەکردبوو کە تەواوی ژیانت لەو شارۆچکەیە لاچەپەکە بەسەر بەریت و دوا هەناسەشت لەسەر ئەو کەپکە شاخە بدەیت کە خەڵک ناوی نابوو هەرامەی دێو.. ئای، کە نەتویست زیاتر بیر بکەیتەوە نەوەک ئەو خەیاڵانەی سەردەمی منداڵی ببێتە هۆی پەژیوان بوونەوەت.

لەسەر لێواری کەپکە شاخەکە وەستایت و دەستت بۆ یادگارییەکەی دایکت برد کە لە نێوان هەردوو مەمکە جوانەکانتدا بوو. دواتر ماچت کرد و ڕووی دایکتت وەک فلیمێکی ڕوون هاتەوە بەر چاو. تۆ ئیتر نەوەستایت و زیاتر درێژە بەو چیرۆکە خەمناکەت بدەیت. یەکسەر لە لێوارەکە چوویتە پێش.

ئەفسووس، لە چاو تروکانێکدا خۆت بۆ باوەشی خەرەندەکە فڕێ دا.

کالگەری- ٢٠٠٨

# ئەو سکانیایە دەدوێت



ئەفسووس!

نۆرە هاتە سەر من گەردێک لەم نەهامەتەیە مەزنەتان بۆ بگێڕمەوە. ئای، چەندە قەڵس و بێزار دەبم کە ڕۆژە ڕەشەکەم وە بیر دێتەوە.. چەندە دڵتەنگ دەبم هەر کە بیری لێ دەکەمەوە. لێ، من دەتوانم چی بکەم؟ ئەگەر تەنێکی وەها بێکەڵک و بێدەسەڵات بم. تەماشا بکە کە ئێستاکێ چۆن لە کار کەوتووم و لە پاڵ دیوارێکی ڕووخاوی میز پێ داکراودا فڕێ دراوم. سەرم بووە بە بێژنگی گوللە ، کەچی هێشتا ئەوەی لە هەموو شتێکی تر پتر ئازارم دەدات، وە بیرهاتنەوە و بیرکردنەوەیە لەم ڕۆژەی کە من و تۆ بە زۆرەملێ بۆ ئەو کارە ناشیاوەکە ڕەوانە کراین.

ئەرێ.. جوان لە بیرمە لەو کاتەی پێیەکانت خستبووە سەر ملم و بە هەوراز و تولەڕێیەکدا منت سەر دەخست کە هەردووکمان یەکەم کەڕەت بوو پێیدا هەڵگەڕێین!

ئەویٚ ناوچەیەکی لاچەپەک و شاخاویی بوو، بەڵام لە گشت ئەو شوێنانە جوان و دەلال تر بوو کە پێشتر بینیبوومن. کە سەر دەکەوتین تۆ پێیەکانت لەسەر ملم لە یەکتری دەئالآن و دەتگوت لە جیاتی ئەو دیمەنە جوانانەی دەور و پشت تۆ لە تاریکاییدا شتێکی دیکەت دەبینی. بەڵی، شتێکی دیکە کە گەلێک کرێت و ناشیرین تر بێت لە چارەی ئەو زابتە سمێل خوارەی کە تۆی بە زۆر و ستەم هێنابوو و بەر لەچەند ڕۆژێکیش زۆر زاڵمانە دارکاری کردبوویت هەر کە گوتبووت: (من ناچم!)

بیرو هۆشت پەرت دەبوو و پێیەکانیشت پتر لەسەر گەردن و ملم لە یەکتری دەئالآن و زۆر نەدەما کە من و خۆت بخەیتە نێو ئەو هەڵدێر و دۆڵە قووڵانە و وێکرا هەپروون بە هەپروون ببین. خۆزگە و هەزار خۆزگە وەهات کردبایە و خۆت و منیشت بەم شێوەیە نەجات بدابایە!

بەڵیٚ، خۆزگە و هەزار خۆزگە وەهات کردبایە!

ئایا دەزانیت تۆ هەر تەنیا و یەکەم شوفێر نەبوویت کە منت لیٚ خوڕیبێت، بەر لە تۆ زۆرانی دیکە هەبوون. بەڵام من تەنها تۆم لە پێش چاوە و بەس. بەڵیٚ، تەنها تۆ! بەڵیٚ، من هەر بۆ تۆ لە شەوانی تەنیاییم ڕۆندک دەبارێنم و چارەی یەک لە شوفێرەکانی دیکە لە زەیندا نەماوە. ئیتر نازانم ئەوانەی پێشین لە تۆ چاکتر بوون یان قەدەریان وەها بوو کە هیچ کارێکم پیٚ نەکەن لەوەی تۆ ئەو ڕۆژە بە منت کرد! ئەوان لە جیاتی مرۆڤ، ڕۆژێک کاریان ئەوە بوو کە میگەڵی مەڕ و بزن بە شان و باڵی من لە گوندەکانەوە بگوازنەوە

بۆ شار.. ڕۆژێکی تر مانگا و چێڵانم لێ باربکەن.. دارم لێ هەڵدەن.. بەردم پێ هەڵبگرن.. یانیش پڕم بکەن لە خۆڵ!

بۆیە من لەو کاتەی لەگەڵ تۆ ئەم هەموو مرۆڤە جلوبەرگ ڕەنگاورەنگانەم بەسەر شانی خۆمەوە دیت، دڵم خورپەیەکی گەورەی کرد و هەستم کرد کە قەدەرێکی ڕەش چاوەڕێی ئەوانیشە. چونکە دەمزانی ئەوەی لە پشتی من بار کرابێت چارەیەکی باشی نەبووە. بۆ نموونە: مەڕە کەوڵ کراوە! مانگایە لە خوێن گەوزێندراوە! دارە لەتوپەت کراوە! بەردە وورد و خاش کراوە!

بەڵێ، زۆر دەترسام ئەو مرۆڤە جلوبەرگ ڕەنگاورەنگانەیش بۆ هەمان مەبەست لە پشتی من هەڵدرابن تاوەکو کەوڵ بکرێن.. لە خوێن بگەوزێنرێن.. لەتوپەت بکرێن.. یان وردوخاش بکرێن. لێ، ئەوەندەی دەمهێنا و دەمبرد، نەمدەتوانی بەم خەیاڵانەم باوەڕ بکەم و شتێکی ترسناکی لەم جۆرە بخەمە زەینمەوە. بۆیە سەیری تۆم دەکرد و لە چاوەڕوانی و بێ ئارامییەکی شێتانەدا دەمەویست شتێک لە نێو چەوانی تۆوە بخوێنمەوە. کەچی تۆ هیچت پێ نەدەگوتم و فرمێسک لە قولینچکی هەردوو چاوەکانت قەتیس مابوو و نەدەکەوت.

تۆ تەنها بە دڵیکی پڕەوە لایەکی قاچت هەڵدەکرد و پێشانی منت دەدا کە چۆن پەنما و بریندار بووبوو بە دار و قامچی زابتە سمێڵ خوارەکە. ئێستا تۆ خۆت ڕۆیشتیت و تەنێ منت لەگەڵ ئەو ئازارەدا بەجێهێشتووە. ئایا دەتزانی من لە سەرەتاوە بۆ ئەم جۆرە شتانە نەهێنرابوومە ئێرە. ئەوان

کە منیان هێنایە ئێرە بە ئێمەیان گوتبوو خەم مەخۆن دەتانبەین بۆ وڵاتێکی گەرمی پڕ لە خورما و لە سەرماوسۆڵەی سوێد ڕزگارتان دەکەین. ئێمە بەم قسانە کەمێک ئارامی کەوتبووە دڵمانەوە پاش ئەوەی خەریک بوو وڵاتی خۆمانمان بەیەکجاری بەجێدەهێشت.

هەر بۆ زانیاریت.. باپیرە گەورەی من لەگەڵ هاتنی سەدەی بیستەمەوە لە شاری ماڵموێ هاتبووە دونیا.. لە ماوەی ئەو سەد ساڵەدا وەچە و نەوەکانی بە هەموو قوژبنێکی دونیادا پەرش و بڵاو بووبوونەوە. لێ، باوەڕ ناکەم چتاقیان وەک منیان بەسەر هاتبێت!

من وەها دەزانم دوێنێکەیە کە کۆمەڵە بازرگانێکی سمێڵ پان و بۆینباخ پان و شانومل پان بەدیارمەوە وەستا بوون و پاشان لەگەڵ سی یان چل دانەی دیکەی وەک خۆم سواری گەمییەکی گەورەیان کردین و بەرەو ئەو وڵاتەی خۆیانیان بردین کە گوایە گەرمە و پڕە لە خورمای شیرین.

ئەو کات وامدەزانی قەدەری من و ئەوانەی لەگەڵم بوون گەلێک لە هی ئەوانە خۆشتر دەبێت کە لە ماڵموێ مابوونەوە یان فرۆشرابوون بە وڵاتی دیکە. لە ژێر لێوەکانمەوە خەنی دەبووم و بە خۆمم دەگوت : « خۆش بەختت هەم سەفەر دەکەیت و هەمیش تێر گەرما وخورمای شیرین دەبیت!»

ئای، چەند دەبەنگ و خۆش خەیاڵ بووم ئەو کاتە، کە نەمدەزانی ئەو سەفەرەی من بە ساردوسڕترین ڕووداو و تاڵترین بە سەرهات کۆتایی پێ دێت! من هەرگیز دیمەنی ئەو سەربازە زاڵمانەم لە خەیاڵ دەرناچێت کە تۆیان

بە برینداری زیندە بەچاڵ کرد.

ئێستا بیست ساڵێک بەسەر ئەو ڕووداوە تاڵەدا تێپەڕیوە، کەچی من هێشتا لەگەڵ سێبەری ئەو زاڵمانە دەژیم. ئایا دەزانیت، ئێستاکەیش من هەر تارمایی ئەوان دەبینم کە دێن لە پەنای من میز بە دیواردا دەکەن.. گوو دەکەن و دەڕشێنەوە... یان بە زۆر مێز منداڵێک پەلکێش دەکەن و دەیانەوێت دەرپێکەی لە پێ داکەنن.

ئۆوف و هەزار ئۆوف.. من ئەو کات لەوپەڕی هێز و توانامەوە هیچ شتێکم لە دەست نەهات، ئێستاکە چیم پێ دەکرێت بە ئەکسلی شکاو و دوو تایەی پەنچەر و لەشێکی ژەنگ گرتوو و دوو چاوی شاکاو و پڕ لە گریانەوە.. ها دە تۆ پێم بڵێ تۆ کە ئایا دەبێت چیم پێ دەکرێت ؟

من ئێستاکە لە پەنای ئەو دیوارە میز پێ داکراوەدا لە هەر جوولەیەکی دەور و پشتم بە گومانم، بە گومانم لە هەموو ئەو مرۆڤانەی لەم خاکە وێرانەیەدا دێن و دەچن.

باش لەبیرمە ئەو نیوە شەوەی دانیشتیتە سەر ملم و قاچی دارکاری کراوی خۆتت پێشاندام، ئارەقەت کردبوو هەر لەو کاتەی دەتەویست وەگڕم بخەیت. تۆ کەسێکی شپرزە و شێواو دیار بوویت و دەتزانی و نەتدەزانی کە من و تۆ بەرەوە کوێ دەبەن! لێ هێشتا هەر دەتەویست بە ڕوویاندا بتەقیتەوە و بڵێیت: « ناچم و ناچم و ئەگەر لە سەریشم بدەن!) بۆیە کە بە نێو شاخەکاندا منت سەر دەخست، من گوێم لە ئاخ و ئۆوفت بوو لە دەست ئەم قەدەرەی

تووشی هاتبوویت. خۆت لە من مەزڵوومتر دەزانی و دەتگوت: « منیش وەک تۆ بێ دەسەڵاتم، بەڵام بەڵێن بێت ئەو شتەیان هەرگیز بۆ نەکەم!»

من و تۆ لە تولە ڕێیەکەدا، خرابووینە نێوان جێبێکی وازی رووسی و ئیفاییەکی ڕەنگ بۆزی پڕ لە سەرباز و جاشی شەروال لە پێی بێ شەرم. من یەکەم جار وەهام دەزانی ئەوە تەنها من و تۆین کە وەک دوو بەندی بێچارە بە تولە ڕێیەکدا دەمانبەن کە بۆنی مەترسییەکی گەورەی لێ دەهات، وەک چۆن لە پستەپستی نێوان سەربازەکان و چاوشۆڕی و ملشۆڕی جاشەکان دیار بوو. لێ زوو ئەوەی دیتم، کاروان کاروان لۆری وەک خۆم بوون کە لەسەر ڕێگا قیرتاوەکاندا یەک لە دوای یەکتر وەستابوون.. ئینجا زانیم کە کارەسات سەد بار و هەزار بار و ملیۆن بار لەم ڕووداوە گەورەتر کە لە گوندەکەدا من و شوفێرەکەم هەترەش چوو بە چاوی خۆمان بینیمان.

من تەنیا لە چاوی خۆمەوە ئەوەتان بۆ دەگێرمەوە، سەیرکە ئێستا چۆن لە پەنا ئەو دیوارە بە میز و گووەدا، بێکەس بێکەس فڕی دراوم. چۆن لە جیاتی شوفێرەکەم دەمم لێ ڕوواوە و گەردێک لەم نەهامەتیە گەورەیەتان بۆ دەگێرمەوە.

شوفێرە بەستەزمانەکەم وەکی من جاری یەکەمی بوو، هاتبێتە ناوچە شاخاوییەکە. لێ، ئەو هەرگیز وەک من بە سەرسامی تەماشای ئەولا و ئەملای خۆی نەدەکرد و نەیدەتوانی لە پشت تاریکایی شەوە زەنگدا شتێکی دیکە ببینێت. هەستم دەکرد کە ئەو دڵی لە زۆر لەوە پڕترە کە بە شتێکی

دیکە خەریک بێت بەدەر لە ڕووی گرژومۆنی ئەو زابتە سمێڵ خوارەی کە زۆر زاڵمانە دارکاری کرد بوو کاتێک گوتبووی: «ناچم !»

گەیشتینە گوندێکی قەد پاڵی چیا و وەستاین، خانووەکان لە بەرد دروست کرابوون و ژمارەیان بە پەنجەی دەست دەژمێردران. ئێمە کە گەیشتین گوندەکە و خەڵکەکەی لە شیرینی خەو دابوون. زابتە سمێڵ خوارەکە، سەرباز و جاشەکانی لە ئۆتۆمبێڵ و لۆرییە سەربازییەکان دابەزاندن و بە تووڕەیی هاواری لەسەر کردن و گوندەکەیشی بە ئاگا هێنا.

پێیانی گوت: (ئەو حەیوانانە لەبەر دەرگای مزگەوت کۆ بکەنەوە!).

من لە ڕووی شوفێرەکە ئۆوف و ئازارێکی بێوێنەم بەدیکرد، بەڵام بێدەنگ مامەوە و خۆم بینیم سەرباز و جاشەکان وەکی گورگی هار بەر بوونە گیانی ئەم چەند خانووەی کە بە پەنجەی دەست دەژمێردران. من لە شوێنی خۆم دەلەرزیم و پێشبینی کارەساتێکم دەکرد کە خێراتر لە شتێکی چاوەڕوانکراو ڕوویدەدا. لەو کاتەی دەمبینی ئەو دڕندانە، حەیوان لەبەر دەرگای مزگەوت کۆ ناکەنەوە. بەڵکە، ئەوانەی دەیانهێنان بریتی بوون لە: مەلۆتکەی بە گریەی نێو بێشکە.. منداڵی ساوای هەترەش چوو.. مێرمنداڵی زراو ڕژاو.. کچ و کوڕی نێوجەوانو و چاو بە خەون.. کیژی پاکیزەی بەژن زراف.. کوڕی برۆ ڕەش و هەراسان.. ژنی ماندووی جل و بەرگ ڕەنگاوڕەنگ.. هەروەها پیاوی دەرپێ سپیی و دڵپڕ.

شوفێرەکەم لە زمانی و ئەو خەڵکە دەگەیشت کە لە بەر دەرگای مزگەوتی

گوند بە زۆر کۆکرابوونەوە، هەروەها زمانی سەربازەکانیشی دەزانی.

سەربازەکان لەسەر فەرمانی زابتە سمێڵ خوارەکە لە دەورو پشتی خەڵکەکە ببوون بە بازنەیەکی گەورە. جاشەکانیش وەک سەگی هاڕ بۆ تالاًن کردنی خانووەکان ڕەوانە کرابوون بەر لەوەی تەخت بکرێن. من لە نێو شەو زەنگی ئەو زوڵمە گەورەیەدا دڵی ئاسنم کەمێکی مابوو ببێت بە ئاو لەو کاتەی بەم شتانە ئاشنا دەبووم- بیستنی گریەی زارۆیان .. بینینی فرمێسکی سەر گۆنای ئەو کیژە جوانانەی کە چاوانیان لە ژێر شەوقی چاوەکانی من دەبریسکانەوە.. بۆنکردنی ئارەقەی سەر سنگی ئەو پیاوە دەرپێ سپییانەی کە بۆنی دوکەڵی ماڵ و ڕەز و باغە سووتاوەکانیان کاسی کردبوون. بۆیە تاوەکو ئێستاکەیش لە یادم ماون و هەر بیریان لێ دەکەمەوە، هەرگیز ناتوانم باوەڕ بکەم کە چۆن سەرباز و جاشەکان بە فەرمانی زابتە سمێڵ خوارەکە ئەو تاوانەیان ئەنجامدا. چۆن ئەو مرۆڤە جلوبەرگ ڕەنگاورەنگانەیان بە حەیوان ناوبرد و لە پشتە ملی منیان هەڵدان.

ئایا دەزانیت ئەم کردەوەیە نگریسە لە چاو تروکانێکدا ئەنجام درا. بە بڕوای من کەمتر بوو لە سەعاتێکیش. من بە دڵی ئاسنمەوە لەو کاتەی پشتمان لە گوندە سووتاوەکە بوو، هەر بیرم لە دڵڕەقی سەرباز و جاشەکان دەکردەوە دەمگوت ئەگەر ئەوانە یەک زەرە سۆزییان هەبووایە دەبوو بە هەزاران ساڵ دابنیشن و بیر بکەنەوە بەر لەوەی تاوانێکی وەها کرێت ئەنجام بدەن. تاوان لە بەرانبەر خەڵکانێک کە پێیەکانیان بە سەر پشتی منەوە نەرم

نەرم بوون و سۆزی گەورەیان خستبووە نێو گیانم.. بەدەنیان گەلێک گەرم و جوانتر بوو لە هەموو ئەو شتانەی کە پێشتر لە شانی من بار کرابوون.

من ئەو ڕۆژە نەمدەزانی بە سوارکردنی ئەو بنیادەمانە لە شانی ئاسنینم، ئایا شەرەفێکی گەورەم پێ بەخشراوە یان سەرشۆڕییەکی مەزن.

پاش ئەوەندە ساڵە بیرکردنەوە لەم ڕۆژەی کە نێو لەشی من کرابوو بە گۆمی خوێن و مەلۆتکە و ساوا و منداڵ و گەنج و پیر تێیدا نوزە وناڵەیان دەهات، من ڕۆژێکیان لە پڕ وە قسە هاتم تەنها بۆ ئەوەی گەردێک لە کارەساتە گەورەیە بگێڕمەوە کە ناوی ئەنفالە. ئایا دەزانیت، من پاش ئەو هەموو قسەیەیش هێشتا باوەڕ ناکەم کە چۆن ئەو مرۆڤەی کە خالقی منیشە دەتوانێت بەم جۆرە دڕندەش بێت و تاوانی وەها گەورە ئەنجام بدات.

من بەر لەوەی بۆ یەکەم جار ئەم هەموو خوێنە بەسەر پشتمەوە ببینم، بە هەمان ڕێگاوە لەگەڵ شوفێرەکەم دەگەڕاینەوە. ئەمجارە بارەکەم لە گشت جارانی پێشوو جوایەز بوو، بۆیە منیش ئەوەندەی شوفێرەکەم پەست و نیگەران بووم. دوو سەعات بەسەر چوو تا لە نێو شاخەکاندا دابەزین و کەوتینە سەر ئەو ڕێگا قیرتاوەی کە کاروان کاروان لۆری وەک من پڕاو پڕ لە خەڵکی جلوبەرگ ڕەنگاوڕەنگ بە دوای یەکتری ڕیز کرابوون، دەتگوت بۆ گەشتێک ئامادەکراوین کە دوورترین و ترسناکترینیانە.

لێرە من تەنیا دەمتوانی نێو دڵی شوفێرەکەی خۆم بخوێنمەوە کە چەندە پەرێشان و دڵسووتاو و مەلوول بوو بۆ خەڵکەکە، لێ، نەمدەزانی ئەو لە

نێو گشت شوفێری لۆرییەکان لە هەموویان دڵ ناسکتر و بە جەرگترە! بە تایبەتی کە دەمبینی هەر شوفێرە و لۆرییەکەی خۆی لە پاڵ شوفەڵێك ڕادەگرت و بارەکەی خۆی بە تاڵ دەکرد و دەڕۆیشت.. من لە چاوە ماندووەکانی شوفێرەکەی خۆم شتێکی دیکەم دەخوێندەوە کە گەلێک جەسوور تر و سەرفراز تر بوو لە مل شۆڕی و بێ شەهامەتی ئەوانی دیکە.

لە بیرمە ئەو کاتەی گەیشتینە ئەو شوێنە تازەیە، خۆر بە ڕووی سوورەوە دەیەویست گەزییە خەنەییەکانی خۆی پێشان بدات. من لە ژێر ئەو گەزییە سوورانەی خۆر و لایتەکانی چاومدا یەک دوو لە دەستە خوشکەکانی خۆمم ناسینەوە، ئەوانەی کە لە نێو گەمییەکەدا لەگەڵمدا بوون کە ئێمەیان هێنایە ئەو وڵاتە مەرگەساتە. من نەمتوانی قسە لەگەڵ چتاقیان بکەم، چونکە شوفێرەکانی لەسەر ملی ئەوان دانیشتبوون زۆر مورچ و مۆڕ دیاربوون و لە گەڕانەوەیان زۆر بە خێرایی بە تەنیشت ئێمەوە ڕەت بوون. چاوم لێ بوو شوفێرەکەم بە دوای هەریەکەیان تفێکی ڕەوانە دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «هەی بێ شەرەف و سەر شۆڕینە!»

ئێمە دوا لۆری کاروانەکە بووین، بەڵام کە نۆرەمان هات دڵی من و شوفێرەکەم وەک ئاشێکی شکاو دەنگی دەهات. شوفێرەکەم هەزار جار لە خۆمم پەرۆشتر دەبینی، کەچی تروسکاییەکم لە چاوانی دەبینی کە منی سەرسام کردبوو. ئێستاکەیش پاش تێپەڕ بوونی بیست ساڵ بەسەر ئەم کارەساتە، من هەر کاتێک ئەو تروسکاییەی نێو چاوانی شوفێرەکەم بیر

دەکەوێتەوە حەز بە جوولە دەکەم و دەمەوێت لە پاڵ ئەم دیوارە میز پێداکراوەدا هەڵبستمەوە سەر پێیەکانم و بۆ دوور برۆم!

لەو کاتەی ئەو تروسکاییەم لە نێو چاوانی شوفێرەکەم دەبینی، زابتە سمێڵ خوارەکە خۆی ئامادە دەکرد و بەرانبەر ئێمە دەهات تاوەکو تاڵترین فەرمانمان پێ بدات. شوفێرەکەم زۆر بە وردی سەیری نزیک بوونەوەی زابتە سمێڵ خوارەکەی دەکرد. بۆیە هەر کە نزیک بووەوە بەردەممان شوفێرەکەم لە ناکاو منی ڕاتەکاند و بە خێرایی بەرەو پێشەوە چوو. من زابتە سمێڵ خوارەکەم لە ژێر پێیەکانی خۆم دیت و ئەوەندەی هێزم تێدا بوو سەری کەوتم و فلیقاندمەوە.. یەکەم جارم بوو کاری وەها خوێناوی ئەنجام بدەم.. پێشتر بە درێژایی تەمەنم بنیادەمێکم ئازار نەدابوو، کەسێکم لە ژێر پێیەکانم پان نەکردبوەوە، کەچی بە فلیقاندنەوەی زابتە سمێڵ خوارەکە هەستم بەسەر بەرزییەک دەکرد لە چاو دەستە خوشکەکانم.

شوفێرەکەم هەر کە ئەو کارە مەردانەیەی بە من ئەنجامدا، یەکسەر بە خێرایی منی بەرەو پاش گەڕاندەوە و ڕێگا قیرتاوەکەی خستە بەردەمم بۆ هەڵاتن. هەردووکمان پێکەوە ئەوەندەی هێزمان تێدابوو ڕامانده‌کرد و لە شوێنەکە دوور دەکەوتینەوە. بەڵام لە چوار دەورمان دەستڕێژ و گوللە باران بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا شوفێرەکەم دەستی لە سەر ملم بوو و هەر منی تەکان دەدا تا خێرا تر برۆم.

ئەفسووس، لەشی هەردووکمان بووبوو بە بێژنک و نەمانتوانی بستێک

زیاتر ڕێ بکەین. کە هاتن یەکەم شت شوفێرەکەیان لە سەر ملم دابەزاند و برینەکانی ئەویان دایە بەر زەبری شەق و تفەنگەکانی دەستیان.. پاشان چاوم لێ بوو کە چۆن وەک شتێکی هیچ خستیانە بەر نووکی شۆڤەڵێک و تا بەرەو گۆڕە گەورەکەی ببات.

ئۆوف و هەزار ئۆوف... من لە پاڵ ئەو دیوارە میز پێداکراوەدا بە دڵی ئاسنمەوە وا چاوەکانم پڕن لە ڕۆندک و ئەسرین، بۆیە تکاتان لێ دەکەم بمبورن ئەگەر چیتر نەتوانم دیمەنەکانی تری ئەو گەشتە شوومەی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە!

تکاتان لێ دەکەم بمبورن!

ئەدمنتۆن- ٢٠٠٨

# کاکە بڕۆماڵەوە



هەموو جارێ دێم لە سەر ئەو کورسی و مێزە دادەنیشم بۆ ئەوەی شتێک بنووسم، کەچی نازانم لەبەرچی ئەمجارە چتاقە وشەیەکم بۆ نانوسرێت؟ من پێشتر وەها نەبووم، هەر کە دەستم دەدایە قەڵەم لاپەڕە سپییەکەی ژێر دەستم لەرز دەیگرت و دەیزانی تاوێکی ترە و خۆی سەرتاپا ڕەش دەبینێتەوە. هەروەها دواتریش کە من شوێنەکە بەجێدەهێڵم، ئەو لاپەڕەیە وەک چەندانی دیکەی کاتەکانی پێشین، بە درێژایی ڕێگای چوونەوەم بۆ ماڵ لە نێو گیرفانمدا دەمینێتەوە و بۆ بەختی خۆی دەگریت.

چونکە جاری وەها بووە هاوسەرەکەم هیچ گوێی نەداوە بە ماندوو بوونم و قەدەری ئەو لاپەڕە ڕەشنووسکراوانەوی کە ببوومە خوایان و چارەیانم بە هەوەسی خۆم گۆڕی بوو.. ئەو زوو چووە چاکەتێک یان پانتۆڵێکی منی شوشتووە بێ ئەوەی بیانپشکنێت و ئەو لاپەڕە گوناهانە لە داڕزان ڕزگار بکات.

من لە هەردەم بە هاوسەرەکەمم دەگوت (کچێ بەسە چیتر ئەو پاڵەوانانەی سەر لاپەڕەکانم مەکوژە!) ئەو بە پێکەنین دەهات دەیەویست ماچم بکات، لێ زۆر جاران نەیدەکرد و لە جیاتی دەیگوت (وەها بڕوات هەر ڕۆژێکە تۆیش دەکوژم! ) دوایی لە قاقای پێکەنینی دەدا (گیانەکەم، کەنگی واز لە دروستی کردنی پاڵەوانان دەهێنیت، ئەی نابینیت وا شار پڕ بووە لە پاڵەوان، بگرە لە چەرچی و دز و جەردەیش! ئیتر کێ پێویستی بە تۆیە تا خەڵکی دیکەیان بۆ دروست بکەیت!)

لە چایخانەکەدا لە نێو ئەو بیرکردنەوانەمدا بە دیار لاپەڕە سپییەکەوە دامابووم و هەر سەیریم دەکرد. هەستم دەکرد کە ئەمجارە چیرۆکێکم لە ناخ دایە کە هەرگیز نایەوێت بێتە سەر لاپەڕەوە. یان بە خۆمم دەگوت، لەوانەیە لاپەڕەکە خۆی بە چیرۆکێک بزانێت و نەیەوێت بابایەکی وەک من لە خۆڕا قەڵەم بخاتە جەستەی و بیکات بە مەیدانی شەڕێک یان لێکدانەوەیەکی سەرەڕۆی نێو دڵ و دەروونی.

ئەرێ..لاپەڕە سپییەکەی ژێر دەستم خۆی چیرۆکەیە و نایەوێت وەک دەیان و سەدان لاپەڕەی هاوشێوەی خۆی بە نووسینێک ڕەشنووس بکرێتەوە و ڕۆڵەکەی ئیتر تەواو بێت. دیار بوو ئەو لاپەڕەیەی ژێر دەستم خۆی لە گشت لاپەڕەیەکی دیکە لە خۆبایی تر دەزانی و بگرە لە منیش بە توانا تر کە دەمەویست لە خۆڕا چارەیەکی بۆ دیار بکەم.

ئەمرۆکە هەر کە لە کونجێکی ئەو چایەخانەیەدا دانیشتم، چایە لەسەر

چایەم دەخواردەوە. پڕ مەراق بووم و پێم خۆش بوو شتێکم بۆ بێت بەڵکە دەیخەمە سەر لاپەڕەکەوە. بەڵێ، مەراق کوشتبوومی و لەو کاتەی نیازم وەها بوو بە هەر جۆرێک بێت قەڵەم بخەمە جەستەی ئەو لاپەڕە لە خۆباییە و شتێکی لەسەر بنووسم.

بەڵام ئەوەندەی دەمهێنا و دەمبرد نە من هیچم بۆ دەهات، نە لاپەرە سپییەکەش تووشی ئەو جۆرە لەرزە دەبوو کە من پێشتر لە چارەی لاپەڕەی دیکە بینیبوومن. باوەڕدەکەیت ئەگەر بڵێم سێ سەعاتی ڕەبەق بە دیار لاپەڕە سپییەکە مامەوە و هیچ شتێکم بۆ نەهات، سەیر بوو دەتگوت ڕستەیەک، وشەیەک، تەنانەت تیپێکیش نییە بەم لاپەڕەیە جەربەزەیەی ژێر دەستم بوێرێت.

بە درێژایی هەر سێ سەعاتەکە، هەستم دەکرد لاپەڕەکە پێکەنینی بە من دەهات و گاڵتەی بە ساویلکەییم دەکرد کە هێشتا هەر خەریکی نووسینم. لەوانەیە ئەو هەستکردن و خوێندنەوەیەم بۆ لاپەڕەکە لە جێی خۆیدا نەبێت، چونکە ئەو کاتە ئێوە بە ئاسانی دەتوانن پێم بڵێن (ئای.. لەو پیاوە سەرشێتە وا دەزانێت کاغەزیش پێدەکەنێت!)

دەی، باوەرم پێ بکەن کە ئەوە خۆم نییم ئەو شتانە دەڵێت، بەڵکە لاپەڕە سپییەکە دەستی لە من ساندووە و بە زۆردارەکی خۆی کردووە بەم چیرۆکە سەیرە!

ئەگەر وەها بڕوات ئەستەمە بتوانم لەو شەڕەدا سەربکەوم و نووکە قەڵەم بخەمە جەستەی ئەو لاپەڕە سپییەوە. سەیرە دەڵێیت قەڵەمەکەیشم لە لاپەڕە سپییەکە ترساوە! ئای کە سەیرە، ئەوەی نەمدیبوو، وا دەیبینم!

ئایا دەزانیت من لەوەتەی دەنووسم هەرگیز ڕووو بە ڕووی لاپەڕەیەکی چاو قایمی وەها نە هاتووم، کە بگاتە ئەو ڕادەیەی گەمە بە عەقلم بکات. لاپەڕەیەک کە بە شێوەیەک لە خۆبایی بێت و ئەو شتانەی پێ هیچ بێت کە من زۆر لاپەڕەی دیکەم پێیانەوە ڕەشنووس کردبوو.

من خەریک بوو چایەی پێنجەمینم فڕ دەکرد کە چایەچییەکە بە تەنیشت کورسی و مێزەکەی مندا ڕەت بوو و بە لاچاوێک سەیری لاپەڕە سپییەکەی ژێر دەستمی کرد. هەستم کرد ئەویش گاڵتەی بە من دێت کە چۆن دەمێکە سەرم بەسەر لاپەڕەیەکدا گرتووە. لە دڵی خۆمدا دەمگووت لەوانەیە هاوسەرەکەم و چایەچییەکە پێکەوە ئەو پلانەیان داڕژتبێت.. بەڵێ، ئەوان ئەو لاپەڕە چاو قایم و سیحراویەیان بە چەند سەفتە دینار کڕی بێت و لە بەر دەمی منیان دانابێت.

ئەرێ، هیچ سەیر نەبوو کە وەها بیرکەمەوە، چونکە لە بەزین و وازهێنانم لە نووسین هەرووکیان وێکڕا قازانجیان بوو. بۆ هاوسەرەکەم زووتر دەگەڕامەوە ماڵ و خەیاڵ ڕەحەت دادەنیشتم، بۆ چایچەیەکەش ئەو مێزەم چۆڵ دەکرد بۆ چوار پێنج زەلامی سمێڵ گەورە تا لەگەڵ کردنەوەی هەر تەڵقەیەک، ئەزنیفێک، یان فڕێدانی زارێکیش بە کۆمەڵ چایە و شتی دیکەیان داوا کردبایە.

هیچ بەلامەوە گرنگ نەبوو چایەچییەکە چۆن سەیری من و لاپەڕە سپییەکەی ژێر دەستمی کرد، هەروەها گوێم نەدەدا بە پلاری نێو ناخی ئەو موشتەرییانەیش کە لە چایەخانەکەدا دانیشتبوون و دەیانگوت (ئۆوف، لەو

مامۆستایە سەرشێتە، ئەوە چەند سەعاتە بە دیار یەک لاپەڕەوە دانیشتووە. نازانین بۆ نایەت وەک ئێمە خۆی خەریک بکات و دنیا لە بیر خۆی بباتەوە. بۆ نموونە: تەلقەیەک بکاتەوە.. ئەزنیفێک بگرێت.. قاپییەک بکات.. دوو شەشێک فڕێدات! بە خودای شێتە، نازانین لەبەرچی نایەت؟) بەڵێ، گوێم نەدەدا بە پلار و ئاخاوتنی ئەوانەی لە چایەخەکەدا دانیشتبوون، من هەر بەسەر لاپەڕەکەوە چەمابوومەوە و هەر دەمەویست شتێکی لە سەر بنووسم یان هیچ نەبێت پیسی بکەم. لێ، دیسان بوێرێکی لە ڕادە بە دەرم لە چاوانی ئەو لاپەڕەیە دەخوێندەوە و دووبارە دەکشامەوە و دەکشامەوە.

ماندوو دەبووم و ئەوەندەی نەدەما هەڵبستمە سەر پێ و بانگی گشت موشتەریەکانی نێو چایەخانەکە بکەم تا بگەنە هاوارم. بەڵام زوو پەژیوان دەبوومەوە و بە خۆمم دەگوت (هەرگیز ئەو کارە نەکەیت، تۆ نابێت ئەو لاپەڕەیە ڕوو سپی و سەربەرزە بە زۆر و بە دەستی خەڵکی دیکە هەتک بکەیت. تۆ دەبێت ئەو لاپەڕەیەت وەکی چاوت خۆش بوویت کە ئامادەیە نییە یەک وشە بخاتە سەر خۆی یان ببێتە گۆڕەپانی خەت و تەڵقە و ژمارەی ژێر قەڵەمی تیژی ئەو پیاوانەی کە هەردەم یاری بە وەرەقە دەکەن) بە خۆمم دەگوت (ئارام بە و کەمێک ئارامیت هەبێت و بانگی چتاقیان مەکە. ئەو لاپەرەیە بە بەتاڵی لەسەر مێزەکە بەجێبهێڵە و باشترە لەوەی بکەوێتە ژێر قەڵەمی کوێر و بێرەحمی ئەو موشتەریانە!) هەروەک گوتم سێ سەعاتی تەواو دانیشتم و لاپەڕە سپییەکەی ژێر دەستم ڕێگەی نەدام هیچ شتێکی لەسەر بنووسم.

بۆ جاری سێیەم و چوارەم و پێنجەم چایەچییەکە بە تەنیشتمدا ڕەت دەبوو و دەڕوانییە لاپەرەکە و ملی چەماوەی من. من هەر جارەی بە لاچاوێک سەیری ویم دەکرد، سەرەڕای نقووم بوونم لە نێو دەریای سپی لاپەڕەکەیشدا.

لاپەڕەکەی ژێر دەستم هەر قاقای پێکەنینی بوو، منیش زیاتر مەراق دەیگرتم و ملم نەدەدا بە ئەو. کەچی لە ناخەوە بە خۆمم دەگوت کە ئەگەر وەها بڕوات هەر منم کەسی بەزیوو، بە تایبەت ئەو دەمەی گرم دەرگای چایەخانەکە دادەخرێت. دەمەویست تا دوا نەفەس بەرگە بگرم، بەڵکە لاپەڕەکە دڵی نەرم دەبێت و خۆی دەدات بەدەستمەوە و بە وشەیەکیشم قایل دەبێت.

چایەخانەکە هێواش هێواش چۆڵ دەبوو و منیش زیاتر ترس دایدەگرتم. ڕقم لە ڕوو قایمی خۆم و هی لاپەڕە سپییەکەی ژێر دەستم بوو. چایەچییەکە ئەمجارە بە ناچاری لێم نزیک بووەوە و گوتی (ئەرێ کاکە، کەنگی ئەم نێوە چۆڵ دەکەیت؟)

من یەکەم جار سەرم لەسەر لاپەڕە سپییەکە هەڵنەبڕی، چونکە تەواو نقوومی نێو سپیایی بووبووم و هەر دەمەویست ڕەشی بکەم، لێ ئەو جاری دووەم بە دەنگێکی بەرزتر گوتی (ئەرێ کاکە، لەگەڵ تۆمە!) ناچار سەرمم هەڵبڕی و بینیم تەنیا من و ئەو لە چایەخانەکەدا ماوین.

هەستم بە دڵتەنگییەکی زۆر کرد لە دەستی لاپەڕەکە و چەند ڕۆندکێ ڕژانە نێو چاوەکانم. دوایی زۆر بە کوڵ بۆ خۆم گریام. چایەچییەکە کە منی وەها بینی، کەمێک ئارام بووەوە و دڵی بە من سووتا و دەستێکی

خستە سەر شانم و گوتی (براکەم چی ڕوویداوە بۆ وا بە کوڵ دەگریت؟) منیش سەیرێکم کرد و گوتم (لە دەست ئەم لاپەڕە سپییە لە خۆبابییە!) ئەو کەمێک بە گومانە سەیری کردم و نەیزانی چی بڵێت. بەڵام کە بینی من هەر سوورم لەسەر قسەکەم، ناچار بوو باوەڕ بکات و بێت لە تەکم دابنیشێت.

چایەچییەکە پەلەی بوو و پێی خۆش بوو زوو کارەکانی تەواو بکات و چایەخانەکەی دابخات. منیش خەریک بوو لە لاپەڕە سپییەکە دەدۆڕام، بۆیە لە پڕ چاو قایمی خۆمم شکاند و چارەی خۆم و لاپەڕە سپییەکەم دایە دەستی چایەچییەکە و پێم گوت (تۆ دەتوانیت یارمەتیم بدەیت و شتێکم بۆ لەسەر ئەو لاپەڕەیە سپییە بنووسیت؟)

چایەچییەکە بێ ئەوەی وەک من دابمێنێت و بیربکاتەوە و لە ڕووی قایمی لاپەڕەکە بسڵەمێتەوە، یەکسەر قەڵەمەکەی دەستمی وەرگرت و بە خەتێکی گەورە لە ئەوسەری لاپەڕەکەوە بۆ ئەمسەری نووسی (کاکە هەستە برۆ ماڵەوە!)

ئەدمنتۆن- ٢٠٠٨

# ها، کە گەڕامەوە لاتان

بۆ بەلقیس و دایکم



ئەو ڕۆژە کە هاتمە دەرەوە، شار لە بێدەنگیدا نوقم ببوو، کەچی دەنگێک لە پشتمەوە بە گوڕ دەهات و لێم دەپاڕایەوە کە لەوە زیاتر هەنگاو بۆ پێشەوە نەهاوێژم نەوەک منیش بە دەردی ئەو بچم. هەستم دەکرد دەنگەکە دەنگی بە سۆزی دایکمە کە ماوەیەکی دوور بوو وەها زیندوو نە هاتبووە نێو گوێچکەکانم. بەڵام ئەوەی من لام سەیر بوو دڵڕەقی و گوێنەدانم بوو بۆ فەرمانەکانی خاوەن ئەو دەنگە کە دەیەویست هەرچی زووترە پەژیوانم بکاتەوە. من بە باوەڕێکی پتەوەوە دەڕۆیشتم و بە خۆمم دەگوت کە ئیتر هێزێک نییە بتگەڕێنێتەوە دواوە. وەک ئەوەی من جیابم لە تەواوی خەڵکە مەلوول و چاوەڕوان و دانیشتووەکەی نێو ماڵان و بە تاقی تەنیا بمەوێت پاڵەوانیەتیەک بنوێنم. من هەمووی چەند مانگێک بوو گەڕابوومەوە ماڵی چۆل. لە بەختی من هاوکات بوو لەگەڵ هەواڵی گەردەلوولە ژەهراوییەکە، کە بە قسەی هەواڵ خەریک بوو هەڵکوتێتە سەر ئەو شارەی یادەوەری

منداڵیم و گۆڕە هێشتا تازەکەی دایکمی لێبوو.

ڕێکەوتێکی سەیر و ناخۆش بوو شارەکە وا شڵەژاو ببینمەوە کە هیچی لەو بەهەشتەی سەردەمی منداڵیم نەدەچوو کە بە دار و درەختی سەوز و گوڵی هەمیشە ڕەنگاوڕەنگ داپۆشرابوو.

من هەموو جارێک لە تەلەفۆنەکانمدا لەگەڵ دایکم نەغمەیەکی غەمگینم لە دەنگی نووساو و پڕ لە گرییەی ئەودا هەست پێدەکرد. وەهام مەزەندە دەکرد کە زۆر شت لە شارەکەدا ڕوویان داوە و ئەو نایەوێت چتاقیانم پێ بڵێت.

لە نیوە شەوێکدا دڵم تەواو گوشرا بوو وەک ئەوەی هەواڵی شتێکی ناخۆشم زانیبێت. لە پڕ دەستم دا تەلەفۆن و بە زەنگێکی ناوەخت دایکمم لە شیرینی خەو بە ئاگا هێنا و بە چاوی بە خەویەوە بۆ دڵنەوایی خۆم هێنامە قسە. سەرەتا هەزار و یەک بەڵێن و گفتم لێ وەرگرت کە ڕاستی هەموو شتێکم پێ بڵێت، بەڵکە خۆم لە دیوێکی دیکەی خەمەوە دەبینمەوە و کەمێک باری گرانی دووری و غوربەتم سووک دەبێت، وەک کەسێکی بریندار کە بیەوێت بە برینێکی تازەوە برینە کۆنەکەی دیکەی لە یاد بکات.

دایکم بە هەنسک و گریانەوە پێمی دەگوت (ڕۆڵەی شیرینم خەفەت مەخۆ و دڵت هیچ نەکات. هیچ شتێکی وا ڕووی نەداوە. شار هەر لە جێگەی خۆیەتی، دایکی دڵسۆزت هەر لە ماڵەکەی جارانە و تامەزرۆیە بۆ دیدەنیت.)

من تەلەفۆنەکەم داخستەوە، دڵنیا لەوەی هەزار جاری دیکەش هەر کە

دڵم تەنگ بوو دەتوانم دایکی شیرینم لە خەو بە ئاگا بهێنم و سۆزی لە بن نەهاتووی ئەو بهێنمە هانای خۆم.

بەڵێ، زۆر بێ باکانە تەلەفۆنەکەم داخستەوە و هەرگیز نەمزانی کە ئەوە دوا تەلەفۆنکردن و ئاخاوتنمە لەگەڵ دایکم.

مخابن، دوای نۆ مانگ، ڕێک بە ژمارەی ئەو ڕۆژانەی کە من پارچەیەک بووم لە ئەو، دایکم بە گوللەیەکی وێلەوە گیانی دەرچوو. بەهۆی تەقینی کلاشینکۆفێک کە فیشەکەکانی هەناوی هەردەم بۆ سنگی برا ساناتر دەردەپەڕن لەوەی بۆ سنگی نەیار. من هەواڵەکەم لە یەکێک لە خزم و ناسیاو و کەسەکانمەوە نەبیست، چونکە هەموویان ڕێك کەوتبوون کە ئەو هەواڵە لە من بشارنەوە تا ئەو ڕۆژەی دەگەڕێمەوە.

نۆ مانگ بەسەر چوو و من بێ ئاگا بووم لە هەواڵی تاڵترین ڕووداوی ژیانم. دوا جار کەسێک بە تەوسەوە ژمارەکەمی پەیداکردبوو و بڕیاری دا ڕۆژێک لەم خەوە بە ئاگام بهێنێت. لە تەلەفۆنەکەدا ئەو کەسەم بە دەنگەکەی تیژەکەی ناسییەوە کە دۆست و هاوسێ و ڕکەبەرێکی گەمەکانی سەردەمی منداڵیم بوو. ئەو بێ پێچوپەنا یەکسەر وەک زرمەی ئەو بەردەی کە بیست ساڵ لەمەوبەر سەریم پێی شکاندبوو، هەواڵەکەی بە گوێم دادا و منی کردەوە ئەو منداڵەی کە بە دیار خوێنی ڕژاوی سەری ئەو لە پڕمەی گریانم دابوو و ڕام کردبووە پەنای دایکم.

کە گەڕامەوە ئەو دۆستەی سەردەمی منداڵیشم وەک هەموو ئەوانە

کوژرابوو کە یادەوەری تاڵ و شیرین کۆی دەکردینەوە. لێ، هێشتا مەرگی دایکم لە سەرووی گشت خەمێکدا بوو و بۆشاییەکی گەلێک مەزنی لە ژیانی من چێ کردبوو، وای لێکردم کە ئیتر نامۆ بم و هیچ شتێکی شارەکەم نەناسمەوە. بەشی زۆری خەڵکی شارەکە لە نێو ماڵەکانیاندا خۆیان حەشار دابوو و لە چاوەڕوانی هاتن و تێپەڕینی گەردەلوولە ژەهراوییەکە دابوون. هەروەها تاکە شت کە بینیم ئەوانی خەریک کردبوو، بریتی بوو لە داپۆشینی دەرگا و پەنجەرەی ماڵەکانیان.

من پاش دە ساڵ دووری لەو ماڵەی تێیدا گەورە بووبووم وەک خەڵکەکە چەکوشێکم دابووە دەست و گیرفانەکانیشم پڕ کردبوو لە بزمار. ماڵەکەی ئێمە خانوویەکی گەورەی دوو نهۆمی چۆڵوهۆڵ بوو کە سەرەرای ژمارە زۆریی پەنجەرەکانی کە لە بیست دانە تێپەڕی دەکرد، بۆنی دایکم هێشتا لە کونوقوژبنەکانی ماڵەکە دەهات. داپۆشینی دەرگا و پەنجەرەکانی ماڵ زیاتر لە حەفتەیەکی خایاند و من لەگەڵ خەڵکەکە ئاڵوودەی گێژاو و هەواڵی گەردەلوولەکە.

لەو ماوەیەدا من بۆ چەند جارێک سەردانی گۆڕی دایکمم کردبوو و چەپکە گوڵم لە ژێر سەر و پێیەکانی دانابوو. شەوانیش لە ماڵە خزمەکانم گوێگری ئەو ڕووداو و هەواڵانە دەبووم کە لە نائامادەبوونی دە ساڵەی من لە باخچە و کۆڵان و گۆڕەپان و سەر جادەکانی شارەکەدا قەومابوون. دواییش ڕۆڵی من دەهات لە ئاست پرسیارە نەپساوەکانی ئەواندا دابمێنم و نەتوانم پەرسڤێک بهێنمە سەر زوبان. من تەنیا بووم لە ئاست پرسیارە ژمارە زۆر و

نەبڕاوەکانی ئەوان، کەچی وەڵامەکانی ئەوانیش بۆ من جوایەز و لە یەکتر نەچوو بوون و وەک دیمەنی ڕووە شێواو و ئاڵۆزکاوەکانیان هەزار و یەک شتیان پێ دەگوتم. هەریەکە گلەیی و لۆمەی لە ئەوی تر دەکرد و کەس نەیدەزانی شانەی شکاوی کێشە و شەڕ و نەهامەتییەکانی شار لە سەری کێ بشکێنێت. بەڵام دواتر ئەوەی دڵی منی تەژی خۆشی دەکرد کۆک بوون و داکۆکی کردنی ئەوان بوو لە ڕۆڵی دایکم، لەو کاتەی چاونەترسانە بە نێو گوللە باراندا ڕەت ببوو و چوو بوو بۆ بەرەڤانی برا بە شەڕ چووەکان.

دەیانگوت ئەو بە درێژایی ڕۆژانی شەڕ دەیەویست بچێت لە قاپی فەرماندەی هەردوو بەرەی شەڕ بدات و لێیان بپاڕێتەوە کە نەچنە سەر کەلی شەیتان و شەڕی دامەزرێنن.

من لە دانیشتنەکانمدا لەگەڵ خزم و کەسانم پرسیای ورد و درشتم سەبارەت بە دایکم دەکرد و ئەوانیش بەرسڤی دوورودرێژییان دەدامەوە و هەردەم پەسنی کردەوەکانی ئەویان دەکرد. ئەوان دەچوونە نێو قووڵایی باسەکان و تارمایی دایکمیان بە وشەکانیان زیندووتر لە بوون ڕادەگرت، کەچی چتاقیان چاوی ناخ و دڵی من نەدەبینی کە چۆن لە غوربەتدا لە بری بە بەرد بوون ئێستا ئاوە و ناتوانێت وەها بە سادەیی گوێ لەو جۆرە باسانە ڕابگرێت. بە تایبەت کاتێک وردەکاری ئەو ڕۆژە گەرمەی شەڕیان دەگێڕایەوە کە ئەو کۆڵانەی ماڵەکەی ئێمەی لێ بوو وەک شووتی بووبوو بە دوو لەت و تەنەکانی نێوی لە گۆمێکی سوور سوور مەلەیان دەکرد. لە نێوانیشیاندا هەورییەکەی سەری دایکم لە سپی سپیتر دیار بوو لەو کاتەی خاوەنەکەی

بە هەموو جورئەتەوە ئەو هێڵە سوورەی بەزاندبوو و چوو بوو لە مابەینی لوولەی تفەنگی برا بە شەڕ چووەکاندا وەستابوو. بە ئامادەبوونی دایکم لەو شوێنە پڕ لە مەترسییەدا تەقە بۆ ماوەیەک کپ ببوو و خەڵک پەردەی پەنجەرەی ماڵەکەنیان هەڵبڕی بوو و چەپڵەی ئافەرینیان بۆ لێدا بوو.

من کە گەڕامەوە نە دایکم مابوو، نە دەنگی ئەو گوللانەی کە لەشی ئەو و هەزاران کەسی دیکەیان کون کون و خەڵتانی خوێن کرد، بەڵام ترسێکی دیکە ڕووی خەڵکەکەی داپۆشیبوو و هەواڵ هەواڵی گەردەلوولە ژەهراوییەکە بوو، بۆیە دووبارە وەک ڕۆژانی شەڕ خەڵک لە ماڵەکانیان خۆیان حەشار دابوو و نەیاندەوێرا سەر دەربهێنن.

من دەمێک بوو ناخم پڕ بووبوو لە بێزاری و دەمەویست بچمە دەرەوەو تا ڕاستی و نا ڕاستی هەواڵی گەردەلوولەکە بزانم. خزم و کەس و ناسیاوەکانم کەمێک لە چاوەنترسی و سۆزداری دایکمیان لە کەسێتی من دەبینیەوە و نیگەران بوون لەوەی نەوەک منیش بیر لە چوونە دەرەوەیەکی لە پڕ بکەمەوە و وەک دایکم سەری خۆمی تێدا بچووێنم. ئەوان بە هۆی ساڵانی درێژی شەڕەوە ناخیان پڕ بووبوو لە ڕەشبینی و وایان دەزانی هەر کەسێک سەری بۆ گۆڕانێک هەڵبڕی دواتر بە لەشی بە خوێنەوە بۆیان دەگەڕێتەوە.

من ئەو رۆژەی بڕیارم دا بچمە دەرەوە بە خێرایی هەنگاوم دەنا بەر لەوەی نیگەرانی و پەرۆشی خەڵکەکە پەژیوانم بکاتەوە، یان پاڕانەوە و سۆزی ئەو دەنگەی لە پشتمەوە دەهاتە نێو گوێچکەکانم ببێتە هۆی سست کردنەوەی

ئەژنۆکانم. خێرا خێرا بە کۆڵانە چۆڵەکاندا هەنگاونم دەنا پاش ئەوەی تاوێک لەو شوێنە وەستام کە خوێنی دایکمی لەسەر ڕژابوو. ڕۆندک بە لێشاو پڕ بوونە چاوەکانم و منیان وەک دارێکی بێ بەری وشک وەستاند. نوشتامەوە و لەو بێ دەنگییەی کۆڵانەکەدا پڕ بە زارم ماچێکی بە دەنگ و تەڕم لە کۆنکریتی گەرم و وشکی جادەکە کرد. لێوەکانم چوزانەوە و گڕی سووتانێک هەتا بنەبانی دڵ و دەروونم چوو. من بە نوشتانەوەی لە شێوەی کڕنۆش بردن زیاتر لێوەکانم بە سکی جادەکەوە دەنووساند و دەمەویست گڕی هەمان ئازار لە جەستەم بەردەم کە گوللە خستبوویە گیانی دایکم.

کە هەڵستامەوە سەر پێ هەستم کاتێکی زۆر بەسەر چووە دوای ئەوەی قاپی یەکێک لە ماڵە خزمەکانم جێ هێشت بوو و بڕیاری هاتنە دەرەوەم دا. بۆ ئەوەی سەرە داوێکی ڕاستی و نا ڕاستی هەواڵی ئەو گەردەلوولەم چنگ کەوێت و وەک پەیامهێنەرێکی دەروون شاد بگەڕێمەوە نێو خەڵکە گیرخواردووەکەی نێو ماڵەکان.

گەیشتمە نێو بازاڕ و بە جادە و شەقام و گۆڕەپان و باخچەکانیدا سووڕامەوە. هەموو شوێنەکان داخراو و چۆڵ بوون دەتگوت شارەکە زەمانێکە نە کەسی تێدا ژیاوە، نە کەسیشی پێدا تێپەڕ بووە. دوکانەکان گشتیان داخرابوون لە چەند دانەیەک بترازێت کە لە بەردەم هەریەکێکیان زەلامێک بە قەلافەتی شەکەت و دەم و چاوی پێچراوەوە دانیشتبوو و نەیدەزانی ئەو کارەی بە ئازایەتی ناوزەد بکات یان بێ ئاگایی. ئەو پیاوە سەر و ڕوو

پێچراوانەی کە مۆڵەتیان پێدرابوو دوکانەکانیان بکەنەوە، چەند حەفتەیەک بوو خەریکی فرۆشتنی نایلۆن و چەکوش و بزمار بوون.

من بە سڵاوکردنی پڕ لە پرسیار و وەڵام بەر دەمیان ڕەت بووم و بە ڕووی کراوە و دوو لێوی سووتاوەوە، ئازایەتی خۆمم پێشان دا. وەک ئەوەی بمەوێت بە ئەوان و دار و بەرد بڵێم: (ئەی ئێوەی سەر ڕێگام، ئایا دەزانن من زادەی ئەو ژنەم کە ڕۆژگارێک خۆی بۆ خەڵک و ئەو شارە بۆ کردە قوربانی؟) هەستم دەکرد دوکاندارە ڕوو داپۆشراوەکان لە ژێر سمێڵەکانیانەوە پێدەکەنین و گاڵتەیان بە عەقلی من دەهات کە هێشتا پڕە لە وشەی لە چەشنی قوربانی، خەڵک، شار و وڵات.

من زۆر بە باوەڕەوە هەنگاوم دەنا و هەرگیز گوێم بۆ ئەو لێکدانەوە شێوێنەرانەی ناخم ڕانەگرت. بەڵام لە ئاست ئەو دەنگە بە سۆزەی هەردەم بەدوامەوە بوو کەمتر دەمتوانی بەرگە بگرم و لە سستبوونی ئەژنۆکانم و خاوبوونەوەی هەنگاوەکانم دەترسام.

زیاتر بە نێو جەرگەی شاردا چوومە خوار و بینیم وەزارەتی ڕاگەیاندنی لێ دەرچێ، گشت وەزارەتەکانی دیکە دەرگاکانیان قوفل درابوو. بەوە هەڵوێستەیەکم کردوو و لەشم لێ بوو بە نیشانەیەکی گەورەی پرسیار، کاتێ دەمەویست هێواش هێواش ڕێ بکەم و خۆم لە بەر چاوی ئەو چەکدارانە بدزمەوە کە بە سەر دار و دیوار و نێو گۆڕەپان و سەربانەکانی وەزارەتەکەدا بڵاو ببوونەوە. لە پێش دەرگای دەرەوە کۆمەڵێک خەریکی جگەرە کێشان و

پێکەنینی بە دەنگ بوون، من نەمتوانی ئیتر خۆم بشارمەوە. بۆیە ئەوجارە خۆم کردە نیشانەی سەرسوڕمان و بە سەرە پەنجان ڕەت بووم و ڕووی خۆمم لێ وەرگێڕان، نەوەک بمدەنە بەر لێشاوی پرسیار و لوولەی تفەنگەکانیان.

من تاقە گیان بووم بەو بەیانییە زووە بە کۆڵان و جادە و گۆڕەپانەکانی شار دەخولامەوە. من خۆم پرسیار بووم و لە ڕاستی و نا ڕاستی هەواڵی گەردەلوولە وێرانکەرەکە دەگەڕام. کە باڵەخانەی وەزارەتی ڕاگەیاندنم بەجێهێشت، لە پڕ بە دەنگی چەکدارێک ڕاچڵەکیم کە لە نێو تاوەری سەر دیواری باڵەخانەی تەلەفزیۆنی گشتی سەر و لوولەی تفەنگەکەی پێکەوە بەرز کردەوە و گوتی (کاکی سەر لێشواو بەو بەیانە زووە و ڕۆژگارە شوومە لە چی دەگەڕێیت؟) من بە (هیچ) وەڵامیم دایەوە و ملی ڕێگام گرت و لە شوێنەکە دوور کەوتمەوە.

کە زیاتر بەرەو نێو جەرگەی شار ڕێگام بڕی، بینیم جگە لە باڵەخانەکانی وەزارەتی ڕاگەیاندن، دەرگای دوو ئوتێلی پێنج ئەستێرەیش کراوە بوون. لە بەر دەرگای ئەوانیش چەکدار وەستابوون، بەڵام بە ژمارەی کەمتر. گۆڕەپانی هەردوو ئوتێلەکە پڕ بوو لە ئۆتۆمبێل و پیکاپی ژمارە بیانی کە هی دەزگا جیهانییەکانی ڕاگەیاندن بوون وەک ڕۆیتەرز و بی بی سی و سی ئێن ئێن، هەروەها لە سەر دەرگای گەلێکیشیان لۆگۆی کەناڵە خۆماڵی و وڵاتەکانی ناوچەکە هەبوون. من هێواش هێواش بەرەو گۆڕەپانی ئوتێلە بیست نهۆمیە شووشەکە چووم و لە گۆڕەپانەکەیدا خۆم لە پەنای ئۆتۆمبێلەکان مات و حەشاردا. بەڵکە لەو شوێنە سەرە داوێکی هەواڵی ڕاستی و نا ڕاستی

گەردەلوولەکەم دەست کەوێت و بتوانم بگەڕێمەوە لای ئەو خەڵک مەلوولەی نێو ماڵەکان. ئەوانەی ماوەیەک بوو ببوون بە یەخسیری شاشەکانی تەلەفزیۆن و شەپۆڵەکانی ئێف-ئێم و ئەی-ئێمی ڕادیۆ.

لە گۆڕەپانی ئوتێلەکە و لە پەنای ئوتۆمبێلەکان ماوەی چارەکە سەعاتێک مامەوە. ئینجا بینیم ژنێکی باڵابەرزی چاوشین و مووزەرد وەک ئەوەی شتێکی بیر چووبێت بەرەو یەکێک لەو تۆیۆتا لاندکروزەرانە دەچوو کە لۆگۆی ڕۆیتەرز لە دەرگاکەی درابوو. کە منی بینی وا خەریکە ڕووبەڕووی خۆم دەردەخەم کەمێک سڵەمییەوە و هەنگاوەکانی سست کردن. ئەو لە دوورەوە لە چاوەکانی من ڕاما و بزەیەکی پڕ لە پرسیاری خستە سەر لێوەکانی.

من پاش دە ساڵ ژیان لە دەرەوە وەک جاران نەمابووم بە بینینی کەسی بیانی مووزەرد و چاوشین شاگەشکە بم وەک ئەوەی کەسی نامۆی سەر ئەستێرەیەکی دیکەم بینیبێت. بەڵام من لە یەکەم نیگام بۆ نێو چاوە شینەکانی ئەو ژنە هەستێک چووە نێو دڵمەوە و وەهای لێکردم کە کلیلی گشت پرسیارەکانم سەبارەت بە ڕاستی و نا ڕاستی گەردەلوولەکە لە زاری ئەو ژنەدا ببینمەوە. بۆیە هەر کە ویسستی بە تەنیشتم دا ڕەت بێت، من بزەیەکی لە هی ئەو گەورەترم خستە سەر لێوەکانم و بە زمانە پاراوەکەم سەرنجیم ڕاکێشا و لە تەنیشت خۆم ڕامگرت.

ئەو دەتگوت ساڵانێکە تامەزرۆی بینینی کەسێکی وەک من بووە و نەیدۆزیتەوە . بۆیە زۆر بە خێرایی دەستمی گرت و یەکسەر منی بردە

لاندکروزەرەکە. پاش تاوێک دانیشتن ئەو هیچ قسەیەکی نەکرد، دیار بوو وەک من بە زۆر شت نیگەرانە. دەتگوت چاوە شینەکانی ئەو دوو گۆمی مەنگن و پڕن لە نهێنی گرنگ و نەزانراو. ئەو سەرەتا بە چەند پرسیارێکی کورت و بەربڵاو تاقی کردمەوە و منی زۆر بە هێمنی دواند. لە بەرانبەریدا من ڕاستی کەسێتی خۆم بێ پێچوپەنا وەک هێلکەیەکی سپی کراو دایە دەستی ئەو. نەمویست لەو ساتە گرنگ و دژوارەدا گومانی هیچ شتێکم لێبکات و چەکدار و خەڵکی نێو ئوتێلەکەم بهێنێتە دیار. من کاتێک قسەکانم دەکرد، ئەو بە دڵنیاییەوە خەریک بوو چاوە شینەکانی لە سەرم هەڵبگرێت. دواتر بێ ئەوەی بە خۆم بزانم دەستم سەر شانی ئەودا بوو و کە دەمەویست ئاخاوتنەکەم وەها بە کۆتا بهێنم و بڵێم: (خانمی جوان، ئایا دەزانی من کوڕی ژنێکم کە ساڵانێک بەر لە ئێستا لەشی خەڵتانی خوێن بوو، لەو کاتەی ویستی خەڵک لە دژوارییەکی گەورە ڕزگار بکات؟)

ژنەکە دوو چاوە جوانەکانی بە دیارمەوە بوون بە دوو گۆمی شین و دەستی کردە ملم و گوتی: (بەڕێز، کەمێک ئارام بە من تەنها پێنج دەقیقەم پێدەچێت و دەگەڕێمەوە لات. شتێگی گرنگ هەیە پێت بڵێم.) من لە نێو لاندکروزەرەکەدا مامەوە و ژنەیش بە خێرایی بەرەوە دەرگای سەرەکی ئوتێلەکە چوو. ئەو کە گەڕایەوە من هەستم کرد ماوەیەکی زۆر بەسەر چووە لەوەتەی من سەر لە بەیانی هاتبوومە دەرەوە.

شەوی پێشوو من لە ماڵی یەکێک لە خزماکانم مابوومەوە کە دیواری ماڵەکەیان بە ماڵی ئێمەوە بوو. من ئەو بەیانییە بە سکی برسی هاتمە دەرەوە

و نەمویست کەس لەو بڕیارەم ئاگادار بکەمەوە کە چەند حەفتەیەک بوو لە مێشکم دەخولایەوە و ئازاری دەدام.

ماڵەکانی گەڕەک و کوچەکانی شار لە ماوەی ئەو چەند مانگەی بڵاوبوونەی هەواڵی گەردەلوولەکە وەک تەونی جاڵجاڵۆکە بەیەکتری بەسترابوونەوە. هەر ماڵەی شێوەی توونێلێکی بە نایلۆن، مقەبا، یان پلاستیک لەگەڵ ماڵی هاوسێکەی دروست کردبوو. لە نێو ئەو توونێلانەدا خەڵک سەردانی یەکتریان دەکرد، منداڵ بۆ یاری کردن بە غار پێیاندا دەچوون و چاوشارکێیان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد. لە کاتی پێویستدا لە نێو ئەو توونێلانەدا خواردن و ئاو و پێداویستیەکانی دیکە ئاڵۆگۆڕ دەکرد.

من پێشتر لە ماڵی گشت خزم و کەسەکانم چەند جارێک میوانداری کرابووم و خوانچەی پڕ لە خواردن و خۆراکم بۆ ئامادە کرابوو. بەڵام لە چەند مانگی دواییدا و پاش ڕاگەیاندنی هەواڵی گەردەلوولە ژەهراوییەکە و دروستکردنی توونێلەکان، من وەک ڕۆژگارە درێژەکانی ژیانی غوربەت گەڕابوومەوە تەنیاییەکی کوشندە و ناخی خۆمم بە سەت چەشن دەخوارد. تا ڕۆژێکیان خزمە هاوسێکەی دوا شەوی هاتنە دەرەوەم لە ماڵیان بوومە، بە سەر و کەللەی پێچراوەوە لێم وە ژوور کەوت و منی بردەوە ماڵەکەی خۆی. دواتر ئەو خزمانەی من وەک تەواوی خەڵکەکە هێواش هێواش خۆیان لە ماڵەکانیان ئاخنی و کەوتنە بارێکی دەروونی پڕ ترس و نیگەرانی.

شار بەرە بەرە چوڵ بوو، پێش هەموویان دکتۆرەکان نۆڕینگەکانیان

داخست، ئەندازیارەکان پرۆژەکانیان بە نیو چلی جێ هێشت، مامۆستا لەگەڵ قوتابییەکانیان چوونەوە ماڵەوە، زانکۆ ئاوی تێوەرکرا و دواتر بازاڕ بە تەواوی چۆڵ بوو لە خەڵک. خەڵک بە شەووڕۆژی درێژ بە ڕووی پر لە پرسیارەوە لە ماڵەکانیان بەرانبەر یەکتری دادەنیشتن و هەزار و یەک لێکدانەوەی سەیریان بۆهەواڵی گەردەلوولە ژەهراوییەکە هەبوو. من لە زاری ئەو خزم و خەڵکانەی کە شەوانە لە نێو توونێلەکاندا هاتوچۆیان دەکرد هەستم بە زۆر شتی سەیر و شاراوە دەکرد لە پەنای هەواڵێک ئەو هەموو خەڵکەی لە ماڵەکانیاندا ئاخنیبوو. کەچی نەمدەویست من خۆم بکەم بە دەمڕاستی خەڵک و بۆ شتێکی نا دیار هانیان بدەم. من سەرەتا تەنها بۆ گۆڕی دایکم گەڕابوومەوە و هەرگیز لە خەیاڵدا نەبووم کە تووشی پێشهاتێکی وەها سەیر و نادیار دێم. لەو ماوەی مانەوەم لە ماڵە خزمەکەمدا هەستم دەکرد چەندین کێشە و گرفت ڕوودەدەن کە بە مانەوە لە ماڵەکاندا چارەسەرکردنیان ئەستەم و گرانتر دەبوو. بۆ نموونە:

- خۆراک بەرەو کەمی دەچوو.
- ئاو بۆڕییەکانی وەک جاران پڕ نەکرد.
- ئاوەڕۆ و زێرابەکان خەریک بوو دەگیران و بۆنیان دەگرت.
- نەخۆشی لە نێو منداڵان بڵاوبووەوە و دایک و باوکانی هەراسان کردبوو.
- کێشە و ناخۆشی لە نێو ئەو خەڵکانە دروست ببوو کە پێشتر خوشک و برای پشتی یەکتر بوون.

• بەرگری خەڵک بە تەواوی هەرەسی هێنا بوو و کەس نە کلیلی چاسەرکردنی کێشەکانی لا بوو، نە دەیتوانی قسەیەکی دروست بۆ ئەویتر بکات.

شەوێک لە بێزاری ئەو بارە قورسە، من بێ ئەوەی دەمامک لە ڕووم ببەستم بە دزییەوە چوومە سەربانی ماڵە خزمەکەمان. سەرەتا ئاوڕێکم لە ماڵی خۆمان دایەوە و لە ناخی خۆم تەنیاتر و چۆڵترم بینی. دواتر سەر بۆ ئاسمان هەڵبڕی و لە ئەستێرە دوور و نزیکەکان ڕامام، لە بەرانبەر درەوشانەوەی ڕەنگاوڕەنگیاندا ماوەیەکی درێژتر نیگای چاوەکانمم تێ گرتن و پرسیارەکانی دڵمم لێکردن. ئەو شەوە ڕووی ئەستیرەکان لە هی خەڵکەکەی نێو ماڵان خیراتر چوونە نێو دڵمەوە و ئەوانم گەلێک ئاشنا و نزیکتر بینی لە خۆم.

بۆ شەوی دواتر هەمان کارم دووبارە کردەوە و بریارمدا کە دوا شەوم بێت، وەک خەڵکەکە خۆم بکەم بە زیندانی نێو ماڵ و ئەسیری دەستی هەواڵێکی نادیار. بۆ سەر لە بەیانی بێ ئەوەی پەیامێک بۆ ماڵە خزمەکەم جێ بهێڵم دەرگای دەرەوەم کردەوە و ڕووم داپۆشم لە ماڵەکە دەرکەوتم.

لە نێو لانکرۆزەکەدا ژنە بیانییە مووزەردەکەی ڕۆیتەرز بە پەلە کەوتە وەگڕ خستنی ئۆتۆمبیلەکەی و ئەو خەیاڵانەی لێ پساندم. هەر لەو کاتەی خەریک بووین گۆڕەپانی ئوتێلەکەمان بەجێدەهێشت، ڕووی کردە من و گوتی (بەڕێز، من دەمەوێت لە نهێنییەکی گەورە ئاگادارت بکەمەوە، کە

ماوەیەکە منیشی هەراسان کرووە. بەڵام من لەبەر چاودێری و ترس هەرگیز نەمتوانیوە لە هاورێکانم دابڕیم بە تەنیا وەدوای شتێک بکەوم!) من بە ترس و گومانەوە سەیری چاوەکانی ژنەم کرد و لە پشتەوەی ئاخاوتنەکانی لێڵی و ناڕوونی ڕووداوێکی بێ وێنەم بەدی کرد.

دوای ماوەیەکی درێژ لە ئاخاوتنی ژنەکە، ئەو لە ڕووی من نیشانەی پەشۆکان و نیگەرانی خوێندەوە، بۆیە زوو دەستێکی لەسەر ڕانم دانا و گوتی: (بەرێز، من لە پەرۆشی ئەو خەڵکە بەو جۆرە دەئاخفم و دەمەوێت ئەو نهێنییەت بۆ بدرکێنم. من شتێک دەزانم ئێوە هەمووتان لێی بێ ئاگان!) هێشتا دەستی هەر لەسەر ڕانم بوو کە پێم گوت (خانم، تۆ هیچ لە کەسێکی ڕۆژئاوایی ناچێت. ئەو هەموو پێشەکییەی بۆ چیە. یەکسەر ڕاست و دروست ئەو شتەم پێ بڵی.)

ژنەکە یەکسەر دوای پرسیارەکەم دەستی لە سەر ڕانم کەمێک فشاردا و گوتی (نا بەرێز، پەلە مەکە ئەو شتە کارێکی وەها سادە و ساکار نییە بۆ هەر کەسێکی بدرکێنیت. ئەوەی من دەمەوێت پێت بڵێم لە پلانێکی گەورە دەچێت و کەسانێکی زۆر تێیدا بەشدارن.) ئیتر لاندکروزەرەکەی بە خێرایی لێدەخوڕی دەتگوت دە ئەوەندەی من شارەزای ئەو شارەیە کە گۆری دایکم و یادەورییەکانی منداڵیم و سەردەمی دواترمی لێبوو. بەو کۆڵانانەدا دەچوو کە چۆڵ و بێ بازگەی لێپرسینەوە و پشکنین بوون. دواتر کە گەیشتە سەر ئۆتۆبانە سەرەکییەکەی دەرەوەی شار زیاتر پێی لەسەر شوێنی بەنزین داگرت و لاندکوزەرەکەی خێراتر هاژووا. من یەکەم جاری ژیانم بوو لە

دوای دانیشتنی نێو فرۆکە لە شتێکی وەها خێرا سواربووبم، لەگەڵ ئەوەیشدا دەمتوانی ئەو ئۆتۆبانە بە چاکی بناسمەوە کە بەر لە چەند مانگێک لە فرگەی نێو دەولەتی شارەوە پێیدا هاتبوومەوە ماڵ.

سەر ئۆتۆبانەکە لەبەری دەست چۆڵتر بوو، هەرگیز لەو شەقامە پانوبەرین و فرەیەی ئەو ڕۆژە نەدەچوو کە ئینجێکی چوارگۆشەی قیرتاوەکەی دیار نەبوو لەبەر ژمارەی ئۆتۆمبێل و پیکاب و لۆرییەکانی سەری. بە نووسراوەکانی سەر ڕێگا دیار بوو چەند کیلۆمەترێکی کەم مابوو بگەین بە دەرگای دەرەوەی فرگەی نێو دەوڵەتی شار. کاتێ ژنەکە ڕێگا سەرکییەکەی بۆ توولەڕێیەک جێ هێشت و لە لا چەپێک لاندکروزەرەکەی ڕاگرت. هێشتا من لەشم لە نێو لاندکروزەرەکەدا بوو کە بە شێنەیی پێی گوتم(کە هاتیتە خوار خۆت بنووشتێنەوە و وە دوام بکەوە.)

من وەک ئەکتەرێکی تازە پێگرتوو بە دوای ئەو جوولام و بە لێزانی لاساییم کردەوە. تا هەردووکمان بە زگەخشکێ گەیشتینە سەر گردۆلەیەک و لە پەنای بەردێکدا خۆمان مەلاس دا. کە دانیشتین ئەو خێرا جانتا دەستییەکەی کردەوە و دووربینێکی دەرهێنا کە لە شێوەکەیدا زۆر قورس و پڕ نرخ دیار بوو. ئەو بەر لەوەی هیچ شتێک بە من بڵێت، دوو چاوە خڕ و ڕوونەکانی دووربینەکەی خستە سەر چاوم و پێی گوتم (ئەی بەرێز، زۆر جوان بڕوانە ئیتر هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەبێتەوە.)

من بە تەوسەوەوە دەستەکانم لە ملی دووربینەکە گیر کرد وەک ئەوەی

داری نەجات بێت و لەو دژواریدا ڕزگارم بکات.

ئەوەی لە چاوەکانی دووربینەکە دەمبینی گەلێک سەیرتر بوو لە ڕووداوی ئەو فلیمە خەمناک و ئاڵۆزانە کە مەبەستی خراپیان لە پشتەوەیە. لە گۆڕەپانی فرگەکەدا بینیم ئەوەی ئۆتۆمبیل و پیکاپی جوانە وەستاوە. ئەوەی پیاوی بە چاکەت و پانتۆڵی دەسەڵاتدارە لەوێیە، ئەوەی ژنی زێڕدار و پارەدار و بە بڕیارە دەستی کور و کچەکانی گرتووە و لە پاڵ جانتاکانیدا چاوەڕوانە.

من لە یەکەم نیگام بۆ ئەو دیمەنە و باڵەکانی ئەو فڕۆکەیەی کە خەریک بوو زەمینی فڕگەکەی جێ دەهێشت زاانیم چیرۆکی ئەو گەردەلوولە ژەهراوییە چییە. بۆیە نەمویست لەوە زیاتر ئەو ژنە چاوشین و مووزەردەی ڕۆیتەرز هیچی ترم پێ بڵێت. بەڵام خوازیار بووم کە ئەو ژنە چۆن منی هێنابووە سەر گردۆڵەکە، بە هەمان شێوەیش بە زیندووی بمگەیێنێتەوە ماڵ، لای ئەو خەڵکەی ئەو نهێنییە گەورەیان لێ ونە، بۆیە من کە دووربینەکەم لە چاوەکانم داگرت، ئاوڕێکی پڕ لە پرسیارم لە ژنەکە دایەوە و پێم گوت: (خانمی ئازیز، زۆر زۆر سوپاس. دووربینەکەت دەڵێیت گڕێکە لە نێو دەستم!)

ئەدمنتۆن- ٢٠٠٧

# چەترە شینەکە

بۆ ئارە سەر لە سپێدەیەکی زوو



ئەو لە نزیکەوە  و لە ژێر چەترە شینەکەدا، بە چاوە ڕەش و گەشەکانی شەهلە ئاشنا بوو.. لەو کاتەی باران بە تەوژم دەباری و دڵۆپە درێژکۆڵە و خێراکانی ئەویان شلک تەڕ تەڕ کردبوو و  بەرەو  لای چەترەکە ڕاویان دەنا.. شەهلە لەبەر دەنگەدەنگی دڵۆپەکانی باران و لەرزینەوە و سەمایان لەسەر شۆستە و ژێر پێیەکانیدا، هێندە ئاگاداری دواوەی خۆی نەبوو کە چی لێ دەگوزەرێت؟ نەیدەزانی ئەوە نزیکەی چارەکە سەعاتێکە، گەنجێکی باریک و جوانی چاو سەوزی خێرا خێرا بەدواوەیە. گەنجێک کە دەمێکە تیری ئەوین دڵی پێکاوە و ئێستاکەیش بە تەواویی هۆشییەوە بڕیاری داوە خۆی بگەیێنێتە ژێر چەترەکە و ئەوەی ماوەیەکە لە ئەندێشە و خەیاڵیدا گوزەر دەکات، بیلێت!

سەر لە  سپێدەیەکی یەکەم ڕۆژی مانگی ئادار بوو کە شەهلە بە خۆی و چەترە شینەکەوە بە خۆشییەکی ڕەها و وەک مەلێکی نازک و دەلال تەوژمی بارانی دەبڕی کە باکی نەبێت بە تەڕ بوونی پەڕ و باڵەکانی.

گەنجەکە ناوی شەهەند بوو و سەرتاپای گیانی بە باران تەڕ بووبوو و لە گشت لاوە ئاوی لێ دەچۆڕایەوە. ئەو نزیکەی دوو ساڵێک بوو دوور بە دوور شەهلەی دەناسی، لێ، هەرگیز وەک ئەو ڕۆژە مەراق نەچوو بووە دڵیەوە کە لە نزیکەوە کیژی ئەو بازرگانە دەوڵەمەندە بدوێنێت و ئەوەی لە دڵی دایە بیخاتە سەر زوبان.

شەهەند زۆر جاری دیکەیش هەوڵی دابوو خۆی لە شەهلە نزیک بکاتەوە، بەڵام هەر جارە و بە شێوەیەک خۆی خۆی پەژیوان دەکردەوە و دەیگوت (ئەوە کارێکی شێتانەیە، ئەو لە کوێ و تۆ لە کوێ!) بەڵام ئەمجارە هەر کە لە دوورەوە چەترە شینەکەی شەهلە بەدی دەکات، پێیەکانی سووکتر دەهاوێژێت و بەڵێن دەدات ئەو فرسەتە لە کیس خۆی نەدات.

شەهلە لە نێو هاوپۆلەکانی و تەواوی کچ و کوڕانی کۆلێژی زمان، چەندە بە جوانییە بێ وێنەکەی ناسرابوو ئەوەندەیش بە چەترە شینەکەی دەنگی دابووەوە. زۆر کەس هەبوون لە کۆلێژە دوورەکانەوە دەهاتن و بە سەعات لە بەر دەرگای کۆلێژی زمان دەوەستان، تەنها بۆ ئەوەی چاوێکیان بە باڵای شەهلەی دەلال بکەوێت و دڵیان کەمێک ئاو بخواتەوە. دواتر بۆ هەموو ئەوانەی شەهلەیان دەناسی و نەدەناسی چیرۆکی چەترە شینەکە

بۆیان ببوو بە سومبولی ئەوینێک کە هەتا سەر لە یادەوەرییاندا بە زیندووی مایەوە، بە تایبەت ئەو ڕۆژەی کە شەهەند لە بەردەگای کۆلێژ بەر شەق دەدرێت و دەبردێت بۆ زیندان، چەترە شینەکەیش لەوێدا پارچە پارچە دەکرێت و دەشکێنرێت. یان کە دواتر دەیان کوڕ و کچی گەنج پارچەی بچووک بچووک لە قوماشی چەترە شینەکەی شەهلە لە بەرۆکیان دەدەن و بە خۆپیشاندانێکی مەزن بەرەو گۆرەپانی ناوەڕاستی شار دەچن.

باوکی شەهلە بازرگانێکی دەوڵەمەندی قوماش بوو و پەیوەندی باشی هەبوو لەگەڵ لێپرسراو و گەورە پیاوانی شار. ئەو پیاوێکی نەرم و ئارام بوو، بەڵام لەو کاتەی چەترەکەی شەهلەی دەشکاند دەتگوت ئەو کەسە خۆی نییە  کە وەها هەڵچووە و نە دەتوانێت کچەکەی بناسێتەوە، نە ئەو چەترە شوومەیش کە پار ساڵ لە بازارێکی جەنجاڵی کۆالالامپور بەرچاوی کەوت و بۆ یادکردنەوەی بیستەمین ساڵەی لە دایک بوونی کچەکەی لە ژنە فرۆشیارە قژ کورت و چاو بچووک و گوپ خڕەکەی کڕی.

بۆیە ئەو ڕۆژەی کە ئۆتۆمبێلە ڕەشە بریقەدارەی بەرەو ماڵ لێدەخوڕی، ناوە ناوە ئاوڕێکی لە شەهلە دەدایەوە و نەیدەزانی چی پێ بڵێت.. تەنها ئەوە نەبێت کە پەنجەی پەشیمانی خۆی بگەزێت و لەو کرادەرەی پەژیوان بێتەوە کە لە بەرانبەر کچەکەیدا کردی.. دەچووە نێو خەیاڵان و بە خۆی دەگوت (بەڵی، کاکی بازرگان ئەوە هەموو لە خۆبایی بوون و نەزانی خۆت بوو وەهای لێ کردیت هەردەم شتێک بۆ کچەکەت بکڕیت کە لە شاردا

هاوشێوەی نەبێت.. چەترێک کە لە ڕۆژانی باراندا و لە نێو ئاپۆرەی چەترە ڕەشەکاندا  دوور بە دوور کچەکەتی پێ بناسرێتەوە. هەتا هەموو کەس بە بینینی ئەو چەترە شینە بزانن ئەوەی دێت کیژی ئەو بازرگانە دەوڵەمەندەیە کە دە ساڵە پارەی بە چەشنی باران بەسەردا دەبارێت!)

کاکی بازرگان پێشتر هەرگیز بیری لەوە نەکردبووەوە کە کچەکەی ڕۆژە باراناوییەکانی بە دەست چەترە شینەکەوە چۆن بە ڕێ کردووە.. چۆن لە هەر چوونە ژوور و هاتنە دەرەوەیەکیدا بۆ کۆلیژی زمان، لەلایەن کۆمەڵە گەنجێکی بێشەرم بە بەردەوام دەیان پلاری جۆر جۆر بە گوێیەکانیدا دراوە.. یەک دەیگوت (کچی مالیزی بێمە ژێر چەترەکەت؟) ئەویتر دەیگوت (بە قوربانت بم باڵابەرزی چەتر شین) دەنگێکی تر هێواشتر دەهات و دەیگوت (تۆ کچی بارانیت)

شەهلە پڕ بە دڵ ڕقی لە ڕەوشت و پلارلێدانی ڕۆژانەی ئەو گەنجانە بوو کە زۆربەیان کوڕی پیاو و ژنی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند بوون. بۆیە لەو سەر لەو سپێدەیەی شەهەند لە پڕ دێتە ژێر چەترەکەی، ئەو لە ناخەوە خۆشحاڵ بوو وهەستی کرد لە جاران چاونەترس تر دەتوانێت بە بەردەم گەنجەکانی بەر دەرگای کۆلێژدا ڕەت بێت. هێشتا سەت مەترێک مابوو بگات بە دەرگای کۆلێژ و دووبارە چارەی ئەو کوڕانە ببینێتەوە کە ڕۆژانی بارانیش بێ پسانەوە لە تانە و پلار لێ دان نەدەکەوتن.

شەهلە ئەو سەر لە سپێدەیە هەر لەگەڵ دەرچوونی لە ماڵ خەندەیەک

كه‌وتبووه سه‌ر لێوه‌كانی، لێ به‌ڵام پێشبینی ئه‌وه‌ی نه‌ده‌كرد كه كه‌سێك له پڕ خۆی بخزێنێته ژێر ئه‌و چه‌تره شینه‌ی كه له ئه‌و بترازێت به‌سه‌ر هیچ كه‌سی دیكه‌دا هه‌ڵنه‌كرابوو.

شه‌هه‌ند هه‌ر كه ده‌گاته ژێر چه‌تره‌كه، چاوه ته‌ڕ و سه‌وز و مه‌سته‌كانی ده‌كه‌ونه نێو دوو چاوی ڕه‌ش و گه‌شی شه‌هله و له نه‌بوونه‌وه هه‌ستێكی تازه ده‌خه‌نه دڵیه‌وه و بۆ ماوه‌یه‌كی كورت له ناخه‌وه ده‌یتاسێنن. ئیتر هه‌ردووكیان له‌ژێر باران و چه‌تره شینه‌كه‌دا تاوێكی درێژ له چاوانی یه‌كتر ڕاده‌مێنن و هیچ شتێكیش به یه‌كتری ناڵێن.

شه‌هله نه‌یده‌زانی شه‌هه‌ند كوڕی ئه‌و شاعیره ناوداره‌یه كه به‌رد له ئاست وشه‌كانی ده‌بێت به ئاو. هه‌روه‌ها له‌م سه‌ر له سپێده زووه‌ی یه‌كه‌م ڕۆژی مانگی ئادار و له ژێر لێزمه‌ی باراندا، شه‌هه‌ند پتر له زاهیدێكی نوورانی ده‌چوو كه له شاخه دوور و سه‌ركه‌شه‌كانه‌وه بۆ فریادڕه‌سی وی دابه‌زیبێت. شه‌هله ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌شی زانیبایه، هه‌رگیز خۆی نه‌یده‌ویست باوه‌ڕ بكات كه ئه‌و كه‌سه‌ی به‌و به‌یانیه زووه هاتۆته ژێر چه‌تره‌كه‌ی، هه‌مان ئه‌و گه‌نجه زرینگه‌یه كه پارساڵ پله‌ی یه‌كه‌می به‌سه‌ر كۆلیژی زماندا به‌ده‌ست هێنا و له داهاتوویێكی نزیكیشدا ده‌چێت له سوربۆنی پاریس ده‌خوێنێت.

شه‌هه‌ند و شه‌هله له ژێر چه‌تره‌كه‌دا هه‌نگاو به هه‌نگاو پێكه‌وه ده‌ڕۆیشتن و شانی چه‌په‌ی شه‌هله به‌و دڵۆپه ئاوانه ته‌ڕ ده‌بوو كه له سه‌ر و قژی شه‌هه‌ند ده‌كه‌وتنه خوار. ژێر چه‌تره‌كه‌ی شه‌هله فراوان بوو و شوێنی دوو كه‌س به

چاكی دەبووەوە بێ ئەوەی كەسیان تەڕ بێت. دەتگوت باوكی شەهلە هەر لە سەرەتاوە خۆنەویستانە چەترێكی وەها گەورەی بۆ ئەوە كڕیبوو هەتا جێگەی دۆست و ئەویندارێكی ئەفلاتوونیشی لە بندا ببێتەوە.

ئەو گەنجانەی كە باوك و دایكانیان لێپرسراو و دەوڵەمەندی شار بوون و ماوەیەك بوو شەهلەیان بە تانە و پلار هەراسان كردبوو، كە دەبینن كەسێك لە ژێر چەترەكەی شەهلەدا هەیە، دەشڵەژێن و نازنن زار و زمانیان بۆ پلارلێدان ئامادە بكەن یان پرسیار كردن لەیەكتری. هەڵبەت لەو كاتەی بۆیان دەردەكەوێت دەبینن كە ئەوەی لێیان نزیك دەبێتەوە و لە ژێر چەترەكەی شینەكەی شەهلە دایە كوڕی ئەو شاعیرەیە كە بەرد لە ئاست وشەكانی دەبێت بە ئاو.

شەهلە پێیەكانی دەخاتە نێو كۆلێژ و چەترەكەی دادەخات. چاوی بە چوار دەوریدا دەگێڕێت و شەهەند نابینێت. دڵی پڕ لە خۆشی دەبێت و تێدەگات ئەو گەنجە جوان و چاو سەوزە تەنها بۆ یارمەتیدانی وی هاتبووە ژێر چەترەكە هەتا لە پلار و قسەی زەقی ئەو گەنجانە بیپارێزێت كە خۆیان بە باوك و دایكی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندیان دەخوڕی و كاری سەرەكیان وەستانە لە سەر ڕێگەی شەهلە و كیژگەلێك كە بوونی ئەوان جوانیی خۆیانیان لێ بووبوو بە بەڵا.

دوای دیتنی شەهەند لە ژێر چەترەكەی شەهلەدا، گەنجەكانی سەر ڕێگە ئەو فرسەتەیان نامێنێت هەتا بزانن ئایا كامەیان بە تازەترین چەشنی

پلار دەتوانێت سەرنجی شەهلە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.. ئەوان یەکسەر کێچ دەکەوێتە لەشیان و بەڵێن بە یەکتری دەدەن کە هەتا سەر ئەوە قەبوڵ نەکەن. بۆیە هەر یەکەیان لە لای خۆی ڕاست و چەپ زمانی دەخاتە گڕ و هەوڵ دەدات ئەم دیمەنە لەکەدار بکات کە لە ژێر ئاسمانی چەترێکی شیندا چەکەرەی کردبوو و خۆشی و ڕابواردنە ساختەکەی ئەوانیشی بە جوانی خۆی شێواندبوو.

گەنجەکان بڕیاریاندا ئیتر گرەو لەسەر ئامادەکردنی بەهێزترین و تازەترین پلار نەکەن. بەڵکە، خەریکی بڵاوکردنەوەی پیسترین درۆ و بوختان بن سەبارەت بە پەیوەندی نێوان شەهەند و شەهلە. یەک دەیگوت: (من بە چاوی خۆم دیتم سەر لە سپێدەیەکی زوو لە بەر دەرگای کۆلێژ دەمیان خستبووە نێو دەمی یەکتری!) یەکێکی تر دەیگوت: (ئێمە نابێت چیترسەرشۆری قەبول بکەین و بهێڵین کوڕی ئەو شاعیرە شێتە بە جوانترین کیژی کۆلیژەکەمان ڕاببوێرێت!) ئەوەی لە هەموویان داغدارتر بوو دەیگوت: (کوڕینە ئەوەی ئەو ڕۆژە من بینیم هەرگیز بۆ گێڕانەوە ناشێت، بەڵام داخی گرانم لە بەر چەترە شینەکە نەمتوانی بە تێلیفۆنە دەستییەکەم هەر هیچ نەبێت وێنەیەکیان بگرم! ) لە نێو کۆلیژی زماندا ئەوەی گوترا و بیسترا سەد بار و هەزار بار، لەوەی بینرا بوو زیاتر بوو. چونکە شەهەند و شەهلە بە درێژایی گشت سەر لە بەیانییەکانی ڕۆژانی باران لە سەت دەقیقە زیاتر پێکەوە نەبووبوون، هەردووکیان لەم ماوانەدا تەنها توانیبوویان کەمێک لە چاوانی یەکتر ڕابمێنن و هەندێک وشەیش ئاڵوگۆڕ بکەن.

یەکێک لەو گەنجانەی کە بەیانیان لەسەر ڕێگەی شەهلە دەوەستا و بە هەوەسی خۆی پلاری تێ دەگرت، شەوێک لەگەڵ باوک و دایک و خوشکەکانی بۆ خوانی ئێوارە مێوانی ماڵی مامیان دەبن. هەر کە دادەنیشن گەنجەکە بە هیچ پێشەکی و سەرەتایەک باس لە پەیوەندی نێوان شەهەند و شەهلە دەکات. ئەو بە شێوەیەکی ڕێویانە شتەکان لە نەبوونەوە دەگێڕێتەوە، بۆیە یەکسەر سەرنجی مامی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت کە هەتا تەواوبوونی چیرۆکەکە هەر گوێ بگرێت. مامی گەورەترین لێپرسراوی شار بوو و زۆر ڕقی لەو جۆرە گەنجانە بوو کە دەبن بە ئەویندار و چەپڕەو و شاعیر و نووسەر. ئەو لە پاڵ هاوسەرە بیست ساڵییە تازەکەی و لە بەرانبەر هاوسەرە چل ساڵییە کۆنەکەیدا بە تەوسەوە گوێی بۆ ئاخاوتنەکانی برازاکەی هەڵخستبوو، هەروەها بەجۆرێکیش کەوتبووە نێو قەنەفە چەرمە نەرمەکەوە دەتگوت نێرە قەلێکە کە تازە خەریکی خۆی گیڤکردنەوە بێت.

دواتر ئەو لە سەر مێزی نان خواردن و بەدەم گوپی پڕ لە گۆشت و برنجەوە، ڕوو دەکاتە برا بچووکەکەی و دەڵێت: (ئەرێ کاکە، دەبێت ئەو کاکەیەمان ئاگاداری ڕەفتاری کچەکەی بێت! ) براکەی بە شەرمەوە شانەکانی وێک دەهینێتەوە: (نازانم بڵێم چی، برام؟ ئەو هەر ڕۆژەی لە وڵاتێکە؟ ) لێپرسراوی گەورەی شار دووبارە ڕووی دەمی دەکاتەوە برا بچووکەکەی و دەڵێت: (دەزانی ئەگەر شتێک نەکەین، کوڕی ئەو شاعیرە سەگە لە حازرییەوە دەبێتە خاوەنی ئەم هەموو زەوی و زار و بازار و دوکانە. ئێمە دەبێت بەر لە

باران خۆمان داپۆشین. بێداد، ماشەڵڵا وەختی ژن هێنانیەتی.. چی دەڵێیت ئەگەر ئەو کچە جوانەی بۆ بخوازین!) براکەی کەمێک بێدەنگ دەبێت و پاشان لە یەک کاتدا سەیرێکی کوڕ و برا گەورەکەی دەکات و دەڵیت: (کاکە خۆت باشتر دەزانی، من بە تەنیا هەرگیز ناتوانم خۆم لە قەرەی ئەو پیاوە بدەم.. بەڵام ئەگەر ئێوە شتەکە رێک بخەن ئەوا هەتا دەمرین لە بیری ناکەین.) (زۆر باشە هەر کە زانیت کاکی بازرگان گەڕاوەتەوە شار، هەواڵێکم پێ بدە تا پێکەوە بچین سەرێکی لێ بدەین) لێپرساوی گەورەی شار بە پێکەنینەوە ئەو قسانەی بە براکەی گوت.

کە دەگەڕێنەوە ماڵ، بێداد تاوەکو درەنگانی شەو لە خۆشی ئەم هەواڵە خەوی لێ ناکەوێت.. هەر بەم شەوەیش بە تێلیفۆن ورد و درشتی پلانەکەی مامی بە هاورێکانی دەڵێت.. لێ، هەرگیز نەیدەزانی بەم کردەوەیە بە پەلەیەی، دایکی و باوکی ئەوان بە ئاگا دەهێنێت تاوەکو ئەوانیش ئەو هەڵە گرنگە بۆ کوڕەکانیان بقۆزنەوە. بۆیە هەر هەمان شەو لە ماڵەکانی ئەوانیش قسە و جموجۆڵ و گفتوگۆ دەست پێدەکات و هەر لایەک پلانەکەی خۆی بە جۆرێک دادەڕێژێت.

کاکی بازرگان تازە لە گەشتێکی هیندستان گەڕابووەوە و زۆر شادمان بوو بەوەی ئەوجارە جۆرە قوماشێکی ژنانەی هێنابوو کە لە ژێر تیشکی خۆردا وەک پەلکەزێرینە بە دەیان ڕەنگ دەدرەوشایەوە. ئەو هێشتا هەر خەریکی تاوتوێ کردنی کاروباری ئەو گەشتەی بوو لەو کاتەی لە گشت

لا تێلیفۆن لە دوای تێلیفۆنی بۆ دێت. ئەو نیگەران و پەشۆکاو بوو کە دەدیت ئەو هەموو کەسە دیار و دەوڵەمەندە وا لە پڕ بە گەرمی بەخێرهاتنەوەی لێ دەکەن. ئەو دەیزانی پێشتر دەیان جاری دیکە لە سەفەری دوورتریش لەوەی هیندستان گەڕابووەوە و چتاقە کەسێک لەم پیاو و ژنانە هەواڵێکی ئەوی نەپرسی بوو. بۆیە بە مێشکێکی پڕ و جەنجاڵەوە سەر دەخاتە سەر بالیف و دەستێکیشی بە نێو قژی هاوسەرەکەیدا دەگێڕێت و دەڵێت: (گیانەکەم، دەبێت مەسەلە چی بێت ئەم هەموو کەسە دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندە لە هەمان کاتدا تێلیفۆنم بۆ دەکەن؟) هاوسەرە جوان و چل ساڵییەکەی دەستی ڕاستەی دەخاتە سەر ڕوومەتی شووەکەی و دەڵێت: (چی بڵێم گیانەکەم، دیارە دەرگای خێر و بەرەکەت لەوەیش گەورەتر بە ڕووتدا دەکرێتەوە!) لەو ماوەیەی ئەو لە نێو بازنەی پارە و سەروەتدا دەژیا، بۆی ڕوون ببووەو کە کەسانی دەسەڵاتدار و پارەدار کەس بە گەرمی نادوێنن ئەگەر بەرژەوەندییەکی خۆیانی تێدا نەبێت. بۆ ڕۆژانی دواتر زوو مەبەستی تێلیفۆن کردن و هاتوچۆی گەرموگوڕی ئەوانی بۆ ئاشکرا دەبێت کە یەک لە دوای یەک سەردانی دەکەن. شەو هەبوو دوو سێ ماڵ پێکەوە مێوانیان دەبوون و پێکەوە داوای دەستی شەهلەیان دەکرد، یان جاریش وەها بوو چتاقیان مەبستی هاتنی خۆی بۆ ئەویتر نەدەدرکاند تا ئەو کاتەی یەکێکیان بێزار دەبوو و لە بەزمی قسەکردن و نێو چایە خواردنەوەدا خوداحافیزی دەکرد. کاکی بازرگان خۆی وهاوسەرەکەی تەواو شێوا بوون لە نێو ئەو هەموو داواکاری و پرسینە.

هەردووکیان نەیاندەزانی چی بکەن و چی بڵێن و چۆن وەڵامی ئەو هەموو خەڵکە بدەنەوە؟ لە نێو ئەو کەسانەی کە هاتبوون هەبوو دەیتوانی گشت سەروەت و سامانی کاکی بازرگان بە فوویێک ڕابماڵێت. بۆیە دەبووایە بە گوێرەی پلە و پایەی کەسەکان ڕەفتار بکات و وەڵام بداتەوە. ئەو هەر لە سەرەتاوە بە هەندێکیانی گوت: (بەخوا کچەکەم منداڵە و جارێ کاتی شوو کردنی نیە!) یان (کچەکەم بۆ خوێندن دەنێرمە دەرەوە! )

دوای مانگێک لە هات و چۆی ئەو میهڤانانە، کاکی بازرگان لە دەفتەرە بچووکەکەیدا ئەمجارە لە جیاتی بە وردەکارییەکانی پارە و پول خەریک بێت، ناو و پلە و پایەیەی کەسەکانی یەک لە دوای یەک ڕیز کردبوون و لە پاڵیشیاندا بۆ هەر یەکێکیان وەڵامێکی کورتی خۆی دانابوو. لە ژێر هەندێک ناودا هێڵێکی سووری کێشا بوو تاوەکو لە بیر نەکات کەسەکە لەوانی دیکە جوایەزە. مامی بێداد یەک بوو لەوانەی هێڵێکی سوور بە ژێر ناوەکەیدا کێشرا بوو و لە پاڵیشیدا نووسرا بوو (ئاگاداربە و بە وردی ڕەفتار بکە!) لە ماوەی ئەو هەموو سەرقاڵبوون و هاتوچۆیانەدا، ئاسمان لە چەترەکەی شەهلە شین و پان و بەرین تر خۆی بەسەر شارەکەدا کێشابوو. شەهلە زۆر جار لە ژێر دارێکدا لە باخچەی کۆلێژ لەگەڵ شەهەند دادەنیشت و دەرگای دڵی خۆی بۆی دەکردەوە. شەهەندێش ناوە ناوە شیعرێکی تازە و بڵاونەکراوەی باوکی لە باخەڵی دەردەهێنا و بە دەنگێکی بە جۆش بۆ شەهلەی دەخوێندەوە. ئەو دیدار و دانیشتنانەی نێوانیان تا دەهات قووڵتر و

پڕ ماناتر دەبوو، هەتا وەهای لێ هات کە هیچیان بە بێ ئەویتر نەتوانێت ساتێک تێپەڕێنێت.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەوگەنجانەی چاویان لە هەر هەنگاوێکی شەهلە بڕیبو و کێچ کەوتبووە گیانیان و هەرگیز نەیاندەتوانی بێدەنگ بن و لە چاوەڕوانی باوک و دایکانیان بمێنن هەتا دەستی شەهلەیان بۆ دەخوازێت. لە نێو هەموویان بێداد سەرگەرم و شپرەزترینیان بوو هەتا ئەو ئاستەی کە نامەیەکی پڕ لە هەڕەشە و جوێن بۆ شاعیرەکە پڕ دەکاتەوە. نامەکەی برد بۆ سەر میزێکی چایەخانەیەک کە چواردە ساڵ بوو شوێنی جێگیری شاعیرەکە بوو.

ئەو ساڵەی ئەوین، باران و چەترە شینەکە زووتر لە ساڵی پێشوو زووتر گەڕانەوە نێو دونیای شەهلە و شەهەند، لێ لە دەرەوەی ئەو ئاسمانە شین و بچووکەی کە چیرۆکی ئەوینی ئەوانی لێ شین بوو بوو، دونیایەکی ئەوەندەی ئاسمانە خۆڵەمێشییەکەی بارانی دەباراند بوونی هەبوو بۆ شێواندن و تێکدانی ئەو پەیوەندییە نۆ مانگیەی نێوان ئەم دوو ئەویندارە.

کاکی بازرگان لەو ماوەیەدا ئاگاداری هەموو شتێک کرابووەوە سەبارەت بە کچەکەی و کوڕی شاعیرەکە. بۆیە بڕیاریدا بوو لەگەڵ یەکێک لەو ماڵانەی کە وەزیر و لێپسراو و دەوڵەمەندی شار بوون و داوای دەستی کچەکەی ئەویان کردبوو، ڕێگە چارەیەکی بێ کێشە و سەر ئێشە بۆ مەسەلەیەک دابنێت کە ئەو ناوی نابوو بەڵای پارە و جوانیی.

ناوەڕاستی مانگی ئەیلول لە چاوی گەورە لێپرسراوی شار و مامی ئەو کەسەی کە نامەیەکی پڕ لە جوێن و هەڕەشە دەباتە سەر مێزی شاعیرەکە، باشترین کات بوو بۆ بن کردنی ئەوینێک کە زیانبەخش بوو بۆ بەرژەوەندی خۆی و براکەی. هەر لەو ڕۆژانەیشدا بوو کە شاعیرەکە وتارێکی لە ڕۆژنامەیەکی بە ناوودەنگدا بڵاوکردبووە و سەرتاپا شاری هەژاند بوو. ئەو بە هۆی ناوبانگیەوە وەک لێپرساوی گەورەی شار نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ و بە ئاشکرا پەلاماری شاعیرەکە بدات، چونکە ناوبانگی سنووری وڵاتی بڕیبوو و شیعر و نووسینەکانی بۆ سەر بیست و دوو زمانی زیندوو وەرگێردرابوون.

مامی بێداد دەیویست لەگەڵ کاکی بازرگاندا بئاخڤێت بۆ ئەوەی زەبرێکی ناڕاستەوخۆ لە شاعیرەکە بدات، ئەویش بە گرتن و سزادانی کوڕەکەی بە تۆمەتی شەڕ فرۆشتن بە کچی خەڵک. بۆیە ئەو ڕۆژەی کە لە دەمی برازاکەیەوە ناوی کوڕی شاعیرەکەی بیست، بزە کەوتە بن سمێڵە بە ڕەش بۆیەکراوەکەی و لە ناخەوە بە خۆی گوت: (ئای، لە تەیر کە خۆی دێتە نێو تەڵەوە!) کاکی بازرگان هەرچەندە غەرقی نێو دونیای بازرگانیی و پارەوپول بوو و بە درێژایی تەمەنی کتێبێکی نەخوێندبووەوە، بەڵام لە نێو دڵیدا هەستێک هەبوو وەک ئەوەی شاعیرەکە دەڵێت: هەردەم پاقژترە لە وتاری ئەو لێپرساوانەی کە بە سەعات لە بەرانبەر کامێرای تەلەفزیۆنان قسە دەکەن و هیچ ناکەن.

لە دەفتەرەکەیدا سەیری هەندێک لەو ناوانەی دەکرد کە هێڵی سووری

بە ژێریاندا کێشابوو، لە خۆی دەپرسی کە ئایا دەتوانێت چی بکات ئەگەر بە زۆر کچەکەی لێ بستێنن؟ بۆیە دواتر لە تێلیفۆندا کە مامی بێداد بە شێنەیی باسی پلانەکەی خۆی بۆ دەکرد، ئەو لە سەرخۆ و بە دڵێکی پڕ لە ئێشەوە دەیگوت: (بەڕێزم، ئەگەر دەخوازن چەترە نەگبەتییەکە دەشکێنم کە دەڵێن هۆکاری بەڵایەکە و تووشی کچەکەم بووە. هەروەها من نامەوێت هیچ کێشە و گرفتێکم لەگەڵ ئەو شاعیرەدا هەبێت کە زۆرینەی خەڵک خۆشیان دەوێت. ئەوەی لێرەدا من دەتوانم بیکەم تەنها گرتنی قۆڵی کچەکەمە و بردنەوەیەتی بۆ ماڵ!) ڕۆژی دیاریکراو باران لە گشت ڕۆژانی پێشتر بە تەوژمتر دەباری و شەهەند و شەهلەیش لە هەموو کاتەکانی وەرزی باران و ئەوین لە یەکتریی نزیکتر بوون. هەردووکیان شان بە شان وهێواش هێواش دەڕۆیشتن، هەستیان دەکرد ئەو سەر لە سپێدەیەیان سەرتۆپ و لوتکەی ڕۆژەکانی خۆشی و خۆشەویستییە.

کاکی بازرگان ئۆتۆمبیلە ڕەشە بریقەدارەکەی خێرا خێرا بەرەو کۆلێژی زمان دەهاژووا، لەملایشەوە دوو پیکاپی پڕ لە پیاوی کەتە و چەکدار دەبیندرا. لە پێشەوەی یەک لە پیکاپەکان باوکی بێداد دانیشتبوو و بە دوو پەنجەی گەمەی لەگەڵ نەرمایی گوێچکەیەکی دەکرد. هەتا ئەو کاتەی شەهلە و شەهەند بەدی دەکات کە لە دەرگای کۆلێژ نزیک دەبنەوە، ئینجا ئیشارەت بە چەکدارەکان دەدات کە بچن شەهەند پەل بەست بکەن و بیخەنە پشتی پیکاپەکەوە. چەکدارەکان بێ ئەوەی یەک زەڕە سۆز و ڕێز بنووێنن،

زۆر کوێرانە بەر دەبنە گیانی شەهەند و لە نێو قوڕ و چڵپاودا تا تێر دەبن بەر شەقی دەدەن. لە هەمان کاتیشدا کاکی بازرگان وەک ئەکتەرێکی نا سەرکەوتوو و فریادەڕسێکی ساختە لە ئۆتۆمبێلە ڕەشە بریقەدارەی دێتە خوارەوە و دەچێتە هانای کچەکەی.

دوو پیکاپەکە خیراتر لە گەیشتنیان لە شوێنی ڕووداو دوور دەکەونەوە، لەو کاتەی باوکی شەهلە بە توڕەیی چەترەکەی دەشکاند و قۆڵی کچەکەی گرتبوو تا بیخاتە نێو ئۆتۆمبێلەکەی. لە گەڕانەوەیشدا بۆ ماڵ ئەویش گەلێک خێراتر لە هاتنی ئۆتۆمبێلەکەی لێ دەخوڕی. شەهلەیش بە درێژایی ڕێگە ڕۆندکی دەباراندن و بە کوڵ دەگریا. ئەو هەرگیز لە تەمەنیدا باوکی وەها توڕە و شپرزە نەبینیبوو، کە گەیشتنی هاوکات بوو لەگەڵ لێدان و قۆڵ بەستکردنی شەهەند. شەهلە دەگریا و نەیدەزانی چی بپرسێت؟

لە دەرەوەی ئەم ڕووداوە، هەواڵەکە زۆر خیراتر لە چیرۆکی ئەوینی نۆ مانگەی شەهەند و شەهلە، بە گشت کونوقوژبنێکی شاردا پەرش و بڵاوبووەوە. ئەو گەنجانەی کە هەردەم لە ڕۆژانی باراندا لە بەر دەرگای کۆلێژ دەوەستان و شەهلەیان بەر تانە و پلار دەدا، بزەی ڕێویانە کەوتبووە سەر لێوانیان و هەر یەک بە جۆرێک خۆی خۆش کردبوو دڵی شەهلە داگیر بکات. لێ، بەشە هەرە زۆرەکەی کوڕ و کیژانی کۆلێژ لە ناخەوە پەشۆکابوون و دژ بەم ڕەفتارە ناشیرینە وەستابوون کە لە بەرانبەر ئەوینێکی پاک و بێگەردا ئەنجام درا. ئەوان لە نێو خۆیان بەڵێنیاندا بوو کە هەرگیز

قبووڵ ناکەن ئەم کارە وەها بە سانایی بەسەریاندا ڕەت بێت. زۆر لەو کوڕ و کچانە بە خوێندنەوەی وتارە تازەکەی باوکی شەهەند، گوڕێکی زیاتر چوو بووە نێو ناخیان و خۆیانیان بۆ شتێکی گەورە ڕێك دەخست.

ڕۆژی دوای ڕووداوەکە بەر دەرگای کۆلێژی زمان، جۆشوخرۆشێکی بێوینەی تێ کەوتبوو، بە تایبەت نێو ئەو کوڕ و کیژانەی کە چەترە شکاوەکەیان هەڵگرتبووەوە و خەریک بوون بیکەن بە سومبولێک. یەک لەو گەنجانەی کە چەترە شینە شکاوەکەی لە لا بوو گوڕوتینێکی لە ڕادە بەدەری تێدا دروست بووبوو بۆ ڕیسواکردنی ئەو کەسانەی دژ بە ئەوینی نێوان شەهەند و شەهلە ڕەفتاریان کرد. ئەو کەسێکی باریک و جوانی و سپیی پێست بوو و لە نێو هاوڕێکانیدا بەوە ناسرا بوو کە خوێنەرێکی سەرکەشی شیعرەکانی شاعیرەکەیە. ئەو هەردەم تازەترین شیعری ئەزبەر دەکرد و لە نێو باخچە و هۆڵەکانی کۆلیژی زماندا بە دەنگێکی پڕ سۆز و سەلیقە بۆ هاوڕێکانی دەخوێندەوە. ئەو گەنجەکە ناوی میر بوو و پاش گفتوگۆ و دانیشتن لەگەڵ بەشێکی کەم لە مامۆستایان و زۆرترین ژمارە لە قوتابییانی کۆلێژ، بۆ ئێوارە خۆی دەگەیەنێتە ئەو چایخانەی کە شاعیرە بە نێوبانگەکەی لێ دادەنیشت. نامەکەیەکی بۆ لەسەر مێزەکە بەجێدەهێڵێت کە بە پێچەوانەی نامە کرێتەکەی بێداد، بە شێوازێکی زۆر جوان نوسرابوو و پارچەیەکی بچووکیشی لە قوماشی چەترە شینەکەی شەهلە لەگەڵدا پێچابوو. میر لە نامەکەدا نوسیبووی:

بەڕێز شاعیری گەل ..

هەواڵی گرتن و ئەزیەتدانی شەهەند ئێمەیشی لە ناخەوە تاساند و تووڕە کرد.

سوێند بەو پارچە پەڕۆیە شینەی کە لەگەڵ نامەکەدا هاوپێچ کراوە وەی چەتری شکێنراوەکەی ئەوینە، نەهێڵین ئەو ڕووداوە وەها بە سانایی بە سەرماندا تێپەڕبێت.

ئێمە ئەمڕۆکە ئەگەر لە هەرەتی گەنجیدا نەتوانین پارێزەری ئەوین بین، کەی دەتوانین؟

بە ئاگاداری ئێوە، سبەی سەر لە بەیانی خۆپیشاندانێکی مەزن دەکەین و هەریەکەمان پارچەیەک لەو قوماشە شینە سومبولێک لە وەک لە یێخەی دەدات.

ئێوەیش دەتوانن قوماشەکە بۆ خۆتان و هاوڕێکانتان بەش بکەن.

چاوەڕوانتانین..

میر

لە جیاتی گشت

سەر لە سپێدەی ڕووداوەکەی بەر دەرگای کۆلیژی زمان، ئەو شاعیرەی کە بەرد لە ئاست شیعرەکانیدا دەبوو بە ئاوە، لە هۆڵی شۆخان لە ڕۆژهەڵاتی شاردا کۆڕێکی گەرمی شیعر خوێندنەوەی هەبوو.. بەڵام کە هاوسەرەکەی هەواڵی گرتنی شەهەندی پێ دەڵێت ئەو لەگەڵ چەند دۆستێکیدا بوو و بەرەو نێوەندی شار دەچوو تا میوانێکی ئازیزیان ببینن کە لە شارێکی دیکەوە هاتبوو. میوانەکە نووسەرێکی دیاری کورد بوو و لە چایخانەکەدا و لە بەردەم ئەو مێزە دانیشتبوو کە نامەکەی میریشی لە سەر بوو.

هاوسەری شاعیرەکە تێلیفۆن دادەخات، زۆر بە توڕەیی و نیگەرانییەوە دەنگی هەڵدەبڕێت و دەڵێت: (ئەرێ، تاکەی واز لەو بەزمە ناهێنێت و خۆت و ئێمەیش دەکەیتە قوربانی وشە بێ ماناکانت. بەڵێن بێت ئەمجارە هەر کە لەم چایخانە شوومە گەڕایتەوە هەرچی کاغەز هەیە لە گیرفانەکانتدا هەبێت دەریان بهێنم و بیاندڕێنم، بەڵکە واز دەهێنیت. ئێستا کامەیان گرنگترە چوون بۆ لای شەهەند یان لای کەسێکی قسە زلی وەک خۆت؟)

شاعیرەکە خاوەن تەمەنێکی درێژ بوو لە بەرزی و نزمی، دەیزانی کە زەبر وەشاندن لە شەهەندی کوڕی، زەبر وەشاندنە لە جوانیی و ڕاستی وشەکانی ئەو. بەڵام نەیدەزانی چۆن وەڵامی هاوسەرەکەی چۆن بداتەوە بەرلەوەی تێلیفۆنەکەی بەسەر دابخات.

لە چایخانەکەدا لەگەڵ نووسەرە میوانەکە، بە توندی یەکتری لە باوەش دەگرن و ناخیان پڕ دەبێت لە خۆشیی. دواتر یەک لە دوای یەکی دۆستەکانی

تەوقە لەگەڵ نووسەرەکە دەکەن و بە دەورییەوە دادەنیشن. شاعیرەکە بە نووسەرەکە دەڵێت: (کاکە دەزانیت ئەوە چوادە ساڵە سەر ئەو مێزە هەر بە تەنیا شوێنی دانیشتنم نییە، بەڵکە لەم دوایانەدا بووە بە پۆستەخانەیش بۆ من. هەتا ئێستا سەتان نامەم لەسەر ئەو مێزە هەڵگرتۆتەوە..ئەگەر تەمەن یار بێت ڕۆژێک گشت ئەو نامانە لە کتێبێکدا کۆدەکەمەوە یان — بەپێکەنینەوە- دەیاندەم بە تۆ. لەگەڵ هاتنی تۆدا کەمێک دڵتەنگییشم پێوە دیارە، چونکە سەر لە سپێدەی ئەمرۆ شەهەندیان لە بەر دەرگای کۆلیژدا گرتووە و زۆر ئەزیەتیان داوە.. گوایە شەڕی بە کچی پیاوێکی دەوڵەمەند فرۆشتووە، بەڵام لە ڕاستییدا وەک چۆن بە دایکی گوتووە لەگەڵ کچەدا دەمێکە یەکتریان خۆش دەوێت. تۆ خۆت دەزانی نەیارانی وشە نەیاری هەموو شتێکی جوانن، ئەوان هەرگیز ناچێتە عەقڵیانەوە کە کوڕی وشە و کچی پارە یەکتریان خۆش بوێت. لە چاوی ئەوانەوە ئەوە سەرەتایی کۆتاییەکانە، بۆیە هەستدەکەم شێواندنی ئەو پەیوەندیە و ئەزیەتدانی شەهەند، چەندە بۆ بەرژەوەندی خۆیانە ئەوەندەیش بۆ چاوترساندنی کەسانی وەک ئێمەیە!)

شاعیرەکە دوای ئەم قسانەی بوار بەوانی دیکە دەدات و یەکسەر نامەکە دەخوێنێتەوە. لێرە بزەیەک دەکەوێتە سەر لێوەکانی و بە خێرایی ڕووی دەمی دەکاتەوە نووسەرە مێوانەکە و دۆستەکانی و دەڵێت: (براینە، ڕێگەم دەدەن سەیرێکی دیکەی ئەو نامەیە بکەم. دەزانن لە نێو گشت ئەو نامانەی کە پێشتر بۆم هاتوون من تاکە خوێنەر و دوا خوێنەریان بوویم، لێ ئەمجارە حەز دەکەم ئەو دانەیە بۆ دەنگێکی بەرز بۆ هەمووتان بخوێنمەوە)

شاعیرەکەی بەرد لە ئاست وشەکانی دەبوو بە ئاو، دووبارە نامەکە دەکاتەوە و تاوێک لە پارچە قوماشە شینەکەیش ڕادەمێنێت. ئیتر تروسکاییەکی تەڕ دەکەوێتە نێو چاوەکانی و بە دەنگێکی پڕ لە جۆش و خرۆشەوە نامەکە دەخوێنێتەوە. دواتر لەگەڵ تەواوبوونیدا نووسەرە مێوانەکە و دۆستەکانی پێکەوە چەپڵەیەکی گەرم لێ دەدەن و بە شاعیرەکە دەڵێن کە ئەوان لە ڕیزی پێشەوەی ئەو خۆپیشاندانەدا دەبن.

بۆ بەیانی ئاسمانی بەرین هەمان ڕەنگی چەترەکەی شەهلەی پۆشیبوو، دوای ئەوەی هەورەکان ئەوەی لە هەگبەیاندا بوو بە سەر شارەکەدا باراندبوویان. خۆپیشاندان پانایی جادەیەکی سەرەکیی گرتبوو و بەرەو ئەو باڵەخانەیە دەکشا کە گەورە لێپرساوی شاری لێ دادەنیشت. ڕەوتی ڕۆیشتنەکە بە جۆرێک گەورە و ڕێک بوو کە لە پێشبینی کەسدا نەبوو، شتێکی وەها ڕوو بدات. ئەوانەی لە پێشەوە بوون هەریەکەیان پارچەیەکی زۆر بچووکی لە قوماشی چەترە شینەکە لە بێخەی دابوو، کەچی گەلێک لەو حەشامەتەی دواوە هیچی لە پارچە قوماشەکە بەرنەکەوتبوو، بۆیە هەریەک بە جۆرێکی دیکە خۆی نوواند بوو. هەبوو کراسێکی شینی لەبەرکرد بوو.. هەبوو کڵاوێکی شینی لە سەرنابوو.. یان سێ کچ لە ریزی هەرە دواوە دەستیان کردبووە ملی یەکتر و هێواش هێواش دەرۆیشتن- یەکەم قردێلەی قژی شین بوو.. ئەوەی ناوەند سەرپۆشەکەی سەری.. سێیەمیشیان لەگەڵ گوارە و ملوانەکە و بازنەکانی، چاوەکانیشی بە سروشتی شین شین بوون.

ئەو سەر لە سپێدەیەی خۆپێشاندان، ڕۆژنامەکانی دەسەڵات وەک دووبارە بوونەوەیەکی باو لە ڕۆژنامە تایبەتییەکانی خەڵک زووتر چاپ و بڵاوکرابوونەوە. مانشێتی ئەو ڕۆژنامانە زۆر لە یەکتری دەچوون و هەڵگێر و وەرگێری مانێشتەکانی دوێنی و پێرێ و حەفتەی پێشوو بوون. لە بەرانبەردا ڕۆژنامەکانی بە هۆی خۆپێشاندنەوە درەنگتر گەیشتنە دەستی خوێنەران. ڕۆژنامەیەک مانشێتەکەی وەها نووسیبوو: ئەوینی چەتری شین، ئاسمانییێکی شین و خۆپێشاندانێکی شینی لەگەڵ خۆی هێنا.

بۆ نیوەڕۆ و ئێوارە و ڕۆژانی دواتر، خەڵک لەسەر شۆستەی جادەکان، لەسەر سەکۆی دوکان و بازاڕ و کتێبفرۆشییەکان، هەروەها لە چایخانە و کازینۆ و ڕیستوران و بارەکانی شەوانیشدا، ڕۆژنامە لە دوای ڕۆژنامەیان بە دەستەوە دەگرت و دەیانخوێندنەوە، بەر لەوەی لە دەیان مانشێتی بەو شێوەیەیانە ڕابمێنن: نا بۆ شەڕ لەگەڵ شاعیری خەڵک، بەڵێ بۆ ئەوین.. چەتری شین، خۆپێشاندانی شین، ئاسمانی شین.. شەهەند ئازاد بکەن.. خەلک شین شین دەچنە هانای ئەویندارێ.. شاعیرەکە لە پێشەوەیە!

لەو کاتەی سکرتێرە بەژن زراف و ناسکەکە دێتە ژوورەوە و هەواڵی خۆپێشاندانەکەی پێ دەڵێت، لێپرساوی گەورەی شار یەکسەر لە سەر کورسییە چەرمە قاوەیەکە ڕادەپەڕێت و بەرەو پەنجەرە دەچێت. کە دەبینێت ڕووبارێکی شین جادەی سەرەکیی گرتووە و بەرەو باڵەخانەکەی ئەو دێت، چەند تنۆک لە ئارەقە شەرمنانە لە سەر پێستی سپی نێوچەوانی وەدەر دەکەون وترسێک

دەخەنە نێو ناخی. سەرەتا ئەو بە هیچ جۆرێک هۆکاری خۆپێشاندانەکە نازانێت، چونکە شتەکە بە بەرنامەیەکی نهێنی و لە پڕ ئەنجام درابوو. بەڵام بە وەستانی شاعیرەکە و نووسەرە میوانەکە و دۆستەکانیان، لە پێش چاوی زۆر کەس ئەو خۆپێشاندانە لە جوولەیەکی شەرعی و کاریگەر دەچوو و خۆزگەیان دەخواست کە ئامانجی زیاتری بپێکێت. مامی بێداد کە سەیری پەنجەرەی دەکرد و گوێی لە زەنگی تێلیفۆن بوو بە تەواویی شپرزە و شێواو بوو و نەیدەزانی چی بکات و چۆن وەڵامی دەنگی تووڕەی لێپرسراوانی سەرووی خۆی بداتەوە کە یەک لە دوای یەک تێلیفۆنیان بۆ دەکرد.

دەنگی مامی بێداد لە وەڵامدانەوەی تێلیفۆنەکان پڕبوو لە منگەمنگ کە بە کەسی ئەوسەری هێلەکەی دەگوت: (گەورەم، دڵت هیچ نەکات هەمووی بە دەقیقەیەک چارەسەر دەکەم، لەوانەیە هەر هەمان خەڵکە گێرەشێوێنەی پارساڵ بن کە هاتبوونە سەر جادە !) دەنگەکەی ئەوسەری هێڵەکە ئەم قسانەی لێ وەرناگرێت و بە تورەیی بە گوێیدا دەچرپێنێت: (باسی پارساڵ مەکە، ئێمە ئەمرۆ دەژین. ئەگەر لە ماوەی دوو سەعات ئەو کێشەیە چارەسەر نەکەیت، بۆ بەیانی خۆت لەو شوێنە نابینیتەوە!)

دەنگی داخستی تێلیفۆنەکە لە قوڵایی گوێچکەکانیدا ویزە ویزێکی ترسناکیان دروستکرد و ئەویان بۆ ئەو نیوەڕۆ گەرمەی گەڕاندەوە کە تێیدا بڕیارێکی زۆر هەڵەیدا و کەمێک مابوو سەری خۆیشی تێدا بچێت، لەو کاتەی فەرمان دەدات تەقە لە خۆپێشاندان بکەن.

ئەو بۆ تاوێک لە سەر کورسییەکەدا بە بێدەنگی مایەوە و سەری خستبووە نێوان هەردوو دەستەکانی ولە نێو بیرکردنەوەدا غەرق بووبوو. لە ڕێگە چارەیەک دەگەڕا کە چۆن بە کەمتر لە دوو کاتژمێر ئاسەواری ئەم ڕووبارە شینە لەسەر جادە ڕەشەکاندا بسڕێتەوە. لەو دەمەدا کچە سکرتێرکە دووبارە دێتەوە ژوورەوە و بە دەنگێکی نزم دەڵێت: (بەڕێز، ئەو خەڵکەی دەرەوە کوڕ و کچانی کۆلێژی زمانن داوای دەستبەجێ ئازادکردنی هاوڕێیەکیان دەکەن کە دوێنی لە بەر دەرگای کۆلێژ ڕفێندراوە!)

مامی بێداد بە بیستنی ئەم ئاخاوتنەی زاری سکرتێرەکەی، کەمێک دڵی ئاو دەخواتەوە و دەزانێت ئەو هەڵستانەی ئەمجارەی سەر شەقام وەک ئەوەی پار جێگەی مەترسیی نییە. پاشان لە بەر خۆی دەڵێت: (بەڵام چۆن ئەم گەنجانە دەتوانن خۆپیێشاندانێکی وەها مەزن ڕێک بخەن ئەگەر کەسانی وەک ئەو شاعیرە خوێرییەیان لە پشت نەبێت؟) ئەویش لە شوێنی خۆی هەڵدەستێت و جارێکی دیکە سەیری دەرەوەی پەنجەرەکە دەکاتەوە و دەگەڕێتەوە شوێنی خۆی. دواتر لەلایەک دەست بۆ تێلیفۆن دەبات هەتا براکەی بانگ بکەن، لە لایەکی دیکەوە ڕوو لە سکرتێرەکەی و پێی دەڵێت: (کەسێک بنێرن بزانن نوێنەری ئەم هەتیوانە کێیە؟) دەرگاکە دەکرێتەوە و براکەی دێتە ژوورەوە لەگەڵ دوو پاسەوان کە لە دواوەی وەک بت دەوەستن. لێپرساوەکە هێشتا هیچی بەوان نە گوتبوو کە سکرتێرەکەی دیتەوە ژوور و دەڵێت: (بەڕێزم ، ئەوان ئامادە نین هیچ کەس بنێرن تاوەکو هاورێکەیان

ئازاد نەکرێت!) لێرە شپرزەتر دەبێت و زەنگی تێلیفۆنی لێپرسراوەکەی سەرووی خۆی دێتەوە یاد، بۆیە ڕوو دەکاتە براکەی و دەڵێت (بڕۆن دەستبەجێ ئەو کوڕە خوێڕیەم بۆ بهێننە ئێرە!) براکەی بێ ئەوەی هیچ بڵێت، یەکسەر لەگەڵ دوو پاسەوانەکەدا دەچێتە دەرەوە تا شەهەند بهێنن.

چەندین ڕۆژنامەنوس بە خۆیان دەفتەر و قەڵەم و ئامێری تۆمار و کامێراوە لە دەرگای لێپرسراوی یەکەمی شار وەستابوون وخۆیان ناو نووس کردبوو بۆ ئەوەی چاوپێکەوتن و گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن. لە دەرەوەیش دەوروپشتی خۆپێشاندان پڕ بووبوو لە چەکدار، کەچی گەلێک لە ڕۆژنامەنوسە بوێرەکان ئەو دیوارەیان شکاند بوو و چوو بوون قسە لەگەڵ شاعیرەکە و نووسەرە مێوانەکە و میر و هەندێک لە کیژ و کوڕانی پێشڕەو بکەن.

لەو کاتەی شەهەندیان هێنایە ژوورەوە سەری بە پەڕۆییێکی سپیی پێچرابوو و دەتگووت ئاڵای ژاپۆنە بەسەریەوە، چونکە تنۆکێک خوێن بە ئەندازەی گێلاسێک لەسەر پەڕۆیەکە دەرچوو بوو. شەهەند کەمێک دەشەلی و لا قاچێکی خۆی بە دەست دەگرت. هەردوو براکەیش بە پێکەنین و قسەی خۆش لەگەڵ شەهەند دەجوولانەوە و بانگی کچە سکرتێرەکەیان کرد کە پەرداخێک ئاوی بۆ بهێنێت. دواتر دەنێرن بە دوای باوکی و نوێنەرانی دیکەی خۆپێشاندان هەتا بزانن کێن لە دوارۆژدا بیانخەنە ژێر ورد.

پاش نزیکەی چارەکە سەعاتێک، شاعیرەکە و نووسەرە میوانەکە و میر وێکڕا دێنە ژوورەوە، بەڵام پێش ئەوەی ئاوڕێک لە لێپرسراوەکە و برای بدەنەوە، بەرەو لای شەهەند دەچن و بە گەرمی لە باوەشی دەگرن.

لە دەرەوەی ئەو باڵەخانەیە و خۆپێشاندانەکەی سەر جادە، لە ماڵی شەهلەش پەشێویەکی وەها هاتبووە گۆڕێ کە لە بەیانییەوە کاکی بازرگانی بە دیار فرمێسکەکانی کچ و هاوسەرەکەی گیر بووبوو. سەرباری ئەوەیش کە هەر سەرە سەعاتێک دەبوو وەڵامی زەنگی تێلیفۆنێک بداتەوە، بەڵام لە جیاتی بیستنی دەنگی شەهەند، نەیدەزانی دووبارە گوێی لە دەنگی باوک و دایکی ئەو گەنجانە دەبێتەوە کە هەردەم تانە و پلاریان لە شەهلە و چەترە شینەکەی دابوو. لە زەینی کاکی بازرگاندا هەر یەک لەم پیاو و ژنانە یان ئەوەتا ئاگاداری مەسەلەی گرتنی شەهەند و خۆپێشاندانەکە نین، یان ئاگادارن، بەڵام دەیانەوێت نەخشە و پلانەکانیان لە کاتەدا گەرموگوڕتر ببەنە پێش.

کاکی بازرگان لە نێو ئەو بیرکردنەوانەدا ڕۆندکە ڕژاوەکانی کچ و هاوسەرەکەی زۆر بەلاوە گرنگتر بوون لەم هەموو پارە و سەروەتەی کە لە ماوەی دە ساڵی پێشوودا وەک دڵۆپەکانی باران بەسەریدا باری بوون. بۆیە لە ناخیدا شتێکی دیکە دەگوزەرا و خەریک بوو خۆی ساغ دەکردەوە لە نێوان بەهەند هەڵگرتنی گریانی ئەو دوو ئازیزەی و بە هیچ نەزانینی ئەو هێڵە سوورانەیش کە لە دەفتەرەکەیدا لە ژێر ناوی گەورە لیپرسراوەکەی دابوو.

ئەو لە سەر قەنەفە چەرمەکەدا هەڵدەستێت و لە پەنجەرەوە سەیرێکی دەرەوە دەکات و پاشان دەگەڕێتەوە و تەلەفزیۆنە شاشە چل ئینجیەکە هەڵدەکات. کە خۆپێشاندانەکە دەبینێت، لە ناخەوە هەستدەکات کە هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان قسە و ڕەفتاری ئەو شاعیرەی بەرد لە ئاست وشەکانی دەبوو بە

ئاو، لەو کاتەی خۆی و نووسەرە مێوانەکەی لە بەرانبەر کامێرادا دەئاخڤین. لێرە تەلەفزیۆنەکە دەکوژێنێتەوە و بیر لەم دوو پیاوە دەکاتەوە هەرگیز کە ڕۆژگارێک پێیەکانیان هەڵنەخلیسکاوە خۆیان بۆ پارە و کورسیی بفرۆشن.

لە ژووری لیپرسراوی یەکەمی شار شاعیرەکە و نووسەرە مێوانەکە و میر زۆر دڵگران بوون بەم هەڵسوکەوتە نەشیاوەی کە لە بەرانبەر شەهەند ئەنجام درابوو. بۆیە هەرسێکیان بە بینینی برینەکەی سەری شەهەند و خۆپێشاندانێکی گەورە لە پشتیانەوە بێ سڵەمینەوە دەئاخڤین و داوایان لە مام و باوکی بێداد کرد کە داوای لێبوردن لە شەهەند بکەن. هەروەها نووسەرەکەیش پێشنیاری کرد کە هاوڕێ شاعیرەکەی بەر لە هەر سۆز و پەیمانێکی لێپرسراوی گەورەی شار بۆ خەڵکەکە، ئەو شیعرە بخوێنێتەوە کە دوێنێ شەوی پێشتر لە ئەنجامی گرتن و لێدانی کوڕە تاقانەکەی لە ناخی شاعیرەکە لە دایک بووبوو.

لێپرسراوی گەورەی شار و براکەی کە دەزانن کاریان لەنگە، زوو ئامادەیی خۆیان بە هەر داوایەک دەردەبڕن و گەرەکیانە بەر لە دوو سەعاتەکە ئەم بەڵایەیان لە کۆڵ ببێتەوە. لەو کاتەدا شاعیرەکە لەگەڵ نووسەرەکە و میر و شەهەند وێکڕا دەچنە سەر باڵکۆنی باڵەخانەکە. دوای ئەوان بە چەند دەقیقەیەک باوکی بێداد و دوو پاسەوانەکەشی دەچنە باڵکۆنەکە و بە وردیی چاودێری خەڵک دەکەن. هێشتا شاعیرەکە دەستی بۆ باخەڵی نەبردبوو هەتا شیعری [چەترە شینەکە] بخوێنێتەوە، لە خوارەوە کاکی بازرگان بە پێچەوانەی

سەر لە سپێدەیەکەی پێشین دەردەکەوێت لەو کاتەی قۆڵی کچکە جوانەکەی گرت و خستیە نێو ئۆتۆمبێلە ڕەش و بریقەدارەکەی. بەڵی، ئەمجارە زۆر بە نەرمی و شێنەیی دەرگای ئۆتۆمبێڵ بۆ شەهلە وهاوسەرەکەی دەکاتەوە و بەرەوە ریزی پێشەوەی خۆپێشاندانەکە بە ڕێیان دەکات.

لەگەڵ هاتنی ئەوان شەهەند و میر لە بڵندایییەکەدا وەک دوو مۆم دەگەشێنەوە و شاعیرەکەیش بە خوێندەنەوەی شیعرەکەی بە دەنگێکی پڕ و زولاڵتر لە جاران حەشامەتەکە دەباتە دونیاییەکی دیکەوە.. بۆیە لەگەڵ تەواوبوونی شاعیرەکە ئەوان وەک کەسانی مەست و پڕبوو بە نەشئەی جوانیی و ئەوین بە یەک دەنگ شیعری [چەترە شینەکە] بە پچڕاوی بە گۆرانی دەڵێنەوە و ئامادەنین لەوە بترازێت شتێکی دیکە لە باڵکۆنی باڵەخانەکەدا ببیستن!

ئەدمنتۆن- ٢٠٠٦

# ا د م

[ فیردەوسەکان لە ڕۆژهەڵات نین، فیردەوسەکان لە ڕۆژئاوا نین. لەو ڕێگایەدا بگەڕی کە لێیەوە هاتیت و دەبینیت هەر هەمووی لە نێو ناخی خۆتدان ]

لاو تزو



زەمین بەستەڵەکێکی ساردوسڕە.. ئەرێ، چۆن کەوتم و بە چی؟

ئەوە یەکەم پرسیاری کەوتنمە و ترسمە لە بینین و خزان بۆ نێو ئەو شەقڵە سەوزەی دەمێکی تر قووتم دەدات و دوایش بە بەردەوامی دروستم دەکاتەوە. بەڵێ، بۆ سەر ئەو تۆپە خڕە نامۆیە و نێو ئەو جەنگەڵە ترسناک و تاریکە. ئیتر وا دەکەوم و با بۆ خۆم هاوار بکەم.. هاوار ..هاوار، بەڵکە لەم پارچە سێوەیش ڕزگارم دەبێت کە دەمێکە گەرووی گرتووە. با کەمێک بە ڕووی دونیادا بڕشێمەوە!

لە نێو تەقلەلێدان و کەوتنم ئاخێکی قووڵ هەڵدەکێشم.. سەرەوەم ئاسمان.. بنەوەم ئاسمان. دونیا لە بنەوەم دەبینم، دونیا لە سەرەوەم نابینم. چەرخوفەلەکێکی سەیرە نێوانی دونیا و ئاسمان، ئاسمان و دونیا.

شتەکان لەگەڵ کەوتنم دەگۆڕێن و تێکەڵ دەبن. چیدیکە ئاسمان

ناکەوێتە دوام و نابێتە یادگار. هەموو شتەکان لە پێش چاوانم دەگۆڕێن، خۆیشم لەگەڵ کەوتنمدا دەگۆڕێم. ئەریّ، من لەگەڵ کەوتنم لە چارەی خۆم دەگەڕێم و لە ناوی خۆم دەپرسم. با چیرۆک و خەونێک بۆ خۆم و ناوم دابڕێژم. با بۆ گەیشتنەوە بە ئاسمان تەونێک لە قسە بچنم، ساباتێک لە حیکایەت!

وای لە ئاسمان، لە خەون، لە قسە، و لە خۆم!

ئەو باڵندانە چەند سەیرن کە لەگەڵ کەوتنی من بەرز دەفڕن، ئای کە سەیرن!

بۆچی ئەو باڵندانە هیچیان لە من ناچن و چتاقیان وەک من ناکەوم؟

من لە ئاسماندا بۆ حەووا ناگەڕێم. ئاخۆ دەبێت شەقڵی چ ئەستێرەیەک بەختی ئەوی قووت دابێت؟

دەکەوم! دەکەوم و دەکەوم! بۆهەوێنی ناوم سەیری هەموو شتێک دەکەم؟

ا.......... د .......... م !

چ ناوێکی سەیرە .......! چەندە کورت و قووڵە ..... !

ئایا لە کویّ لە ناوی خۆم بگەڕێم، لەو ئاسمانەی فڕێم دەدات یان لەو جەنگەڵەی لێی دەکەوم؟

دەکەوم! دەکەوم و دەکەوم!

کەوتم! ئۆوف، ئێرە چ جەنگەڵێکی ترسناکە، نازنم کاتیش چییە و

چۆنە؟ بەڵێ، نازانم شەوە یان ڕۆژە، ڕۆژە یان شەوە؟ وای لە هەناسە، هەناسە، هەناسە! وا هەناسە دەدەم و لە ترسی هەناسەدانم ڕادەکەم... ڕادەکەم... ڕا! سێو دەبێتە لێدانی دڵم، شیرینوتاڵ، سوێروترش، یان تفت.. تفت! سێو دەبێت مێشکم تاوێک پڕ و تاوێک بەتاڵ و تاوێکیش کرماوی.

ڕادەکەم... ڕادەکەم و دەوەنە گوڵێکی ڕەنگاوڕەنگ دەکەوێتە نێو غاردانم. لێ، من ناوەستم! هەر غاردەدەم و غاردەدەم وغار. دڕکێکی گەورۆنە لە قوڵی چەپم دەچەقێت و ڕامدەگرێت.. دەمگرییێنێت! بۆ یەکەم جار خوێنی خۆم دەبینم کە سوور سوور دەچۆڕێتەوە. بەڵێ، سوور سوور. سوور وەک پەڕەی ئەو گوڵانەی کە لەگەڵ ڕاکردنمدا هەژان وکەوتنە ناو لەپی دەستم.

خوێنی خۆم دەلێسمەوە هەتا دڵۆپێکی دەبێتە فرمێسکی حەووا.. دەبێت بە چاوی حەووا.. دەبێت بە حەووا! با هێواشتر بڕۆم و گوێ لە لێدانی دڵم بگرم، با لە رۆخ ئەو کانییە سپییە، ژێرئەم دارە هەنجیرە جوانە ڕابکشێم. هەنجیرێک دەکەوێتە زارم و قووتی دەدەم و پاش تاوێک خەوێکی خۆشم لێدەکەوێت. لە خەودام و ئاوێکی گەرم گەرم لا ڕانی چەپم تەڕ دەکات و ڕامدەچڵەکێنێت! لە شوێنی ئاوەکەوە هەڵێکمی بۆن دژوون دەتنێتە نێو هەناسەم و سییەکانم پڕ دەکات. دەستم دەبەم بۆ پەلکێکی دار هەنجیرەکە وشوێنی ئەو بۆنە دژوونەی پێ دادەپۆشم و پڕ بە دڵیشم بۆ خۆم دەگریم.

ڕووی خۆم لە ئاوی کانییەکە دەبینم و دەبێتە ناوم. ڕووم دەبێتە تیپەکانی ناوی ا .. د .. م! کەپۆم دەبێتە ئەلفەکە و چاوەکانیشم ..........؟ نا نا،

ئەوە هەرگیز لە ناوی من ناچێت. ئای، چ تێکەڵوپێکەڵێکە ناوم و ڕووم؟ لە شوێنی خۆم هەڵدەستم و تنۆک تنۆک میزم لێ دەڕژێت و بازنان لە نێو ئاوەکەدا پەیدا دەکات. بازنەکان هەتا سەر لێواری ئاوەکە دەچن و دەشکێن و جارێکی دیکە لە نێوەندەوە دروست دەبنەوە. بازنەکانم پێ سەیر و جوان دەبن. لێ، هەرگیز تێیاناگەم. با کەمێک بوەستم هەتا کانیاوەکە دەخەوێت و ئارام دەبێتەوە. ئینجا پەلکی هەنجیرەکە لە سەر لەشم هەڵدەگرم و لە نێو ئاوی کانیەکە لە شوێنی ژێرەوەی ڕادەمێنم. لە نێو ئاوی کانییەکەدا شوێنی ژێر پەلکی هەنجیرەکە دەبینم کە کتومت ڕوومە. وەک ڕوویشم خەریکە دەبێتە ناوم و نابێتە ناوم! بە وردی سەیری ئەو شوێنە دەکەم و بە قووڵی بیری لێدەکەمەوە. ئەوە چ مەتەڵێکی سەیرە، چ ناوێکی ئاڵۆزە تووشی بوویم! ئەگەر ئەوە ئەلفەکە بێت، ئەو دوو هێلکەیە چین کە لە هیچ ناچن، لە سەر و بنی ناوم ناچن، لە دال و میمەکەی ناوی (ا...د.....م) ناچن، بەڵێ بەڵێ لە هیچ ناچن!

هاژەی بایەک دێت و پێم دەڵێت (ئەوانە دوو هێلکەی هەق و قەتلن....! سەری هابیل و قابیلن لە هەر هێلکە هەر گونێکدا!) لە تەنیشت ئاوی کانییە سپییەکەدا ڕەشبینانە دەوەستم و پاشماوەی هەنجیرەکە لە زارمدا تاڵ تاڵ، لە نێو گەرووم و هەناوم..! ئەوە هەستێکی تازە و نامۆیە و یەکەمجارە بۆم پێش دێت، بۆیە لە خۆم و لە لێکدانەوەکانم دەغەزرم. لە کەوتنم.

لە کانییە سپییەکە تووڕە دەبم و دەڕۆم و بە جێی دەهێڵم.. دەڕۆم و دەڕۆم

و دەڕۆم! لە پڕ سەرم بۆ ئاسمان هەڵدەبڕم و دەبینم باڵندەکانی جارانن هەر بە سەر سەرمدا دەفڕن.

وا دەفڕن و دەفڕن و دەفڕن..! لێ، نابن بە حەووا.. نابن بە هیچ..! باڵندەکان تەنیا بەسەر کەوتنی مندا دەفڕن، بەڵی بەسەر چارەی نادیاری من ..!

ئاوێکی شین خەریکە وا دەبێتە هاوڕێم، دەبێتە ڕێم و بۆ سەروو دەمبات و دەمبات..!

بە پێچەوانەی تەوژمی ئاوی ڕووبارەکە مەلە دەکەم، کەچی هەر ناگەم بە حەووا، ناگەم بە هیچ..! ئەو ڕووبارە ناو دەنێم فورات.. فوراتی خۆشیی و خەم..! فورات خەریکە من فێری زۆر شت دەکات. دواتر لە ناخی فوراتدا ڕەوە ماسی شەبووت و زوبەیدی دێن و بەسەرهاتی خۆیان و هیی ویم بۆ دەگێڕنەوە. بەسەرهاتی فورات، بەسەرهاتی من..!

لێرە فورات دەبێتە ڕۆحم، دەچێتە ناخم و دەبێت بە من. من و فورات دەبین بە یەک و بە دوای حەووادا دەگەڕێین، بە دوای دیجلە..!

بە کەناری فوراتدا بۆ سەروو دەچم.. بەڵێ، بە کەناری خۆمدا دەچم و بە سێبەرمدا هەڵدەگەڕێم. پەلکی وەریوی دار بەڕووە گەورەکان هێدی هێدی بە بنی پێیەکانمەوە دەنووسێن و دەبن بە پێڵاو.. دەبن بە پێم! من یەک لەم پەلکانە هەڵدەگرمەوە و لە شوێنی ئەو گەڵا هەنجیرەی دادەنێم کە چەند ساتێک پێشتر ئاوێکی درەوشاوەی وەک مرواریم لەسەر دانا و خستمە سەر

پشتی ئاوی فورات، سەر پشتی خۆم..!

فورات ئاوە مرواریيەكەی من بۆ دووری دوور دەبات..!

باڵندەكان هێشتا هەر بە سەر سەرمدا دەفڕن و نابن بە هیچ. من لەو سەوداسەرییەی خۆم تێناگەم.. لە هیچ تێناگەم.. لە خۆم و ڕووم و لە ناویشم تێناگەم..! بۆیە پڕ بە دڵ بێزار دەبم و بۆ بەختی خۆم دەگریم...!

بە دوای ڕژانی ئاوە مرواریيەكانم بەسەر گەڵا هەنجیرەكە، تنۆك تنۆك ڕۆندك دەڕژێنمە نێو ئاوی فورات، نێو هەناوی فورات و نێو ناخی خۆم..!

تێر تێر بە دیار ئاوی فوراتەوە دەنووزێمەوە و پرسیاری ناوی خۆمی لێدەكەم، بەڵكە مەتەلی ئەو بەسەرهاتەم پێدەڵێت. ئەو هیچم پێ ناڵێت..! ناچار پەلكە بەڕووەكان لە بنی پێیەكانم دەكەمەوە و دوور دەكەومەوە.. دوور دوور!

لە شوێنێكی دیكەدا بە سەر دار خورمایەكدا هەڵدەگەڕیم و دەستم لە باڵی یەكێك لە باڵندانە گیر دەكەم كە دەمێكە بە سەر سەرمدا دەفڕن.. بە سەر كەوتنم، خەوتنم، ڕۆیشتنم و گریانم..!

باڵندەكە پێش ئەوەی بمخاتە سەر باڵەكانی باسی ئاوێكم بۆ دەكات... باسی دیجلە! (دیجلە ڕووبارێكە لە فورات بەژن زراڤتر، سپیتر و بە لەنجەولار تر. حەووای تۆ دەستی لە ملی دیجلە كرد و كەنار بە كەنار بۆ دوور چوو..!) باڵندەكە وەهام پێ دەڵێت.

(توخودا لەسەر باڵەكانی خۆت دامبنێ.. توخودا..! ئەرێ، با منیش لەو

مەتەڵە بگەم.. لە خۆم و لە حەووا..! توخودا، هەڵمبگرە و با منیش بگەم بە دیجلە.. بگەم بە حەووا.. بگەم بە خۆم..!) وەها بە باڵندەکە دەڵێم و هۆڕ هۆڕ دەگریم..!

باڵندەکە لە سەر باڵەکانی خۆی دامدەنێت و جارێکی دیکە بە ئاسماندا دەفڕمەوە. لە ترسی ئەوەی نەکەوم، دەستەکانم لە ملی درێژی باڵندەکە گیر دەکەم و پاژنەی پێیەکانیشم لە ژێر زگی سپیی ویدا بە یەکترییەوە دەنووسێنم و ئیتر هەست دەکەم جارێکی تر ناکەوم.

فورات و فورات دەفڕین... بڵند بڵند دەفڕین..!

دیجلە..! ئەوە دیجلەیە لە نێو ئەو شاخانەدا سەر هەڵدەبڕێت و دووبارە ون دەبێتەوە. بەڵێ، ئەوە دیجلەیە... دیجلە.. حەووا..!

لەو کاتەی دەکەوتم فورات و دیجلەم لە دوورەوە وەک دوو دەزووی باریکی نێو خەونێک لێ دیاربوو، هەرگیز پێشتر نەمدەزانی کە هەردووکیان دوو عاشقی سەر مەستتر و گەلێک کۆنترن لە من و حەووا. من ئەو کات تەنیا دەکەوتم و هەموو شتێکیشم وەک خۆم تەنیا دەبینی. ئەوەی لە ئەسمانەوە دەمبینی تەنیا شەقڵێکی چڕ و سەوزی ترسناک بوو کە خەریک بوو ڕۆ دەچوومە نێوی و تێیدا ون دەبووم.. هەستم دەکرد بۆ ئەبەد ون دەبووم وجارێکی دیکە نەدەگەیمەوە بە حەووا..!

لە سەر باڵی باڵندەکە و لە بەرزاییدا چاوم لێیە وا فورات و دیجلە پێکەوە شاخ بە شاخ، دۆڵ بە دۆڵ، دەشت بە دەشت و بیابان بە بیابان دەبڕن و

دەخشێن.. وا پێکەوە سەما دەکەن و بۆ دووری دوور دەچن. چاوم لێیە وا دەست دەخەنە ملی یەکتر دەکەن و تێکەڵ بە یەکتری دەبن..!

وا سەر و بنی هەردووکیانم لێ دیارە کە چۆن دەم دەخەنە نێو دەمی یەکتر و تێکەڵ دەبن. وا هەردووکیان دەبن بە یەک ئاوی بەر فرە و بەرین.. یەک ئاوی شین و قووڵ..!

لە دوورەوە و لە شوێنی ژوواندا، تارمایی حەووا دەبینم.. حەووا.. حەووا..! بەڵێ، ئەوە حەووایە و گەڵای هەنجیرەکەی منی لایە کە تنۆک تنۆک ئاوێکی درەوشاوەی وەک مرواریم لەسەر دانا و خستمە سەر پشتی ئاوی فورات، سەر پشتی خۆم!

ئایا دەبێت حەووایش وەک من بۆ ناوی خۆی گەڕابێت...؟ ئایا دەبێت ئەویش وەک من بۆ هەڵێنانی مەتەڵی ناوی لە ڕووی، لە لەشی ولە ناوەندی گەڕابێت..؟

هەڵبەت، دەبێت ئەویش گەڕابێت..! بەڵێ، لە ڕووی و لەشی و نێوەندی پرسیوە! بەڵێ، ئەویش تێر تێر بۆ من گەڕاوە و هۆڕ هۆڕ بۆ تەنیایی خۆی گریاوە. بەڵێ، ئەویش گەڕاوە و ڕوو و لەشی خۆی لە ئاوێکدا بینیووە و خۆی ناسیوە. دواتر ناوی لە سەر ڕووی داناوە.. لەسەر سنگ و مەمکەکانی..! ئای، کە جوانن گۆی ئەو مەمکە سپیی و جوانانە. ئای، کە چەندە ڕەنگیان لە خوێنی قۆڵی چەپم دەچێت، لەو گوڵە سوورانەی کە بە هۆی غاردانم هەژان و پەلکەکانیان سوور سوور کەوتنە نێو هەردوو لەپم. کەچی، دڕکەکانیان تیژ تیژ لە قۆڵی چەپم چەقین و زامداریان کردم.

بەڵی، ئەو گۆیە سوورانەی مەمکەکانی حەووا لەو گوڵە سوورانە دەچن کە هەم بە جوانیان برینداریان کردم، هەم بە دڕکیان. گۆی مەمکەکانی حەووا چەندە جوانن.. چەند خڕ و شایستەن..!

ئایا دەبێت مەمکەکانیش وەک هێلکەکانی من یەکێکیان شیری هەق بڕێژێت، ئەویدیکە هی قەتل..؟ دەبێت ئەو گۆیە سوورە جوانانە یەکیان بۆ دەمی هابیلێک بێت و ئەوی دیکەش بۆ زاری قابیلێک. ئای، لەو دوو مەمەیە کە چەندە لە یەکتری دەچن، وەک لە یەکچوونی هێلکەکانی من، سەر و بنی ناوم.. ئای، لە گۆی جوانی ئەو مەمکانە، کە چەند خڕ و سوور و قەشەنگن. باڵندەکە بەزەیی بە مندا دێتەوە و دەمبات و دەمبات و زۆر بە شێنەیی لە پاڵ حەوواوە دامدەنێت. دواتر هێواش هێواش بەجێماندەهێڵێت و بۆنی هەڵمی تەڕی ژێر باڵە گەورەکانی نەرم نەرم بە سەر هەردووکماندا دەبارێت. ئەو بۆنە نەشئەیەک دەخاتە ناخی من و حەووا و ئێمەیش وەک دیجلە و فورات دەست دەکەینە ملی یەکتری. دەم دەخەینە نێو دەمی یەکتر و ڕاموسانی یەک و دوو دەبین. لێرە، من پەلکی دار بەڕووەکە لە سەر نێوەندم هەڵدەگرم، ئەویش گەڵا هەنجیرەکەی..! یەکتری توند توند لە باوەش دەگرین و هەناسەمان تێکەڵی یەکتری دەکەین.. خۆمان تێکەڵی یەکتری دەکەین..!

دواتر وەک دیجلە و فورات دەڕژێینە نێو یەکتری و دەبین بە یەک.. دەبین بە ئاو و کانیاوی ئەوینێکی بێ بن..! پاش تاویک بە ئاگا دێین و بەری دار خوارمایەک دادەوشێنین. ئای، کە خۆشن ئەو دەنکە خورمایە

گەییو و نەرم وشیرینانە..!

ئینجا بۆ کردنەوەی مەتەڵی ناوەکانمان پێکەوە دادەنیشین ولە یەکتری ڕادەمێنین... حەووا هەڵدەستێت سەمایەکی شیرینتر لە خورماکە دەکات و لەشی وەک ئەو دیجلەیە دەلەرێتەوە کە لە ئاسمانەوە جوان دەمبینی.. حەووا حەز دەکات منیش وەک فورات لە گەڵیدا سەما بکەم و ئیتر نەچم بەلای کردنەوە لە هیچ ناو و خەون و مەتەڵێک..!

هەرچی منم، بیرکردنەوە و بیرکردنەوە لە کردنەوەی مەتەڵی ناوم لە زەینمدا وەک بازنەکانی ناو کانیاوەکە دووبارە و دووبارە دەبنەوە و هەرگیز و هەرگیز بەرۆکم بەرنادەن.. حەووا بە دیارمەوە بێزار دەبێت و خەوێکی شیرین دەیباتەوە.

هەرچی منم بۆ مەتەڵی ناوی خۆم دەگەڕێم و دەگەڕێم..! بۆ مانای ناوم پرسیار لە مانگ دەکەم، لە ئەستێرەکان، لە با و ڕەشەبا و بیابان..؟ دواتر بێزار دەبم و دەچم لەسەر لمی ئاوەکە، لە دوا شوێنی ژووانی دیجلە و فورات.. من و حەووا، بە دار قامیشێکی درێژ ناوی خۆم لەسەر لمە تەڕەکەدا بە گەورەیی دەنووسم. دەنووسم:

ا ........... د ............... م

لە تیپەکانی ناوم ڕادەمێنیم و بە قووڵی بیریان لێدەکەمەوە. پێش بە ئاگاهاتنی حەووا، هەوڵدەدەم مەتەڵی ئەو ناوە هەڵبێنم. لە نێو تاریکایی شەودا من هەر لە گەڕان وسووڕانم بەردەوام دەبم و نامەوێت بۆ ساتێکیش بێت،

بسەکنم. تیپەکانی ناوە کورتەکەم بە سەدان شێوە تێکەڵوپێکەڵ یەکتری دەکەم.. تیپەکانی ناوم دەخەمە سەر ئەستیرەکان و سەر گەڵای دارەکان و سەر باڵی مەلەکان.

تیپەکانی ناوم دەخەمە سەر ورد و درشتی هەرچی دەکەوێتە پێش چاوانم، کەچی هێشتا ناگەم بە هیچ و تێیناگەم. لە سەر لمەکەدا و بە بچووکی لە دەوروپشتی ناوم، تێکەڵوپێکەڵکردنەکەی تیپەکانی ناوم هەڵدەوەشێنمەوە و چەند جار دەیاننووسمەوە و دەیاننووسمەوە..!

د......ا.........م، ا..........م.........د، م.......ا.........د

[ دام.. امد.. ماد. ] چەند جارێکی دیکە دەنووسمەوە و دەنووسمەوە و بیریان لێدەکەمەوە.

مەلەکەی پێشین کە منی گەیاندە لای حەووا، وا دیسان بەسەر سەرمەوەیە. نیوەی شەوە و قیژەی هاوارێک ڕامدەچڵەکێنێت کە نازانم دەنگی مەلەکەیە یان هاوارێکی نێو ناخم. دەنگەکە وەک دەسەڵاتێکی تووڕە بەم شێوەیە هاواری دەخاتە ناو گوێچکەکانم و دەڵێت: (ئەی، خەوزڕاوی لە خۆبایی لەگەڵ تۆمە و گوێ ڕادێرە..! چیتر ئەو تیپانەی ناوەکەت تێکەڵوپێکەڵی یەکتری مەکە.. چیتر پیرۆزی ئەو ناوەت مەشێوێنە..! چاکترە ئەو ناوەت نەخەیتە سەر ڕووت و سەر لەشی خۆت و حەووا. ئەو ناوە ڕۆحی تۆیە، ئەو ناوە تۆیە.. بەڵێ، تۆ..! )

لەگەڵ بیستنی ئەو دەنگە ترس دامدەگرێت و دەلەرزم... دووبارە دەست

دەکەمەوە به گریان و له تەنیشت ناوەکەی خۆمدا دەکەوم. لەگەڵ کەوتنم لەسەر پشت ڕاکشاوم و به پاژنەی پێیەکانم گشت ئەو ناوه بچووکانەم دەسڕینەوه که پێشتر له ناوی خۆم دروستم کردبوون.

لەسەر لمەکەدا دەبۆرژێم و خەوێکی قووڵ منیش دەمباتەوه. له خەودا خەونێکی سەیرم دەبینی که وەک کلیلی کردنەوەی مەتەڵی ناویشم بوو.

ادم.. ا...د...م ا....د.....م!

[ ا ]: ئەوه منم.. ( ادم ) ئادەم..! بەڵێ، ئەوه ئەلفی (اب) و باوک و ئاسمانه..!

[ م ]: ئەوه حەووایه.. حەووا..! بەڵی، ئەوه میمی (ماما) و دایک و تۆپی زەمین..!

[ د ]: ئەوه دەبێت چی بێت و کێ بێت ..؟ که له نێوان ئەلفی من و میمی حەووا دایه. ئەو داله گەلیک نامۆیه دەبێت چی بێت..؟

ئایا دوو هێلکەکانی منن یا گۆپکه سوور و خڕ و جوانەکانی مەمکی حەووا..؟

ئایا دوو دەستی مووداری منن یان دوو ڕانی زیوینی حەووا..؟

ئایا دوو چاوی ڕەشی منن یان دوو چاوه شیرین و هەنگوینییەکانی حەووا..؟

ئەو تیپی (دال)ه، ئای که چەنده له من و حەووا دەچێت.. له ژماره دوو..!

بەڵی، ژماره دوو.. واته من و حەووا.. حەووا و من..!

ئەو تیپی (دال) ەی نێوانمان لە (دال)ی وەلادەت و لە دایک بوونیش دەچێت..! بەڵێ، لەو دەچێت..!

ئەرێ، ئەو تنۆک تنۆک ئاوە مرواریییە درەوشاوانەی کە لەسەر گەڵای هەنجیرەکەوە دامنابوون، لە منەوە بەرەو حەووا چوو بوون و لە حەووایشەوە بەرەوە من..! سەیرکە چۆن تیپی دالەکە سەری کەوتۆتە لای من و پێیەکانی بەرەو لای حەووا..! دەڵێیت ئەگەر ئەو سەری بۆ من دەبێت و پێیەکانی بە حەووا دەبەخشێت..! سەری بۆ ئاسمان دەبێت و پێیەکانیشی دەدات بە زەمین..!

بۆیە ئەگەر ئەو تیپی (دال) ە شەوەکانی وەک هی من درێژ بوون و بە پێچەوانەی تەوژمی ئاوی فورات مەلەی کرد، بە پێچەوانەی زەمەن بەرەو پیری شەو چوو و کەنار بە کەنار بە دیار ناوی خۆی دانیشت. یان ئەو چوو بێ ئاگایانە لە خەونەکانی حەووا، ناوی خۆی بە گەورەیی لەسەر لم نووسی. بەڵێ، ئەو چوو لە بری حەووا لەگەڵ مانگدا سەمای خۆی کرد. ئەوا قەدەری ئەو (دال)ە خوولانەوە و سووڕانەوەیە دەبێت بەرەو لای (ئەلف) ەکەی من تا ئەو کاتەی لە پڕ دەبێتە ژمارە حەفت. ئەرێ، تیپی (دال)ەکە وەک ئەو ژمارەی (٧) سەری جەنجاڵی لە زەمین دەچەقێ و ڕووی پڕ لە پرسیاریشی بۆ ئاسمان دەبێت. بەڵێ، ئەو دەبێتە ژمارە حەفت و سەری بۆ حەووا دەبێت و ڕوویشی بۆ ئاسمان..!

بەڵام ئەگەر تیپی (دال) ەکەی نێوانمان وەک حەووا لەگەڵ تەوژمی ئاوی دیجلەدا مەلەی کرد و بە ئاراستەی زەمەن جوولا و دەستی لە ملی

تیشکی گەرمی خۆر کرد، ئەوا ئەو تیپە بەرە لای حەووا دەسووڕێت و لە پڕ دەبێت بە ژمارە هەشت. ئەری، هەشتی ژیان، خەوی شیرینی حەووا و یەکەمین کۆخیش بۆ ئەوین.. بەڵێ، یەکەم ماڵ و مەسکەنی بۆ نەوەکانی ئینسان..!

پاش حەفت شەو و ڕۆژێک مانەوە لە سەر لم، بەم شێوەیە لە ناوی خۆم گەیشتم.. لە چارەی خۆم و چارەی حەووا..!

ئیتر با بەس بێت و بچم حەووا لە شیرینی خەودا بە ئاگا بهێنم... ئەرێ، با بچم..!

ڤانکوڤەر- ٢٠٠٠

کۆتایی (ک)



(ک) بە گوڕ بە کۆڵانەکەدا غلۆر دەبێتەوە.. بەڵام سەرباری ترس و لەرز، ئەم ئێوارەیە فێنکە کەشوهەوای گۆرانییە خۆشەکەی مەزهەری خالقی [شیرین تەشتی دەڕێسێ] دەخاتەوە زەینی و شادمانیی پێ دەبەخشێ.. بۆیە لەگەڵ ڕاکردنیدا خۆشییەک تک تک دەڕژێننە نێو دڵ و دەروونی و ئێوارە ڕابردووەکانی وڵاتی گەلێک زیندوو دێتەوە یاد.

بۆ (ک) هەتا دەمرێت، وڵات شیرینە وەک شەکر. لێ، ئێستاکێ ئەو لە غوربەتدا و دوور لەم شیرینە، وەک گلۆرە بەنێک هەرینایی بووە و بە کۆڵانێکی شێداری شاری ئەستەنبولدا غلۆر دەبێتەوە. بەڵێ، ئەو گلۆرە بەنێکە و سەرودەمێکە لە ژێر حوکمی تەشییەکەی شیریندا نەماوە، کەچی ناکرێت دەستبەرداری ئەو شیرینە بێت کە تەشییەکە دەڕێسی. بەڵێ، (ک) گەلێک تامەزرۆییە بۆ بیستنی ناوی شیرین، جا ئەگەر لە نێو گۆرانییەکەی مەزهەر دابن، تاهیر تۆفیق، حەسەن زیرەک و یان هەر دەنگ شیرینێکی دیکەی کورد.

(ک) ئاوڕ دەداتەوە و داری بن هەنگڵی پۆلیسەکانی لێ دەبێت بە کلکی تەشییەکی ناجۆر، یان داری دەسەڵاتێک کە تەمەنی هەزاران کەسی وەک ئەو بەدەردی گلۆرە بەنێک دەبەن.. وەها دەزانێت سەرەداوی تەمەنی بە دەست ئەو پۆلیسانەوەیە کە نزیکەی چارەکە سەعاتێکە بە دوایەوەن و خۆشییەکەی نێو دڵی بە هۆی گۆرانییەکە تێکەڵ بە ترسولەرز دەکەن. بۆیە لە زەینیدا وێنای تەشییەک دەکات کە لە باڵای شیرین گەلێک درێژتر بێت.. تەشییەک دەبینێت کە بە زەبر و زۆردارەکی خۆی لە ڕانە سفت و نەرموگەرمەکانی شیرین دەخشێنێت و ئەویش لەم نێوەدا گلۆرە بەنێکی داماوە و خەریکە لە پێش چاوانی شیرینەکەی تەمەنی بە هەدەر دەبردێت.

(ک) گشت گیانی لە نێو ترسدا دەلەرزێت و هەروەها کۆڵانەکانیش لە ژێر پێیدا دەلەرزن. دەڵێت خۆی بووە بە ئەستەنبولێک و چەندین بوومەلەرزەی گەورە و چاوەڕوانەکرای لە نێو هەناویدا هەڵگرتووە. ئەو بە دەم بیرکردنەوە جوێن بە پۆلیسەکان، کۆڵانەکان، قەرەقۆل و سوڵتانەکان دەدات... بەڵێ، جوێن بە خۆی و بە ئەستەنبول دەدات! بە خۆی دەگوت: (ئای کە جوانە ئەستەنبول، ئەگەر ڕێم نەکەوتبایە ئەو کۆڵانە تاریک و شێدارانە کە تیایاندا زامەکانی خەڵک گەلێک لە [ زام*] ی بازاڕ قووڵترن.. یان برینەکانیان گەلێک زیاترن لە درزە بێ ئەژمارەکانی دیواری ئەو کۆڵانانە، ئەو دیوارانەی کە کتومت وەک خەڵکەی نێویان لە یەکتریی دەچن!)

بەڵام لە ڕاستیدا کۆڵانەکان لە یەکتر نەدەچوون، چونکە لە هەندێک گەڕەکدا ئەوەندە ئەستوور و بڵند بوون کە دوو برای پشتێ نە دەیانتوانی

یەکتری ببینن، نە هیچیش لە یەکتری ببیستن. کەچی هەندێک گەڕەک، دیوارەکانیان هەر ئەوەندەی پەردەی ئەو کولانە تەنک و شەفاف بوو کە بووک و زاوا موسافیرەکان لە شەوانی پڕ ماچومورچیان لە هاوینانی شەقڵاوە لە نێویان دەنووستن هەتا مێشوولە بێزاریان نەکات. بەڵی، لەو گەڕەکە هەژارانەدا دیوارەکان وەک نەبوو وا بوون و لە نێویاندا ئەوەی لە ژێر باری نەداریدا نوێژ لە دوای نوێژی دەکرد بە سانایی گوێی لە ئاخوئۆوفی هاوسێیەکەی بوو کە بۆ لەتە نانێک .... ی دەدا!

(ک) لە ڕاکردنی پڕ لە ترس ولەرزیدا هەستدەکات هاوشێوەی ئەو دیوارانە لە هیچ شوێنێکی دیکەی دونیا نییە، چونکە سەرباری ئەوەی کە پڕن لە درز و کەلەبەری گچکە و گەورە، لێ چتاقیان ئامادەییان تێدا نییە دەمی بۆ بکەنەوە و بە یەکجارەکی لەبەر چاوی پۆلیسەکان ونی بکەن.

پۆلیسەکان نزیک دەبنەوە و ئەویش خێراتر ڕادەکات و ئیدی هیچ گۆرانییەکی نایەتەوە خەیاڵ و هیچ دەرگایەکیش شیرینێک نایکاتەوە. لە غوربەتی دە ڕۆژەیدا، (ک) هەستدەکات ئەستەنبولی پانوپۆڕ بۆ ئەو بووە بە کونی مشک و ئەوی وەک بازرگانە ئیتالی و جەرمەن وئیسپانی و پۆرتگالیانەی لێکردووە کە ڕۆژگارێک قاپیە کۆنەکەی ئەم شارەیان بە ڕوو داخرا و لە هێنانی سەروەتی هیند و چین بێ بەش کران.

(ک) پاش دە ڕۆژ مانەوە لە ئەستەنبول، وەک ئەم بازرگانانە گیری خواردبوو و نەیدەتوانی ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ پەڕینەوە، ڕێگایەک بۆ دەربازبوون. هەرچەندە ئەو لە بنەڕەتدا هیچی لە کەسێکی وەک ئەم بازرگانە

ئەوروپییانە نە دەچوو کە هەر بەلەمەکەی لە ئاوی ئەستەنبول پەڕاندەوە وەک عەلی بابای لێبێت و دەستی بکەوێتە نێو گەنجینەی سوڵتان و شاهان، خەزێنەی پڕ لە زومرد و مرواری و یاقووت، یان گۆزە و جەڕەی پڕ لە زیو و زێڕ و ئەڵماس! هەروەها ئەو کەشتیوانێکی وەک کاپتن (جەیمس کوک) یش نەبوو هەر لە ئاو دەریا و زەریاکان پەڕییەوە خۆی لە سەر زەمینێکی پاکیزەدا ببینێتەوە.

(ک) نە بازرگانە و نە کەشتیوان، بەڵکە کەسێکی دەربەدەرە و هەڵاتووی دەستی زەبروزەنگە.. ئەو کاوبۆییەکی شینی لەبەرە لەگەڵ تیشێرتێکی سپیی کە بە هەموویان پێنج گیرفانیان هەیە، چواریان لە کاوبۆکە دروان و یەکێکیش لە تیشیرتەکەی. گیرفانەکانی (ک) سیانیان بەتاڵن و دوو گیرفانی پێشەوە و پشتەوەی کاوبۆکەی نەبێت بە لای ڕاست. لە گیرفانی پشتەوەدا پەساپۆرتە عیراقییەکەی بازاڕی شێخەڵا هەیە کە ڤیزا دە ڕۆژییەکەی دە ڕۆژە بە سەرچووە، هەروەها لەگەڵ نامەیەکی خوشکە گەورەی کە لە ئەوروپاوە بەر لە چەند ڕۆژێک ناردوویەتی. بەڵام لە گیرفانی پێشەوە زەرفێکی نایلۆن هەیە کە بە لاستیکێک توند توند پێچراوە تەنها لەبەرئەوەی دیارییەکی باوکی تێدایە کە پارەیەکی زیوی عوسمانییە و ناوی سوڵتانی موحەمەدی یەکەمی بە زەحمەت لێ دەخوێنرێتەوە، لەگەڵ پێنج سەد دۆلاری ئەمریکی کە وەک جگەرە پیکەوە لوول دراون. لە هەمان گیرفان و دەرەوەی زەرفەکەیشدا، دە ملیۆن لیرەی تورکی هەیە لەگەڵ هەندێک خوردەی ئاسن.

(ک) دوێنێ شەو خەونی بە ئەوروپاوە بینیبوو، بۆ ئەو ئەوروپا خاکێکە لە خەون کە مرۆڤ تێیدا لەوانەیە بێ باڵ بفڕێت، بچێتە نێو قووڵترین دەریا و نەخنکێت، یان زۆرترین .......... بکات بێ ئەوەی رەحەت بێت. ئەوروپا کیژێکی قژ زەرد وچاوشینە لە ئەستەنبول گەلێک جوانتر و نازدارتر، ئەوروپا جوانترین کیژی دونیایە!

پۆلیسەکان هەر بە دوایەوەن ئەویش هەزارەها لێکدانەوەی سەیروسەمەرەی بۆ دێت، کۆڵانەکان لە پێش چاوانی دەبن بە تەونی جالجاڵۆکە و هەستدەکات هەتا خیراتر ڕابکات تەونەکە گەورەتر و ئاڵۆزتر دەبێت. وەها دەزانێت دونیا یەکپارچە بووە بە تەونێکی گەورە و ئەویش مێرووڵەیەکی سەرلێشواو و تەنیایە و نازانێت بەرەو کامە لا ڕ ابکات. ئەوروپا خاکێکە لە سەدەی ڕابردوو و ئەستەنبولی جوانیش بۆ ئەو بووە بە چەند کۆڵانێکی شێداری تەسک و باریک کە تیایاندا بۆنی دژوونی دەیان سەدە پەنگی خواردۆتەوە و سییەکانی (ک)یان پڕ کردووە لە گاز و تەنگەنەفەسە.

هێنەهێنی هەناسەدانی (ک) پڕ بە قووڵایی کۆڵانەکان دەنگ دەداتەوە، دەڵێیت ئەسپە کمێت و برینداره‌کەی حەمەدۆکە و کەوتۆتە نێو کێژاوێک کە دەستی هیچ یەشار کەمالێکی ناگاتێ. دەیەوێت لە دەرگایەک بدات، بەڵام ناوێرێت. دەرگاکان بە ژمارەی کۆڵانەکان زۆرن و لەگەڵ خێرایی ڕاکردنیدا دەبن بە درزی باریک باریک و خواروخلێچ. ئەو وەها دەزانێت ئەگەر بچێتە نێو هەر دەرگایەك دەبێتە خۆراکی مشکومار. بۆیە دووبارە ناوێرێت لە دەرگایەک بدات و خۆی لەبەر چاوی پۆلیسەکان بشارێتەوە..

ڕادەکات و بەڵکە دەرگایەک لە پڕ لە بەردەمیدا بکرێتەوە و لەو تەنگژەیە ڕزگاری بکات. دەرگایەک وەک ئەشکەوتەکەی عەلی بابا سەیر بێت و لەگەڵ کرانەوەیدا ئەو قوونی بکەوێتە سەر بەڕە ئەفسووناوییەکەی عەلائەدین بۆ دووری دوور بفڕێت.. بفڕێت بۆ ئەوروپا.. بۆ ئەمریکا.. یاخود بۆ هەر شوێنێک کە دوورتر و ناوەزاتریش بێت لە جەزیرەی واق واق!

(ک) ڕادەکات و چاوی لەوەیە دەرگایەک وەک زاری نەهەنگەکەی حەزرەتی یونس بە فراوانی بکرێتەوە و تەڕی بێت لە ماسی درەوشاوەی ڕەنگاوڕەنگ. نەهەنگێک بێت ئەو بۆ ماوەی چل ساڵان لە نێو هەناوی خۆیدا هەڵبگرێت و پۆلیسی هەموو دونیای بە دواوە بن ونەیدۆزنەوە. ئەویش بۆ (ک) شوێنێک بێت دوور لە کوشتوبڕ، دوور لە ترس و ڕاونان، هەروەها دوور لە ئازار و تۆقاندن.

هاوار و دەنگەدەنگی پۆلیسەکان نزیکتر دەبێتەوە، جارێکی دیکە (ک) دەبێتەوە مێرووله و ئەستەنبولیش بە تەونێکی گەورەی جالجالۆکە. لێرە خێراتر ڕادەکات و وەک یاریزانێکی تۆپی پێ خۆی دێتە بەر چاو.. لێ ئەو وا ماوەیەکە ڕادەکات و نە یارییەکە بە کۆتا دێت، نە ئەویش دەگات بە گۆڵێک!

ئەمجارە سەرەولێژ غلۆر دەبێتەوە و ئەو خەیاڵەی خۆشحالتری دەکات لەوەی مێرووله و تەونی جالجالۆکەکە. لەو کاتەدا کەمێک لە پۆلیسەکان دوور دەکەوێتەوە و ئیتر نایەوێت عەلی بابایەک بێت و بچێتە نێو ئەشکەوتێکی پڕ لە گەنجینەی سوڵتان و شاهان. هەروەها نایەوێت یونسێکی تەنیا بێت و چل ساڵان دەنگی نەگات بە کەس.. خێراتر ڕادەکات و چیتر حەزناکات تەنیا بێت.

(ک) دەیەوێت بگات بە گۆڵێک و چەپڵەی هەزاران کەسی گوێ لێبێت. تەماشای ئەولا و ئەملای دیوارەکان دەکات و بۆ شوێنی ئەو چەپڵانە دەگەڕێت. دەبینێت دیوارەکانی ئەو کۆڵانە سەراولێژن و پڕن لە پەنجەرەی گچکە گچکە لە بەرزایی بەژن و نیوێکی باڵای ئەودان. پەنجەرەکان لەگەڵ ڕاکرنیدا دووبارە و دووبارە دەبنەوە. لە دڵی خۆیدا دەڵێت کە ئەوە دیواری مۆزەخانەیە یان باخچەی گیانلەبەران یانیش زیندان. ترسێک دەکەوێتە لەشی و ئەو سێ شوێنە لە خەیاڵیدا دەبن بە یەک زیندانی گەورە، یەکەم زیندانێک بۆ شتەکانی نێو گیرفانی.. دووەم بۆ ئەسپە کمێت و برینەدارەکەی ناخی.. سێیەمینیشیان بۆ ئەوی تەنیا و دوور و دەربەدەر!

ئیتر (ک) هەستدەکات کە هەر تاوێکی ترە و دەرگایەک لەبەردەمیدا دەکرێتەوە کە لە دەرگای یەک لەو زیندانە گەورانە بچێت. ئەو بەرلەوەی ماندووتر بێت و کەمێکیش هێواشتر ڕابکات،، سافیرەی پۆلیسەکانی دیتەوە گوێ و دووبارە خۆی لێ دەبێتەوە یاری زانەکەی تۆپی پێ.. هەرینایی بووە و دەنگی هێنەهێنی هەناسەی گوێ کەڕ دەکات و پڕ بە گەرووی کۆڵانەکان دەنگ دەداتەوە. لێ، ئەمجارە کۆڵانێکی لە هەموو جاران نشێو و لێژتر باوەشی بۆ دەکاتەوە. لە دوورەوە سەوزاییەک دەبینێت و لەگەڵ ڕاکردنیدا گەلێک نزیک و ئارامتر دەردەکەوێت.

(ک)هەر ڕادەکات، کەچی ناگات بە هیچ! سەوزاییەکە دەبێت بە گردێکی پڕ لە دار و ماڵ و لە پێش چاوی وی بەرزتر دەبێتەوە و ئاوێکی شینیشی دێتە پێش. پۆلیسەکان نزیک دەبنەوە و یەکێکیان بە تورکی هاوار

دەکات: «دوورِ*» بەڵام، گوێی بۆ نادات و لەگەڵ دەنگەدەنگی سافیرە و هاتوهاواری ئەوان خێراتر ڕادەکات. بە خەیاڵ چواردە ساڵ گەڕاوەتە دوا و گەنجێکی تەمەن چواردە ساڵانە و لە گۆڕەپانێکی نزیک بەماڵیان تۆپ بەرەو گۆل دەبات. سافیرەی نەبڕاوەی پۆلیسەکان نایوەستێنن و ئەو بەرەو گۆلێک دەڕوات کە لە ئەشکەوتەکەی عەلی بابا گەلێک فراوانترە، هەروەها گەلێک قووڵتریشە لە زاری نەهەنگەکەی یونس پێغەمبەر. بەڵێ، (ک) بەرەو گۆلێک دەچوو کە هەتا نزیکتر دەبووەوە شینتر و جوانتر و واڵاتر دەمی بۆی دەکردەوە.

(ک) هەر ڕادەکات و لە ناکاو دەگات بە کۆتایی کۆڵانەکە. پۆلیسەکانیش هەر بەدوایەوەن و نزیکتر دەبوونەوە. چەند هەنگاوێک دوور لە ئەو هاوار دەکەن و هەوڵدەدەن دەستیان لە پشتە ملی وی گیربێت، کەچی ناتوانن. هەتا (ک) لە پڕ خۆی فڕی دەداتە خوارەوەی کۆڵانەکە و دەکەوێتە نێو بەردەلانێک کە وەک چەقۆ لە لەشی دەچەقن و ئەنجن ئەنجنی دەکەن.. لە گشت لاوە بریندار دەبێت و خوێن لەشولاری تەڕ دەکەن و هاوار و ناڵەی دەگات بە گوێی پۆلیسەکانیش. بەرەوخوارغلۆر دەبێتەوە و بەدرێژایی ژیانی ڕۆژی وەها شوومی بە خۆیەوە نەبینیوو.. ڕابردوو تیژ بە بیریدا تێپەڕ دەبێت و یادگارە شیرین و تاڵەکان هەمووی وەک فلیم بە زەینیدا بە خێرایی گوزەر دەکەن. ئەو خۆیشی نازانێت کە بۆچی شتەکان وەها لە ناکاو ڕوودەدەن و لە نێو زەینی و ژێر پێیەکانیدا بە جێ دەمێنن.. بۆچی وەها وەک گلۆرە بەنێک دەبێتەوە بە هیچ و پەنجەی شیرینێکی پێ ناگات..

بۆچی وەها تەنیا دەمێنێتەوە و جگە لە چەند پۆلیسێکی وەک گورک نەبێت کەس بە قەدەرەکەیشی نازانێت؟

(ک) ئەوەندەی دەکات خۆی بۆ ناگیرێتەوە، نە بەردێک، نە دارێک، نە بنچێک دەگاتە هانای.. ئەو بە خۆی و لەشی خوێنییەوە لە پڕ دەکەوێتە نێو قووڵایی ئاوە شینەکەوە.. بەڵێ، ئەو لە پڕ دەکەوێتە نێو قوڕگی دەریای پەسفۆر، دەریای سپیی ناوەڕاست، و ئاوی بێ بنی ئەتلانتیک و یەکسەر دەخنکێت.

لەو کاتەی پەپوولەی ڕۆحی (ک) بەرەو ئاسمان دەفڕێ، پۆلیسەکان هەر لەسەر لێواری ئاوەکە بوون و بە دیمەنی سەر و لەش شکان و خنکانی کەسێک پێدەکەنین کە نەیاندەزانی ئەو ماوەیە درێژە بۆچی وەدوای کەوتبوون.

دواتر یەکێک لە پۆلیسەکان هەست دەکات کە کرمی دڵی هێشتاکێ دانەمرکاوە، بۆیە هەر کە پەپوولەیەکی سپیی لە نێو گوڵزای باخچەی ماڵێک بەدی دەکات، خێرا بێ ئەوەی دابمێنێت یەکسەر دوای ئەمیش دەکەوێت!

سپارتە - ١٩٩٨

# فانۆس



شەوان لێرە جادەکان چۆڵن، نە ڕووناکییەک هەیە، نە جووڵە و دەنگەدەنگی خەڵکی.. بەڵێ، نێو چوار لا دیوار و ژوورەوە شوێنی نەگۆڕی ئێمەیە و گۆڕەپان و باخچە و کۆڵان و جادەکانی شاریش بۆ چەکدارەکانی هەردوو بەرەی شەڕ ماوەتەوە لە یەک لە ماڵەکاندا، سەرێک لە پێش فانۆس لەسەر دیواردا گەلێک گەورەتر لە ڕاستی دیارە و دەڵێیت بە هەمان ئەندازەیش بیر لەم سەردەمە ڕەشەدا دەکاتەوە کە تێیدا دەژیت!

کیژێکی دە ساڵانی هەیە و زوو فانۆسەکە بۆ خوێندن دەباتە پێش خۆی و سەری گەورۆنە و بە ڕەش نەخشاوی باوکی لەسەر دیوارەکەدا لا دەدات، هزرکردن و بیرکردنەوەکانیشی لە نێو قەدا دەپسێنێت.

کیژەکە کە فانۆسەکە هەڵدەگرێت، سەری ماشوبرنجی باوکی لە ژێر ڕووناکییەکەیدا لە هەموو جارێک جوانتر دەبینێت و شادمانە کە بەم شەوە

تاریکە قژی باوکی وەها پڕ و لوول و بریسکەدار و زیوین دەبینێت. لێ، هەرگیز نافامێت وەکی باوکی موووەکان وەها بەربژار بکات و بڵێت: مووە سپییەکان هی ڕۆژگارە تاڵەکانی هەردوو جاری زیندانن، تاوانی ئەنفال، کۆڕەو، گرانیی، بێکاری، شەڕی براکوژیی و ترسی جەردە و دزان.. مووە ڕەشەکانیش مانەوەیان تەنها بە هۆی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و ڕاپەڕین و شتی دیکە بووە.

باوکەکە دەست و قەڵەمێکی گەورە لەسەر دیوارەکە دەبینێت و بە کیژەکەی دەڵێت: (کچم تەماشا بکە ڕووناکیی چ سیحرێکی گەورەی هەیە، تۆ ئێستاکە چەندە لە باوکت گەورەتریت!) لە بەرانبەردا کیژەکە بە دەستەکانی سەری دوو شتی وەک گا لەسەر دیوارەکە دروست دەکات و بە شەڕیان دەهێنێت، بەڵام بێ ئەوەی بە خۆی بزانێت ئەم ڕەفتارەی کەمێک دەبێتە هۆی خەمبارکردنی باوکیی و گەڕاندنەوەی بۆ نێو بیرکردنەوەکانی.

کلیلی پەژیوانی لە گشت دەرگەکانی ڕۆژگارەکانی ڕابردوو دەگێڕا و بە خۆی دەگوت دەبوایە لێرە وەهام کردبایە و لێرەیش وەهام نەکردبایە؟

ڕادیۆکەی هەڵکرد و ئەم بیرکردنەوانەی دووبارە لێ پسان و مۆسیقای (ت..ت..ت..تت..تتن.) دەنگی ئەمریکا بە کوردیی هاتە نێو گوێچکەکانی.. شوێنی هەواڵەکان وەها بوون- باشووری کوردستان، باکووری کوردستان، تورکیا، بۆسنە و هرزەگۆڤینیا، ڕوسیا، ڕواندا، بەنگلادیش و هتد. مەوجی ڕادیۆکەی بادا و کەوتە سەر مۆسیقایەکی هێمن. لێ، پێی نەحەساوە و

چوو پەردەی پەنجەرەکەی هەڵدایەوە و لە ئاسمانی تاریک و ڕووندا یەکسەر ئەستێرەکانی هرسی گەورە یان حەفت برای دیتن.

ئەو زوو پەردەکەی دادایەوە و لە پاڵ کیژەکەی دانیشت و ماچێکی لە تەوقی سەری کرد.. سێبەری هەردووکیان گەلێک گەورەتر لە پێشوو لە سەر دیوارەکدا تێکەڵ بە هیی یەکتریی بوون. لەو کاتەدا دەرگاکە کرایەوە و هاوسەرەکەی هاتەوە ژوور. ئەوان چوون کەمێک لە دووری فانوسەکە دانیشتن و دواتر دەوریان لە خوانچەیەکی گچکە دا کە هێندێک نان و قاپێک پەتاتە و پیازی لەسەر بوو.

ئەمجارە سێبەری هەرسێکیان لە سەر دیوارەکەدا تێکەڵ بوو و بەڵام شەویلاگیان ئەوەندە بە سەیری دەجوولا دەتگوت ئەم دوو سەرە گایە دەجوون و کاوێژیان پێ دەکەن کە پێشتر کیژە بۆ ترساندنی باوکی وێنایانی لەسەر دیوارەکە کێشابوو! کەچی هێشتا وێنەی سەماوەر و سەمای ئەو هەڵمەی لێ هەڵدەستا پتر زیندوو و نۆستالژیتر دیار بوو لە دیمەنی ئەوان.

کات هێواش هێواش ڕەت دەبوو و لەگەڵ چایە خواردنەوەدا و گوێیان بۆ لاوکێکی خۆش لە ڕادیۆی یەریڤان هەڵخستبوو و کەمێک لە دونیا پڕ لە شەڕ و کارەسات دەرچوو بوون. لە پڕ کارەبا هاتەوە و دەنگی کزی پێکەنینێکی بە کومەڵیان لێوە هات.

کیژەکە زوو ڕابوو وتەلەفزیۆنەکەی هەڵکرد، بەڵام یەکەم شت کە هاتە گوێیان ئاگادارییەک بوو چەشنە: ( ئاگاداری.. ئاگاداری.. ئەی خەڵکی

بەشەڕەفی شاری..... ئاگادارتان دەکەینەوە کە نەخۆشخانەی.........
زۆر بە پەلە پێویستی بەم جۆرە خوێنانە هەیە [ A ,-A , +B, +O,+
( [ -O, BA

لێرە ڕەنگی سووری خوێن تەواویی زەینی باوکەکەی داگیرکرد بوو، بۆیە کەمێک تەکانی دا بەر خۆی وەک ئەوەی بیەوێت بڕوات. بەڵام ترسا نەوەک گوللەیەکی وێڵێ بەر بکەوێت و نەگەڕێتەوە نێو ماڵ و منداڵەکەی.. ئەو خۆنەویستانە ویستی خۆی مژووڵ بکات و دەستی بۆ دەفتەری (ژیان) ی کچی برد کە لا تاریکییدا ناوی خۆی بە (زیان) نووسیبوو!

پیرمام - ١٩٩٦

# گەشت



من و شیله لەوە کەمێک جوداین، ئەو بۆ خوێندن لە شارێکی گەورە و دوور هاتووە و منیش لە گوندێکی گچکە و گەلێک نزیک نزیک بە ئێرە .. من بە زمان داگرتم لەسەر وشەی - ئێرە - دیارە وەسفکردنی شوێنی پێشینی ژیانی هەردووکمان ناکەمە خەم. بەڵێ، سەبارەت بەم شارە جەنجاڵەیش هیچ شتێکتان پێ ناڵێم، بەڵکە بە پەلە هەردوو نیگای چاوەکانم بەسەر مێزەکەی نێوان من و شیلە گوزەر پێ دەکەم و بە خێرایی تیرەکەی دەبڕم.

سەرەتا نیگای چاوەکان دەخەمە سەر نینۆکە پەمەییەکانی شیلە و بڕیاری گەشتیک دەدەم کە هەرگیز پێشتر نەمکردبێت.. بۆ ئەم گەشتەم پێوەرەکان درێژتر و گەورەتر لێدەکەم، سانتیم دەکەم بە مەتر و چرکەیش بۆ سەعات دەگۆڕم.. بەڵی، هەتا بۆم دەکرێت لە ئاست جوانییدا گچکە دەبمەوە و ئەوەی دەکەوتە ڕێم گەورەتری دەبینم.. لێرە دەست بە گەشێکی وەها خۆش و جوان دەکەم کە ئەوەی بە خەیاڵیش لەگەڵمدا هاتبێت دوژمنمە!

دەگەمە سەر لێوارە سپییەکانی نینۆکان و بەسەر قامکە بللورییە لووسەکاندا دەچم و دەوەستم.. جار جارەیش بە دۆڵە پەمەییەکانی نێوان قامکاندا شۆڕ دەبمەوە و پێم خۆش دەبێت خۆم لەوێ ون بکەم.. سەردەکەومەوە و دەشتایی بەفرینی پشتە دەست دەکەوێتە پێشم و بە شێەنیی دەیبڕم. دەمارێک وەک رووبارێکی دەزوولەیی شین دیارە و ئارامییم پێ دەبەخشێت.. هەتا بن ئێسکە خڕەکەی مەچەک و شوێن پێی بازن بە کەناری ڕووبارەکدا دەڕۆم و دووبارە لەوێدا وچانێک دەدەم و دەوەستم.

لە دەوروپشتی ئێسکە خڕەکە لە دەوەنی ئەم گەندە مووانە ڕادەمێنم کە (گۆران)ی شاعیریش لە هەبوونیان جوانییەکی بێ وێنەی دیوە و جوانترین شیعری لەمەڕ مووی ژندا هۆنیوەتەوە. بە لوولەی سپیی و بەفرینی باسکدا هەڵدەگەڕێم و هەتا هەنیشک ناوەستم. قۆڵ و بازووی جوانی بە شێوەیەکی دیکە و تیرەیەکی گەورەتر کە هیی باسکە دەکەوێتە ژێر نیگای چاوانم.. ئای، کە نەرم و سپیی و لووس و جوانە، گەندە مووەکانیش کەمتر دەبینم و زوو زوو لێواری بلوزە نارنجییەکەی ڕێگەم لێ دەگرێت و لە پڕ دەموەستێنێت.. بلوزەکە بە بەریدا تەنگە و کە خۆیشم لە بنی ڕادەکەم سەرەتا هیچ نابینم، دواتر هەست دەکەم کە وەک سەرودەمی ڕۆژئاوابوونە و منیش تێیدا بەفر دەبڕم.

لەسەر لووسە کڵاوی شان چەند جاریک دەخزم و کەمێک دەمینێت بکەوم.. خۆم بە ئێسکە لارەکە دەگرمەوە و لە نزیکە و یەکەم خاڵی ورد

و قەترانیی لە گەردنی شووشەییدا دەژمێرم.. ئینجا بە تاڵە موویێکی قژە قاوەییەکەی هەڵدەگەڕێم و دەگەم بە تەوقی سەر، لەوێدا کەمێک دەمێنم و نەخشەی دابەزیم دەکێشم.

نێوچەوان لاکێشەیەکی جوانە لەسەر دوو هەیڤی جوان و لەو شوێنەی کە بە کەپوووە دەنووسێنت، بۆشایەکی تەنگ هەیە بۆ ڕەت بوون. بەوێدا دەچمە خوار و خۆم هەڵدەدەمە سەر پێڵوی چاوێک و لە ژێر مووی برژانگەکاندا پشوویەک دەدەم بە قووڵی لە جوانی ئەم ڕووە ڕادەمێنم.. چاوە ڕەنگ هەنگوینییەکان لیک دەخەنە نێو زارم و دەمجوولێنن.. بە نێو کون و کەلێنەکانی کەپوو و چاو و لێوارەکانی ڕوومەتدا تێر تێر پیاسە دەکەم و لیک تنۆک تنۆک لە زارم دەڕژێت.. لەسەر گۆنای ڕوومەتدا گەرم گەرم دەبمەوە و وەک ئەوەی ڕۆژێکی هاوین هەڵاتبێت دەبۆرژێم.. خەوم لێ دەکەوێت و خەون دەبینم!

بە چاوی خەواڵووەوە کەوتوومەتە سەر چەناگە و وەختە بکەوم.. لە ناکاو ژیار دەبمەوە و خۆم فڕێ دەدەمە سەر گۆڕەپانێکی مەڕمەڕ و لەگەڵ لێدانی دڵیدا شایی دەکەم.. شایی! بە هەورازە نەرمەکانی مەمکی هەناریدا سەردەکەوم و لە لوتکەدا کانیاوێک دەدۆزمەوە.. بە دیار ئەم کانیە تاوێکی درێژ دەمێنمەوە و تێنوویەتی ئەم گەشتەم دەشکێنم.. دواتر دەکەومە نێو دۆڵێک و لە نێویدا ون دەبم یان حەز دەکەم بە یەکجارەکی بزر بم!

دەڕۆم و لەسەر شوێنی بەیەک گەیشتنی قەفەسی سنگ یەکسەر

هەڵدەخلیسکێم و دەکەوم.. بێزار بێزار سکی نەرم و شل دەبڕم و ناتوانم ڕەوتی ڕۆیینم بگۆڕم، هەتا لە پڕ دەکەومە چاڵی گچکە و جوانی ناووک یان شوێنەواری پەتکی ژیان. بە ناچاریی لەوێدا دەمێنمەوە و نازانم چ بڕیارێک بدەم.. بەڵی، نازانم لە گەشتەکەم بەردەوام بم، لە نێو چاڵەکەدا بمێنمەوە خۆزگەیەک لە نێو دڵم بچێنم، یانیش بگەڕێمەوە بان لە نێو چاوانی شیلەدا ون بم!

من نازانم چی بکەم و چی بڵێم؟ لەو کاتەی شیلە لە گۆڤارەکەی نێو دەستی وێنەی شارێکی گەورەی ئەودیوی زەریاکانم پێ پیشان دەدات و هەموو ئەم خەیاڵکردنە جوانانەم لێ دەرەوێنێتەوە!

پیرمام - ١٩٩٣

# زایگۆت



ئەوان تەنی مایکرۆسکۆپی و بزێو و سەرمێکۆتەیین کە بە سەر و کلک بادان هەڵپەهەڵپیانە و لە جوولە دان. لە نێو مەلەوانگەی لینج و خەستدا مەلە دەکەن و چتاقیان خوازیاری ئەوە نییە لەم کاروانە ملیۆنییە دابڕبیت. شتی سەیر ئەوەیە کە ئەم ماراسۆنە جوان و بە گوڕ و تینە، بۆ سەرکەوتن و گەیشتنی یەکێکیانە و بەس.. ئەوان کە بە شوێنی ئامانج دەگەن ، چاوەڕوان تنۆکێکی بازنەیی لەسەر ئاگرە و بە مایکرۆن تیرەکەی بپێوە.. سەرەتا تەنە سەرمێکوتەییەکان گەلێک تیژڕەون و خۆیان بە دیواری ئەو تونێڵە تەڕ و تاریک و گەرمانەدا دەدەن کە تێیان کەوتوون. بەڵام بەشی زۆریان هەر لە سەرەتادا گینگڵ گینگڵ سەرو کلکیان لێ ئاڵۆز دەبن و زوو لە پەلوپۆ دەکەون.. هەیانە لە لینجاوی ئاوەکاندا دەخنکێن و ئیتر ناگەن.. هەیشیانە لە کون و کەلێنەکاندا بە هەر هۆیەک بێت و بەجێدەمێنن و لەوێدا دەمرن.. ئەوانەی لە کۆتاییدا دەمێننەوە دەستەیەکی جەربەزەن و پڕ

لە توانایین، کە ژمارەیان چەند هەزارێکە و بەس. ئەوانە بە تەوژم خۆیان بە دیوارەکانی تنۆکە بازنەییەکە داداوە و خوازیارن کۆنێک لە پیستەکەی بکەنەوە.. لێرە ئەوەی یەکەمە لە کردنەوەی ئەم کون و دەرگایە، لە ژوورەوە لە لایەن تنۆکە بازنەییە جوانەکەوە وەک میوانێکی ئازیز و خۆشەویست پێشوازی لێ دەکرێت و باوەشی گەرمی بۆ دەکرێتەوە. بە پێچەوانەیشەوە ئەوەی سەیرە و جێگەی پرسیار و تێڕامانە لەو کاتەیە کە تنۆکەکە میوانە تازەکەی غەرقی نێو هەناوی خۆی دەکات و لەملایشەوە لینجاوێکی بکوژ و ترسناک بەسەر هەموو ئەوانەدا دەڕێژێت و لەناویان دەبات. بەڵێ، گشت ئەو تەنە سەرمێکوتانەی کە لە دەرەوەن و هێشتا لەشی وی ختووکە دەدەن.

ئەری، ئەم ڕووداوە هەمیشەییە دوێنێ، ئەمڕۆ، سبەی و لە هەموو کات و شوێنێکدا هەبووە و هەیە و دووبارەیش دەبێتەوە. مایکرۆن! سەیرە مرۆڤایەتی بە هەموو دەستکەوتەکانییەوە لەسەر ئەم وردەکارییە وەستاوە.

ئەو زایگۆتەی من لێرە هەڵمبژاردووە دوای گەلێک ساڵان بەرهەمەکەی لە زانکۆ بە ڕیکەوت لە بەشی بایەلۆژیی دەخوێنیت و نهێنی پێکهاتنی مرۆڤ و گیانلەبەر و گەلێک لە زیندەوەرانیش لە نزیکەوە دەزانێت. گەنجێکە باڵا مامناوەندی، کەمێک سەر گەورە، چاوەکانی دەتوانیت بڵێیت ڕەشن، هەردوو ئابرۆی لە سنووری چاوەکانی تێپەڕ نابن، کەپوویەکی ئاسایی هەیە، مووی سەر و ئەو سمێڵەی بەشی سەرەوەی لێوە تەنکەکەی داپۆشیوە لە نەرمیان دیارە هەرگیز مووسیان نەبینووە، هەروەها گوێچکەکانی بە شێوەیەکی سەیر ڕوو لە دەرەوەن و دیارە لەگەڵ ڕووی سپیی و گۆشتنەکەی نایەنەوە.

ئەو لە گفتوگۆیەکانیدا لەگەڵ یارە تازەکەی کە هەموو سیفەتەکانی جوانی تێدا بوو، هەردەم بابەتە بایەلۆژییەکانی دەدایە بەر باس و دەیکردن بە بنەما بۆ لێکدانەوە فەسەفی و سیاسییەکانی خۆی. بۆیە لەو ڕۆژەی کە پێکەوە بە تەنها لە کلاس دەمێننەوە بە یارەکەی دەڵێت: (ئێوە وەکی (هێلکە) کانتان دەتانەوێت ئێمە بە ملیۆنان ڕۆ بچینە نێو چاڵەکانی مردن هەتا ئێوە دەست لە ملی یەکێکمان دەکەن!)

یارەکەی بە پێکەنینەوە وەها وەڵام دەداتەوە: (ئای کە بە پێچەوانەیە ئەزیزم، باشە ئێوە بۆ هێندە دەبەنگن و لە پێناو سەرکردەیەک، بەڵێ، تەنها سەرکردەیەک بە ملیۆنان خۆتان دەخەنە نێو بەزمی ئەو مەرگەساتە!)

ئەو کە زانی ئەم چەکەی بەکاریهێنا دژ بە خۆیشی بەکاردەبردرێت، بێدەنگ بوو و زوو بابەتەکەی گۆڕی و گوتی: (باشە گیانەکەم، بەڵام بۆ بەیانی ئەگەر داواشیان لێ کردیت، مەڕۆ!)

یارەکەی بە باوەڕەوە گوتی: (سەیرە ئەم داوایەم لێ دەکەیت؟ ئایا نازانیت ئێمە هەتا پێکەوە نەبین هیچ شتێکمان بۆ ناکرێت! )

ئەو گوتی: (من حەز ناکەم شەرەفی خۆم بخەمە مەترسییەوە،، تۆ چی دەڵێیت، بیلێ!)

دواتر هەر وەها بەردەوام بوو و هەتا بەڵێنی لە یارەکەی وەرنەگرت کە نەچێت بۆ خۆپێشاندان، وازی لێ نەهێنا.

خۆپێشاندان بڕیار بوو سبەینێ بتەقێتەوە.

خۆپێشاندان تەقییەوە و لە نێویدا بانگی بژی و بمری وەک یەک دەهاتن و بە گوڕ بە گوێی گەڕەک و شەقام و شاردا دەنگیان دەدایەوە. ئەو لە پێشەوەی خۆپێشاندانەکە بوو و وەک ڕابەرێکی سەرڕاست و بوێر دەرکەوتبوو.. دەتگوت ئەم مێژووە دووبارە دەکاتەوە کە لە سەرەتای ئەم چیرۆکەدا بەر باس و خواست درابوو. لێرە خوێنی تەواوی جەستەی لە سەری کەمێک گەورەیدا کۆ بووەوە و ڕووی سپیی سپییشی، وەک گوڵەباخێکی گەورە سوور سوور هەڵگەڕابوو.. ئەو هەر لە پێشەوە بوو و بەرەو پێشەوە دەچوو و نەدەترسا.

لێ ئەفسووس، لە جیاتی ئەوەی لەمسەرەوە باوەشی گەرمی یار چاوەڕێ بێت، یەکەم گوللە تیژ تیژ دەگات و لە نێو هەزاران کەسدا نێوچەوانی وی دەپێکێت و لەوێ دەیخات.

پاش خۆپێشاندان، کزەبایەکی نەرمی دەمەو ئێوارەی وەرزی بەهار، بۆنی خوێنی ڕژاوی بەسەر گشت ماڵانی گەڕەک و تەواوی شار پەخش دەکات، هەروەها بۆنەکەی بەرەو ژووری ژوورەوەی ماڵی یاریش دەبات.

یار دەگریت و دەگریت و ڕۆندکەکانی ئاوی ڕوبارێکن و ناوەستن.

لێ، ئەو هەتا سەر لەوێ ناکرێت بە چاوی بە گریانەوە لە چاوەڕوانییدا بمێنێتەوە.

ئەو یارە و یاریش ئاساییە ببێتە یاری یەکێکی تر!

پیرمام - ١٩٩٣